كيفاح حەسەن ( ملازم كەريم )

# راونراوەكان

## لە سەروەرييەكانى پێشمەرگە شيوعييەكان

وەرگێڕانی : رابەر رەشيد

ناوی دانەر: کیفاح حەسەن ( مولازم کەریم )
ناونیشانی کتێب: راونراوەکان
وەرگێڕانی: ڕابەر ڕەشید
مۆنتیڤەکانی ناوەوە: شێوەکار ( دلێر محەمەد شەریف )
تابلۆی بەرگ: رابەر + هێرش مەغدید
پیتچنین: هاوتا رابەر رەشید
تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە
چاپخانەی: ئازادی

## موافقة الكاتب لنشر الرواية باللغة الكوردية

**نص الرسالة التي أرسله الرفيق (كفاح - ملازم كريم) بالبريد الألكتروني الى (رابەر رةشيد) حول الرواية المترجمة (المطاردون — راونراوەکان):**

**الرفيق العزيز رابەر رشيد**

**تحية رفاقية حارة.. بسرور بالغ استلمت رسالتكم التي ضمت ترجمة للرواية التسجيلية التي كتبتها عن مفرزة كوسرت خلال هجوم الأنفال سيء الصيت. إنني لشديد الفخر بالجهد المبذول من قبلكم لترجمة الرواية، حيث أضافت ترجمتكم للرواية جمالاً وسباكة تفوق على ما كانت عليه في نصها العربي. إنني لشديد الشكر للجهد البالغ الذي بذلتموه في عملكم هذا. بشأن الفنان اكو فلم يكن معنا في المفرزة. ولكنه كان نصيراً في المنطقة قبل الأنفال وعاش الذكريات المدونة في الرواية. هذا يعني اني موافق على الترجمة ونشرها من قبلكم. تقبل وافر ودي واعتزازي الرفاقيين.**

**رفيقكم المخلص كفاح**

## ڕەزامەندی نووسەر بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە بە زمانی کوردی

**ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو نامەیەی (مولازم کەریم)ە کە لە وەڵامی نامەیەکدا بە ئیمێڵ بۆ (رابەر رەشید — وەرگێڕ)ی ناردووە دەربارەی (راونراوەکان).**

**هاوڕێی ئازیز رابەر رەشید**

**سڵاوێکی هاوڕێیانەی گەرم.. بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە نامەکەتم بەدەست گەیشت کە دەقی وەرگێڕدراوی ئەو ڕۆمانە تۆمارییەمی تێدا بوو کە لە کاتی شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا لەسەر دەستەکەی چیای کۆسرەت نوسیبووم. زۆر شانازی بەو هەوڵو تەقەللایەتەوە دەکەم کە لە وەرگێڕانی ڕۆمانەکەمدا داوتە. وەرگێڕانەکەیشتان ستاتیکاو دارشتنێکی قەشەنگتری بە ڕۆمانەکە بەخشی کە لە دەقە عارەبییەکەی زیاترە. زۆر سوپاسی ئەو ماندوو بوونەتیش دەکەم. سەبارەت بە (ئاکۆ)ی هونەرمەند لە دەستەکەدا لەگەڵمان نەبوو. بەڵام یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی کە بەر لە شاڵاوەکانی ئەنفال لە ناوچەکەدا بووو لەگەڵ یادەوەرییەکانی ڕۆمانەکەدا ژیاوە.**

**ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەسەر وەرگێڕانەکەو بڵاوکردنەوەی لەلایەن تۆوە ڕەزایم. زۆرترین ڕێزو شانازیی هاوڕێیانەم قەبوڵ بکە.**

**هاوڕێی دڵسۆزتان کیفاح**

# دەسپێك

**زیرەك کەماڵ**

ئێمە نەوەیەکی بەدبەخت بووین، بەشی هەرەزۆری چرکەو ساتەکانی تەمەنمان ژیان بـوو لـەنێو ئـاگرو جەنگـەڵو ئافـاتو بـەڵاو کارەسات، نەوەیەك بووین، باوکانمان ئەوەندەی تفەنگو رادیۆی دەنگی شۆڕشیان لە باوەش گـرت، نیـو ئەوەنـدە باوەشـی سـۆزو خۆشەویستییان بۆ ئێمەو دایکانمان نەکردەوە. نەوەیەك بووین ئەوەندەی گوێچکەمان لەگەڵ رمبەی تۆپو چـاومان لەگـەڵ دیمـەنو رووداوە خوێناوییەکان ئاشنا بوو، نیو ئەوەندە گوێبیستی سەمفۆنیای ژیان نەبووینو هەرگیز نیگای چاوەکانمان پڕ نەبوون لە جوانی.

سەدامو بەعس جوانترین ساتەکانی تەمەنیان لێسـتاندین، لـە هـەرەتی لاوێتییـەوە رووەو نێـو بێشـەلانی تاریـكو بـەفرو شـاخو شەوەزەنگ راوی ناین. بەعس گوێچکەی پڕ کردین لە (سیادة- الکرامة- الوطن)، بەڵام مرۆڤی لە نرخو ژیـان لـە هـەر بەهایـەك بەتاڵکردەوە. پێشمەرگایەتی باشترینو کاریگەرترین شێوازی سەنگەرگرتن بوو لە هەڵمەتو بەرنامەو عەقڵییەتـە ترسـناکەکانی ئـەو رژێمە، پێشمەرگایەتی شەڕکردن بوو لەگەڵ مەحاڵدا، سەفەرێکی ناچاری بوو بە رێگای هاتونەهاتدا. پێشمەرگە کەسێك بوو لـە بـیری چوو بژی، یان روونتر بڵێم لە بیری چوو بۆ خۆی بژی، بەڵکو سروشتی چرای هەبوو، بۆ دەرەوەی خۆی دەژیـاو لـە رێگـای سـووتانی جەستەی خۆی دەوروبەری خۆی رووناك دەکردەوەو چەشنی (تۆو) لە پێناوی رەگەزەکانیتر لەنێو خاکدا دەتوایەوە.

## کرۆکی مەبەست:

رابردوو چەندە جوانو پرشنگدار بێت، چەند پڕ لە رووداوی گەورەو پڕ لە ماناو واتادارو بەهادار بێت، ناکرێـت ئێسـتای بـە قوربـان بکەین، بەڵام ئەمە بەمانای فەرامۆش کردنی رابردوو نایەت، یاخود مەبەست ئەوە نییە کە ئێمە بەسەر ئێستادا کڕبکەوینو هەرچی لـە رابردوودا روویداوە بیخەینە نێو ڕەفە تۆز لێنیشتووەکانی ئەرشیفی بێنازو ئاوڕ لێنەدراوەی رابردوومان. بۆ ئەوەی روونتر بدوێم، لای مـن رابردوو رەتکردنەوەی نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەتی بە چاوێکی مەعریفیو فیکریانە، چـونکە هـەموو جـۆرە رەتکردنەوەیـەك دژایـەتی کردنی پرۆژەی تازەگـەریو هـەروەها پچـڕاندنو لەیـەکتری ترازانـدنی قۆناغـەکانی مێژوویشـە، واتـا ئێمـە بـە فەرامۆشـکردنو پشتگوێخستنی رابردوو بەشداری دەکەین لە سڕینەوەی لاپەڕە جوانو ناشیرینەکانی مێژوومان، لەکاتێکدا بەردەوام پێویسـتیمان بـەوە هەیە خەریکی تاوتوێکردنو شرۆڤەکردن و راڤەکردنی ئـەو لاپەڕانـە بـین، بـۆ ئـەوەی سـەرەداوەکانی جوانییـەکانی بـە ئێسـتامان بەستینەوەو سەرەداوەکانی ئەو رابردووەش بە رووە ناشیرینەکەی بە ئێستامانەوە بقرتێنین. هەڵبـەت ئەوانـەی بـەردەوام بـە گریـانو لایلایەو ئەسرینی خوێنینەوە باس لە رابردوو دەکەنو لەسەر بنەمایەکی فیکریو واقیعـیو بابـەتی مامەڵـەی لەگەڵـدا ناکـەن، ئـەو سەلەفیو هێزە داخراوانەن کە بەردەوام لەسەر حیسابی رابردوو پف بە ئێستای خۆیاندا دەکەنو هەر لەسـەر ئـەو گەنجینەیـەش وزەو هێزی مانەوەی ئێستایان دابین دەکەن. رابردوو دەبێت بە وردی ریشەو جومگـەو رەگـە بنچـینەییەکانی بخوێنرێتـەوە، نـەك دووبـارە بکرێتەوە، چونکە ئەوانە بەردەوام لەنێو تونێلو راڕەوە تاریکەکانی مێژوو خۆیان گرمۆڵەو حەشار دەدەنو شـتێکیان نییـە لـە ئێسـتادا نمایشی بکەنو هەر لەم رێگایەشدا ئامادەییو بوونی خۆیان وەکو هێزو کاراکتەرێکی زیندوو بسەلمێنن.

کیفاح حەسەن (ملازم کەریم): تێکۆشەرێکی ماندوونەناسو پێشمەرگەیەکی تێکۆشەری شیوعییەو بەشێکی گەورەی لـە وزەو هێـزی جەستەییو توانای فیکریو سیاسیی خۆی لەنێو حیزبی شیوعی عێراقدا بە گشتیو خەباتو تێکۆشانی بزووتنەوەی پێشمەرگایەتی ئەو حزبە بە تایبەتی تەرخان کردووەو جوانترین ساتەکانی تەمەنی خۆی وەکو رێبوارێك لەنێو کاروانی ئـەو تێکۆشـانەدا بەسـەربردووە. ملازم کەریم: رووبەرێکی یەکجار بچووکی لە لاپەڕەکانی مێژووی خۆی کۆکردۆتـەوەو لـە دووتـوێی کتێبێکـی قـەبارە مامناوەنـدی بەناوی (المطاردون) بە چاپ گەیاندووە. تۆ سەیریکە خوێنەری ئازیز: مێژوویێکی کەمو کتێبێکی گەورە؟ کەواتـە ئەمـە ئـەوەمان بـۆ

**دەردەخات کە ئێمەی نەوەی شاخ‌و نێو دنیای پێشمەرگایەتی چەندە کەمتەرخەمین لە نووسینەوەی لاپەڕەکانی مێژوویێك کە جاران شانازییەکی گەورە بوو هەموو کەس نەدەبووە خاوەنی، مێژوویێك کە ئەمڕۆ ئەسپی سەرمایەو چڕنووکی تیژی شەڕی نێوخۆو کەلتوری منی هەموو شت‌و هەموو شتێك بۆ من، هەڕەشەی نەمان‌و سڕینەوەی لێدەکات. دیارە خەباتی پێشمەرگایەتی حیزبی شیوعیی عێراق بەشێکی گرنگ نەتەنها لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەو حیزبە پێکدەهێنێت، بەڵکو بۆتە سامان‌و گەنجینەیەکی گەورەو پڕ لە بەهای سەرجەم کەلتووری شۆڕشگێڕانەی ئەم وڵاتە، بۆیە خستنەڕووی هەر لاپەڕەیەك لەو مێژووە گێڕانەوەو بەردیدەکردنی هەر رووداوێك، هەر بەسەرهاتێك، باسکردن لەهەر داستان‌و قارەمانێتییەکی پێشمەرگایەتی ئەو حیزبە سەرەنجام بە سوودو قازانج‌و زیندووکردنەوەی کۆی کەلتووری بزووتنەوەی سیاسی‌و ئازادیخوازانەی گەلەکەمان تەواو دەبێت. هاوڕێ ملازم کەریم لەم کتێبەدا بەشێکی یەکجار بچووك لە رووداوو بەسەرهاتی پێشمەرگایەتیمان بۆ دەگێڕێتەوەو لە شێوەی چیرۆکێکی واقیعی، بەڵام پڕ لە جورئەت‌و ئازایەتی‌و جەربەزەیی بەرجەستەی دەکات، کە دیسان دەیڵێم: ئەمە کارێکی پڕ لە بایەخ‌و بەهادارە، بەڵام پێم وایە کاتی ئەوەش هاتووە ئێمە لەسەر بنەمایەکی فیکری‌و بابەتی‌و زانستی‌و رەخنەیی خوێندنەوە بە مێژووی بزووتنەوەی پێشمەرگایەتی سەرجەم حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی وڵاتەکەمان بکەین، چونکە بە تەنها لاواندنەوەو گێڕانەوەو باسکردنی ئەو مێژووە لەسەر بنەمایەکی رۆمانسیانەو عاتیفیانە مانا بە گەورەیی‌و جوانی‌و کاریگەری خودی مێژووەکە نابەخشێت، بەڵکو هەموو رابردوویەك لە رێگای پێداهەڵگوتن‌و رەخنەگرتنی بەرز رادەگیرێت.**

**کتێبەکەی هاوڕێ ملازم کەریم بۆنی گێلاس‌و رەیحانەو گوڵ‌و نێرگزی کوێستانی لێدێت، بۆنی ئارەقەی ریش‌و لاملی پێشمەرگەی لێدێت‌و هەر کەسێکیش یەك رۆژ پێشمەرگایەتی کردبێت لە مەغزاو ماناو دەلالەتەکانی ئەم کتێبە تێدەگات‌و واش دەزانێت باسی خۆی دەکات. لای من سەرنج راکێشترین بەشەکانی ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە بەناوهێنانی هاوڕێ هەڵکەوت دەست پێدەکات. ئاخر هەڵکەوت لای من‌و هەموو ئەوانەی دەیناسن، یەکێکە لە سیمبولە جوان‌و خۆڕاگرەکانی بزووتنەوەی پێشمەرگایەتی حیزبی شیوعیمان: خۆڕاگر، بە جورئەت، دڵسۆز، هێمن، بە ورە، وردەکار، پارتیزان، راستگۆ، مرۆڤدۆست، خۆنەویست، هەموو ئەو سیفەتانە لە کەسایەتی هاوڕێ هەڵکەوت کۆبوونەتەوە. ملازم کەریم بە نووسینەوەی ئەو بەشە بچووکە لەو رووداوانەی تیایدا ژیاوە کارێکی باشی کردو دەکرێت ئەمەشی وەکو درێژەدان بە خەباتی پێشمەرگایەتی بۆ بنوسرێت، هەروەها هاوڕێی دڵسۆزو ماندونەناس‌و پڕ کارو داهێنانیش فازڵ رەشید (رابەر) بە وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ سەر زمانی کوردی زیاتر تێکۆشەری‌و دڵسۆزی‌و نیشتیمانپەروەری خۆی سەلماند، ناشیشارمەوە حەزم دەکرد وەرگێڕی ئەم کتێبە من بوومایە، بەڵام کوا رابەر رەشید لە ئەنجامدانی کاری باش نۆبەی هیچ کەس دەدات؟.**

## پێشکەشە:

**بە شەهیدانی بزاڤی پێشمەرگایەتی حزبی شیوعی عێراقی، بەو پێشمەرگە شیوعییە قارەمانە کوردو عارەبو کەمە نەتەوایەتییانەیتر کە برایەتیو ڕەسەنێتی عێراقییان بەرجەستە کردو شانبەشانی یەکتریو لەگەڵ برا پێشمەرگەی حزبە نیشتیمانییەکانی دیکەو لە پێناوی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان گیان لەسەردەستانە تێکۆشان...**

**وەکو وەفادارییەك بۆ داستانو قارەمانێتییەکانیان لە خەباتو قوربانیدان لە پێناوی نیشتیمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیاردا.**

## پێشەکی:

هەر لە سەرەتای گەنجیمەوە ئیشوکاری سیاسیو گرتنەبەری ڕێگای خەبات توڕیانهەڵدامە ناو جیهانێکی جەنجاڵەوە، جیهانێکی پڕ لە ئارێشەو سەرئێشە کە ئەویش پیشەی ڕۆژنامەگەری بوو، یا روونتر بڵێم: پیشەی سەر ئێشەگەری. لە ناو خێزانی پڕ لە بەهرەی (تەریق ئەلشەعب) ئۆرگانی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقیدا، فێری گڕوگاڵو نهێنیو ئەلفوبێی کارە هونەرییەکانی ڕۆژنامەوانی بووم. بۆنوبەرامەو تاموچێژە سەرسووڕهێنەرەکەی زیاتر بۆ خۆی پەلکێشی کردمو وای لێکردم، ئەوەندە تەمەنەی ماومە بە تاسەوە بۆ کاری ڕۆژنامەگەری تەرخانی بکەم.

وەلێ کەی ژیانی ئێمە بە پێی بەرنامەڕێژییەکی نەگۆڕ بەڕێوە چووە؟، بێ ویستی خۆم پێداویستی کارنامەی سیاسی جارێکیتر لە کاروانی ڕۆژنامەوانی دابڕیمو تووڕی هەڵدامە ناو بزاڤی پێشمەرگایەتیو چەکداریی حزب لە چیا سەرکەشو سروو شتە ئەفسوناوییەکەی کوردستانو، ژیانە سادەو پڕ لە نەهامەتیو کوێرەوەرییەکەی زیاتر سەرسامیان کردم. لەو سرووشتەی کە بابەتی زۆروزەبەندی ئامادەکراوی وام تووش دەهات، بەشی دەیان وتارو ریپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی بکات، بۆیە زیاترو زیاتر ئارەزووم دەچووە سەر شاندانەبەری پیشەی سەرئێشەگەرییەکە.

دوای چەند ساڵێك لە دابڕانو دووركەوتنەوە لە خۆشەویستە دڵخوازەکەم، لە (ڕۆژنامەوانی)، وا ئەم ریپۆرتاژە ڕۆژنامەوانییە دوورودرێژە، سەبارەت بە ژیانی دەستەیەك پێشمەرگە کە لە ناوجەرگەی خاكێکی سووتماكو وێرانەو کۆستکەوتوودا بڕیاری مانەوەیاندا، بۆ ئەوەی بەرەنگاری هێرشو پەلاماری هێزەکانی رژێم بن، پێشکەش دەکەم کە بە شێوازێکی وەك دەڵێن: ڕۆمانی تۆماری، بۆ مێژوو تۆمارم کردوون.

لە کاتی نووسینو ئاخاوتن لەسەر ژیانی سەختی پێشمەرگەو پێشمەرگایەتیو گواستنەوەو نووسینی بۆ سەر کاغەز بە هەمان گوڕو تینو زیندوێتی، تەگەرەیەکی زۆرم هاتە پێش، چونکە دەمویست لەسەر رووپەڕی کاغەز بە جۆرێکی مۆمیاکراوی وا بیخەمە روو کە دەربڕێکی راستەقینەی ئەو ژیانە پڕ لە شکۆو سەروەرییەی پێشمەرگە بێتو خوێنەر چێژی تایبەتی لێ وەربگرێتو لە گەڵ ساتە تاڵو شیرینەکانیدا دووچاری دڵەخورپەو هیواخواستن بێت، هەرچەندە هیچ شارەزاییەکیشم لە هونەری مۆمیاکردنیشدا نەبووا!

هەر بۆیە: پرۆژەکەم بەمجۆرە بەریگرتو گەیشتە ئاکام کە ئێستا لە بەردەستدایەو ئەگەر لە خۆم بپرسن، ڕەنگە بڵێم لێی رازی نیم، هەرچەندە سەرپشکیش بووم لەوەی کە ئەو لاپەڕانەی نووسیومنو ئەو ڕووداوانەی تۆمارم کردوون بیاندڕێنم، یاخود بیانخەمە بەردەستی خوێنەری بەڕێز، تاکو ئەو بڕیار لە سەر باشیو خەراپییان بدات.

ئەو ڕووداوەی کە لە (راونراوەکان)دا باسی دەکەمو کردوومەتە چەقی سەرەکی بابەتی ریپۆرتاژە ڕۆژنامەوانییە دوورو درێژەکەم، لە ئاداری ساڵی ١٩٨٩دا روویداوەو هێندەی نەمابوو تێکڕای پاڵەوانەکان لە ڕووداوەکەدا ببنە قوربانی.. دیمەنو ڕووداوو بەسەرهاتەکانیش لە یەکێك لە ئاڵۆزترینو دژوارترین ئەو قۆناغانەدا روویانداوە کە بزاڤی چەکداریو

پێشمەرگایەتی لە کوردستاندا پێیدا تێپەڕیوە، ئەوەش دوای ئەوەی جارێکیتر بزاڤی پێشمەرگایەتی دووچاری نسکۆو تێکشکانێکی سەربازیو سیاسیی گورچکبڕ هات، ئەمەش لە سەروبەندی یەکلاییکردنەوەی سەربازی لە جەنگی عێراق-ئێران، لە بەرژەوەندی عێراقو دواتریش راوەستانی شەڕەکە لە ئابی ١٩٨٨دا. هەرچەندە رژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن پێش ئەوە دەستی کردبووە کۆکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەو هێزانەی کە لە بەرەکانی جەنگ زیاد بوون، یان تازە لە بەرەکانی جەنگی دژ بە ئێران گەڕابوونەوە، هەر بۆیە هێرشێکی دڕندانەو بەربلاوی دژی بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستانو گوندە ئارامو ئاسوودەکانی دەست پێکرد، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی کە هەمیشە پشتوپەنای دەسەڵاتی بزووتنەوەکە بوون، ئەو هێرشو پەلامارانەش بە شاڵاوە بەدناوەکانی (ئەنفال) ناسراوە کە دەرئەنجام شوێنبزرکردنی نزیکەی (١٨٢) هەزار هاونیشتیمانیی سڤیلی کوردو کاولو سووتماك کردنی زیاتر لە (٤) هەزار گوندی ئەو گوندنشینانەی لێکەوتەوە. ئەوانەی کە توانیشیان بەر لە بەرپاکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال گوندەکانیان جێبێڵن، ئەوا دواتر رژێم لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان کۆی کردنەوە.

لە میانی خودی کەسایەتییەکانی رۆمانەکەوە هەنگاوم ناوە بە باسکردنی رۆژانەی یەکێك لەو مەفرەزە کەمو دەگمەنانەی کە لە ناوچە جیاجیاکاندا خۆڕاگرانە بەرگەیان گرتو مانەوە، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی کە رژێمی دیکتاتۆری ویستی بیکاتە ناوچەیەکی سووتماكو وێرانەو چۆڵوهۆڵ. لە کاتی داڕشتنی بابەتەکەدا رێگام بە پێنووسەکەم داوە -سەربەستانە- رۆڵی خۆی لە ئارایشتکردنی قارەمانەکانو کەسایەتییە راستەقینەکاندا ببینێ، بۆیە داوای لێبوردن لە هەر هەموویان دەکەم.

رۆمانەکە لە میانی کەسایەتییەکانییەوە واقعێکی زیندووو راستگۆیانەی سرووشتی بزووتنەوەی چەکداری کوردی وێنا دەکات، ترسناکترین دیاردەش کە بزووتنەوەکە بە دەستییەوە دەیناڵاندو دادو فیغانی بووو تا ئێستاش درێژەی هەیەو هەر بەردەوامە، ئەویش لە دابەش بوون بەسەر خۆیدا بەرجەستە دەبێ، دابەشبوونێکی وا تا ئاستی پارچە پارچەیی، هەروەها نەبوونی سنوورێك لە نێوان نیشانەکانی ناسینەوەی دۆستو دوژمن.


زۆر بە هیوام کە ئەم لاپەڕانەم ببنە هۆی هاندانی خاوەن قەڵەمەکانیتر تا لەسەر واقیعو بزووتنەوەی کوردیو داستانەکانی (پێشمەرگە- خۆبەختکەرە) شیوعییە عێراقییەکان بۆ خوێنەری عارەبی بنووسن، کە تا ئێستا زانیارییەکانیان سەبارەت بەو چالاکییانە تەنها لەسەر بەیاننامەو بڵاوکراوە پڕوپاگەندەییەکانی حزبەکان وەستاوە.

سوپاسی تێکڕای ئەو کەسانەش دەکەم کە بۆ دەرکردنی ئەم پەرتووکە بەم شێوەیەی وا لە بەردەستی خوێنەردایە هاوکارییان کردم، بە تایبەتیش پێشمەرگەی رۆژنامەنووسی شیوعی هاوڕێی ئازیزم (ئەکرەم) کە بە سوپاسەوە چاودێریو سەرپەرشتیی چاپکردنو هەڵەچنی خستە ئەستۆی خۆی، هەروەها ئەو هاوڕێیانەی کە لە بەشی کۆمپیوتەرو چاپخانەی راگەیاندنی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقیدا لە شەقڵاوە کار دەکەن کە هەوڵێکی زۆریاندا بۆ دەرچوونی، بێ ئەوەی خۆم لەوێ بم. جگە لەو بەڕێزانەی سوپاسم کردن، سوپاسی هاوڕێی هونەرمەندم (دلێر محەمەد شەریف -ئاکۆ)ش دەکەم کە نەخشەسازی بەرگەکەیو مۆنتیڤەکانی ناوەوەی کێشا، خۆیشی یەکێکە لەو (پێشمەرگە قارەمانانەی کە لە سەرەتای هەشتاکانەوە، تا راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بێ پچڕانەوە لەسەنگەری بەرخوداندا بوو- وەرگێڕ)

داواش لە هەر بەڕێزێك دەکەم کە دەفەرموێ بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبەم، ئەو راستییە بزانێ کە ئەم رووداوانە کۆمەڵێك سەربازی ون درووستیان کردوون، هەندێکیشیان گیانی خۆیان کردە قوربانی خێروخۆشی گەلو نیشتیمان. ئەمڕۆش ئێمە هیچ شك نابەین بۆ ئەمەکدارییان بیبەخشین، جگە لە دڵسۆزی بۆ ئەو بیروباوەڕو هەڵوێستە پیرۆزو گرانبەهایانەی کە گیانی خۆیان لە پێناودا بەخشیو چاودێریو یارمەتیدانی خانەوادەو منداڵەکانیانو دابینکردنی بارودۆخێکی باشتر بۆ ژیانیان، هەر بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانیو پێم باش بوو کە قازانجی فرۆشتنی ئەم کتێبەم بە (سندووقی یارمەتیدانی خێزانی شەهیدان) ببەخشم، کە بەم رۆڵە پیرۆزو ئەرکە نیشتیمانییە گرنگە هەڵدەستێ.

کیفاح

ئاداری ٢٠٠٠



# هەڵکەوت

زۆر بە ترسەوە، لەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا لە ژێر پەتۆکەوە راپەڕیم، چوارده پێشمەرگەش لە خەوێکی قووڵدا پرخەیان دەهات، وێڕای ئەوەی هەر هەموویان ئاستو قەوارەی ئەو مەترسییەشیان باش دەزانی کە هەڕەشەی فەنابوونی لێدەکردین، ئەگەر لە ناکاو هێرشمان بکرێتە سەر. بۆ ئەوەی هیچ کەسێك لە هاوڕێیانی ناو هەردوو کەپرە بچکۆلەکانمان بە ئاگا نەیێن، بە بێ خشپە لەو دوو پەیکەرە دارینە بە قوڕو نایلۆن داپۆشراوەوە هاتمەدەر کە بووبوونە حەشارگەو پەناگەو شوێنی حەسانەوەو ماڵوحاڵمانو جگە لەوانیش شوێنێکیترمان شك نەدەبرد، تا خۆمانی تێدا بشارینەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ئەشکەوتەکان لەلایەن پیاوانی رژێمەوە بووبوونە مایەی گومان لێکردن بۆ خۆحەشاردانی پێشمەرگە، خۆ لەوانەیە هەندێکیان ئەگەر بە چەکی کیمیاوی هێرشیان بکرێتە سەر، ئەوا ببنە گۆڕی بە کۆمەڵ بۆ ئەوانەی کە تیایدان. جگە لەوەش باری دژوارو سەختی ئێمەو ئەو هەلومەرجە ناسکەی کە تێیکەوتبووینو ئەو ئەرکانەی سەرشانمان، وایان دەخواست کە زۆر بە نهێنی بجولێینو زیرەکانەش خۆمان حەشاردەین، بۆیە ئەو بارودۆخە رێگەی دروستکردنی ژووری نەدەداین، لەبەرئەوەی بوونی خانوو لەو قۆناغە ترسناکەی کە هەتا لادیوارەکانیشیان رووخاندبوو، سەرنجی دوژمنی رادەکێشاو لەوانەش بوو لە ناکاو ببێتە گۆڕێکی بە کۆمەڵ، بەڵام کەپرۆکەی بە نایلۆن داپۆشراوی لە چەشنی ئەوانەی ئێمە، خۆدەربازکردن لێیانەوە ئاسانەو دووبارە دروستکردنەوەیشیان هێندە ئەستەم نییە... هەر لە ژێر ئەو دوو کەپرۆکەیەشدا بەرگەی سەرماوسۆڵەی زستانمان گرت، کە هێندەی نەمابوو هەر هەموومان زیندەبەچاڵ بکات.

ئەم شەو، یەکێك بوو لەو شەوانەی کە باران بە لێزمە دەباریو گرمەو بریسکەی هەورە تریشقە گوێی کاس دەکردو موژدەی نزیکبوونەوەی بەهاری رادەگەیاند کە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنی بووین. ئێستا لە پێنجی ئاداردایینو تەنها شازدە رۆژمان ماوە بۆ نەورۆز.

هەر لە ئێوارەوە بۆ ئێشکگریی سبەینێی زوو دەسنیشان کرام، بۆیە دەبوایە زوو نانی بەیانیم بخۆمو بە پەلە خۆم بگەیەنمە شوێنی ئێشکگرتن کە ماوەیەکی باش لە کەپرۆکەکانمانەوە دوور بوو، بەناو ئەو بەفرە باریوو کەڵەکەبووەی قەدپاڵەکەدا رچە رێیەکمان بۆ کردبۆوە.

بە پەلەو گورجوگۆڵییەوە تاخمە قورسەکەم لەناوقەدم شەتەکدا کە چەندین مەخزەنو نارنجۆكو زەمزەمیەیەکی ئاوی بەقەدەوە بوو، ئەو کۆڵەپشتە سپییە لە کیسە دروستکراوەیشم کە پەڕاوێکی چکۆلانەی پڕ لە تێبینیو بەیاننامەم تێدا هەڵگرتبوو لەگەڵ دەزگایەکی بچووکی راکاڵ کە تاکە هۆکاری پەیوەندیمان بوو بە جیهانەوە، کردە کۆڵ.

بە کووڕە کووڕ لە دەرگا نزمەکەی کەپرەکەمانەوە چوومەدەر کە تەنها مەترێك بەرز دەبوو. وێڕای ئەو ئارێشانەی کە باران بەسەری دەهێناینو ناچاری دەکردین لە ژێر کەپرۆکەکانماندا خۆمان مەڵاس بدەین، کەچی هەر خودی بارانەکەش دڵنیایی پێدەبەخشین، چونکە باران رێوبانەکان دەکاتە قوڕو لیتەو رێگەی هاتنی دوژمن ئەستەم دەکات، کەپرەکانمان کە لەناوقەدی چیای کۆسرەتو نزیکی کانی شەهیدانەوە بوو، تەنها لە دووسێ رێوە دەتوانرا بۆی بێن، ئەوەش پێویستی بە هەڵبەزو دابەزێکی زۆر هەبوو، بە چەشنێك کەلە هەلومەرجی ئاساییدا کاتژمێرێکی رەبەقی دەویست، تا بیگەنێ.

ڕووم لە چێشتخانەکە کرد، رەنگە ئێستا بڵێن: دەبێ ئەوە چ چێشتخانەیەك بێ؟!.. کەپرۆکەیەکی بە گەڵادارو نایلۆن داپۆشراوو خۆڵەبانکراو کە لەسەر چەند کۆڵەگە دارێك قیت کرابۆوە، بۆڕییەکی تەنەکەمان بەرەو سەرەوەی لێدەرهێنابوو، تا لەو دووکەڵە ترسناکەمان بپارێزێ کە لە سووتانی داری تەڕەوە پەیدا دەبوو، هەر کەسێك نۆرەی ئێشکگری بهاتبوایە، کە دەچووە ئەوێ، دەبوایە لێنەگەڕێ هەتا بەیانی ئاگرەکە خامۆش بێ، ناوە ناوەش قاپە پشکۆیەکمان لێدەگواستەوە بۆ ناو کەپرەکانیتر، گەلێجاریش دووکەڵی ژەهراوی پشکۆکان تووشی سەرەگێژەی دەکردین... هەموو ئێوارەیەك لەژێر ئەو بنمیچەدا کۆ دەبووینەوە، بۆ نووستن نەبوایە جێمان نەدەهێشت، تەنها (مام جوامێرو ئاسۆ)و ئەو ئێشکگرانەی لێدەرچێ کە بە نۆرە دەچوونە ئەوێ، ئەگەرنا کەسیتری لێنەدەمایەوە، هاوڕێی ئێشکگریش لە نزیك زۆپا لە بەرمیل دروستکراوەکەوە

خۆی مەڵاس دەداو بیری لە نوێنی گەرمو دەست لەملانێی نازدار حەیران دەکردەوەو خەیاڵ باڵی پێدەگرتو ئەمسەرو ئەوسەری دونیای پێ دەکرد، خشپەو جوولەی هەر گیانلەبەرێکیش رایدەچڵەکاندو وەئاگای دەهێنایەوە.

چەند رۆژێك بوو دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی دەشتی کۆیەمان لا میوان بوون، ئەمرۆکە ئەرکێکی گەورەم لە ئەستۆیە، چونکە من لێرە یەکێکم لەوانەی لە کاتی رووداوی هەر رووداوێکی کتوپڕدا لە هەمووان زیاتر پشتم پێ دەبەسترێ، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە شەوی رابردوو (مام جوامێرو مولازم کەریمو بەختیارو سوورە) بەرەو دەشتی کۆیە جێیان هێشتین. بەر لە رۆیشتنیان رایانسپاردمو ئامۆژگارییان کردم کە بە هیچ شێوەیەك نابێ بە رۆژەوە لەناو کەپرەکاندا بمێنینەوە، بەڵکو دەبێ چۆلیان بکەینو بپەڕینەوە نێو ئەو رەوەزە بەردانەی بەرامبەرمان، بەڵام بە هۆی لێزمەی بارانی بەردەوامو دوای ڕازی بوونی (مولازم شێرزاد)، بڕیارماندا ئەو رۆژە لە کەپرەکانمان بمێنینەوە.

بە پەلە خۆم گەیاندە چێشتخانەکە، چی ببینم... (حەمەڕەشاش) لە خەوێکی قوولدایەو بە پرخە پرخەکەی جێی مام جوامێری گرتۆتەوە، (ئاسۆ)ش خەریکە بە زۆپاکەوە دەنووسێ، ئێشکگرەکەش -لە ترسی باران- رایکردووە، شوێنەکەی خۆی لە دەرەوە جێهێشتووەو هاتۆتە ژوورەوەو لە نزیك زۆپاکەوە هەڵکوڕماوە. بە پەلە لەگەڵیدا هەوڵی ئامادەکردنی چای بەیانیو شکاندنی قوتووە مرەبای قەیسیم دا.

کازیوە تازە خەریك بوو لە نێو هەورە رەشەکانەوە هاتنی خۆی رادەگەیاندو تاریکاییش هێدی هێدی بە شەرمەوە لە پاشەکشەدا بوو، بە ملکەچییەوە گوێڕایەڵی تیشکی خۆرە کزەکە بوو کە دەیویست بە دەرکەوتنی مزگێنی رۆژێکی نوێمان پێ ببەخشێ. بە خێرایی هەوڵی بێدارکردنەوەی نووستووەکانمدا، سوور بووم لەسەر ئەوەی هەڵیانسێنم، هەرچەندە هەندێکیان ئامادە نەبوون وا بە ئاسانی لە خەو رابنو دەستبەرداری تامۆچێژی خەوی سبەینان بن، هەندێکیتریشیان بە هۆی درەنگ نووستنیانو خەریك بوونیان بە یاری کۆنکانەوە لەبەر تیشکی کزی چرا هەڵواسراوەکەی بنمیچەکەوە، هێشتا تێر خەو نەبوو بوون.

بە پەلە نانەکەم خوارد، دووربینەکەم هەڵگرتو بەرەو شوێنی ئێشکگرییەکەی سبەینان کەوتمە ڕێ، بەڵام بەرلەوەی بڕۆم بە ئێشکگرەکەم راگەیاند: بە زووترین کات هەموویان لە خەو هەستێنێو بە پەلە نان بخۆنو ئامادەی هەر رووداوێکی کتوپڕو لە ناکاو بن، نەکەن بە هۆی بارانو تەڕوتووشییەوە تەوەزەلی بکەن، چونکە کەمتەرخەمیو گوێنەدان بە مەترسییەکانی دەوروبەرمان، باجێکی گرانبەهامان پێدەدا.

کەپرەکانم جێهێشتو بە رێچکە لیتاوییەکەدا بەرەو شوێنی مەبەست هەنگاوم نا... مەترسییەکە خەریك بوو دەگەیشتو تەمومژییەکەش دەڕەوایەوە... لە کانییەکە نزیك کەوتمەوە، تا دەستو دەموچاوم بشۆمو زەمزەمییەکەم پڕ ئاو بکەم... بەڵام! بەرلەوەی بیگەمێ لەسەر چیایەکەوە گوێم لە دەنگێك بوو هاواری کرد:

- ئەوە هەڵکەوتە... ئەوە هەڵکەوتە!

دەبێ ئەو کەسە نامۆیە کێ بێ؟!... خۆ ئەگەر نامۆیە ئەی چۆن ناومی زانی؟!... بە ئاسپایی سەرم هەڵبڕیو تەماشایەکی ئەو لووتکە چیایەم کرد کە دەیڕوانییە سەر کانییەکە، چی ببینم؟ جەنگەڵێك لە تفەنگو ئاربیجیو چەکی جۆراوجۆر روویان تێکردووم...

کەواتە ئەوەی لێی دەترساینو خۆمان لێدەپاراست روویدا، دواساتەکانی ژیانمان لە نزیك بوونەوەدایە... بە هەر شێوازێك بێ دەبێ بە سەلامەتی لەم داوە دەرباز بین... پێویستە هێمنی بپارێزمو هاوڕێکانم نەپەشۆکێنم، بەڵکو کارێك بکەین بەرلەوەی بە تەواوەتی گەمارۆمان بدەن، پاشەکشە بکەینو خۆمان دەرباز بکەین.. شەڕی خۆتڕێنیش چارمان ناکات.

خۆمیش نەمزانی چۆن گەیشتمەوە لای کەپرەکان... هەندێکیان هێشتا نووستبوون، یەکێکیتریان تازە نانەکەی تەواو کردبوو، یان خەریك بوو تەواوی دەکرد. بەوپەڕی توانامەوە هەوڵی جڵەوکردنی باری شێواوی دەروونی خۆمدا، بۆ ئەوەی هیچ دیاردەیەکی شڵەژاوییم پێوە دیار نەبێت، لەسەرخۆو بە هێمنی پێم گوتن:

- هاوڕێیان! بە پەلە خۆتان کۆ بکەنەوە، جاش لووتکەی کۆسرەتیان داگیر کردووە، خێرا خۆتان ئامادەکەن، چەکەکانتان، کۆڵەپشتەکانتان، تکایە کەس نان لە بیر نەکات... گوێم لێبگرن: هەر هەموومان بەناو بەفرەکەدا شۆڕدەبینەوە، تا دەگەینە، ئەها ئەو رەوەزە بەردانەی بەرامبەرمان، لەوێ خۆدەشارینەوە، ئەگەر هاتن، دەبا شەڕی مانو نەمان بێ...

خۆبەدەستەوەدان مەحاڵە، دەجەنگین تا شەهید دەبین... جاش ترسنۆکن، ناوێرن بەناو ئەو ڕەوەزو تاشەبەردانەدا دوامان بکەون.. ئێوە بەس بەدوامدا وەرن بە سەلامەتی دەربازتان دەکەم.

فرمێسکەکانم خەریك بوون داببارن... ئاخ! ئەمجارەیان دەبێ کێ قوربانی بێو، کێش بە سەلامەتی ڕزگاری بێ؟... ئەوە چییە دکتۆر بۆ پەلە ناکەی؟ ئەی تۆ ئاسۆ، ئێستا کەی کاتی جل گۆڕینە؟! تۆش حەمە خێراکە دەرچۆ... کورە چالاك ڕاکاڵی دووەم لەبیر نەکەی، بەڵام جیهازە (١٠٥)ەکە جێبێلە با بکەوێتە دەستی جاشان، هیچ سوودێکی نییە... خەسرۆ گیان قوربانت بم، تۆ کوڕی جەربەزەو قاڵبۆوەی ساتە ئاڵۆزو دژوارەکانی، تۆیەك لە چرنووکی تاوانە نەگریسەکانی (سەفینو جەمەسۆر) ڕزگارت بوو، دڵنیام ئەمڕۆ هاوکارێکی دڵسۆزم دەبیت... شەپۆل تۆش یەکێکی لەو قارەمانە بەجەرگانەی لە کاتی تەنگانەدا پشتیان پێدەبەستری، بەڵام سەد حەیف بە تاقانەیی ماویتەوە، دەستم دامێنت خۆت بپارێزە!... حەمادی برات لە شەوێکی سەرماو ڕەهێڵەدا لە کەرکوك کارەبا گرتیو تەمەنی درێژی بۆ ئێوە مایەوە، براکەیتر لە ئەشکەوتێکی سەرزێی بچووك لەگەڵ (٧٠) ژنو پیاوو منداڵدا جاش ئەنفالی کردنو تا ئێستاش بێ سەروشوێنن...

لەو ساتە ناسكو دژوارەدا بە قووڵایی دەریای خەیاڵدا ڕۆچووبوومە خوارێ، کاتێ بە ئاگا هاتمەوە، بینیم کات لە ئێمە خێراترەو خەریکە دەمانبڕێ... چاوم گێڕا هەرێمم بینی خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو... وێڕای ئەو شەکەتییەی دوێنێی کە لە پەڕینەوەی دەریاچەی دوکاندا بە تەنیا چەشتبووی، کەچی گورجوگۆڵییەکەی لە دەست نەدابوو، لە هەمووشمان زیاتر شارەزای ناوچەکە بوو، جگە لەوەش ناتۆکەی دەستی بەس بکەوێتە تەقە، بە دەنگە ترسناکەکەی هەترەشی جاشان دەبا، بۆیە بانگیم کرد:

- هاوڕێ هەرێم... تا هاوڕێیان بە تەواوی خۆیان ئامادە دەکەن، بەر لە ئێمە خۆت بگەیەنە شوێنی پاشەکشێ، خۆ دەزانی کوێ دەڵێم؟ ئەها پەنای ئەو ڕەوەزە بەردە، تا لەوێ لە کاتی پاشەکشێماندا بمانپارێزیت!

بە چوستو چالاکییەکی بێ ئەندازەوە ناتۆکەو کۆڵەپشتەکەی هەڵگرتو بەناو ئەو کەڵەکە بەفرەی کە بارانی بەردەوامی شەوی ڕابردوو فشۆڵی کردبوو، بۆی دەرچوو...

کوڕینە پیاوی چاك بن، هەر دواکەوتنێك باجێکی گەورەی لەدوایە... پێویستە هەرچی زووە پەلە بکەینو کات بە فیڕۆ نەدەین، بانگی هەموویانم کردو پێم گوتن:

- هاوڕێیان خێراکەن! من لە پێشتانەوە بەناو بەفرەکەدا بەرەو خوار شۆڕ دەبمەوە بۆ شوێنی مەبەست، تکایە دوام بکەونو خێراکەن!

ئەوەی دوا بکەویو لێمان دابڕێ دەفەوتێ. هەموو هێزو تواناتان کۆبکەنەوە، تا بگەینە شوێنێکی گونجاو کە بتوانین بەرگری تیا بکەین!

مولازم شێرزاد بە خێرایی دوام کەوت، لە سەرەتاوە شڵەژانێکی دەروونی لە ڕووخساریدا بەدی دەکرا، چونکە بەتەواوی شارەزای ناوچەکە نەبوو، بەڵام دواتر سیما شۆڕشگێڕییەکەی بۆ گەڕایەوەو یەکێك بوو لەوانەی کوڕی ڕۆژە سەختەکان بێت، ئەوانیتر توانای خوێندنەوەی ڕووخساریانم نەبوو.

هەر کە لە کەپرەکانەوە بەناو بەفرەکەدا دەرپەڕین، لە هەموو لایەکەوە دراینە بەر دەستڕێژی گوللە، تومەز جاشەکان لەناو ڕەوەزە بەردەکانی کۆسرەتدا، ئەوانەی دەڕواننە سەر هەردوو کەپرە نامورادو خەمبارەکانمان، خۆیان قایم کردبوو، لەگەڵ هەنگاوناںمان بەرەو پەنای تاشەبەردەکان، ناوەناوەش دەسرێژی لابەلامان لە جاشەکان دەکرد.

- هاوڕێیان خێراکەن، هەر ڕاوەستانو خۆگنخاندنێك، واتە کوشتن یا کەوتنە دەستی جاشان، وەك چۆن بەرخ دەکەوێتە دەستی قەساب... تکایە پەلەکەن.

ناچار بووین بە ڕاکردن بەفرەکە ببڕین، ڕاکردنێکی وا، هەر دەتگوت بەناو قومو لمی بیاباندا ڕادەکەین، هەر پێیەکمان دەهاویشت لە بەفرەکە ڕۆدەچووو ڕێگەی هەنگاوی دووەمی لێدەگرتین، وەلێ گیزەو چزەچزی دەسرێژی گوللەی بن دەستو پێمان وزەو توانایەکی خەیاڵی پێدەبەخشینو زۆر بە چوستییەوە ئەو بەفرە فشۆڵەمان دەبڕی، بە جۆرێ کە بزنە کێوییەکانی کۆسرەت ئیرەییمان پێببەن.

لـه چـاوترووكانێكدا، بـەڵام بـە دەردەسـەرییەكی زۆرەوە، گەیشـتینە لای دارمـانی رەوەزەبـەردەكان، ئـەو شـوێنەی كـە تاشەبەردی زلو گەورەی لێ كەڵەكە بووە، یارمەتییەكی باشی خۆشاردنەوەی داین... ئـەو كاتـەم نـەبوو، تـا بـزانم كـێ لـە دوامەوەیە، یان بزانم كێ هاتووە، یان دواكەوتووە، یاخود بریندارمان هەیە، یان نا... بـەرەو لای ئـەو تاشـەبەردە چووم كـە پێشتر دەسنیشانم كردبووو نەخشەی ئەوەم كێشابوو، تا ئەوێ سەنگەری دوا داستانمان بێ.

- هەرێم... هەرێم... كورە هەرێم!

ئەی خوایە هەرێم چی لێهات؟ نزیكەی چارەكە سەعاتێك بەر لە ئێمە بۆ ئێرە هات. تـۆ بڵێـی جاشـەكان گەیشـتبنە لای تاشـەبەردەكەو لـەوێ چاوەڕوانمان بـن؟ یـان هـەرێم وێـڵ بـووەو بـەرەو رەوەزێكـیتر چـووە؟ چـونكە كۆسـرەت بریتییـە لـە رەوەزەبەردی چوون یەكو پەرشوبڵاو، بە جۆرێك كە لە زۆر كەس دەگۆڕێ، بە تایبەتیش ئەوانەی تووشی سەرەگێژە دەبـن وەكو هەرێمی هاوڕێمان... بە ناچاری داوام لە هاوڕێكانم كرد چاوەڕێ بـن، هـەتا هـەواڵێكی پشت تاشـەبەردەكە وەردەگـرم، نەبادا مەترسییەك چاوەڕوانمان بێ.

زۆر بـە ئاگادارییـەوە بـە تاشـەبەردەكەدا هەڵگـەڕام كـە لێـوارێكی تیـژی هـەبوو، گەیشـتمە شـوێنی مەبەسـتو بـە وردی سێرەنیگای چاوەكانم كەوتنە پایدۆزی دەوروبەری تاشەبەردەكە، هیچم بەدی نەكرد... ئەمەیان كـەمێك دڵنیـای كردمـەوە، بۆیە ئاماژەم بۆ هاوڕێكانم كرد تا بێن بۆ لام.

ئەوەتا تەمومژی دەریاچەی دوكان بە ڕەنگە شینەكەیەوە بەرز دەبێتەوەو شـنەی بایەكـەش چـەندین تـابلۆی قەشـەنگـو جوانی لێ دەخـەملێنێ، هـەر دەڵێـی هەیوانسـەرای فریشـتەكانە، بـە گـوێرەی قـووڵیو تـەنكی ئاوەكـە رەنگـە شـینەكەی لـە گۆڕاندایەو وردە شەپۆلەكانیش ستاتیكایەكی ئەفسوناوییان بە دەریاچەكە بەخشیوە...

ئەمڕۆ شەرمی ئەو بێدەنگییە شكا كـە سـاڵانێكە لـە قـەدوباڵای كـانی شـەهیدان ئـاڵاوە، وا جارێكیتریش تیایـدا قرمـەژنی گوللـە گوێچـكان كـەڕ دەكـاتو چـەخماخە دەدا، تـا یـادەوەری بیسـتو سـێ سـاڵ لەمەوبـەری وەبـیر بهێنێتـەوە، ئـەو كاتـەی كانییـەكی پشتگوێخراوی قـەدپاڵی كۆسـرەت بـوو، راوچییەكان بـۆ ڕاوە كـەوو بزنـە كێـوی دەهاتنـە سـەری، یـان هەنـدێ لـە جووتیارە رەشوڕووتەكان تووتنیان لەبەر ئاوەكەی دەچاند، یاخود بۆ كۆكردنەوەی ئەو هەموو مازووەی كە دار مازووەكانی داگرتبوو روویان تێدەكرد، گەلێجاریش بۆ بڕینەوەی دارەكانیو سازدانی ئاهەنگی ئاگركردنەوەو وەدەسهێنانی چەند فـەردە رەژوویەك پەنایان بۆ دەهێنا. ئەم لووتكەیە بەوە ڕاهاتووە كـە هاوڕێ ئەمەكدارەكانی لەدەست بـدات. زۆر جاریـتر دەسـتە دەسـتە پێشـمەرگە دوای مانـدووبوونێكی زۆرو بڕینـی چـەندین چیاوچـۆڵو رێگایـەكی دوور بـۆ پشـوودانو حەسـانەوە هاتوونەتە سەری... گەلێ جار كاروانی پێشمەرگە لە بەرزاییەكانی خاڵخاڵانو لووتكـەكانی شـەیتانو دۆڵـەكانی باواجییـەوە بەرلەوەی بەرەو پشدەر بكەونە ڕێ، پشوویەكیان تیاداوە... لە رۆژێكی رەشی وەك ئەمڕۆكەی ئێمـەدا، لەكاتێكدا كـە دەیـان پێشمەرگەی قارەمان دوای چەندین شـەڕی درێژخایـەن لەگـەڵ بـەكرێگیراوانی رژێمـدا لـە میوانـداری ئـەم كانیـاوە سادەیەدا دەبن، لە ناكاو ڕەوە بەكرێگیراوێك، ئەوانەی كە بوونە لەكەی شەرم بۆ مێـژووی رۆڵـەكانی میـدیا، لـەو كاتـەوەی كـە سـوڵتان عەبدولحەمید بەناوی سوارەی حەمیدییەوە تووشی كردن، هاوڕێكانی دوێنێكەیان كە پێكەوە چەكی پێشمەرگایەتییان لـە شـان بـوو، دەسـتیان لێدەوەشـێنن‌و بـە ناهـەق شـەهیدیان دەكـەن. بـەڵێ، ئـەم كانیـاوە بێنـازە سـاڵەهایەك لەمەوبـەر قەسابخانەیەكی پڕ لە سوێی بینیو لە پڕێكا دەیان پێشمەرگە بوونـە شـەهیدی دەسـتی براكانیـان... بەڕاسـتی خیانـەتێكی مەزن بوو كە گیانی لەو جەستانە دزیو ئەو دڵانەی لە لێدان خست، ئای كە غەدرێكی ترسناك بوو!

... لەو رۆژەوەی ئەم كانیاوە ناونراوە (شەهیدان). هـەر كەسـێ قومـێ ئـاوی ئـەم كانییـە نەگبەتـە بخواتـەوە، لـە ناخـەوە هەست بە ئازارامییەكی بێئەندازە دەكات، چونكە وا پێدەچێ پاشماوەی ئـەو ژانـە بەسـوێیەی كـە براكان بەسـەریاندا هێنـا، هێشتا بەری نەدابێو ئەم چیایە بەشی هەر لە ئامێزگرتنی تەرمی بە ناهەق شەهید كـراوی ڕۆڵـە بـەوەفاكانی بـێ، بۆیـە وا ئەمڕۆكەش هەمان دیمەنی پڕ لە تراژیدیای تێدا دووبارە دەبێتەوە.

ئێستا وا خەریكە ئەو دەنگە ناقۆڵایە دەناسمەوە كە هاواری كرد: (ئەوە هەڵكەوتە.. ئەوە هەڵكەوتە!!)، خاوەنی ئەو دەنگە، یەكێك بوو لەو پێشمەرگانەی كە لـە رۆژە سـەختەكانی خۆشـاردنەوەدا لەگەڵمانـدا بـوو، بـەڵام وا دیـارە نمـەك حـەرام بـووە،

بۆیە وا خیانەتی لەگەڵ کردینو بەم دەردەی بردین. ئای کانی شەهیدانی بەدبەخت، وا دیارە لە چارەت نووسراوە هەر دەبێ وا چۆلوهۆل بیتو ببیتە هێمایەك بۆ ئەو نەگبەتیو ماڵوێرانییەی كە كورد بەسەر كورديدا هێناوە.

شۆفێنیستەکان دەیانەوێ شەڕی کورد بە کورد بکەن، جاشە خۆفرۆشەکانیش بۆ رازیکردنی گەورەکانیان، بێ شەرمانە بۆ کوشتنی ئامۆزاکانی خۆیان لە ئامادەباشیدان. بەڵام هەیهاتو... هەیهات... (سوێند بە خوا هەرگیز بڕیاری زەلیلانە نادەینو وەك كۆیلەش راناكەین)★. دەبا هەولێرو سلێمانیو کەرکوكو دهۆكو کۆیەو چەمچەماڵو خانەقینو هەموو شارو شارۆچکەکانیتریش گوێیان لە نەعرەتەی بەرەنگاربوونەوەو شەڕی مانونەمانی شیوعییەکان بێت، ئێمەی کوڕانی حزبی شەهیدان، ئەو حزبەی سەرکردەکانی بە پێی خۆیان چوونە بەر پەتی سێدارە، مەحاڵە بێڵین دڵی دوژمنانمان پێخۆش بێت.

بۆنی باروود لووتکەو قەدپاڵی كۆسرەتی تەنیبۆوە، جاشەکان لە چەندین قۆڵەوە پەیتا پەیتا بەرەو کانی شەهیدان سەردەکەوتن. دەبێ ئەمجارەیان مێژوو چۆن ئەم خیانەتە تۆمار بکات. ئەوەتا وا گەلەجاشێك لە (ئالیقە)وە بەرەو لامان دێن، ئەو ئالیقەیەی دوای ئەوەی دانیشتوانەكەی لە ترسی ئەنفالو كیمیاباران لە هاوینی رابردوودا بە دڵێکی شکاوو چاوی پڕ لە ئەسرینەوە، بە ناچاری دەسبەرداری گوندو رەزو باخەکانیشیان بوونو سەری خۆیان هەڵگرت، بە درێژایی ئەم شەش مانگەی رابردووش ئێمە بووینە میراتگریان، گوندەکەیانو رەزو باخەکانیشیان بوونە سەرچاوەی سەرەکی بژێویمان، لە بەرامبەر ژەنەراڵە بێ بەزەییەکەی زستانیش - بەفر- یارمەتییەکی زۆری داین. ئەوەش ڕەوە جاشێکیترە وا لە (چناران)ەوە بۆ ئێرە دێن، ئەو چنارانەی بە درێژایی زستان سوودمان لە هەنارە شیرینو مێخۆشەکانی دەبینی، ئەو هەنارانەی کە بەلای ئێمەوە لە هەناری نازەنینو شارەبان بە لەزەتتر بوون. ئەوەش ڕەوەیەکی دیکەیە، وا لە (کانی ئەسپان)ەوە بەرەو لامان سەردەکەون، ئەو شوێنەی بە چەشنێك لە كۆسرەتدا هەڵكەوتووە كە مایەی سەر سووڕمانە... كانیەكەیو گژوگیایەكانی دەوروبەری، لوتکە بەرزەکانی قەندیلمان وەبیر دێنێتەوە کە هەواری ڕەوەندەکان بوو، هەر بۆیە وتوویانە: ئەو ڕەوەندانەی گەر کوێستانی قەندیلیان لە دەسچوو، با بارگەو بنەیان لە کانی ئەسپان بخەن...

تا ئێستاش ئەو هێزەی لووتکەی کۆسرەتی تەنیوە، لە شوێنی خۆیاندا ماونەتەوەو پارێزگاری لەو ڕەوە جاشانە دەکەن کە زۆر بە خێراییو پەرۆشەوە لە بن چیایەکەدا کۆ دەبنەوەو مۆڵ دەخۆن. کۆپتەرەکانیش وا بە ئاسمانی کۆسرەتدا دێنو دەچنو بە بڵندگۆ رایدەگەیەنن کە ئەگەر تەسلیم نەبینو خۆمان بەدەستەوە نەدەین، ئەوا بە کیمیاوی لێماندەدەن، بەڵام پۆلە پێشمەرگەیەکی جەربەزەو گۆشکراوی حزبی شەهیدان، چۆن ورە بەردەدەنو بڕیاری وا زەلیلانە دەدەن؟

بەڕاستی مام جوامێر لەسەر هەق بوو کە گومانی لە کەسەکانی نزیکمان دەکرد، ئەوانەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ دەکردنو ئەوانیش بە روویەکی گەشو قسەی خۆشەوە پێشوازییان لێدەکردین، ئەوەتانێ وا دەمامكو رووپۆشە درۆزنەکانی سەر روویان لا دەدەن...

(مینە) گەڵ چاودێری مولازم کەریمی کردو زۆر هەوڵیدا تا زەفەری پێبەرێتو بیکاتە دیاری دەستی، چونکە بە نێچیرێکی قەڵەوو گرانبەهای دەزانی... عەرەبێك لە لوتکەی کۆسرەت، دەبێ کێ داوای خوێنڕشتنی بکات؟

بە هۆی چاودێریو سەرقاڵ بوونم بە ڕووداوە یەك لەدوای یەکەکانی کۆسرەتەوە، نەپەرژامە سەر ئەوەی بزانم کێ لە هاوڕێیان هاتوونو کێش جێماوەو نەهاتووە. دەنگی تەقەی بەرەنگاربوونەوە بە ڕووی ئەو ڕەوە جاشەی کە لەلای ئالیقەوە سەردەکەوتن، وەئاگای هێنامەوە.

دەبێ کێمان لەوێ بێ؟

---

★ وتەیەکی ئیمامی حوسێنە لە رۆژی عاشوورا لە (**الطف**)دا وتوویەتی.

★ ★



# خەسرەو

قاچەکانم نەدەکەوتنە سەر زەوی، لەبەفرەکەدا مەلەم دەکرد... ڕێژنـەی گوللـە بەسـەر سـەرمەوەو قوڕولیتـەی بەفرەکـەش لەژێرەوە، پێڵاوە لاستیکەکانم بەزۆریش بە پێمەوە گیر نـەدەبوون، ئـاخر ئـەوانیش ناهـەقیان نـەبوو، هەرچـەند قورسـاییم دەخستنە سەرو بەناو بەفرەکەدا قەڵەمبازم دەدا، بەفرەکە زیـاتر پێیانـەوە دەنووسـاو لەگـەڵ هـەر هەنگاوێکیشـدا بەفرەکـە زیاتر تۆپەڵەی دەکردو بە ئاسانی لێیان نەدەبۆوە، ئەمە کێشەی شەپۆلو ڕێبازو کوردەش بوو.

پێویستە پارێزگاری لە (R.B.G) ییەکەم بکەمو لێنەگەڕێم بکەوێـتە ناو قوڕو لیتەی بەفرەکە، شەش مـانگی ڕەبەقـە بـە کۆڵمەوەیە، کەچی ئێستا بارێکی گرانەو ڕەزایەکی قورسی هەیە، هەردەڵێی زڕدایکە... پێش تۆزێك چەند گوللەیەکم نایـە شوێنی جاشەکانەوە، دەبا ئێستاش گوللەیەکیتر ئاراستەی لووتکەی چیایەکە بکەم، بەڵکو ڕێژنە گوللەی تفەنگی جاشەکان بۆ سـاتێك کـپ دەبـن، تـا خـۆم دەگەیەنمـە لای تاشـەبەردەکە... ڕەپ ڕاوەسـتامو ڕووی (R.B.G) ییەکـەم ئاراسـتەی لووتکـەی چیایەکە کرد، چاوی ڕاستەم لە نێوان سێرەی سەر R.B.G یەکەو پیرەدار قەزوانەکەی سەر لووتکەکە دانا کە ڕەوە جاشێکی زۆر لە پەنایدا مۆڵیان خواردبوو. هەردوای چەند چرکەیەك ڕمبەی R.B.G یەکەو بە دوایدا دەنگی تەقینەوەی گوللەکەی، چیایەکەی هەژانـد... بـۆ چـەند چـرکەیەك چـەکی جاشـەکان کـپ بـوون، ئـەو چـەند چـرکە کاتـەی کـە ئامـادەبووین بـە ملیۆنـەهای بکـڕین... هـەر چـوارمان بـەناو لیتـەو چـڵپاوی بەفرەکـەدا ڕامـان کـرد کـە نەیدەویسـت هاوکاریمـان بکـات... گەیشتینە لێژایی ئەو ڕەوەزەبەردەی کە هەڵکەوت لە پەنایدا ونبوو، کوردەو جەنگی بەدوامـدا هـاتن... پرسـیاری (ڕێبـاز)م لێکردن، جەنگی بەهەناسەبڕکێ وەڵامی دامەوە:

- کەوتە سەر زەوی، وتی جێمبێڵن!، بریندار بوو، چیم پێنەکرا، ئەوەندە نەبێ کە جێیبهێڵمو خۆم بگەیەنمە ئێوە.

قسەکانی تەواو نـەکردبوو، ڕسـتێك گوللـەی بیکەیسی ڕەوەزەبـەردەکانی دەوروبـەرمانی دابێـژا، بەپەلـە خۆمـان دایـە لای ڕاسـتیدا، دوای ئـەوەی ئـەو ڕێگایـەمان ونکـرد کـە هەڵکـەوتی پێـدا ڕۆیشـتبوو، تـۆ بڵێـی لـەناو ئـەو تاشـەبەردانەدا ڕێگایـەك بدۆزینەوە؟!

ساتێك وەسـتام تـا هەناسـەیەك هەڵکێشـم، بینـیم تـەنها خـۆمو جـەنگین، کوردەشمـان ونکـرد... ئێسـتا پێویسـتە لەیـەکتر دانـەبڕێین، چـونکە مـن تـەنها دەمانچـەیەکو (١٠) گوللـەو (R.B.G)ییـەکی بـێ گوللـەم پێبـوو، دوای ئـەوەی هەرچـی گوللـە (R.B.G)یـەکم پێبـوو بـە جاشـەکانمەوە نـا، ئـەویش کلاشـینکۆفێك بـە (٧٥)ییـەکو (١٠) مـەخزەنی پـڕ لـە فیشـەکەوە بـە تاخمەکەی ناوقەدییەوە شەتەك دابوو، ئەو فیشەکانە بەشی ئەوەی دەکردین، تا تاریکی دادێ لەناو تاشەبەردەکاندا بـەرگری پێبکەین، چونکە شەو قەڵای مێردانەو لە بەرژەوەندی ئێمەو دژی دوژمنەکانمانە.

ئەو گەنجێکی نۆزدە بەهارییەو هەتا بڵێی خوێنی گەرمە، لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە چەکی پێشمەرگایەتی کردۆتە شان، کوڕی شەڕو بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە، کوڕی ڕۆژانی هەڵمەتو هێرشبردنە سەر ڕەبایەو دانانی بۆسەو خاڵی پشکنینی سەر شەقامە گشتییەکانی نێوان شارەکانی کوردستانە، گەلێجار بە شانازییەوە بەناو لادێکاندا گوزەری کردووەو بـە تیلـەی چاوی کیژۆکاڵانی گوندەکان کە هەمیشە شانازییان بە پێشمەرگەوە دەکرد، چونکە پارێزەری گوندەکانیان بوون، خۆشیو گیانبازی

له دڵ ڕۆچووە، ئێستا چۆن بتوانم وای لێبکەم له پەنای ئەم تاشەبەردانەدا بە بێدەنگی ئۆقرە بگرێو خۆی مەڵاسدا، هەتا دوژمنی بێتەسەرو شەڕی مانونەمانیان لەگەڵدا بکات؟

ئەمە بەختی لاوانی کوردە. له جیاتی ئەوەی بایەخ بە زانستو زانیاری بدەن، هەر لە منداڵییەوە بیریان بەلای چەكو شەڕەوە دادەشکێ. کاروانی چەکداران لەناو کورددا لە زۆربوونداو کاروانی خاوەن بڕوانامەکانیش هەر لە کەمیدان... جەنگی بۆ چەك هەڵگرتن وازی له فوتابخانه هێناو پەشیمانیش نییە. ڕێبازیش هەر بۆ چەك هەڵگرتن دەسبەرداری زانکۆ بوو، دڵشادیش له شار رایکردو وازی له خوێندن هێنا. کەی دەبێ هاوکێشەکە پێچەوانە بێتەوەو کوردستانیش پڕ له دکتۆرو ئەندازیارو کەسانی شارەزاو پسپۆڕی ڕۆڵەکانی خۆی بێت.

تەماشای دەوروبەری خۆم کرد، بینیم جێگاکەمان باش نییە. داوام له جەنگی کرد شوێنی خۆمان بگۆڕینو خۆمان بگەیەنینە ناوەڕاستی ڕەوەزەبەردەکان. بەناو تاوێرەبەردەکانی کۆسرەتدا دەرپەڕین کە وەکو گوڕ دەهاتنە بەر چاوم، تا شوێنێکی گونجاومان دەستکەوێو بتوانین بەرگری تیا بکەین. شەڕ له ڕێیەو شکانیشمان مسۆگەرە. وەلێ مادام مردن له ڕێیە، دەبا مردنێکی شەرافەتمەندانه بمرین، تاکو دۆستو دوژمنان باسمان بکەن.

کاتێ بەناو تاشەبەردەکاندا له بازبازێندا بووم، (R.B.G) ییەکەم لەشان کەوتە خوارەوەو کەوتە ناو تەنگەبەرێکی قوولەوە، ئەو کاتەشم نەبوو بەدوایدا بچمو هەڵیگرمەوە، بەمەش زڕدایکەکەم بەجێهێشتو پشتم به جەنگیو دەمانچەکەم بەست.

هەرکە گەیشتمە لێواری تاشەبەردێك، بینیم شوێنێکی گونجاوە، خۆم تێهاوییشتو چاوەڕێی هاوڕێکەم بووم، بەڵام ئەوەی لێی دەترسام ڕوویدا... خوێن گەرمییەکەی ڕێی خۆشاردنەوەی نەدا، دوای ئەوەی گەلەجاشێکی بینی وا لە ئالیقەوە بەرەو لامان سەردەکەون، خۆی گەیاندە ئەو پەنا بەردەی کە دەیڕوانییە سەر ڕێگای جاشەکان. ئێستا تەنها خۆمو دەمانچەکەمو (١٠) فیشەك، جا نازانم بۆ بەرەنگاربوونەوە فریام دەکەون یان نا؟. بەڵام دڵنیام بەرلەوەی بگەنە سەرم هەر هەمووی لە کەللەی خۆم بەتاڵ دەکەم، با ئەو کاتە هەر لاشەکەم ببەنو چی لێ دەکەن با بیکەن. ئێستا پێویستە ئەو نووسراوو پارەو شتانە لە کۆڵ خۆم بکەمەوە، تاکو نەکەونە دەستیان. کۆڵەپشتەکەم داگرتە خوارەوە، کردمەوەو دەستم برد بۆ ئەو کاغەزانەی کە مولازم کەریم بەر له ڕۆیشتنی بە ئەمانەت پێیسپاردم، کردمەوە تا بیخوێنمەوە، بینیم لیستی خەرجیی ئەو ماوەیەی پێشووە.

ئەم ژمارەیەی کە ملازم کەریم لە لیستەکەدا تۆماری کردووە داهاتی ساڵی (١٩٨٨)مانە کە بڕی (١٤٥) هەزار دیناری سویسرییە. بڕە پارەیەکی باشە، پەلەکەمان له کۆکردنەوەیدا بەشی شێری تیابوو... فێری ڕێیەکی ئاسان بووبووین بۆ پارە کۆکردنەوە، ئەویش گرتنو ڕاوەدوونانی ئەو سەربازە ڕاکردووانە بوو کە بە جاش وەرەقە ناسرابوون، واتە ئەوانەی پسوولەی جاشایەتییان لە فەوجە سووکەکانی جاشان وەردەگرت، بەگوێرەی باری ئابووری (نێچیر)ەکە سزامان دەدان. ئەمە وای لێکردم ناوی هەر هەموو ئەوانە بخوێنمەوە کە دەسگیرمان کردبوونو بە پارە ئازاد کرابوون، کە یەکەیەکە دەهاتنەوە یادم، چونکە گەلێجار لەگەڵیاندا دادەنیشتم، بۆ قسەی خۆش، یان بۆ تووڕەبوون لێیان، یاخود بۆ...

نەجمەدین هەرزەکارێکی (١٦) ساڵان بوو، بووە پێشمەرگەو ماوەیەك لامان مایەوە، پاشان لەبەر منداڵی ناردمانەوە لای باوانی. پاش ماوەیەك دیسانەوە هاتەوە لامانو وەرمانگرتەوە، بەڵام ئەمجارەیان هەڵسوکەوتی ئاسایی نەبوو، بەجۆرێك وای لە (کاوە) کردبوو کە پێشمەرگەیەکی زۆر تووڕەوتوند بوو، گومانی لێپەیدا بکات، بۆیە شەوێکیان زللەیەکی وای لێدابوو هێندەی نەمابوو سەری لە جەستەی بکاتەوەو خستبوویە سەر زەوی، ئەویش بە هەنسکی گریانەوە دانی بەوەدانابوو کە لەلایەن بەکرێگیراوێکەوە بۆ کاری تێکدەرانە ڕەوانە کراوە، ئیدی کاوە بەر شەقو زللەو جوێنی دابووو فڕێیدابووە زیندانەوە کە ساڵێکی خایاند، لەو ماوەیەشدا دەیان نامەی کەسوکاریو دۆستانمان پێگەیشت تا بەزەییمان پێیدا بێتەوەو ئازادی بکەین. دوای سازشێکی نێوان هەردوولامان بە (٤) هەزار دیناری ئەوکاتە بەردراو یەکسەر خۆی گەیاندە مەفرەزەیەکی ئەمنی تایبەتو بووە پۆلیس ئەمنێکی زەلیل. هەڵەی ئەو هەرزەکارە لە ئەستۆی کێدایە، کەسوکاری، یا ئێمە، یاخود کۆمەڵگە؟!

ئەمەش بڕی (٣) هەزار دینا رە بۆ کڕینی تراکتۆرو عارەبانەیەك خەرج کراوە. ئەم گرێبەستە بەشێك بوو لەو پرۆسە نابەجێیەی کە لەکاتی خۆیدا هەموومان بە ناچاریو تەنها بۆ ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ دۆستو لایەنگرانمان بەهێز بێ لێی بێدەنگ بووین. کاتێك کە پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بووبووە هێزێکی وا ئاماژەی بۆ بکرێ، کەسانێکی زۆری هەلپەرست کەوتنە هەڵدانەوەی پەڕاوە کۆنەکانیان بە پاساوی ئەوەی کە کاتی خۆی پێشمەرگە بوون، تەنها بۆ ئەوەی خۆیانمان لێ نزیك بکەنەوەو پێگەو کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆیان لامان بپارێزن. ئەو هەلپەرستانە وا راهاتوون گەر حکومەت بەهێزبێ لەگەڵیدابنو دژایەتی شۆڕش بکەن، خۆ ئەگەر بێهێزیش بوو ئەوا دژی حکومەت بنو لەگەڵ پێشمەرگەدا بن. تا بڵێی زیرەکانەو بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر رۆڵی خۆیان یاری دەکەن. ئەوانە بوونە کۆسپو ئارێشەی بەردەممان تا نەتوانین بگەینە دۆستو لایەنگرە راستەقینەکانمان، ئەو دۆستانەی نەیاندەویست چۆن لەگەڵ ئەو فێڵبازانە سەوداو مامەڵە دەکەین، لەگەڵ ئەوانیشدا هەر وا بین. خاوەن تراکتۆرەکەش یەکێك بوو لەو تەڵەکەبازانە، ئەو هاتو ویستی وا خۆی بنوێنێ کە تێکۆشەرێکی خۆبەخشەو شۆڕشگێڕێتی لە شادەمارەکانی جەستەیدا دێتو دەچێ، ئامادەی بەرگری کردنە لە پێشمەرگە. کەچی لەولاوە تراکتۆرە شڕەیەکمان پێ دەفرۆشێ کە سێ هەزار دیناریتریشی دەویست بۆ چاککردنەوەی. هەر بەوەندەشەوە نەوەستا، بەڵکو بە بیانووی دابینکردنی ئازووقە بۆ بارەگاکانمان بە فێڵی جۆراوجۆر سووكو ئاسان سەفتە لەدوای سەفتە پارەی هەڵدەلووشی، بەسوود وەرگرتن لەوەی کە دوو کوڕی لەگەڵمان چەکدار بوون. بەڵام کاتێ پرۆسەی قێزەونی ئەنفال دەستی پێکرد، هەموویان پاساوی جۆراوجۆریان داهێنا، تاجێمان بهێڵنو بگەڕێنەوە ڕیزی ڕژێمو زمانیان دەڵێ: (دڵمان لەگەڵتانەو... شمشێرەکانیشمان لەسەرتان).

ئەمەش ژمارەیەکیترە، بۆ کڕینی ئازووقەی وشك بۆ پێشمەرگە پارتیزانەکان دانراوە، واتە بۆ ئێمە... ئاخ! گەر بهاتبوایە ئەو ئازووقەیەمان لابوایە نەدەکەوتینە ئەم تەڵەیەوە. بەڵام لێکدانەوەی چەوتو مەزەندەی ناتەواو هەمیشە تووشی هەڵوێستی دژواری لەم چەشنەمان دەکات. هەرواش بەشی (٣٠) پێشمەرگە ئازووقەمان کڕی، لەوانە تەنها هەژدەیان ماون، ئەوانیتر لە تاریکایی شەودا جێیانهێشتینو گەڕانەوە باوەشی رژێم، سوودیان لەو لێبوردنە بینی کە بۆ ئەو کەسانە دەرکرابوو خۆیان تەسلیمی ڕژێم دەکردەوە. جا کاتێك لەناوی ئەو کەسانە ورد دەبمەوە دەبینم زۆربەیان ئەو کەسانەن کە لافی شۆڕشگێڕییان لێدەدا، هەتا یەکێکیان ناوی گیڤارای لەخۆنابوو، یەکێکیتریان سەردەستە بوو، کەچی مەفرەزەکەی جێهێشتو بە چەكو ئەو پارەیەی لەلای دانرابوو ڕایکردو خۆی دەرباز کرد. ئەم نامەیەش لە مولازمێکی ئیختیفای ناو شارەوە بۆ مولازم هاتووە، کە بەرپرسی یەکەمی ئەو هێزانەی پێشمەرگەیە کە لە ناوچەی هەولێردا ماونەتەوە، پێیڕادەگەیەنێ کە دانوستانێك لەنێوان رژێمو بەرهەڵستکاران لە ئارادایەو نوێنەرەکەی رژێم موکەڕەم تاڵەبانییەو ئێستا دانوستانەکە گەیشتۆتە قۆناغێکی نوێ، بۆیە مولازمەکەی ناو شار بەڵێنی بیستنی هەواڵی خۆشمان لەو بارەیەوە پێڕادەگەیەنێ. کاتی خۆی مولازمەکەی خۆمانم لەسەر ئەم نامەیە دواند، ئەو بە پێکەنینە ئاساییەکەی خۆیەوە لە وەڵامدا وتی: ئەو کاتەی لە بالیسانیش بووین باسی دانوستانیان لەگەڵ رژێم بۆ کردین، کەچی رژێم لەجیاتی رێککەوتن کیمیاوی پێوەکردین، تا هەرچی دیاردەی ژیانە لەو دۆڵە قڕ بکات. خۆ ئەگەر ئێستا مولازمەکەی خۆمان لێرە بوایە بەهەمان شێوە بە پێکەنینەوە دەیگوت: ئەوە نییە نابینی ئەم هێرشەش بەڵگەیەکیترە لەسەر سۆزو خۆشەویستی ڕژێم بۆ ئێمەو سازدانی گەڕێکی دیکەی دانوستانە لەگەڵمان؟!!

بە پوختەیی کاغەزەکانم کۆکردەوە. ئایا بیانسوتێنم؟ سوتاندنیان سەرکێشیو شێتییەکی گەورەیە، چونکە جاشەکان چاویان بڕیوەتە یەك بەیەکی تاشەبەردەکانی دەوروپشتی کانی شەهیدان، سووتاندنی نامەکانو بەرزبوونەوەی دووکەڵ لێرەوە ئاماژەیەك دەبێ بۆیان، تا هێرشم بهێننەسەر، بۆ راوکردنی ئەم نێچیرە گەمژەیە!

کاغەزەکانم زۆر باش لوولدا، فڕێمدایە تەنگەبەرێکی قوولی نێوان دوو تاشەبەردەوە کە ئەوسەری دیارنەبوو، بەدوایشیدا بەردێکی بچووکم فڕێدایە خوارەوە تا لە قوولاییەکەی دڵنیابم.

ئەم کاغەزانەش هی خۆمن... لەنێویاندا بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەم، چونکە من ئەندازیاری میکانیکی بووم، لەژێر زرمو هوڕو ئاگری تۆپە دوورهاوێژەکان لە بەسرە کۆلیژم تەواو کرد... وەکو فلیمێکی سینەمایی یەك بەیەك هاتنەوە یادم: (ئوم ئەلبروم)و بەشی ناوخۆییو بەلەمەوانەکانی سەر شەتولعەرەبو تەلاری زانکۆ.. هەروەها کاروانی لەژمارنەهاتووی ئەو

سەربازانەی کەپیشەی کوشتن‌و بەرەکانی جەنگ، بێزارو رەشبینی کردبوون‌و ئیرەییان بەو ژیانە ئاساییەی ئێمە دەبرد... ئای پۆشاکی تایبەتیی زانکۆمان چەند مایەی ڕقوقینی ئەو سەربازە ماندووانەو ئینزیباتە تووڕەو توندانەی خاڵەکانی پشکنین بوو کە پێیاندا تێدەپەڕین.

لە تەلاری زانکۆوە بۆ بارزان‌و لەوێش هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی... یەکەم هەواڵی جەرگبڕ کە لەوێ گوێبیستی بووم، شەهیدبوونی (ئاری) هاوڕێم بوو. بە پەلە خۆم گەیاندە (ئەستێ)و لەوێ مولازم کەریم پێشوازی لێکردم‌و گۆڕی (ئاری) هاوڕێمی پیشاندام‌و پێی گوتم: ئای لە خۆشبەختی هاوڕێکەت، ئێستا لە گۆڕەکەیدا بە ئارامی ڕاکشاوە. چونکە بەدەیان شەهیدمان بێ گۆڕن‌و لاشەکانیان گورگ خواردنی‌و ئێستاش ئێسکوپرووسکەکانیان چاوەڕوانی بەزەیی کەسێکن کۆیان بکاتەوەو ژێر گڵیان بنێ... بە تەنها لای گۆڕەکە جێیهێشتم، سەرەڕای ئەو ئیرادە بە هێزەم، کەچی چاوەکانم پڕ بوون لە ئەسرین، چونکە ڕانەهاتبووم لە بەرامبەر گۆڕی شەهیدا بووەستم!، بەڵام سەختی ژیان‌و شاخ لەگەڵ سەردانی گۆڕی شەهیدو هەڵگرتنی تەرمی شەهیددا ڕایانهێنام. بەسەر ئەو کۆسپە دەروونی‌و ترسە تۆقێنەرەدا زاڵ بووم کە دەوری مەرگیانداوە، مەرگ بە کوشتن. ئیدی لێرە مرۆڤ بەنرخترین سەرمایە نییە، بەڵکو کوشتنی ئاسانترین کارە!...

لە ئاوێتەبوونی یادەوەرییەکان وەئاگا هاتم، تا سەرلەنوێ لە دەوروبەری خۆم بڕوانم. لەوانەیە منیش وەك تەرمێکی بێگیان لێرە جێبمێنم‌و ببمە دەسکەوتی دێڵەگورگێکی برسی‌و ئەویش بمکاتە خۆراکی بێچووەکانی.

تادەهات دەنگی جاشەکان بەرزتر دەبۆوە... ئای دەبێ ئەمە چ کوێرە ڕێکەوتێك بێ، وا ئەم دەستە پێشمەرگەیەی ئێمەی گەیاندە ئێرە. لە حەشارگەکەی خۆمان لە باواجی لە چاوی هەمووان دوور بووین، بە دۆست‌و دوژمنەوە. پێم نالێن ئەم سەردانە نەفرەتییە بۆ کۆسرەت لەپای چی؟، بۆ بە پێی خۆمان هاتینە شوێنی گیانکێشانمان؟!

لەوێ، هەر هەموومان بست بە بستی ناوچەکە شارەزاین. دەشت‌و دۆڵ‌و ڕێگاوبان‌و رەزو باخ‌و مێرگ‌و کانیاوەکانی سماقولیشمان لەبەرە... تەنها هەشت کەس بووین، لە هەرجێگایەکەوە بمانویستایە دەخزاینە ناوچەکەوە. زێدەڕۆیی ناکەم گەر بڵێم دەتوانین بچینە ناو سماقوولیشەوە گەر دەوری بە ڕەبایەش تەنرابێ‌و لە نێوان هەر ڕەبایەیەك‌و یەکێکیتردا ڕەبایەی سێیەمیش هەبێ.

کەوابێ ئێمە لە بارودۆخی خۆشاردنەوەدا لەبەرچاوی ڕژێم لەکوێداین، ئەم سەردانانە- لە نێوان دەستە پارتیزانەکاندا- شلوخاوییەکی ترسناك دەبارێنێتە سەر وریایی‌و ئاگاداریمان لە کەوتنە تەڵەی دوژمنەوە.

ئێمە لێرە هیچ دەربارەی ناوچەکە نازانین، تەنها ڕێگای گەڕانەوە نەبێ بۆ باواجی، ئەمەش بە تەنها بەس نییە بۆ ڕزگار بوونمان لە گەمارۆی دوژمن. خۆ ئەگەر ڕزگاریش بین - هەڵبەتە دوای تاریك داهاتن - ئەگەر زوو نەگەینەوە حەشارگەکەمان لە باواجی، ئەوا برسێتی هەڕەشەی مردنمان لێدەکات.

ئای کە ڕاستییەکی تاڵە لە خاکێکدا بیت مرۆڤێکی تیا نەمابێت، ئەو پشتوپەناو پەرژینەمان لەدەستچوو کە لە گورزی دوژمنی دەپاراستین... کاتێك دوژمن لە چیای سەفین دەوری گرتم‌و گەمارۆیەکی توندیدام، نزیکترین گوند دەروازەی دەربازبوونم بوو لێی. کاتێکیش لە شەڕی جەمەسۆر لەگەڵ دوو هاوڕێیتردا بریندار بووین، هێشتا لە شوێنی شەڕەکە دوور نەکەوتبووینەوە، دۆستانمان فریامان کەوتن‌و خۆشترین‌و بەلەزەتترین خواردن‌و باشترین داوودەرمانیان بۆ هێنایین، بە جۆرێ کە بەشی دەیان بریندار بکات، هەرچەندە ئێمە تەنها سێ برینداریش بووین.

کاتێکیش لە کەلکەسماق‌و لووتکەکانی دەوروبەری دەجەنگاین، خەمی هیچمان نەبوو، چونکە پەیتا پەیتا یارمەتی‌و کۆمەکی دانیشتوانی گوندەکانی (دەشتی کۆیە) لەنان‌و ئاوو برنج‌و ساوەرو جۆرەها گۆشتی مریشك‌و ئاژەڵ‌و.. تاد، پێدەگەیشت. خاوەن بەختی گەورەش ئەو کەسە بوو کە بریندار بوایە، چونکە بەڕێزەوە دەیانبردە یەکێك لە گوندەکانی ناوچەکەو میرانە خزمەت دەکرا. ئەوکاتەی بەرگریمان لە (ئیلنجاغ)یش کردو هێرش‌و پەلامارە سەرکێشییەکانی ڕژێممان تێکشکاند کە دەیویست شێتانە گوندەکان بڕووخێنێ، چێشتە گەرم‌و خۆشەکانی ماڵە هەژارەکانی گوندەکە لە چاوەڕوانیماندا بوو، خۆ ئەگەر دوابکەوتینایە دڵنیا بووین ئەو هەژارانە خواردنەکانیان بۆ دەگەیاندینە گۆڕەپانی شەڕەکە... هەر خەڵکی ناوچەکەش بە جۆرێك تەرمی هاوڕێ (هەنگاو)ی شەهیدمانیان بەڕێزەوە بەڕێکرد، بەڕێکردنێك کە شایستەی خوێنی شەهید بێت.

بەڵام ئەمڕۆ هەر خۆمان بە تەنهاو بێ پشتوپەنا لە شەڕداین، هەتا ئەو دەستە بەسۆزانەی دەیانەوێ بە هانامانەوەش بێن، نامانگەنێ، چونکە بەربەستی نێوان ئێمەو ئەو خەڵکە دڵسۆزە یەکجار گەورەو ئەستەمە.

ماوەی شەش مانگە لەم شاخەدا لە خەڵوەتداین‌و لە جیهان دابڕاوین، تەنها شتێك پێوەیمان ببەستێتەوە شڕە رادیۆیەك بوو. وەك بزنە کێویمان لێهاتووە، لە دووری چەندین کیلۆمەتریش کەسێك ببینین، هەترەشمان دەچێ‌و چەندین کیلۆمەتریتری لێ دوور دەکەوینەوە... تۆ بڵێی پێشمەرگە بتوانێ تاسەر بێ خەڵك بژێ؟!

ئای ئەگەر کۆسرەت وەکو جاران ئاوەدان دەبوو، ئایا ئەو کاتە دوژمن دەیتوانی وا بە سووك‌و ئاسانی گەمارۆمان بدات‌و دەست لە بینەقاقامان گیربکات؟!

خەریك بوو هەست بە ئازارو سووتانەوەی قاچی راستەم بکەم. دەستم بۆ شوێنی ئازارەکە درێژ کرد، چەند کونێکم لە شەرواڵەکەم دۆزییەوە، خوێن تەڕی کردبوو، خەریك بوو دەمەیی، کەواتە من بریندارم!... وا دیارە گەرمی ڕاکردن بەناو ئەو وردە بەفرە لیتاوییەداو تامی ژیان لەو ساتەدا، هەستکردن بە ئازاری برینەکەیان لێ دزیبووم. بەڵام کە ئێستا دانیشتوومو هەڵاوی خۆرەکە لە بەردەکان دەدا، تازە خەریکە هەست بە مەترسی‌و ئازاری برینەکەم دەکەم.. لە جەمەسۆریش هەروام لێهات، لە گەرمەی شەڕەکەدا هەستم بە ژانی برینەکەم نەدەکرد، ئەو هاوڕێیەی لە تەکمەوە بوو ئاگاداری کردمەوە.

دەستم برد تا سۆراخێکی برینەکەم بکەم... باش بوو تەنها سووکە رووشانێك بوو. کەوابێ زۆرباشم مادام برینەکەم رێگەی رۆیشتنم لێناگرێ. مەرگی مسۆگەر ئەوەیە کەسێکمان قاچی زامداربێ‌و توانای ڕۆیشتنی نەبێ. دەبێ حاڵی کەسێکی پەککەوتە لە شاخێکی چۆڵ‌و دوور لە ئاوەدانی چۆن بێ‌و چی بەسەربێ؟!

ئاخ... (ڕێباز)ی ئازیزم چارەنووست دوودڵی کردووم. تۆ بڵێی بتوانیت خۆت بگەیەنیتە پەنایەك لە دوژمنت بپارێزێ، یا دەکەوییە دەستیان؟. ئای بەستەزمانی خێر لەخۆنەدیو، هاتیت بۆلامان تا خەونە هەمیشەییەکەت لە وەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی شایستە لە تایبەتمەندییەکەی خۆت کە لە زانکۆی تەکنەلۆژی جێتهێشتبوو بێنیتەدی. تۆ چیت لەم حاڵەدایە کە ئێستا دووچاری بووی؟، گەر لە دەسمان بچیت ئەوا لە دەستی کەسوکارو خەونەکانیشت دەچی.

ئەوە چییە.. جەنگی وا بە بەرچاوی جاشەکانەوە لە هەڵپەدایە، دەبێ تێکچووبێ، وا بەو شێتی‌و حەماسەتە گەرمەوە بەرەنگاری مەرگ دەبێتەوە؟!

دەنگی ریزە فیشەکێکی کلاشینکۆفەکەی تاوێرەبەردەکانی هەژاندەوەو لەگەڵ دەنگ‌و گیزەگیز‌و قرچەقرچی چەکی ئەو هەموو جاشەدا تێکەڵی یەکتر بوون کە هەر هەموویان ئاراستەی ئەویان کردبوو... ئای لەو ترسنۆکانە! ئەم هەموو تەقەیە لە دژی تەقە خۆکوژییەکانی ئەو... دەبێ هەڵوێستیان چی بێ ئەگەر لوولەی تفەنگی هەر چواردەمان رووبەڕوویان ببنەوە؟

ئەی خوایە.. ئەو جەنگییە چ سەرشێتێکە... ئەها وا بەپێوە وەستاوەو لە تەقەکردن بەردەوامە... ئاخ... ئەها کەوت، بەڵام چەکەکەی لە چریکە ناکەوێ‌و هێشتا بەردەوامە.

★ ★

# جەنگی٭

- لە هەموو لایەکەوە دەوری بگرن!
- بەر نارنجۆکی دەن، سەگباوکە خۆی بەدەستەوە نادا!
- لێی مەچنە پێش، هەتا تەواو دڵنیا نەبن کە تۆپیوە!

شەرواڵەکەم وەکو کوورەی ئاگری لێهاتووە، شلەیەکی لینجیش گەرمایی بە نیوەی خوارەوەی جەستەم دەبەخشێ. خەریکن وا دێن، وەلێ دەستەکانم خیانەتم لەگەڵدا دەکەن، توانایان نەماوە لە تاخمەکەمەوە مەخزەنە فیشەکێکم بۆ دەربێنن، تا بیخەمە سەر چەکەکەم، دوای ئەوەی مەخزەنە حەفتاو پێنجییە پڕ فیشەکەکەم لێ بەتاڵ کردن.

تەماشایان کەن، چەندە قەرەزراون، هەر کە دەستم دەجولێنمەوە، دەبینم ترسنۆکانە دەڕەونەوە، ئای چ بووکە شووشەیەکی عەنتیکەن!... بە راستی گەمەیەکی خۆشە، هەر کە یەکێکیان بیەوێ لێم نزیك بکەوێتەوە، دەستم، یا قاچم، یاخود هەر ئەندامێکی جەستەم بەرلەوەی سڕی لە جوولەی بخا، بجولێنمەوە، یەکسەر لە ترسان دەسڵەمێتەوەو کلکی لەنێو گەلاّن دەنێ!

وا خەریکە سڕی سەرتاپای جەستەم دادەگرێ، هەر دەڵێی گانگرییەو لە هەر چوار پەلەوە بەرەومێشکی ماندووو نەنووستووم سەردەکەوێ. ئەوەتانێ چاوەکانیشم هەڵنایەن‌و لەنێو بۆنی باروودەوە کە گەردیلەی تەمومژە بەفراوییەکەیشی تەنیوەتەوە، باوێشك دەدەن...

ئەوە مریەمە، خۆشەویستی یەکەمینم، وا لەماڵەکەی خۆیانەوە هاتۆتەدەرو چاوم لێدەگێڕێ... کچێ، ئەو دڵەم فیدات بێ کە خۆت تاکە شاجوانی تیایدا، تەنها بزەو ئاماژەیەکت بەسە بۆ ئەوەی وەکو نێرەکەرێکی برسی بەو دەشتودەرە بکەوم. خۆم دەزانم بۆ بەو جۆرە هاتۆتەدەر، ئەو دەیەوێ بەو کراسە سوورەیەوە شێت‌و شەیداو هەراسانم بکات، تەماشای کەن، چۆن کەمەرەی بە تاڵەبەنێك شەتەکداوەو ناوقەدێکی باریك‌و جووتە بەیەکی توندوتۆڵ‌و یاخیی لەسەر سینەی قیت کردۆتەوەو لەگەڵ لەنجەولاری مریەمەکەمدا شکۆدارانە دەلەرێنەوە. توولە زەردەکەیشی بەسەر قژە قەترانییەکەیدا داوەو تاڵە قژەکانی وەك تاڵە ئاوریشمی هەورامییەکان دەدرەوشێنەوە.

ئەوەتانێ لە نزیکەوە بە نیگای چاوەکانی خەریکە دەمقۆزێتەوە، بە غەمزەی چاوەکانی دەمدوێنێ، چاوەکانم بە تاسەوە وەڵامیان دەدەنەوە... چاوەکانی مریەمەکەم لەو چاوانەن کە ئاشقانیان دەکوژن‌و بەزەییان بە قوربانییەکانیاندا نایەتەوە... ئاخ، ئەی ئەو دوو چاوە هەنگوینیانەی کە لەسەر رووخسارێکی گەش لەنگەرتان گرتووە... سەری گێژم وا شێواوە نازانم چۆن باسی رەنگ‌و رووخساری مریەمەکەم بکەم، تۆ بڵێی خاك‌و خۆڵی (بۆگد) رەنگی ئەو کوڵمانەیان بۆ خۆیان نەدزیبێ؟. ئەوەتا وا بە هەورازەکەدا بەرەو ئاشەکە هەڵدەکشێ... چیتر توانای بەرزەفت کردنی قاچەکانم نەما کە بە دوایەوەن... چاوەکانم شەیدای چاوەکانین، دەستەکانم تامەزرۆی راکشانی نێو دەستەکانین، قاچەکانم شەیدای شوێن پێ هەڵگرتنین... کورە هەتا سەگەکەمان شێتی دێڵە سەگەکەیان بووە!... جلە سوورەکەی بەریشی حەپەساوە... چۆن بتوانێ لەگەڵ لەنجەی سمت‌و کەمەری خۆی بسازێنێ؟، ئەی پۆشاکە خۆشبەختەکە ئیرەییت پێ دەبەم ئیرەیی، خۆزگە تاڵێك لە دەزووەکانت دەبووم... خۆزگە ئێستا خاڵە (تایەر تۆفیق)م لەگەڵ دەبوو، بەو جلە سوورەوە دەیدیتی، دڵنیام پەشیمان دەبۆوەو هەرگیز گۆرانی بە کراس زەردێدا نەدەگوت، بەڵکو بەتاسەوە کراس سوورێی دەچڕی... بەرامبەرم رامەوەستە!

ئێستا من تەواو لەو هاوارو فیغانە بە کوڵەی خاڵە تایەر تێگەیشتووم... کێ هەیە بەرگەی بەرامبەر راوەستانی مریەم بگرێ؟

وا دەبینم گەیشتە (ئاشەکە)، هەر تۆزێکیترەو یەکتر لە ئامێز دەگرین... ئاخر چی بکەم خۆشەویستی یەکەمینمە، یەکەمین... لە ساتەوەختی وادا بە دەستی خۆم نییە گڕ لە گیانو جەستەم بەردەبێ، دڵەکوتێ هەراسانم دەکا... وا بە پێی خۆم بۆ لات هاتووم، رەنجێکی زۆرم کێشاوە تا خۆم بگەیەنمە دڵەکەت، ئێستا وا خەریکە پێت دەگەم، دەسا وەرە رۆح دەرنەچێو لە کاتی لە ئامێز گرتنتدا، ترس لە ناخەوە نەمهەژێنێ؟!

باوەڕ بکە گرتنی تۆ لە گرتنی رەبایەکانی دوژمن سەختترە... دەزانی چەند بەختەوەر بووم بەوەی بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا رایانسپاردم هێرش بکەمە سەر رەبایەیەكو بیگرم؟!... سەرقاڵی خۆئامادە کردن بووم، تا لەگەڵ دەستەی هێرشی یەکەمدا بەشداری بکەم، چەندین کاتژمێرو خولەكو چرکە چاوەڕوانی گەیشتنی دەستەکەمان بووم بۆ شوێنی دیاریکراوی خۆی، تا لەوێوە بە شریخەی گوللەی تفەنگەکانمانو زرمەی یەکەم گوللە (R.B.G)یدا کشوماتی شەو وردوخاش بکەین، وەلێ کاتێ ساتەوەختی پەلامارەکە هات، ترسو دڵەڕاوکێ ناخی دەروونیان داگرتم. من دڵنیام ئەو شڵەژانە دەروونییە هەرگیز لە ترسا نەبوو، بەڵام نازانم چی ناوبنێم... کەچی کاتێ تەقە دەستی پێکرد، ترسو دڵەڕاوکێیەکەم بوونە شێتی... چی بکەم! بە هەمان شێتییەوە پەلاماری رەبایە سوور پۆشەکەم بدەم؟... ئای جلی سوور چۆن ختووکەی رۆحم دەداو ئۆقرەم لێدەبڕێ؟، هەروەکو چۆن گای ئیسپانیش بەو رەنگە سوورە هار دەبێو بێ گوێدانە خوێنی داچۆڕاوی جەستەی بە کەفوکوڵێکی بێ ئەندازەوە هێرش دەبات.

...ئەوە مریەمەکەی منە، بەرلەوەی بخزێتە ناو ئاسیاوەکەوە وا بە دڵەڕاوکێوە هەر چاوێکی کردووە بە چوارو بە چەپو راستو دەوروبەری خۆیدا چاو دەگێڕێ، لە ترسی ئەوەی نەبادا پیرەژنو پیاوە ئابڕووبەرەکان ببینن، ئەو زۆر گوێ ناداتە ئەوەی کاتێ لەگەڵ جەنگی شێتو شەیدایدا دەخزێنە ناو ئەو حەشارگەیەوە، ئەگەر کچۆڵەیەکیش بیانبینێ، چونکە کیژوکاڵانی بۆگد، هەمیشە لەناو خۆیاندا شانازی بە خۆشەویستەکانیانەوە دەکەنو لە یەکتریشی ناشارنەوە، زۆربەی گفتوگۆکانیشیان لەسەر باسی لاوانی گوندەکەیانە کە کامیان شایانی دڵپێدانیانن.

مریەمەکەم، خاتوونەکەم، وا چووە ناو هێلانەی خۆشەویستیمانەوە، ئەو هێلانە پڕ لە بەرائەتەی کە بەوپەڕی پیرۆزیو شکۆمەندییەوە سرووتو نوێژی خۆشەویستیمانی تێدا دەکەین. (وا گوێم لێیە محەمەدی ماملێش مریەم سابڵاغییەکەی خۆی لە یاد کردووەو مریەم بۆگدی دەچڕێ —وەرگێڕ). دەبێ ئەمڕۆکە لێوو دەستو سەرو سینگو سەرجەم هەستەوەرەکانم ئازاد بکەم، تا سۆزو شەیداییو سووتانی خۆیان بۆ مریەم دەربڕن. تۆ بڵێی مریەمەکەمیش لێوو دەستو سەرو سینگو هەموو هەستەوەرەکانی خۆی ئازاد بکات، تا وەڵامی بانگەوازی ئەم ئاشقە شەیداو سووتاوو گڕ گرتووە بدەنەوە؟. سۆزو خۆشەویستیم بۆ مریەم وام لێدەکەن زیاتر لێی نزیك ببمەوە... تا هەرچی ئەندێشەو حەزێك لە ناخمدا بەرامبەری قوڵپەدەن، بە چرپەوە پێی رابگەیەنم، بەڵکو ئەگەر هاتو لە هەمبەر تەوژمی سێڵاوی ئەو سۆزەی ناخم، زمانم لە گۆ کەوت، ئەوا دەستەکانم پەیامی لێوەکانم بگەیەنن... یا ئەگەر لێوەکانم لەسەر گۆی مەمکە لووتبەرزەکانی کە هێزێکی بێ ئەندازەیان لەخۆ گرتووە، باوێشك بیانباتەوە، دەستەکانم یارمەتی بدەن..

هەر چەند ساتێکیترە ئاگر لە هەستو نەستو سەرتاپای جەستەم بەردەبێ.

هەر کە پێم نایە ناو دەروازەی ئاشەکەوە، عەردەکە هەژی... هەژینی عەردەکە، لەرزینی دەستو قاچەکانمی وەبیر هێنامەوە، ئەو کاتەی لە ترسانو لە سەرما (خەسرۆ)م بە تەنها جێهێشت.

ئەوەتا ئاشەکەش لەگەڵ هەژانی زەوییەکەدا دەبێ بە دوو لەتەوە، لەتێکی جەستەی مریەمی هەڵگرتووەو لەتەکەیتریشی جەستەی شەکەتی من. هەوڵمدا بەرەو لای فریشتەکەم بازدەم، کەچی هەژانەوەی عەردەکە هاوسەنگییەکەی تێکدام... بەلادا هاتم، کەوتمە سەر زەویو مریەمیش بە رقەوە تەماشام دەکا، چونکە بە تەنهایی جێمهێشت.

خاتوونە ئەفسانەییەکەم وا بە لەنجەولارەوە خۆی خزاندە هێلانەکەوە، دەبێ بە پەلە خۆمی بگەیەنمێ... باوەڕناکەم هیچ هێزێك لە دونیادا هەبێ بتوانێ ئەو هەڵمەتەم بەرەو ئاشەکە راگرێ. هەر ئێستا پەلاماری رەبایە دەسنیشانکراوەکەم دەدەمو هەر بە تەنهاش گڕی لوولەی کلاشینکۆفەکەمی ئاراستە دەکەم. چونکە ئەمە تاکە رەبایەیەکە ئەگەر بە تەنها کەسێك نەبێ ناگیرێ، بەڵام نەك هەموو کەسێك... کوڕی خۆی دەوێ!

ئـاخ... مـەرگ لـە كـوێی؟ هاتنـت بـە ئـاوات دەخـوازم، بـۆ نایـەیت هـەر ئێسـتا لوولـدەیتو بمبەیتـەوە؟.. وا نیگـای سەرزەنشتیانەی تیلەی چاوەكانی مریەم، راوچی ئاسا دەمپێكن‌و لەناخـەوە دەمئـەنجنن. هەژینـەوەی عەردەكە بەردەوامـەو منیش دەستەپاچە لەسەری راكشاوم... بەڕاستی هەژینەوەیەكی ترسناك‌و تۆقێنەرە، هاوكات دەنگێك دێتە گوێم، نازانم نە دەنگی تراكتۆرە، یان ماتۆڕە كارەباییەكەی باوكمە كە لە گوندەكەماندا دابنابوو، یاخود خێوە باڵدارەكەیە.. كۆپتەرەكە.

چاوم كردەوە بینیـم لـەناو گۆمـە خوێنێكدام، بـە ئاسمانـەوەمو هەلیكۆپتـەرێك هـەڵیگرتووم. چـاوم گێـڕا تـا مریەمەكـەم بدۆزمەوە، كەچی گۆمـاوە خـوێنێكم بینـی (رێبـاز) تیایـدا مەلـەی دەكـرد. لـە ژوور سەریشمانەوە (هـەرێم) گرمۆڵـە بـووەو سەری ناوەتە نێو قاچەكانییەوەو نایەوێ چاوم بە چاوەكانی بكەوێ، دەڵێی تاوانێكی ئەنجامداوەو ویـژدانی لۆمـەی دەكـا. لـە سەرتاپای جەستەی وردبوومەوە هیچ پەڵە خوێنێكم بەدی نەكرد.

ئەی خودایە، كوانێ مریەم؟ ئێستا تەنها هەنگاوێك لێمەوە دوور بوو، كێ دووری خستەوەو منی فڕێدایە نـاو ئـەم باڵـەفڕە لەرزۆكەوە؟

چـاوم گێـڕا، لـە دەرگـای كـراوەی باڵەفڕەكـەوە سـەرتاپای دەشـتی كۆیـەم كەوتـە بەرچـاو. خۆزگـە فڕۆكەكـە كـەمێك، تـەنها كەمێك بەرزتر دەبۆوە، تا بە چـاوی خـۆم بۆگـدم بدیبوایـە كـە لووتكـەی شـاخەكە لـە پـەنای خۆیـدا حەشـاری داوە... بریـا ئاشەكەم دەبینی، تا بمزانیایە چی بەسەر هاتووە.

ئەوە چەمی كورتەكە، ئەوەش گوندە نوێیەكەمانە - تازە بۆگد -.

دوای ئەوەی رژێـم فشاری زیـاتری هێنـاو سـەر لووتكـەكانی دەوروبـەری بـە مۆڵگـەی جاشـان پـڕ كـرد، ئیـدی گوندەكـەمان ئاسوودەیی‌و دڵنیایی تێدا نەماو بناری شاخەكەی جێهێشتو بەرەو كەناری رووبارەكە هەڵات، دوای ئەوەی هێزی پێشـمەرگە لە هەمبەر هێرشی رژێم شكستی خوارد.. نا، نەخێر پێشمەرگە نەشكا، بەڵكو خیانەت بوو، بۆگدیان فرۆشت، ئەگەر نا چۆن جاش زاخی ئەوە دەكات پێ بنێتە سەر لووتكە سەركەشەكان، هەتا شریخەی دەنگی كلاشینكۆفی پێشمەرگە لە ئارادابێ؟

ئـەوەش كێڵگـەو شـینایییەكەی مـاڵی مریەمـە لـە نزیـك رووبارەكـەوە. مریـەم دوای ئـەوەی لەگـەڵ خانەوادەكەیـدا تـرس‌و تۆقینی كیمیاوی هەراسانی كـردن، كێڵگـە كشتوكاڵییەكەیان جێهێشـت، بـە تایبـەتیش دوای ئـەوەی كیمیـاوی زیـاتر لـە (٣٠٠) كەسی بێتاوانی گوندی (گۆپتەپە)ی بەرامبەریانی شەهید كـرد. ئـا ئـەوەش كەپرەكـەی مریەمـە كـە هـەر لـە بەیانییـەوە تـا پاشنیوەڕۆ لەگەڵ خانەوادەكەیدا بەدەوری كۆمەڵێك گەڵا توتنەوە دادەنیشتن‌و پێشبڕكێیان لەسـەر ئـەوە دەكـرد كـە بـزانن كامیان زووترو زیاتر گەڵا توتنەكان بەو داوە تایبەتەوە دەكەن كە توتنەوانەكان لە دووكانەكەی باوكمیان دەكڕی. ئای كە جاران لە ماڵی خۆمـان قینـم لـەم كارە دەبۆوە، چونكە هـەموو بەیانییـەكی زوو بەرلـەوەی ئێمـە لـە خـەو هەسـتین، بـاوكم باوشێك گەڵا توتنی دەهێناو ئینجا بە زۆر لە خەو راستیدەكردینەوە، تـا هـەر هـەمووی بـۆ بـە داوەوە بكـەین، بـەڵام پاشـان ئەم كارەم زۆر لا خۆشەویست بوو، كاتێ لـەناو خانەوادەكـەی مریەمـدا بـە دەوری گـەڵا توتنەكانـەوە لـە بەرامبـەر یـەكتری دادەنیشتین‌و لەسەر گورجوگۆڵی‌و خێراییم لـە كارەكەمـدا پێشبڕكێم لەگـەڵ هـەمووان دەكـرد. ئـەوەتا زۆر بـە لێهاتوویی‌و شارەزایانە ئەو شیشە بە دەستەوە دەگرم كە (كاكەسوور) لە پاشماوەی تێلی كارەباكەی گۆپتەپە دروستی دەكـرد، هـەرجارەو سـەفتەیەك گەڵا تـوتنی پێـوە دەكـەمو پاشـان بـۆ مریـەمی دەهاوێـژم، ئـەویش لـە خۆشـیانا بـە خێرایـی داوەكـە بـە كـونی شیشەكەوە دەكاتو ئینجا لەسەرخۆ رایدەكێشێ، تا گەڵا توتنەكان بە داوەكەوە هەڵدەواسرێن. گەلێجار بێئاگایی كەسوكاری مریەمم بە هەل دەزانی، ماچێكم بـە گـەڵا توتنێكـدا بـە شیشـەكەوە بـۆی دەهاویشت. دەسـتەكانم هـەرگیز مانـای سسـتی‌و بێزارییان نەدەزانی، زۆر بە سووكی گەڵا توتنەكانیان هەڵدەگرتو بە جوانی بە شیشەكانیانەوەیان دەكـردن... بـە دەنگـی بڵند داوام لە مریەم دەكـرد ئـەو شیشـانە بـژمێرێ كـە ئـەنجامم داون، بـەڵكو ئەمـە خوایـە دڵـی دایـكو بـاوكی لـە خـۆم رازی بكەم...

... تا ئێستاش ئەو هەژینـەی كـە پەراسووەكان‌و مێشكی هـاڕیوم، هەراسانم دەكـا، لـە مریـەمی دوورخستمەوە... ئـەوە دەسـتێكە دەیـەوێ بـە تونـدی بمگـرێ، ئـەوە دەسـتی (حـەمادی) برامـە هـاتووە لـە ئـامێزی خـۆیم بنـێ، وا بـە سـۆزو خۆشەویستییەكی بێئەندازەوە بانگم دەكا. كەمێك سەرم هەڵبڕی بە پێڵاوی جاشێكی رەزاقورس كەوت كە پێشتر هەستم بە بوونی نەكردبوو.

ئەی خوایە هاوارە، ئەوە چ کارەساتێکە! وا مریەمم لە دەست دەچێ‌و منیش هیچم بۆ ناکرێ، نازانم چەکەکەیشم لە کوێ جێیهێشتم. ئەم جاشوولکە رستکراوەش بێشەرمانە بەر پێلەقەی داوم.. (رێباز)یش لە تەنیشتمەوە لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ‌و سەرخۆشانە دەپلیکێتەوە. (هەرێم)یش سەری لەناو دەستەکانی ناوەو هەر دەڵێی کیژۆڵەیەکی بە زۆر ئەتککراوە.

خەسرۆ گیان فریام کەوە.. چۆن دڵت هات‌و هێشتت لە کۆسرەتم بدزن!

حەمادی گیان بە هانام وەرە!

پەیتا پەیتا هەژینەوەی باڵەفڕە ئاسنینەکە کەم دەبۆوە. بە چاوی خۆم شارۆچکەو بەنداوی دوکانم دەبینی. ئەوەش دۆڵی کلێسەیە، چەندین جار لە دوکانەوە بۆ بۆگد پێیدا گەڕاومەتەوە. ئەوەشیان کەلکەسماقە، گەلێ رۆژە ئیشم لە مێرگ‌و باغەکانیدا کردووەو بڕە پارەیەکی باشم کۆ دەکردەوە، کەچی شەوانە لە سەر مێزی دۆمینە بەختی خۆم‌و پارەکەم تاقیدەکردەوەو لەگەڵ هاواری برادەرەکەم کە دەیگوت: دوو شەش تۆپی، قڕم دەکردن!

ئەوەتا لەو شوێنەی کە زیندەوەرە ئاسنینەکەی لێنیشتۆتەوە، بە سەر زەویدا خلۆرم دەکەنەوە، دەستم لە زەوییەکە گیر کردووە... ئەم زەوییەم زۆر خۆش دەوێ، چونکە وێنەو سیما گەنم رەنگییەکەی مریەمی تێدا دەبینم... لە ژێر زەبری شەق‌و تێهەڵدانی جاشەکاندا خۆم بە عەردەکەوە نووساندووە، چەند ترسنۆك‌و بێویژدانن بە پێڵاوە گڵاوەکانیان برینەکانی جەستەم دەپلیشێننەوە... رێبازیش وەکو من خۆی بە زەوییەوە نووساندووە، کەمێك لەولای ئێمەوە هەرێمیش کەوتۆتەبەر شەق‌و قۆنداخە تفەنگی جاشەکان.

حەمادی توند دەستی گرتووم‌و دەسبەردارم نابێ، بەسەرمدا دەقیژێنێ... دەهەستە دەی خۆت بگەیەنە مریەم، هەر هەنگاوێکەو دەیگەیتێ... ئەی تۆ نەبووی سڵت لە هیچ نەدەکردەوەو پەلاماری ڕەبایەکانی دوژمنت دەداو سەرنجی کیژۆڵەکانی سەرگەڵوو دەشتی کۆیەت بۆ خۆت دەدزی؟ دەهەستە خۆت بگەیەنە ئەوەی هەست‌و دڵی لێ دزیت...

مریەم بە چاوی پڕ لە ئەسرین‌و بە ڕقەوە سەرنجم دەداتێ‌و هاوارم بۆ دەکا:

- جەنگی گیان وەرە... زووکە جەنگی... توخوا جێم مەهێڵە!

حەمادیش دەست دەخاتە ژێر باڵمەوە، تا هەستمەوە سەرپێ، کەچی نووکە پێڵاوی جاشێك هێندەی نەمابوو مێشکم بپژێنێ... هەرچی هێزو توانام هەبوو کۆمکردنەوە، تا خۆم بگەیەنمە مریەم‌و وەڵامی هاوارەکەی بدەمەوە!

هەستامەوە، حەمادی هاتە ژێر باڵمەوە... وەك ئەوەی لە ناکاو هێزێك خزابێتە سەرتاپای جەستەی شەکەت‌و زامدارمەوە، کە هێندەی خوێن تێدا نەمابوو... وێڕای پێلەقەو قۆنداخە تفەنگی جاشەکانیش، هەستامەوە سەرپێ‌و بە هەموو توانامەوە هاوارم کرد:

مریەم... مریەم!

خۆم کوتایە ناو ئاشەکەوە بۆ لای مریەم، وەلێ دەرگای ئاشەکە بەسەرمدا رووخاو تەپۆلکە خۆڵێك هەردووکمان، من‌و حەمادی داپۆشی، کەچی قیژەو هاواری مریەم لە گوێچکەمدا دەزرینگایەوە:

- جەنگـــی گیـــان.. جێم مەهێڵە.

---

* لە دەقە عەرەبییەکەدا ناوی (جەنگی) بە (شەپۆل) هاتووە.

* *

# حەمە ڕەشاش*

تەقە وەستا، بۆنی باروود چیایەکەی تەنیبۆوە... قاچەکانم لە بەفرەکەدا رۆچووبوونو تەزی بوون. لەگەڵ دکتۆر هۆشەنگ پێکەوە لەژێر لقوپۆپو گەڵای دارێکی نزیك کەپرەکانمان خۆمان ماتدابووو گەمارۆ درابووین... وەك ئەوەی ئەو درەختەی کە خۆمان لە ژێریدا حەشاردابوو (کڵاوی جنۆکە) بێ، ئەو کڵاوەی کە مەلای گوندەکەمان هەمیشە بۆی باس دەکردین، گوایە ئەگەر کەسێك ئەو کڵاوە لەسەر بنێ، ئیدی ئەو لە چاوی خەڵك ون دەبێو نابینرێ، کەچی ئەو هەموو شتێکی دەوروبەری خۆی دەبینێ. سەیرە ئەوەتا جاشەکان وا لە تەنیشتمانەوە وەستاونو بە دەورمانەوە دێنو دەچن، کەچی دەڵێی ئەو دارەیان هەر نەدیوە کە بەو لقو گەڵا کەمەیەوە ئێمەی لە ئامێز گرتبوو.

(دوخە)ی هاوڕێم لە تەنیشتمەوەیەو جوولەی لە خۆی بڕیوە، لەو ساتەوەی کە خۆمان کوتاوەتە ژێر دارەکەوە، تا ئێستا بێ هەستوخوستەو تەنها هەناسەی دێ. کەچی خۆم وام هەست دەکرد نێرەکەرێکمو لەناو کۆمەڵە ماکەرێکدا توند بەستراومەتەوە. دەبێ کەی ئەم ساتە دژوارو ترسناکانە کۆتاییان بێ؟

من هەمیشە لە ژیاندا بەدبەختو چارەڕەش بوومو بەدەگمەن نەبێ، خۆشی پەی بە رۆژانی ژیانم نەبردووە. هەمیشە کۆسپو نەگبەتی پێشوازییان لێکردووم. هەر لە سەرەتای گەنجیمەوە زۆربەی لاوانی گوندەکەم (چیاچەرمگ) ڕوویان لە چیایەکان کردو بوونە پێشمەرگە، تەنها منو چەند گەنجێکیتر نەبێ، کە کیژوکاڵانی گوندەکەمان گاڵتەیان پێ دەکردینو بە چاوێکی سووکەوە تەماشایان دەکردین.. بۆیە زیاتر خۆم پێنەگیراو ڕۆژێکیان ڕوومکردە یەکێك لە بارەگاکانی پێشمەرگە، داوام لێکردن وەرمبگرن، داواکەیان ڕەتکردمەوە، بە پاساوی ئەوەی دەبێ تەزکییەی کادیری ناوچەی شێخ بزێنییان بۆ بەرم، بە دڵشکاوی گەڕامەوەو گوند بە گوند کەوتمە پایدۆزی کادیری ناوچەکە کە (مەلا موحسین) بوو، ئەو کادیرە ورگ زلەی کە خواردنی رۆژانەی گۆشتی مریشكو قەلو خۆراکی خۆش بوو، لە گوندی قەرەسالم دۆزیمەوە. داوام لێکرد بە تەزکیەیەك نەجاتمدا، بەڵکو شەرەفی نازناوی پێشمەرگایەتی وەردەگرم. داوای لێکردم بمێنمەوەو لەگەڵیدا بڕۆم بۆ بارەگاکانی پێشمەرگەو لەوێ پێیانم بناسێنێو ببمە پێشمەرگە. لە گەشتێکی دوورو درێژدا وەکو سێبەر بەدوایەوە بووم. مەلا هیچ گوندێکی نەدەبوارد، هەر شەوەو لە گوندێکدا دەمایەوە، وام لێهاتبوو هەموو قسەو رەفتارو جولانەوەیەکیم لەبەر کردبوو، چونکە لە هەموو گوندەکاندا هەر هەمان شتی دووبارە دەکردەوە...

کاتێك گەیشتینە گوندی گۆپتەپەی سەر زێی بچووك، لە گوندەکەدا هەراوهوریاو مقۆمقۆیەکی سەیرو نائاساییمان بینی. هێندەی نەبرد سەروسیماو رەفتاری (مەلا)ش گۆڕا. بانگی کردمو پێی وتم ئاشبەتاڵەو نە پێشمەرگە ماوەو نە شۆڕش، سەرپشکی کردم لە ئاودیوبوونم بۆ ئێران، یان گەڕانەوەو خۆبەدەستەوەدانو سوود وەرگرتن لە بڕیاری لێبووردنی ڕژێم. دنیام لێ وێکهاتەوەو سەرم سووڕمابوو، نەمدەزانی چ هەڵوێستێك وەربگرم، بیرم کردەوە، وا چووم بۆ ئێرانیش لەوێ چی بکەم؟..

خواحافیزیم لە مەلا کردو وەك پێشمەرگەیەك لە بنکەی پۆلیسی پردێ خۆم دایەدەستەوە، بێ ئەوەی بۆ تەنها ساتێکیش لە بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگەدا مابێتمەوە،یان چەکی پێشمەرگایەتیم کردبێتە شان، تەنها خواردنی گۆشتی قەلو مریشكو گوێگرتن لە قسە دووبارەو چەند بارەکانی مەلا نەبێ..

ساڵان هاتنو ساڵان تێپەڕین، سۆزو خۆشەویستیم بۆ پێشمەرگایەتی دانەدەمرکایەوەو رۆژ لە دوای رۆژ هەر لە زیاد بووندا بوو، تا بوو بووە خولیاو ئەندێشەیەکی ئەوتۆ کە هەستو نەستی شێواندبووم. بۆ ئەوەی پیاوەتی خۆم بۆ هەمووان بسەلمێنم، هەر دەبێ چەکی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بکەمەشانو لەبەردەم ئاغادا خۆمی پێوە بادەم، لەگەڵ ئەوەی کە باوکیشم یەکێك بوو لە پیاوەکانیو هەردەم لەسەر ئەو قسانەی کە لای باوکمو لە ماڵەوە بە ئاغام دەگوت، باوکم سەرزەنشتی دەکردمو ئازاری دەدام، گوایە ئاغا لە گوندەکەدا خاوەن هەقە، نەك خەڵکی!

سەر لە نوێ پێشمەرگە پەیدابوونەوەو گەڕانەوە ناوچەکە، هەر زوو گەنجێکی زۆری گوندەکان پەیوەندییان پێوە کردنو چوونە ڕیزیانەوە، ئۆخەی خۆ وا ئەمجارە دەرفەتم بۆ ڕەخسایەوە کە خەونە لە مێژینەکەم بێنمەدیو ببمە پێشمەرگە.

لە پاشنیوەڕۆی ڕۆژێکی گەرمی چلەی هاویندا، سواری کەڵەك بوومو لە زێ پەڕیمەوەو ڕوومکردە گوندی قەشقە، ئەو گوندەی کە پێشمەرگەی لێنەدەبڕاو بە زۆری دەهاتنە ئەوێ. هەر کە گەیشتمە گوندەکە بەرەو مزگەوتەکەی چووم، گەنجێکی زۆر لە دەوری پێشمەرگەکان کۆ بووبوونەوە، لەوێ خۆم پێنەگیراو بە پێشمەرگەیەکیانم گوت:

- لای خۆتان وەرمدەگرن؟

بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە:

- بڕۆ لای کاك عوسمانی بەرپرسمان.

هەر چۆنێك بوو خۆم گەیاندە لای کاك عوسمان، بینیم یەکێکە لەوانەی کە پێشتر لە گوندەکانی دەوروبەرماندا دیبووم، ئەو کاتەی بە ماتۆڕێکەوە خەریکی ئاڵوێرو کڕینی زێڕو زیو بووم لە ئافرەتانی لادێکانو دواتر بە قازانجێکی زۆر لای زێڕینگرێکی شاردا دەمفرۆشتەوە.

کاك عوسمان لە ناکاو مۆڕەی لێکردمو بە تووڕەییەوە بەرەو دەرەوەی گوندەکەی بردم بۆ لای رووبارەکەو پێی گوتم:

باوکت یەکێکە لە پیاوانی ئاغا، ئاغاش پیاوی موخابەراتە، وای دادەنێم کە هاتووی سیخوڕیمان لە سەر بکەیت، بەڵام ئەمجارە دەتبەخشم، بە مەرجێ هەر ئێستا بپەڕیتەوە ئەوبەر زێ، خۆ ئەگەر جارێکیتر لێرەت ببینینەوە، ورگت پڕ لە فیشەك دەکەین.

وەڵامەکە هێندە کتوپڕو کاریگەر بوو، لاڵی کردمو نەمتوانی بەرگری لەخۆم بکەم، بۆیە بە نابەدڵیو تێکشکاوییەوە خۆم گەیاندە کەڵەکەکەو بە پەلە لە زێ پەڕیمەوە، بەڵام قاچەکانم ڕێیان نەدەگرتوئامادە نەبوون بەرەو ئاواییم بەرنەوە، بۆیە بە ناچاری ڕووم کردە گوندی (عەمدۆن)، چونکە ماڵی هەندێ کۆنە برادەرمی لێبوو.

چوومە ماڵی کاك مەولودی هاوڕێم، کە پێشتر بە ڕێکەوت یەکتریمان ناسیبووو پەیوەندییەکی گەرموگوڕیشمان هەبوو... ناسیاویمان بۆ سێ ساڵ پێشتر دەگەڕایەوە، ئەو کاتەی لەگەڵ باوكو برایەکمدا لە بەرامبەر پۆلیسخانەکەی پردێ چایخانەیەکمان دانابوو، دوای ئەوەی ئیشوکاری کشتوکاڵی دەسکەوتێکی ئەوتۆی پێنەدەبەخشین.. شوێنی چایخانەکە تووشی سەرئێشەیەکی زۆری دەکردین، چونکە تەگبیرو بۆچوونە دۆزەخییەکانی باوکم ناچاری کردین کە تەنها بە چایخانەکەوە نەوەستین، بەڵکو بە خورتی کورسیو مێزو تەدارەکی تکەلێدانیشی پێکرینو لە بۆشاییەکی بەرامبەر پۆلیسخانەکە پێیدانایین، گوایە خەڵکانێکی زۆر دێنە ئەوێو ڕوو لە چایخانەکەمان دەکەن، بەمەش قازانجێکی باشمان دەست دەکەوێت.

کەچی لەوێ بووینە خزمەتکاری مفەوەزێکی پۆلیس، چونکە بە هەوەسی خۆی بانگی دەکردین، ئاوی ساردو چای بۆ بەرین، ڕۆژانە زیاتر لە (١٠ ) چای هەڵدەقوڕاندو هەموو عەسرانێکیش نەفەرێك تکەی دەخواردو بتڵێك بیبسیشی بەسەردا دەکرد، ئینجا بەجێیدەهێشتینو دەگەڕایەوە کاولەکەی خۆی، بێئەوەی یەك فلسمان بداتێ... ئەو بەدبەختانەی کە ڕۆژانەش هاتووچۆی ئەو پۆلیسخانە نەفرەت لێکراوەیان دەکردو بەختی خۆیان تاقیدەکردەوەو نەفرەتیان لەو زوڵمو ستەمە دەکرد کە لە کۆڵیان نابێتەوە. کاتێك ئەوانەم دەبینیو گوێم لە خەمو سکاڵاکانیان دەبوو، لە ناخەوە بۆیان هەڵدەقرچامو جەرگو دڵیان لەت لەت دەکردم، بۆیە هەرچییەکیان دەخواردو دەخواردەوە هیچم لێوەرنەدەگرتن... چایخانەکە لەجیاتی ئەوەی قازانج بکات، کەچی زیانێکی زۆری لێداین و کورد وتەنی: (قازانج سەری مایەیشی خوارد).

ڕۆژێکیان کاك مەولود لە چایخانەکەمان دانیشتبوو، گوێی لە مشتومڕی نێوان منو باوکم بوو، سەبارەت بە ڕەفتارە دزێوەکانی ئەو مفەوەز پۆلیسە، چونکە من ئەو حاڵەم پێ قبووڵ نەدەکرا، باوکیشم بەقسەی خۆشو لەپێناو پەیداکردنی پاروە نانێك هێوری دەکردمەوەو دڵی دەدامەوە، بۆیە ئەو مشتومڕەی نێوان منو باوکم وای لە کاك مەولود کرد کە ئاخو هەناسەیەکی پڕ لە حەسرەتی وا هەڵکێشێ، بەجۆرێك کە بینیم خەریك بوو دڵم لەت لەت بێت. بە ئاخ هەڵکێشانەوەش وتی:

بۆ کوێ بچین، لە گوند ئاغا دەمانهاڕێو لێرەش حکومەتو پۆلیسەکانی دەمانچەوسێننەوە.

کە بەو جۆرە بینیم، هێزێك بۆ لای ئەو پەلکێشی کردم، تا ناڕەزایی خۆم لە دژی ئەو خۆشەویستییەی باوکم بۆ ئاغاو مفەوەز پۆلیسەکە لای ئەو دەرببڕم، بۆیە بە چرپەوە پێم گوت:

- دەم خۆش بۆ ئەو قسەیەی کردت، بۆ کوێ بچین؟ دەبا لەناو خەڵکێکدا بژین پۆلیسو ئاغای تیا نەبێت.

وەك ئەوانیتر پارەم لێوەرنەگرت. هەر زووش چووینە دڵی یەکەوە، چونکە ئەندێشەکانمان هاوبەش بوون... ئیدی بووینە هاوڕێی یەکتر، هەفتە نەبوو سەردانی یەکودوو نەکەین، لەبەرئەوەی خەڵکی ناوچەیەك بووین...

کە گەیشتمە ئەوێ کاك مەولود زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردمو گلەیی ئەوەی لێم هەبوو کە ماوەیەکە دوورمو سەردانیم نەکردووە، بەڵام ئەو لەو ماوەیەدا دوو جار بۆ ماڵەوە سەردانی کردبووم ، کەچی هەردوو جارەکەی لە ماڵێ نەبووم، جارێکیان خێزانەکەم پێی گوتبوو: فێر بووە دەچێتە ئەو دەم زێیەو هەتا ئاگای لە ئێمەش نەماوە.

دوای ئەوەی نانی ئێوارەمان لە ماڵی کاك مەولود خواردو هەرچی نانێك هەبوو بە تەڕساسە حەیاتەکەوە هەڵملووشی، کاك مەولود لە حاڵی پرسیمو پێی گوتم: با بزانم کێشەکەت چییەو چۆن بتوانم هاوکاریت بکەم، زۆر بە ڕاشکاوییەوە پێم گوت: لە کەسایەتی خۆمدا هەست بە کەمی دەکەم، هەتا چەکی پێشمەرگایەتی نەکەمە شان، خۆم بە پیاو نازانم.. سەرنجی گەنجەکان ئازارم دەدەن.. تێڕامانەکانیان وردوخاشم دەکەن، چونکە یەکێکم لەو ژمارە کەمەی لاوەکان کە ماوینەتەوەو تا ئێستا نەبووینەتە پێشمەرگە. باسی بەدبەختییەکەیشم لەگەڵ کاك عوسمان بۆی گێڕایەوە.

کاك مەولود دڵی دامەوەو دڵنیای کردم کە هەر ئەمشەو ئاواتەکەم دێتەدیو پاش کەمێکیتر مام بەکر تەلانیو مەفرەزەکەی دەگەنە ئێرەو داواکارییەکەم بە مام بەکر ڕادەگەیێنێ.

- من ئامادەم لەگەڵ هەر دەستەو تاقمێکدابێ ببمە پێشمەرگە، گرنگ ئەوە نییە لەگەڵ کێ دەبم، بەلای منەوە ئەوە گرنگە کە کوڕوکاڵانی گوندەکەم بزانن کە حەمە بۆتە پێشمەرگەو چەکی شۆڕشی لە شانە.

دوای ئەوەی تاریکی داهات، بەهەر حاڵێك بوو لەگەڵ کاك مەولوددا خۆمان لە وەڕەوەڕی سەگ پاس کردو خۆمان گەیاندە مزگەوتەکە کە لە ناوەڕاستی گوندەکەدا بوو. دەنگی سەگوەڕ ئاسمانی گوندەکەی پڕ کردبوو، چونکە ڕانەهاتبوون ئەم هەموو مێوانە نامۆیە ڕابگرن، هەر پێشمەرگە بوو بەو شەوە بە چەكو بەتانیو پریاسکەیەکی پڕ لە نانو چاو هەندێ تەماتەوە کە خۆراکی ڕۆژی دواتریان بوو لە ماڵەکان دەهاتنەدەرو دەبوایە بەرەبەیانیش گوند بەجێبهێڵنو لەناو دارودەوەنە چڕوپڕەکاندا دوور لە چاوی سیخوڕو پیاوانی ڕژێم خۆیان حەشار بدەن.

کە چووینە ناو مزگەوتەکەوە بینیم وا (مام بەکر) لە ناو کۆمەڵێك لە پیاوانی گوند دانیشتووەو لەگەڵیاندا باسی کشتوکاڵو دەغڵودانو ئاغایەتی دەکات. لە سەرەتای گەنجیمەوە ناوی مام بەکرو داستانەکەی گوندی نەبیاوەم بیستبوو. ئێستاش ئەوەتا وا بەرامبەری وەستاومو دەبمە یەکێك لە جەنگاوەرانی. شانازییە بۆ من کە ببمە جەنگاوەرێك لەژێر فەرمانی مام بەکردا، چونکە ئەو لە کاك عوسمانو مەلا موحسین چاکترە.

لەو ڕۆژەوە دەستەکەی مام بەکر چوونە دڵمەوە. کاتێکیش کە ویستم لەسەر ئاغاکان قسە بکەم، ترسێك سەرتاپای جەستەی داگرتبووم، ترسەکەش: لەوەی نەبادا قسەکانم بەدڵیان نەبێ، کەچی مام جوامێر — یاریدەدەری مام بەکر — پێش من کەوتە باسکردنی ئاغاکەی خۆیان کە شێخ (ڕەئوف) بوو، باسی جەوروستەمو تاوانی خۆیو پیاوەکانی کرد. ئیدی منیش زمانم نەوەستاو تا توانیم نەفرەتم لە ئاغاکان کردو لەوانەی کە دروستیشی کردوونو بەسەر ئێمەوە کردوونی بە کەڵەگا.

بوونی چوار پێشمەرگەی عارەب لەناو جەماعەتەکەی مام بەکردا سەرنجیان ڕاکێشامو زۆرم پێسەیر بوو، دەمویست لێیان نزیك بکەومەوەو قسەیان لەگەڵدا بکەم، کەچی زمانم دەبەسترا، من بە هەزارحاڵو دەردەسەری تا فێری قسەکردن بووم بە زمانی کوردی، ئێستا چۆن بتوانم لەگەڵ ئەوانە بە عەرەبی قسە بکەم، ئەوانیش هەستیان بەوەکرد، بۆیە بە زمانێك لەگەڵم دەدوان کە نەعەرەبی بوو، نەکوردیش، گرنگ ئەوەبوو لێك حاڵی دەبووین، چونکە ئەندێشەو هەستو سۆزمان هاوبەش بوون.

دوای بەشداری کردنم لە شەڕێکی گەورە دژی هێزەکانی ڕژێم لە (بەری مەرگە)، جەماعەتەکەی مام بەکر نازناوی (حەمە ڕەشاش)یان پێبەخشیم، چونکە لەشەڕەکەدا بە ڕەشاشێکی عەفارۆفەوە ڕۆڵێکی باشم بینی لە لێدانو شپرزەکردنی ڕژێم. ئیدی لەوکاتەوە وشەی ڕەشاش بە ناوەکەمەوە نووسا. هەندێ کەس وایان دەزانی ئەو نازناوە بە هۆی قەڵەویو کورتە باڵاییمەوە لێمنراوە، چونکە لە بەرمیلی گاز دەچووم. دوای شەڕەکە جەماعەتەکەی مام بەکر گەلێك بە شانوباڵمدا هەڵیاندەداو باسی ڕۆڵی منیان لەشەڕەکەی (بەری مەرگە)دا دەکرد، باسکردنێك کە پڕاوپڕی پێداهەڵدانو ستایشکردن بوو،

بۆیە لە شەرمان ئارەق لە ڕووم دەتکا... خۆزگە ئەو پێداهەڵگوتنە لەبەردەم کوڕوکاڵانی دێیەکەمانو ئاغادا بوایە، ئەو کاتە منیش بە قاتێکی نوێوە، وەك ئەو قاتەی کاتی خۆی کردمو ئاغا پێی ناخۆش بوو، ڕەشاشە عەفارۆفەکەمیش دەخستە سەرشانو بەناو ئاواییدا خۆم بادەدا، با ئاغاو داروودەستەکەی هەر ناڕازی بوونایە... ئەو بەدبەختییەی ساڵانێك بوو یەخەی گرتبوومو لە کۆڵم نەدەبۆوە، هێندەی نەخایاند مەفرەزەکەی مام بەکریشی گرتەوە، ئەو دەستە پێشمەرگەیەی کە بەتەواوی هۆگریان بوو بوومو لە ناخم جێی خۆیان کردبۆوەو بووبوومە بەشێك لەوان. ڕۆژێکیان سبەینێ زوو لە (بۆڵقامیش) کە تازە لەخەو هەڵدەستاین، خۆفرۆشێك هەواڵی گەیاندبووە ڕژێم لە ئاغجەلەر کە ئێمە لە دێیەکەداین. ئەوەتا پەیامهێنەرە مەرگچێنەکانی ڕژێم - فڕۆکە هەلیکۆپتەرەکان - پەیتاپەیتا وا سەربازو جاش لە بەرزاییەکانی دەورپشتی بۆڵقامیش دابەش دەکەن.. مام بەکریش لە ناوەڕاستی مزگەوتەکەوە هاوار دەکاتو داوامان لێدەکا گوندەکە بەجێبهێڵینو بەپەلە خۆمان بگەیەنینە بەرزاییەکانی دەوروبەری گوند، تا لەوێ دوور لە ئاوەدانیو گوندەکە شەرافەتمەندانە دژی دوژمن بجەنگین. ئای کە شەڕێکی نابەرابەر بوو، تیایدا مام بەکرو پۆلێك پێشمەرگەی جەسوور، گیانی خۆیان کردە قوربانی.. لە بەرزاییەکانی بۆڵقامیشەوە کۆپتەرەکە بە بریندارى هەڵیگرتم، تا فڕێم بداتە ناو یەکێك لە ژوورە ئینفرادییەکانی هەیئەی کەرکوکو دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆریش کە زمان توانای وەسف کردنی نییە، خۆم لە هۆبەی لە سێدارەدانی بەندینخانەی موسڵ بدۆزمەوە، پاشان بە لێبوردنێکی گشتی ساڵی ١٩٨٢ لەو ژوورە تۆقێنەرە ئازادکرامو گەڕامەوە ناو ماڵو لای هاوسەرو هەردوو کۆرپەکەم، بەڵام لێبوردنەکە (زیاد)ی هاوڕێمی نەگرتەوە، چونکە ئەو پێشمەرگەیەکی عەرەب بوو، بۆیە ملی بە پەتی سێدارەی بەندینخانەی موسڵەوە کرا.

دوای ئازاد بوونم لە بەندینخانە، بووبوومە کەسایەتییەکی گرنگی گوندەکەمانو خەڵکی دێ بە کاك محەمەد بانگیان دەکردم. هەتا ئاغاش کاتێك بۆ بەخێرهاتنەوەم لە ماڵەوە سەردانی کردم، هەر بە کاك محەمەد دەیدواندم، بەوەش دەیویست خۆی لێم نزیك بکاتەوەو سەرنجم بۆ خۆی ڕاکێشێ.

بوومە کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکە، هەر کەسێ کێشەیەکی لەگەڵ دەستەکەی (عەلی حاجی) جێگری شەهید بەکر تەلانیدا هەبوایە، پەنای بۆ دەهێنامو داوای یارمەتی لێدەکردم. لە ڕاستیدا ئەم گەمەیەم پێخۆش بوو، گەلێجار خۆم گران دەکردو بە کارەکە هەڵنەدەستامو خۆم لێدەکێشایەوە، تا خاوەن کێشەکە زیاترو زیاتر لێم بپاڕێتەوە، منیش بە کۆمەڵێ مەرجو مەرجکاری بە کارەکە هەڵدەستام، جارێکیان بۆ بەردانی گیراوێك کە لەلایەن دەستەکەوە دەسگیر کرابوو، لەگەڵ باوکی گیراوەکە ڕێککەوتم کە سێ هەزار دینار بداتە مەفرەزەکە، وا دەکەم کوڕەکەی بۆ بەردەن. بە پەلە کەوتمە تاقیبی (مام جوامێر)، بەڵام کاتێ لە حاوی شەوگێڕ دۆزیمەوەو هەواڵەکەم پێڕاگەیاند، زۆر لێم تووڕە بوو، پێی ڕاگەیاندم کە ئەگەر جارێکیتر خۆم لە کاری وا هەڵقورتێنم ئەنجامەکەی باش نابێ..

لە سپێدەی یەکێك لە ڕۆژە بەهارییە دڵڕفێنو ئەفسوناوییەکانی سەر زێی بچووك کاك مەولود هاتە لامو گەلێك دڵخۆشو بەختەوەر بوو، هەر خەریك بوو لەگەڵ شنەی بایەکە بفڕێو بە خۆشحاڵییەوە وتی:

هاوڕێکانت ئاغاکانی (عەمەدۆن) یان تەفروتوونا کرد.

لە خۆشیانا دەستم بە چەپڵەلێدان کردو وەکو منداڵ کەوتمە هەلەکەسەما.. هاوڕێکەم بەردەوام بووو وتی:

دوێنێ دەستەکەی عەلی حاجی هاتنە گوندو خەڵکی ئاواییان لە مزگەوت کۆکردەوە، پرسیاری زەویوزارو جوتیارە بێ زەوییەکانی گوندەکەیان لێکردین.. عەلی حاجی زۆر بەجۆشەوە قسەی بۆ کردینو وتی: ئاغاکان شێرپەنجەیەکی ترسناکن لە خاکەکەماندا، پێویستە لە ڕەگەوە هەڵبکێشرێن. دەستەکەی عەلی حاجی زەویوزارە پاوانو نەکێڵدراوەکانی بەسەر ئەو هەژارانەدا دابەش کرد کە خەڵکی گوندەکەنو بێ زەویبوون.

ئاغاکان نەیانتوانی بەرگەی ئەوە بگرنو بێدەنگ نەبوون، بەڵام سامی پێشمەرگەکانو دیمەنی ترسناکی عەفارۆفەکە هەترەشی بردبوون... ئەم بەیانییە کە لەخەو هەستاین بینیمان ماڵی ئاغاکان چۆلوهۆڵنو شەوەکەی بەرەو شار هەڵاتبوون. منیش لە خەیاڵی خۆمدا چاوەڕێی دەستەکەی عەلی حاجیم دەکرد، تابێن ئاغاکانی دەوروبەری ئێمەش گوندبەدەر بکەن...

باوکم باسی ڕۆژگارێکی بۆ گێڕامەوە، باشیش نایەتە یادم، وتی: ئەوکاتە لە بەغدا مەلیکیان کوشت ڕژێمی کۆماری ڕاگەیانرا، ئاغاکان هەترەشیان چوو، دوای ئەوە جووتیاران دژیان ڕاپەڕینو گوندەکانیان جێهێشتو لە شارەکان خۆیان شاردەوە. بەڵام باوکم

وتـی: لەبەرئـەوەی ئـەوان خـاوەن هـەق بـوون، چـەند سـاڵێك تێنەپـەڕی، حكومـەت پشـتی گرتنـەوەو راسـتیكرنەوەو گەڕانـەوە گوندەكانیان‌و لە جاران توندوتیژتر فەرمانڕەوایـەتی گونـدەكانیان گرتەوەدەست. كەچـی ئەوانـە ئێستا لـە هـەردوولان، لەلایـەك سـەربە حكومـەتن‌و لەلایـەكی دیكەشـەوە سـەر بـە شۆڕشـن، كوڕەكانیـان بەرپرسـی گـەورە گـەورەن، هەنـدێكیان لای حكومـەت‌و هەندێكیشیان لای شۆڕش!.

چاوەڕوانیم بـۆ هـاتنی دەسـتەكەی عـەلی حـاجی درێـژەی كێشـا، سـەرلەنوێ لاپەڕەیـەكی رەش لـە مێـژووی ناوچـەكە دەسـتی پێكردبـۆوەو شـەڕی براكـوژی هەڵگیرسـابۆوە، ئـەویش ناوچـەكەی جێهێشـتبووو پـەڕیبۆوە ئەوبـەری زێ، تـاخۆی بگەیەنێتـە مەفرەزەكانیتر. ئەوەتا پێشمەرگەكان پێشمەرگەی دیكە دەكوژن. ئـای چ جـەنگ‌و نەهامەتییەكە لـەداخان خـوێن لەچاوو دڵمان دەچۆڕێ، چ شەڕێكی نەگریسە ئەم شـەڕی براكوژییـە، خـەون‌و ئـاواتی جووتیـارە هـەژارەكانی هەڵبزڕكانـدو دڵی ئاغاكـانی پـڕ لـە خۆشی كردەوە، تا حاڵ گەیشتە ئـەوەی یـەكێك لـە ئاغاكـانی ناوچـەكە بـە پێكـەنینێكی گاڵتەجارییانـەوە بـە بەرچـاوی خـەڵكێكی زۆرەوە بڵێ: ئەو (سەگمەرگانە) چی دەكەن؟! دیـارە مەبەسـتی پێشـمەرگەیە، بـەلاَم بـۆ سـووكایەتی وا دەڵـێ.. ئاغاكـان بـە رۆژی نیوەڕۆ لە عەمدۆن كاك مەولودو سێ جووتیـاری دیكـەی گوندەكـەیان خـەڵتانی خـوێن كـردو بـەناو ئاواییـدا سـووڕانەوەو تـرس‌و دڵەڕاوكێیان بەسەر خەڵكیدا باراندو هەڕەشەی كوشتنیان لەو جووتیارانە كرد كە پاوەنـەكانیان بـۆ خۆیـان بـەكار دەهێنـا. پاشـان گەڕانەوە ڕێدارو لەوێ مەفرەزەیەكی جاشیان بۆ ڕاوەدوونانی جووتیارەكان پێكهێنا.

ئەوەش كادیرێكە لە كادیرەكانی شۆڕش، لە مزگەوتەكەی (كانیبی) كە دەڕوانێتە سەر زێی بچووك جووتیارانی كۆكردۆتـەوە، تاپێیان بڵێ كە بڕیاری دابەشكردنی زەویوزاری گوندەكەیان بەتاڵەو هەڵوەشاوەیەو پێویستە مافی ڕەوای ئاغاكان بدرێتەوە پێیان. مەفرەزەیەكی پێشمەرگە هاتنە دوام، ڕقوقین و شەڕانگێزی لەچاوی چەكدارەكان دەباری، بەرپرسەكەیان كە(س) بـوو، بـە ڕقـەوە وەك ئەوەی بیەوێ بەقەڵەمبازێك پەلامارم بداتو ملم هەڵكێشێ، بە سەرمدا نەڕاندی:

- تۆ لە جەماعەتەكەی عەلی حاجیت؟!

بە هەمان ڕق‌و تووڕەییەوە وەلاَمیم دایەوە:

- بەڵـێ من سەربە جەماعەتەكەی عەلی حاجیم!

هێشتا وەلاَمەكەم تـەواو نـەكردبوو، خـۆم لـە نێـوان شـەق‌و قۆنداغـە تفـەنگی چـەكدارەكانی (س)ن‌و پاڕانـەوەی بـاوكم‌و خەڵكی ئاواییدا لەسەر زەوی بە درێژكراوی دۆزییەوە.

باوكم‌و خەڵكی ئاوایی بە پاڕانەوە پێیان راگەیاندن كە لـەو كاتـەوەی كۆپتـەرەكانی ڕژێـم لـە بەرزاییـەكانی بۆڵقامیشـەوە هـەڵیان گـرتم، هـیچ پەیوەندییـەكم بـە جەماعەتەكـەی عـەلی حاجییـەوە نـەماوەو ئێسـتا كابرایـەكی هـەژاری خـاوەن مـاڵ‌و منـداڵم. بـەلاَم (س) ئامـادە نـەبوو ئـازادم بكـا، هـەتا بـاوكم‌و چـەند جووتیـارێكی ئـاوایی نەبنـە كـەفیلم. جـا بـۆ ئـەوەی كەفالەتەكە بـەهێزتر بـێ، بـاوكم ویسـتی بچێتە لای ئاغـا، تـا ئـەویش ببێتـە كـەفیلم... بۆیـە لـە نێـوان شـەق‌و تێهەڵـدانی چەكدارەكانی (س)ەوە بە ڕقەوە سەرم هەڵبڕی‌و ئەو سوكایەتییەم ڕەتكردەوە كە ئاغا ببێتە كەفیلم.

بەڕاستی ڕۆژگارێكی ڕەشە، مەزەندەكانی باوكم ڕاست دەرچوون، كە ئاغاكان پشتیان بەهێزەو بـە عـەرد ناكـەوێ، چونكە ئەوان كە باریان كەوتە لێژی بە چۆكدا دێـن‌و لـە هەمبـەر كارەسـات‌و ڕووداوی بـەهێز دەچـەمێنەوە، كەچـی لـە پاشـاندا لـە جاران دڕندانەترو بەهێزتر قیت دەبنەوە .

ئـەوەتانێ لـە ناوچـەكەدا بوونەتـە حـاكمی موتڵـەق... لـە شارەكانیشـدا مـەفرەزەی جاشـەكانیان ڕێگامـان لێـدەگرن، لـە گوندەكانیشدا كوڕەكانیان لە نێوان هێزەكانی پێشمەرگەدا دابەش بوون، هەنـدێكیان وەكـو لێپرسـراو یـا كـادیری جووتیـاری، هەلومەرجی براكوژییان قۆستۆتەوە، كەواتە چۆن دەرباز بـین؟ جووتیـارانی عەمـدۆن‌و ئـەو گوندانـەی دەڕواننـە سـەر زێـی بچووك هەر لە بەنداوی دوكانەوە تا دەگاتە شارۆچكەی پردێ، ڕۆژگاریان پڕ ئەندێشەو دەردو كەسەرو شەوگاریشیان پڕ لـە ژان‌و ئازار بووە. ئا ئەوەتا ئاغاكانی مەرزیخە جووتیارێك دەكوژن.

پێشبڕكێی یەكترکوشـتن وا گەیشـتە دەرمانـاوی خـوارووو، لـەوێش بەربوونەتـە وێـزەی یـەكتری‌و چـەندین كەسـیان لـێكتر كوشتووە، هەر دەڵێی پەتای شەڕی براكوژی ئەوانیشی گرتۆتەوە.

جۆرە مێوانێکی تازە ڕووی لە ناوچەکەمان کردو بە بەردەوامیش لە زیادبووندا بوون، ئەو میوانە تازانەش سەربازە ڕاکردووەکانی بەرەکانی جەنگ بوون، کە بە ناچاری پەنایان بۆ ئامێزی گوندە خەماوییەکانمان دەهێنا، تا لە مەرگی مسۆگەری بەرەکانی جەنگە دۆڕاوەکەی سەدام ڕزگاریان بێت. ئەوەتا کوڕانی شار، ئەوانەی بە چاوێکی سووکەوە تەماشایان دەکردین‌و بە خەڵکی غەشیمیان دادەنایین، ئێستا لە ترسی شەڕ پەنایان بۆ ئێرە هێناوە، هەندێك لەوانەش تورکمان بوون. من دەمم بەوە ڕاهاتبوو ئەگەر جووتیارێکی گوندەکەمان نەیزانیبوایە کارێك ئەنجام بدات، یەکسەر پێم دەگوت: تورکمانی غەشیم!، چونکە تورکمانەکانی کەرکووك لە کاری کشتوکاڵی‌و ژیانی لادێییدا کۆڵەوارن و هیچ نازانن. بەڵام لە بەتاڵانبردنی بەروبوومەکانمان زۆر زیرەك بوون، کاتێ لە وەرزی بەرهەمهێناندا بۆ کڕینی دەهاتن. دەبوایە ئیتر زاری خۆم بگرم‌و لەبەر خاتری ئەو میوانانە واز لەو دەستەواژەیە بهێنم.

لە درەنگە شەوێکی تەڕوتووشی‌و باراناویدا، کاتێك لە ماڵی خۆمان لەگەڵ برا گەورەکەمدا، ئەو برا گەورەیەی کە لە ئەنجامی بڕینەوەی قاچێکی لە شەڕدا کەمئەندام بووبوو، لەو کاتەدا کە سەرقاڵی یاری دۆمینە بووین، گوێم لە دەنگی لێدانی شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەم بوو... دەبێ ئەو میوانە ناوەخت‌و ترساوە کێ بێ وا بەم درەنگە لە دەرگا نادا؟... بە هاوسەرەکەم وت: بە وریاییەوە دەرگاکە بکەرەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا غەدرێکمان لێ بکەن. هەر کە دەرگا کرایەوە، مام جوامێر بە شەش پێشمەرگەوە خۆی کرد بەژوورا، هەر هەموویان شەکەتی‌و ماندوێتییەکی زۆریان پێوە دیاربوو.

کە بەوجۆرە بینییانم شاگەشکە بووم‌و چاوەکانم پڕ لە فرمێسك بوون، بە شڵەژاوییەوە هەستامە سەرپێ‌و یەك بە یەکیانم ماچ کرد. ئای بەو شەکەتییەی کە ڕوخساریانی تەنیبۆوەو بەو چڵکنییەی کە جلوبەرگەکانیانی داپۆشیبووو بەو ڕیشە درێژەیان کە ماوەیەك بوو گوێزانیان نەدیبوو، لە ناخەوە ئازاریاندام. وەلێ ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام بریسکەی چەکەکانیان بوو، هێندەیان چەور کردبوو لەبەر تیشکی فانۆسەکە دەدرەوشانەوە. داوام لە خێزانەکەم کرد بە پەلە گەرماوەکەیان بۆ ئامادە بکات‌و جلوبەرگی خاوێنیان بۆ بێنێ، کەچی مام جوامێر داوای لێبوردنی لێکردم بەوەی کە خۆمان ماندوو نەکەین، تەنها ژەمەنانێکی گەرمیان بدەینێ‌و پاشان لە گەڵیاندا بڕۆم‌و لە ڕووبارەکەیان بپەڕێنمەوە.

سەر لە نوێ حەمەڕەشاشی پێشمەرگە لە ناخمدا ژیایەوە، چونکە لەو کاتەوەی کە خەڵکی ئاوایی لەژێر پێلەقەی چەکدارەکانی (س)ندا دەریانهێنابووم، لەو کاتەوە لە ناخمدا کپ بوو بوو. پرسیارەکانم دەربارەی ئەو ئازیزانەی کە لە شەڕی بۆڵقامیشەوە لێیان دابڕابووم وەکو ڕەهێڵەی باران دادەبارانده سەر مام جوامێر، ئای کە وەڵامەکان لە ناخەوە برینداریان دەکردم‌و خەمەکانیان زیاد دەکردم، کە بیستم هەندێك لەو خۆشەویستانەم شەهید کراون، بەڵام بە دەستی پێشمەرگە، نەك ڕژێم.. کەواتە براکوژی کۆتایی نەهاتووە. مام جوامێر باسی شەڕەکانی ( پۆڕیجەو هەنارەو سەفین)ی بۆ کردم. هەنسکی گریان‌و دابارینی فرمێسك بواری گوێگرتنیان نەدام، بەخەمەوە پرسیم: بۆچی پێشمەرگە هاوڕێی پێشمەرگەی دەکوژێ؟!

دوای ئەوەی تۆزێ حەسانەوەو ژەمەنانێکی گەرمیان خوارد، بە پەلەو وریاییەکی زۆرەوە لەگەڵ مام جوامێرو هاوڕێکانیدا دەرچووم، بۆ ئەوەی کەس پێیان نەزانێ، سەگم لێ پاسکردن، خوا هەڵناگرێ سەگەکانیش لە حزووری مێوانەکاندا ملکەچ‌و گوێڕایەڵ بوون.

لەو شەوە ئەنگوستەچاوەدا لەگەڵ مەفرەزەکە بەرەو سەر زێ بەڕێکەوتم، ئای چ حەماسەتێك لەناخەوە دەیهەژاندم، تۆ بڵێی ڕێگەم بدەن دەگەڵیان بکەوم؟ لە ناو داربییەکانەوە کەڵەکەکەم ڕاکێشا، ئەو داربییانەی کە بەڕێزەوە لە حزووری زێیەکەدا چەمابوونەوەو کڕنۆشیان بۆ دەبرد، دوای ئەوەی کەڵەکەکەم ڕاکێشایە ناو ئاوەکە، بانگیانم کرد تا هەموویان لەو بێدەنگییەدا بە جارێك بپەڕێنمە ئەوبەرەوە، کە سواربوون پاڵێکم بە کەڵەکەکەوە ناو لە کەنارەکەم دوورخستەوە، ئینجا خۆم فڕێدایە سەری، تا بە پەلە دەست بە سەوڵ لێدان بکەم‌و لە تەوژمی ئاوی خێرای ڕووبارەکە بیپارێزم.

کاتێك لەوبەرەوە لە کەڵەکەکە دابەزین، بەرلەوەی لە تاریکی شەودا ون بن، هاتن‌و یەك بەیەك خودا حافیزییان لێکردم، کاتێ داوام لێکردن لەگەڵ خۆیانم بەرن، مام جوامێر لە ئامێزی گرتم‌و وتی: هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە لە گەڵمان بێی، ئاگات لە منداڵەکانت بێ‌و بایەخ بە کاری کشتوکاڵیت بدە، تا براکوژی تەواو دەبێ، ئەو کاتە خۆمان بە دواتدا دەنێرین،

ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە کە سەرکردەکان خەریکن لەگەڵ یەکتر ڕێکبکەونو ئەم شەڕە نەگریسە کۆتایی پێبێو پێشمەرگە ببێتەوە برای پێشمەرگە.

هێشتا مانگێك بەسەر بەرپێکردنی مام جوامێرو هاوڕێکانیدا تێنەپەڕی بووو هەر لە چاوەڕوانی هاتنیانو هاتنەدی خەونی بە کۆتاهاتنی شەڕی براکوژیدا بووم، لە پڕ هەواڵی شەهیدکردنی (عەلی حاجی)، پرزەی لەبەر بڕیم، ئەو هەواڵەی کە بۆ ئاغاکان خەندەو خۆشیو بۆ جووتیارانو گوندنشینانیش پشتشکانو بێکەس بوونو بۆ منی دڵ پڕ لە هیواش لەبارچوونی خەونە ئەرخەوانییەکانم بوو.. ئاغاکانی ناوچەکەش بە جۆرەها شێوە خۆشحاڵی خۆیان بەو ڕووداوە دەربڕیو بەو هەڵوێستە دوژمنکارانەیەشیان زووخاویان بە ناخی جووتیاراندا کردو زیاتر ڕق ئەستووریان کردن. هەندێك لە ئاغاکان بە سەربڕینی گۆلكو مەڕوماڵات خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕیو لەسەر خوانی نانخواردنو داوەتەکانیاندا بەبەرچاوی جووتیارانەوە شوکرانەی خوایان دەکردو بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە رایاندەگەیاند:

- خوا تۆڵەی کردینەوە... پێشمەرگە (عەلی حاجی)یان کوشتووە، ئەو عەلی حاجییەی کە سووکایەتی پێوە دەکردینو ڕقی لە دڵی جووتیاراندا دژمان دەچاند، وا خوا لەو بەڵایەی ڕزگار کردین، ئای چ هەواڵێکی گورچکبڕ بوو، بەو هەواڵە لە ناخەوە زووخاوم دەچەشت.. ئەو خەونەشم هەرەسی هێنا کە مام جوامێر پێی بەخشیبووم. کەواتە هێشتا پێشمەرگە یەکتر دەکوژن.. عەلی حاجیش ئەو کەڵەمێردە باڵابڵندو چاونەترسو قسە خۆشەی کە لە ناخی جووتیاران ڕۆچوو بوو و هاوخەم و هاوڕێیەکی وەفاداری ڕێگای خەونە ئەرخەوانیەکانیان بوو، هەمیشە بەور ئاسا بەگژ دوژمنەکانیاندا دەچۆوە، بە شەهید بوونی ئەو سوارچاكو کەڵەمێردە، جووتیارانیش ڕۆڵەیەکی بە ئەمەكو پێشمەرگەیەکی جەسووریان لەدەستداو کۆستیان کەوت.

ڕۆژگار بەخێرایی تێپەڕی، وا پێدەچوو ئەو خەونەی کە مام جوامێر بووە هۆی بینینی، وا خەریکە دێتەدی، چونکە لەم ڕۆژانە دۆستێکی خەڵکی (سێگردکان)م لەوبەری زێیەکەوە بینی، باسی شەڕێکی هاوبەشی نێوان پێشمەرگەکانی یەکێتیو شیوعی بۆ گێڕامەوە کە لە گوندی (نێرەگین) دژی ڕژێم ئەنجامیان دابوو، هەمان ئەو گوندەی کە هەر دوێنێ بوو چەندین شەڕی براکوژی تێدا کرابوو... ئەوەش كاك رەفیقی خەڵکی کلێسەیە، باسی ئەو شەڕە قارەمانانەیەی بەرزاییەکانی کەلکەسماقم بۆ دەکات کە پێشمەرگەی حزبەکان پێکەوە دژی هێزەکانی سوپاو جاش ئەنجامیان دابوو، هەروەها مەفرەزەکەی مام جوامێریش بارەگایەکی چکۆلانەیان لە گوندی شەیتان داناوە، تا بەشداری لە پاراستنی ناوچەکەدا بکەن... خۆشبەختانە وا براکوژی کۆتایی هاتو هێزەکانی پێشمەرگە خەریکن یەك دەگرن.

ئەو ڕۆژە هات، تا حەمە بگەڕێتەوە لای ڕەشاشەکەی، ئەمجارەیان لە جیاتی عەفارۆف، بیکەیسییەکی قەترانی وەك ڕەشمارم نایە سەرشان کە دەروونو ناخی پڕ لە خۆشەویستیو بەختەوەری کردم، هەرچەندە سیماو ڕوخسارو دەموچاوەکان گۆڕابوون، بەڵام دڵەکان هەر هەمان دڵی جاران بوون. لە دەستەکەی مام بەکر تەنها مام جوامێرو حاکم وریا مابوون، سەرم سوڕمابوو نازانم ئەوحاکم وریایە چۆن تائێستا ماوەو گوللەیەك جەستەی نەڕووشاندووە؟ یا چۆن نەکوژراوە! تاکە حاکمێکە لە دونیادا کە نەخوێندەوار بێ، سەیر لەوەیە زوو دەکەوێتە بەردڵانو زووش لێی دەردەچێو دیسانەوە دەکەوێتەوە بەردڵان، بەو چەشنە، بەڕەفتارە سەیرو سەمەرەکانی کە هەندێ جار مایەی بێزارییەو هەندێ جاریتریش مایەی خۆشەویستییە...!. وەزعمان ئێستا مایەی بەخۆنازین و لەخۆبایی بوون بووا... ژمارەمان خەریکە خۆی لە پەنجا پێشمەرگە دەدات... وازمان لە پیادەڕۆیی هێناوە، بەو ئۆتۆمبیلانە ئەم جێو ئەو جێ دەکەین کە لە شەڕەکاندا لە سوپاو جاش دەستمان دەکەوتن... ئەوەش ئەو ماتۆڕەیە کە بۆ ئیشوکارو چالاکی خێراو بەپەلە بەکاری دێنین، یەکەم کەسیش کە سواری بوو حاکم وریا بوو کە لەنێوان شیناییو ڕێگای نێوان هەردوو گوندی مەرزیخەو شەوگێڕ کە دووگوندی سەر زێی بچووکن هاتوچۆی پێدەکات.

ڕۆژێکیان حاکم بە سواری ماتۆڕ لە ترومپایەکی ئاو نزیك دەکەوێتەوە کە کۆمەڵێك کیژوکاڵی مەرزیخە کە بە جوانیو شۆخو شەنگیو نیگای دلبەرانە ناسراون، لەسەر ئاوەکەی کۆبووبوونەوە، حاکم دەستێکی بەرز دەکاتەوەو پڕ بە گەرووی هاوار دەکات سڵاوتان لێ... بەرلەوەی سڵاوەکەی تەواو بکات، بە خۆیو ماتۆڕەکەیەوە زرمەیان دێو دەکەونە سەر زەویو لە تۆزو خۆڵا بزر دەبن، ئیدی قاقای پێکەنینی کیژۆڵەکانی سەر ئاوەکەو هاتوهەراو فیتوکێشانی پێشمەرگەکانی ناو

ئیڤاکەی دواوەی یەکجار تووڕەو نیگەرانی دەکەن، بۆیە ئەو حاکمە شەڕانییەی کە پێشمەرگەیەك نەماوە لە گەڵیدا تێکی نەدابێ‌و دۆو دۆشاوی لەگەڵدا تێکەڵ نەکردبێ‌و هەر زووش ئاشتی نەکردبێتەوە... لەو رۆژەوە بڕای بڕ توخنی ماتۆڕەکە نەکەوتەوە. دوای ئەو (عەدنان — عەدە) شەڕانی ماتۆڕەکەی لێدەخوڕی.

هەواڵ‌و دەنگ‌و باسی مەفرەزەکەمان بە گوندەکانی خاسەو بانی شوان‌و قەڵاتوکان‌و شێخ بزێنی‌و بانی ساڵەییدا بڵاو بۆوەو خەڵکەکە پەیتا پەیتا ڕۆڵەکانی خۆیان دەناردە ڕیزمانەوەو جووتیاران داوای چەکیان لێدەکردین، تا بەرەنگاری هێرشی ئەو جاشانە ببنەوە کە هەندێ لە ئاغاکانی ناوچەکە دەیاننارد‌نە سەریان.

جارێکیتر تواناو دەسەڵاتی پێشمەرگە باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشایەوە، ئەمەش زۆربەی ئاغاکانی دڵتەنگ‌و نیگەران کردو بە ناچاری گوندەکانیان جێهێشت‌و ڕوویان لەشار دەکرد، لەوێ دۆست‌و خزمانی خۆیان لەدەوری خۆیان کۆدەکردەوەو فەوجی سووکی جاش‌و مەفرەزە خاسەیان پێکدەهێناو بە کوڕی ئەو جووتیارانە پڕیان دەکردنەوە کە هێشتا دیلی بەردەستی ئاغا بوون، یا ئەوانەی بە دەردی (دوژمنداری)یەوە گیرۆدەو موبتەلا بووبوون...

زۆر دڵخۆش بووم کاتێ هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە برای یەکێك لەو ئاغایانەی لە شاردا فەوجی جاشایەتییان کردبۆوە، لە دەشتی هەولێر سووپەرەکەی کەوتۆتە دەست پێشمەرگە، ئەو سۆپەرەی کە بە ئارەقی نێوچەوانی جووتیاران کڕدرابوو. بەڵام کەی خۆشییەکانی ئێمە تاسەر دەبن! ئەوەتا (بارقی حاجی حنتە) سەرکردایەتی هێزێکی گەورەی سوپاو جاش دەکات‌و دەیەوێ گوندو ڕەزو باخ‌و ئاوەدانی لە ناوچەکەدا نەهێڵێ، وا پەلاماری دەست پێکردووەو ناوی هێرشەکانیشی ناوە (ئەلئەنفال)، موژدەی ئەوەی بە جاش‌و پیاوە بودەڵەکانی داوە کە هەرچی دەسکەوت‌و ماڵی جووتیاران‌و گوندنشینانە بۆ خۆیان بێ، بەمەرجێ دیلەکان بە گەورەو بچووکەوە بدرێنە دەستی ئەو!... ترس‌و دڵەڕاوکێ‌و مقۆمقۆیەکی زۆر ناوچەکەی داگرت، بە تایبەتیش کاتێ هەواڵی شەهیدبوونی (٥) هەزار کەس لە چاوتروووکانێکدا بە کیمیاوی لە هەڵەبجە بەناو خەڵکیدا بڵاوبۆوە. پیرەژنێکی بەساڵاچوو بەسەر سوورمانەوە پرسی: چۆن کیمیاوی بەوجۆرە خەڵك دەکوژێ، لە کاتێکدا کە لە زیادکردنی بەرهەمدا یارمەتیمان دەدات‌و لە کاری کشتوکاڵیدا سوودی لێوەردەگرین؟، جیاوازی نێوان ئەو کیمیایەی کەوەکو پەین بەکاری دێنین‌و ئەو کیمیاوییەی (بارق)م بۆی باسکرد کە ژەهرێکی ترسناك‌و کوشندەیە، پێم گوت: راستە هەردووکیان لەیەك بنەچەن، بەڵام ئەوانیش وەکو (قابیل‌و هابیل)ن، یەکیان خێرخوازو ئەویتریشیان شەڕخوازە...

ئەوەتا هێزەکانی بارق لە شیوەسوورو قەڵا سەربازییەکەی پردێ مۆڵیان خواردووە، بۆ ئەوەی پەلاماری ناوچەی شێخ بزێنی بدەن، ترس‌و دڵەڕاوکێ ئەمبەرو ئەوبەری زێی بچووکی تەنیوەتەوە، پیاوان پەشۆکاون‌و ترس‌و گریانیش باڵی بەسەر ژن‌و منداڵاندا کێشاوە، ئەم هەموو ترسەش لە ئەنجامی ئەو قسەوباسە سەیرو سەمەرانەیە کە دەربارەی چەکی کیمیاوی دەیبیستن، کە برتییە لە دووکەڵێکی خۆڵەمێشی‌و بۆنەکەیشی بۆنی سێوی لێدێ، بۆیە لەبەر خۆشی بۆنەکەی مرۆڤ تا دوا هەناسە بە پەرۆشەوە بۆنەکەی هەڵدەمژێ.

ترسی کیمیاوی دەیان خێزانی ناچار کرد خۆیان بگەیەننە کەناری زێی بچووك، تا لە تاریکایی شەودا بپەڕنەوە ئەوبەر زێ، چونکە سبەینێ هێزەکانی بارق پەلاماری ناوچەکە دەدەن، هەر ئەم بەیانییەش فڕۆکەکانی رژێم گازی کیمیاوییان داباراندۆتە سەر گۆپتەپەو زیاتر لە (٣٠٠) کەسی شەهید کردووەو بەسەدانیشی بریندارو نابینا کردووە.

کەڵەکەکان زۆر کەم بوون، بەشی پەڕینەوەی ئەو هەموو مرۆڤە سەرلێشێواوەی نەدەکرد، بۆیە خەڵکی پەنایان بردەبەر چوپی تراکتۆرو ئۆتۆمبیل، تا بەپەلە کەڵەکی لێدروست بکەن‌و ژن‌و منداڵەکانیانی پێبپەڕێننەوەو لە مەرگی مسۆگەری کیمیاوی ڕزگاریان بکەن.

لەو بارودۆخە ناسك‌و دژوارەدا کاك جەلال کادیری یەکێك لە حزبەکان، داوای لە خەڵکەکە کرد بگەڕێنەوە، پارچە کاغەزێکی بەدەستەوە گرتبوو، گوایە ئەوە برووسکەیەکەو هەر ئێستا لە سەرکردایەتییەکەیەوە بۆی هاتووەو پێی ڕادەگەیەنێ کە خەریکە دانوستان لە نێوان پێشمەرگەو ڕژێمدا دەست پێدەکات.

نەمتوانی لە بەرامبەر ئەو درۆو فیشاڵە شاخدارە، بەسەر هەڵچوونەکانی ناخمدا زاڵ بم. دەبێ ئەوە چ دانوستانێك بێ، لە کاتێکدا کە بارقی خوێنڕێژ سبەینێکە بە چەکی کیمیاوی مەرگ بەسەر ناوچەکەدا دەبارێنێ... بە ڕوویدا هەڵشاخام‌و پێم وت:

- وەڵڵا درۆیە!

هەر کە وام وت، ئیدی لە ڕقا تەقییەوەو داوای لە دارودەستەکەی کرد تەمێم بکەن، بەڵام هەیهات ئەمجارەیان بتوانن..! خۆ منیش پێشمەرگەم، مەحاڵە بهێڵم ڕووداوەکەی (س) لەگەڵمدا دووبارە ببێتەوە... ئەوەبوو بە پەلە خەڵکی کەوتنە ناوبژیمانو سەرزەنشتیان کردم لەسەر ئەوەی ئەو کێشەیەم نایەوە، چونکە کاتەکە گونجاو نییە.

لە ناوچەکەدا تەنها پیاوان مانەوە، ئەوانیش خۆیان لەو کونوکەلەبەرو حەشارگانە دەشاردەوە کە خەڵکی دێیەکان لەترسی پەلاماری فڕۆکەی پیلاتۆز لێیاندابوو، ئەو پیلاتۆزانەی کە بە بەردەوامی ترسو تۆقینیان بۆ دەهێنان.

لەناو کونە فیراره پەرشوبڵاوەکانی ژێر زەوی خۆمان حەشاردابوو، نقەمان لەخۆمان بڕیبوو، تانكو زرێپۆشەکانی بارقو گەلە جاشەکانو کۆپتەرو فڕۆکە پیلاتۆزەکان کێوماڵی گوندەکانیان دەکردو دەیانسووتاندن، ئینجا بە شۆفەڵ دارو دیوارو بنمیچو گوێسوانەکانیان بەسەر یەکدا دەڕووخاندو لەگەڵ زەویدا تەختیان دەکردن، تاکو هیچ شوێنەوارێکیان نەمێنێ، هێندە زاڵمو بێویژدان بوون دەستیان لە مزگەوتو قوتابخانەکانیش نەدەپاراست کە ڕژێم خۆی دروستی کردبوون، پەڕەی قورئان بە نووکی دەمە شۆفەڵەوە ونجڕ ونجڕ دەکراو گەردەلوولو گێژەڵووکە بە حەلحەلەی ئاسمانەوە پەرشوبڵاوی دەکردنەوە، زیڕەو هاواری بێدەسەڵاتان عەرشی عەزیمی دەهێنایە هەژان، وەلێ فریادڕەسێك بە فریای ئەو خەڵکەوە نەهات!

نازانم چۆنو بۆچی وا مۆڵەتم وەرگرتو خۆم تووشی ئەم گێژاوە کردو وا بە تەنیا مامەوە، زۆر ئەستەمە بتوانم هەواڵی هاوڕێکانم دەسکەوێ، یان پەیوەندییان پێوە بکەمو خۆم بگەیەنمەوە لایان!. نازانم ئێستا ئەوانیش وەك من لە کونەفیرارو ژێر زەویدا خۆیان حەشارداوە، یان لەگەڵ هێزەکانی بارقدا لە شەڕدان؟.

نەزرم لەخۆم گرتو گۆلکێکم کردە خێر، بەمەرجێ لەم بەڵاو ئاشووبە بەسەلامەتی ڕزگارمان بێ، ئەوکاتە گۆشتەکەی بەسەر خەڵکی ئاواییدا دابەش دەکەم.

گوندەکەمان لەگەڵ سووتانو کاولکاریدا ڕاهاتووە، لەو کاتەوەی کە (مەلا مستەفای بارزانی) شۆڕشی دژی عەبدولکەریم قاسم راگەیاند، ئەمە سێیەم جاریەتی دەسووتێندرێو خاپوور دەکرێ...

سێ مانگی پڕ لە دەردەسەریم بەڕێ کرد، بە ڕۆژ لەژێر زەویو بە شەویش بەناو بێستانو شینایییەکاندا بەدوای شتێکدا دەگەڕام بخورێ، ئابلۆقەکە کاریگەریو جێ پەنجەی خۆی لەسەر گەدەم جێهێشتبوو، بەهۆی برسێتی بەردەوامو ئەو ژەمە (ناوسێری)یانەی کە کۆییەکان زۆری بەشانوباڵدا هەڵدەڵێن، گوایە ئەستوورکە بەرۆنە، کەچی لە راستیدا جگە لە پارچە هەویری بەرۆن سوورەوە کراو بەولاوە هیچیتر نییەو قووتدانیشی هەر کارەساتێکە بۆخۆی، ئەگەر بە گلاس ئاوی بەسەردا نەکەیت، هەر ئاودیو نابێت. لەو تەنگژەیەدا سێ لاوی گوندەکەشمان بۆ ماوەیەك هاوشانم بوون.

... دوای ئەوەی گوندەکەیان خاپوور کردین، دڵنیابووین ئەمجارەیان وەکو جارانی پێشوو نییە، چونکە نەك تەنها بڕیاری مردن، بەڵکو هەر بەجارێ سەریان بڕیو لەسەر رووی زەوی سڕییانەوە، بە جۆرێك کە مەحاڵە وا بە ئاسانی ژیانی بۆ بگەڕێتەوە، وایان تەخت کرد هەتا نەمدەتوانی شوێن ماڵەکەی خۆیشم بناسمەوە.

بێهیوایی ورەی بە هەر سێ لاوەکە بەرداو، بڕیاریاندا بچنەوە شارو خۆیان بگەیەننەوە لای خانەوادەکانیان، سەرپشکیان کردم لەوەی دەگەڵیان کەوم، یان بە تەنیا بمێنمەوەو جێم بهێڵن... بەڵام هەیهات! چۆن بەسەرشۆڕی دەگەڕێمەوەو دڵی ئاغاکان خۆش دەکەمو ڕێیان دەدەم بەو سەرنجە بکوژانەیان پێشوازییەکی سووکایەتیم لێ بکەن!

دوای ئەوەی لەگەڵیان پەڕیمەوە ئەوبەری زێیەکە، لە گوندی سارتك خواحافیزیم لێکردنو خۆمیش بەرەو سماقوولی کەوتمە ڕێ کە بارەگاکانی پێشمەرگەی لێبوو.

هاتوهەرای جاشەکان لەو دالغەو بێئاگاییە وەهۆشیان هێنامەوە، نەمزانی چەندی خایاندووە، وەها جەستەم سڕ بووبوو، هەتا توانای بزواندنی دەستو قاچەکانیشم نەمابوو.. بە خودای ئەگەر ئێستا جاشەکان بەمجۆرە پێمان بزانن، هەر بە ئاسانی منو دوخەی هاوڕێم دەسگیر دەکەن.

ئەمڕۆکە هەرچەندم دەکرد دڵم نەدەهات کەپرەکان جێبهێڵمو خۆم بگەیەنمە پەنای تاشەبەردەکان، ئەو تاشەبەردانەی کە بە درێژایی شەش مانگی رابردوو ڕۆژانە تێیان ڕاماوەمو یەك بە یەك ناسیومن... پێم باشبوو دواکەس بم لە

کەپرەکانەوە دەرچم، تا یارمەتی ئەوانە بدەم کە دوا دەکەون، چونکە دەبێ هەر هەموومان بەسەلامەتی دەرباز بین... بە خودای لەو ماوەیەدا وام لێهاتبوو ئەوانەی لەگەڵمدا بوون بەقەد برایەکم خۆشمدەویستن، خوانەخواستە شەهید بوونی هەر کەسێکیان بەقەد خەمی مردنی کوڕەکەم خەمبارم دەکەن، ئەو کوڕەی کە هاوینی ڕابردوو ئۆتۆمبیل شێلای... بەڵێ ئۆتومبێلێکی تویتا پیکابی جووتیارێکی عەرەبی یەکێ لە گوندەکانی حەویجە کوڕەکەمی شێلاو کوشتی... ئەو جووتیارە هەژارە لە من زیاتر بەو ڕووداوە نیگەرانو دڵتەنگ بووبوو، هەر سێ ڕۆژی پرسەکەی ئامادە بووبوو، وتبووی: ئەم کارەساتە یەك بە دووە، لە لایەك شێلانی منداڵێکی بێتاوانو لەلایەکیتریش کوشتنی منداڵە کوردێك، لەکاتێکدا ئامۆزاکانم بەربوونەتە وێزەی کوردانو دەستیان لێناپارێزنو سەریان دەبڕن. ئەو جووتیارە عەرەبە لەگەڵ خزمانی خۆیدا هاتبوونە لای باوکمو پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە باوکم سەرپشك بێ هەرچەندێ پارە داوا بکا بیدەنێ، یان هەر کچێك لە گوندەکەیان کە پێی ڕازی بین لە یەکێك لە خزمەکانی ئێمەی مارە بکەن، یاخود هەردووکی پێکەوە، واتە پارەکەو کچەکە لەجیاتی خوێنی کوڕەکەم. باوکم بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی ئەوان بە من بگەیەنێ، داوای لێکردبوون چەند ڕۆژێ مۆڵەتی بدەنێ، پاشان وەڵامیان دەداتەوە. کاتێ هەواڵەکەم پێگەیشت لە کونەفیرارێکدا خۆم حەشاردابوو، پێم گوت: لەبەرئەوەی ڕووداوەکە بە ئەنقەست نەبووەو قەزاوقەدەرە، ناشێ لەبری خوێنی کوڕەکەم داوای هیچ بکەم. ئەوەی بەسەر کوڕەکەمدا هات، ئەجەلێکی نووسراوە، ئەو جووتیارە هەژارە هیچ تاوانێکی نییە. کاتێك وەڵامەکەم گەیشتبۆوە جووتیارەکە، ئەو سوور بووبوو لەسەر ئەوەی کە چەند هەزار دینارێكو ناونیشانەکەی بەجێ بهێڵێتو گوتبووی: من بە هەموو شتێك قەرزاری ئێوەم.

ئەو حەویجەیە چەند سەیرە، پیاوی وا ڕاستو پیاوانەو بارقێکی خوێنرێژیش پەروەردە دەکاتو لە ئامێز دەگرێ. بەڵام بۆ دەبێ سەیر بێ؟ ئەوە نییە لەناو ئێمەشدا پێشمەرگەی ئازاو ئاغای دڵڕەقو جاشی خۆفرۆشیش پەیدا دەبن؟

ئەوەتا جاشەکان وا لەو درەختە نزیك دەکەونەوە کە ئاسۆ بە برینداری لە پەنایدا خۆی حەشارداوە، بەستەزمانە بریندارەو گوللەیەکی وێڵ ڕانی سمیوە، بەناچاری لەو بن دارەدا جێمانهێشت. ئەها تەماشاکەن سوپاس بۆ خوا وا جاشەکان هەموویان ڕوویان لە کەپرەکان کردووە، بەمەش شوێن پێیەکانمان لەناو بەفرەکەدا ون دەبن، ئەگینا هەر بە شوێن پێیەکانمان دەیاندۆزینەوە. ئاسۆ گیان قوربانت بم ئارام بەو جوولە لە خۆت ببڕە! کورە گەر دەتوانی هەتا هەناسەشت ڕاگرە... ئەی هاوار ئەو جاشە وا خەریکە بەو درەختەوە دەنووسێ کە تۆ لە پەنایدای، ئەوەتا بە جوانی دەیبینم، تازە مووی سمێڵی گووگرە بووە، لە ڕووخساریدا دەشتەکییەکی تەواوە، دڵنیام ئەویش وەك ئێمە چەوساوەو لە خەندەو خۆشی بێبەش کراوە، بە ناچاری چەکی جاشایەتی بەشانداداوە... ئاخ خۆزگە دەمتوانی بیدوێنمو لێی بپرسم: بۆچی دوامان کەوتووە؟... ئەگەر کوڕە جووتیارە، خۆ ئێمەش وەك ئەوین، ئەگەر ئاغاکان جەرگی خۆیو باوکیان سووتاندووە، خۆ ئێمەش هەر واین، ئەو کوردەو ئێمەش هەر کورد... کەواتە بۆچی لەکۆڵمان نابێتەوە؟. ئەو ڕووداوەم بیرکەوتەوە کە چەند مانگێك بەر لە ئێستا هێزێکی گەورەی سوپا لە گەڕان بەدوای پێشمەرگەدا چیای کۆسرەتیان کێومال دەکرد، سەربازەکان تەنها چەند هەنگاوێك لە شوێنی خۆ حەشاردانەکەمانەوە دوور بوونو جێ پێو شتەکانیتریش بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ شوێنەکەمان دەکرد، تا یەکێك لە سەربازەکان پاشماوەی ئاگرەکەیشمانی لە تەك کانی ئەسپان بینی، کەچی چاوپۆشی لێکردو هەرزوو لێمان دوور کەوتنەوەو بەرەو (ئالیقە) شۆڕبوونەوە، نەبادا فەرماندەکەیان پێبزانێو ناچاریان بکات بە دوامانیدا بگەڕێن، کەچی ئەم جاشە کوردە لەناو ئەم هەموو بەفرو سەهۆڵبەندانەدا کە دەڵێی پێوە چزانی پشکۆی ئاگرە، لە کۆڵمان نابێتەوە، خۆ لەوانەیە ئەویش ئەم بەزمەی پێخۆش نەبێ!

لەتەك کەپرەکانەوە قیژەو هەرا بەرز بۆوە، گوێم لێبوو یەکێکیان دەیقیژاند:

- بەچکە سەگانە، هەموویان ڕایانکردووە، کەسیان لێرە نەماون... وەرن خێرا با ئەو نایلۆنو بەتانیانەیان لێبسووتێنین، بەڵکو بەفر ڕەقیان دەکاتەوەو دەیانکوژێت... جاشەکان زۆر بە خێرایی ڕوویان کردە کەپرەکان، ئای خوایە ئەمە دەرفەتێکی باشەو قەرەبوو نابێتەوە، ئاسۆ وا خەریکە ڕزگاری دەبێو بەدیلی ناکەوێتە دەستی ئەو جاشە مێردمنداڵەی هێشتا موو لە سمێڵی نەهاتووە.

سوپاس بۆ خوا، ئەمڕۆ مولازم کەریممان لەگەڵ نەبوو، چونکە لێرە بوایە وەکو پارووپەکی چەور دەکەوتە دەستی جاشان، ئاخر ئەو چۆن بەو ورگە زلەی کە هەرگیز تێر نابێتو بەو چاویلکە پزیشکییەی کە مەگەر تەنها شەوان کاتی خەوتن لە چاوی بکاتەوە، چۆن دەتوانێ بەسەر ئەو بەفرەدا بازرەقە هەڵداتو خۆی لە چاوان ونکات؟... خۆ ئەگەر چاویلکەکەی لە چاو بەربێتەوە، ئەوا لە شوێنی خۆی لەناو بەفرەکەدا بە پێوە ڕەق ڕادەوەستێو جوولە ناکات، بەڕاستی چوونەکەی بۆ دەشتی کۆیە لەجێی خۆی بوو، نەجاتیداو ژیانێکی نوێی بۆ نووسرایەوە... ئای ئەو کاتە هەڵوێستی خەڵکی چی دەبوو، ئەگەر گوێبیستی شەهید بوونی مولازم کەریم بوونایە لەگەڵ ئێمە لە کۆسرەت؟.. دەبێ چۆن پێشوازییان لە شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی عەرەب بکردایە کە هاتووە بەرگری لە کێشەی کوردان دەکات؟... بەهەرحاڵ گەر ئەمەش ڕووی بدابوایە خۆ جاری یەکەم نەدەبوو، ئەدی لە پشت ئاشانیش چەکدارە کوردەکان دەیان پێشمەرگەی عەرەبیان شەهید نەکرد کە هاتبوون خزمەتی شۆڕشی گەلی کورد بکەن؟

ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی کە بە درێژایی ئەو ماوەیە، هەردوو کەپرەکە لە ئامێزی گرتبوونو لە سەرماو سۆڵەی زستان پاراستبوونی، هەموویانم وەکو یەکتر خۆشدەویست، ئەو دوخەیە هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دام تا ئەو خەونەم بێتەدیو فێری خوێندنەوەو نووسین ببم، ئەوەش هەرێمە کە لە هەر گەشتێکیدا دەگەڕایەوە دیاری بەلەزەتی بۆ دەهێنام کە زۆربەی جاران چوکلێتو لوقمە حەیاتەکە بوو، ئای ئەگەر ئێستا هەندێکم لادەبوو، وا خەریکە لە حەژمەتا لیك بە لالغاوەمدا بێتە خوارێ.

ئەوەش هەڵکەوتە (حەمە شەڵتە حەیاتەکەیە)، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەچێتە دڵمەوە، چونکە هەموو توانای خۆی خستۆتەکار بۆ پاراستنی ئەو خۆراکەی هەمانە لەدەستی جاشو ئاژەڵە کێویو سەگی بەرەڵڵا کە دوای رووخاندنی دێیەکان، ئەوانیش سەرگەردانو بەرەڵڵا مانەوە، ئەم هەڵکەوتە بۆ شاردنەوەی شت ئامادەیە بە تاشەبەردی وادا هەڵگژێت کە ئاسك توانای پێدا هەڵگەڕانی نەبێت. ئەوەش ئاسۆیە کە ئەو زامو ژانەی لە قاچیدایە باجی تەوەزەلی خۆیەتی. ئەوەش چالاکە، کوڕە ڕۆحسووكو زرینگەکەی قەڵادزێ کە بە قسەو گفتولفتە شیرینو سەرنج ڕاکێشەکانی کەسایەتی خۆی بەسەردا دەسەپاندین. ئەی تۆ بەختیار (بەخە)، تۆش هەمان خەمو ئەندێشەی منت هەیە، تۆش کوڕە جووتیارێکی، ئاغاکان تاڵاوی مەرگیان پێچەشتووی، مام جوامێریش وەکو تۆ لەناو دۆزەخی ئاغاکاندا تاڵاوی مەرگی بە گەروودا کراوە، دوای ئەوەی باوکی بە هەتیوی جێیهێشتو بەرپرسیارێتی دایکیو خوشکەکەیشی خستە ئەستۆی... بەڵام ئەو هەتیوە زۆربڵێیە تاکە کەسە لەناو هاوڕێیاندا خۆشم ناوێتو بوونی لەگەڵماندا دڵتەنگم دەکات، چونکە ئەو شاڵاوە هەر خەریکی قسەی زلو بێ سەرەوبەرەیە، خۆیشم نازانم هۆی چییە، خۆشیم بە چارەیدا نایەت...

دەنگو هەرای جاشەکان ئەو ناوەی پڕ کردبوو، ڕایانگەیاند کە کات درەنگە، بەرپرسەکەیان پێی گوتن:

- دەی خێرا ئاگرێك بکەنەوەو چایەکە سازدەن، قوتووەکانیش دەرکەنو لە نزیك ئاگرەکەوەیان دانێن با گەرم ببنەوە، نانەکەمان دەخۆینو کەپرەکان دەسووتێنینو ئینجا پاشەکشە دەکەین.

- پەنا بەخوا زەقنەبووت دەخۆن!

ئەم قسەیە بە ئاشکرا لە زارم دەرچوو، بە جۆرێك کە دوخەی هاوڕێمی ناچارکرد، نوقرچەیەك لە ڕانم بگرێت، نوقرچە لێدانەکەی بە چەشنێ بوو، دڵنیای کردم کە نەنووستووەو لە چاودێریکردنی جاشەکاندا هاوکاریم دەکات...

لە بارودۆخی ئاساییدا دوخە زۆر خاوو سستە، هەتا خواردنی نیوەڕوانی لە نیو کاتژمێر زیاتر دەخایەنێت، گەر بەیانی باشێکی لێبکەیت، دوای هەڵوەستەیەکی باش، ئینجا وەڵامت دەداتەوەو بەیانی باشەکەت لێدەکاتەوە... کەواتە ئەمڕۆ دەتوانێ بەرگەی ئەم بارە دژوارە بگرێو بە ئارامەوە بێ جوولە خۆی بەو دارەوە بنووسێنێ کە حەشاری داوین، بەڵام ئەی من چۆن بتوانم بەرگە بگرم، لە کاتێکدا کە من ئەو حەوسەڵەو ئارامییەی دوخە شك نابەم؟

دوخە ئەو دەنگە دەنگو هەراو هورياو سەرقاڵبوونەی جاشەکانی بە دەرفەت زانی بە چرپەوە لێی پرسیم:

- گوێت لە دەنگی گوللەی بەرگری بوو؟...

- لەوانەیە!

- بەڵێ... دڵنیام، چونکە دەنگی کلاشینکۆفە بەرەنگاربووەکەم لەناو ئەوانیتردا ناسییەوە، گوللەی جاشەکان هەمووی ڕوو لەو بوون... قسەکانی دوخە سەرنجی راکێشام... هەر بەرەنگاربوونەوەیەك لەم قەدپاڵە واتە خۆکوشتن... دەبێ کێ خاوەنی ئەو کلاشینکۆفە بێ؟. دڵنیام ئەوە یەکێك لە هاوڕێیانی دەستەکەی دەشتی کۆیەن، کە منو هەڵکەوت لەگەڵ خۆمان هێنامانن، باواجیو هەیبەت سوڵتانو کۆسرەتمان پێبڕینو بە پێی خۆیان بۆ کانی شەهیدانمان هێنان، وەك ئەوەی بۆ مردنمان هێنابن، ئەوانیش بە بێدەنگیو گوێڕایەڵی دوامان کەوتن.

بۆنی دووکەڵ ناوچەکەی تەنییەوە، بە بینینی دیمەنی سووتاندنی هەردوو کەپرە خۆشەویستەکەمان، چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك.

---

* لە ڕۆمانەکەدا ناوی حەمەڕەشاش بە (عەولا) هاتووە، چونکە ئەوکاتەی نووسەر ڕۆمانەکەی نووسیوە، حەمەڕەشاش لەناو شاردا بووە. ناوی گوندەکەیشی بە (دەرماناو) ناوبردووە کە خۆی (چیاچەرمگ)ە. هەروەها چەند لایەنێکی ژیانی حەمە ڕەشاشی بە جۆرێك نووسیبوو کە کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوادا دەهات. بۆیە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نووسیومانە. (وەرگێڕ)

** زەقنەبووت: وشەیەکی تورکییە، جۆرە گیایەکە تامەکەی تاڵە وەکو گوژاڵك.

★ ★



# شالاو⋆

ستوونه ڕەش‌و چڵکنەکانی دووکەڵەکە پاڵیان بە یەکدییەوە دەناو بەرەو حەلحەلەی ئاسمان لە پێشبڕکێدا بوون، لەدوای خۆیشیانەوە بێدەسەڵاتانە هەردوو کەپرەکەمانیان خستبووە بەردەم بڵێسەو گڕی ئاگرو دەبوونە قەرەبرووت... هەمووەمان بەداخ وحەسرەتەوە بەرامبەر کەڕنەڤاڵی لە سێدارەدانی کەپرەکانمان دۆشدامابووین‌و زارەترەك بووبووین، هیچمان بۆ نەدەکرا، ئەو دوو کەپرە ئازیزەی کە وەك دایکێکی میهرەبان بە سۆزەوە لە ئامێزیان گرتبووین‌و لە هێرشی ترسناکی ئەو بەفرە بێ بەزەییە دەیانپاراستین‌و داکۆکی‌و بەرگرییان لە ژیان‌و مانەوەمان دەکرد...

هەڵکەوت دووربینەکەی بەچاوەکانییەوە نووساندبوو، بەوردی چاودێری ئاگرەکەو دوکەڵەکەو جاشەکانی دەکردو پێموایە لەداخان هەناسەی سواربووبوو... چالاك بە سیمایەکی پڕ لە نهێنییەوە کە لێی حاڵی نەدەبووم، سێرەنیگای گرتبووە ئاگرەکەو لێی ڕامابوو، واپێدەچوو لە ناخەوە خەم‌و ئازارو خەندەو خۆشی ئاوێزانی یەکتر کردبێ...مولازم شێرزادیش بە ڕوخسارێکی شاراوەوە سەرنجەکانی بەسەر کاتژمێرەکەی دەستی‌و لووتکەی کۆسرەت‌و هەردوو کەپرە گڕ تێبەربووەکەدا دابەش کردبوو... کامۆ تا ئێستاش لە شەپۆلی پێکەنینە شێتانەکەیدا نقوم بووەو پەنجەی لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکەیەتی، وەك ئەوەی بیەوێ دەسڕێژێکیان لێبکات... دڵشاد زۆر لەسەرخۆ چاودێری دۆخەکەی دەکرد، وەك ئەوەی لەگەڵ دیمەنی ئاگرو دوکەڵدا ڕاهاتبێ‌و بەلایەوە ئاسایی بێ...

ئێمە هەر شەشمان لە پەنای ئەو تاشەبەردەدا خۆمان حەشاردابوو کە هەڵکەوت بۆ ئەوێی بردبووین... بۆیە دوای هەڵکەوت کەوتم، چونکە نەمدەوێرا لە ڕۆژێکی وا ترسناکدا لێی دووركەومەوە، هێندەم باوەڕ پێبوو، لەباسکردن نایەت، دڵنیابووم لەم تەنگژەیە بە سەلامەتی دەربازمان دەکات...

هەڵکەوت بە درێژایی زستان، هەموو ئەگەرە ترسناکەکانی دەخستە بەردەممان کە لەوانەیە بێنە ڕێمان: مەترسی بەفر، دارِمانی شاخ، دوژمنی پڕچەك، □ تاد، بۆ هەر ئەگەرێکیش ڕێگا چارەی گونجاوو لەباری دادەنا. ئەو دڵنیا بوو لەوەی کە دەتوانین لە گەمارۆی دوژمن دەربازبین، هەتا ئەگەر بەردەرگای کەپرەکانیشمان لێ بگرن، بەمەرجێ ئەگەر دەسڕێژی یەکەم نەمانپێکێ. ئەو هەمیشە ئاماژەی بۆ ئەم سەنگەرە، بۆ پەنای ئا ئەم تاشەبەردە دەکرد کە بەم بەیانییە شوومەو دوای مەلەکردنێکی پڕ ئەستەم بە ناو زەلکاوو قوڕو لیتەی بەفراویدا هێنامانی‌و بە هەزار دەردەسەری توانیمان خۆمان لە پەنایدا حەشار بدەین.

لە سەرما هەڵدەلەرزیم‌و دەست‌و قاچم تەزی بوون، چەقە چەقی ددانەکانم بە ئاشکرا دەبیستران، نازانم نە لە سەرمابوو، یان لە ترسا، بەسەر شەویلاگەمدا زاڵ نەدەبووم‌و بێهودە پێکیاندا دەدا؟!

ئەمە ئەو بەڵایە بوو کە بەپێی خۆم بۆی هاتم، دوور نییە ژیانمی تێدا بەفیڕۆ بچێ... منێك لە گوندەکەی خۆماندا بەناز دەژیام‌و لە هیچم کەم نەبوو، هەر کاتێك مەترسییەکیشم هەبوایە، ئەوا شوێنێکی تایبەتم هەبوو بۆ خۆ حەشاردان. هاوڕێکانم فێڵیان لێکردم‌و بە قسەی گەورە فریویانداوم، هێندە باسی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو پەلاماردانی شارو سەربازگەکانی دوژمن‌و نزیکبوونەوەی ڕووخانی ڕژێم لەژێر گورزی پێشمەرگەو تاموچێژی پێشمەرگایەتییان بۆ کردم، بۆیە دەگەڵیان کەوتم.

ئەو ڕۆژەی کە بڕیارمدا ببمە پێشمەرگە، باوکم - کە خۆیشی پێشتر پێشمەرگە بوو- بەنابەدڵییەوە پێی وتم: دانیشە کوڕم ماڵوێرانم مەکە، خوا سەروەت‌و سامانێکی باشی پێبەخشیوین، با بۆ خۆمان سەربنەینە یەکەوەو ئەوەندە ژیانەی ماومانە پێکەوە بژین. دنیاکە زۆر گۆڕاوە، لێت بقەومێ برای خۆت فریات ناکەوێ، پیاوی چاکبە بە دەقی خۆتەوە دانیشەو تووشی سەر ئێشەیەکم مەکە، خۆم گەلێ حاڵم باش نییە، کوڕ ئەو کوڕەیە ئەمڕۆکە ئاگای لە خۆی بێ‌و کارێکی وا نەکا چاوی لەدەستی نامەرد بێ!.

بەرامبەر ئەو سووربوونە گەمژەییانەیەم باوکم بۆ گوندی گۆمەشینی ناردم بۆ لای ماڵە خزمەکانی خۆی، ئەو گوندەی کە شکۆمەندانە لەسەر گردۆلکەیەك ناز بەسەر زەویدا دەکات، باوکم پێی ڕاگەیاندبوون کە ئاگایان لێم بێت و کەلکەڵەو خولیای پێشمەرگایەتیو چەك هەڵگرتنم لە کەللە دەرکەن.

بە ناردنم بۆ گوندی گۆمەشین، باوکم گوناهێکی گەورەی بەرامبەر نواندم، چونکە بەو کارەی زیاتر پاڵی پێوەنام هەتا چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرم، لەبەرئەوەی لە ناوچەکەی خۆمان ساڵەیی و گوندەکەمان — نەبیاوە- کە ڕژێم داگیری کردو بۆ ترساندنی دانیشتوانی ناوچەکە، سەربازگەیەکی گەورەی لێدامەزراند. هەروەها ئۆردووگای یارمجەش کە پاش ڕووخاندنی گوندەکەمان دروستکراو چووینە ئەوێ، ئێمە لەوێ ئەوەندە تووشی پێشمەرگە نەدەبووینو لەگەڵماندا نەدەژیان، بەڵکو تەنها جاروبار شەوانە دەهاتنو لە بەرەبەیانیشدا گوندەکەیان جێدەهێشتو دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان، چونکە ئۆردووگاکەی ئێمە لە جادەی گشتی (کەرکوك-پردێ)وە نزیك بوو، جاری واش هەبوو بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ نەمان دەبینینو هەتا هەواڵیشیانمان نەدەبیست... بەڵام گۆمەشین کە لە باوەشی دەشتی کۆیەدایە، لە پێشمەرگەوە نزیك بووو لەگەڵ دانیشتوانەکەیدا دەژیان، چونکە یەکێك بوو لەو گوندانەی لەژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا بووو بەگوندێکی نیمچە ئازادکراو دەژمێردراو شوێنی حەسانەوەیان بوو.

هەر کە تەق تەق بە جێدێڵیو بە جادە قیرتاوکراوەکەدا بەرەو دەشتی کۆیە دەچی، دوای چەند خولەکێك لە دورکەوتنەوەت لە بازگە سەربازییەکانی ڕژێم، ئیدی ئەوان پێشوازیت دەکەنو بەسەر ناوچەکەدا بالادەستن، هەتا دەگاتە ئاسکی کۆیە، لەوێ لەو ڕێگایە کە بەرەو شاری کۆیە دەچێ دەسەڵاتیان بەتەواوی نامێنێو جێتدەهێڵن. کۆیە یەکێکە لەو شارانەی کە بە پێشمەرگە چەلەنگو مێرخاسو جەربەزەکانییەوە ناوبانگی دەرکردبوو، چونکە زۆربەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگە دوای ئاشبەتاڵ خەڵکی ئەم شارە بوون، وەکو دکتۆر خالیدو فەرەجو ئەوانیتر..

هیچ ماڵو کەپرێکی ئەو گوندانە نەمابوو کە چەکیان تێنەچێت، چەك بوو بووە تەواوکەری کەسایەتی گەنجو پیرو هەرزەکاری ئەو ناوچەیە.

ئەو هەلومەرجە تایبەتە زیاتر پاڵیان پێوەنام تا بچمە ڕیزی پێشمەرگەوە، ئای چ ڕۆژێکی سەخت بوو، ئەو ڕۆژەی چەکم کردە شانو کارەساتو مەترسییەکانی پێشمەرگایەتیم خستە لاوە، ئاخر بە دەست خۆم نەبوو، خەونی سەرکەوتنە نزیکەکانو دەسەڵات گرتنەدەستیان مێشکیان پڕ کردبووم، خەونم بەوەوە دەبینی کە لەسایەیاندا دەبمە خاوەن سەروەتو سامانو دەسەڵاتو دەیان سەرۆك جاشی ترسنۆك دێنو داوای پارێزگاریم لێدەکەن.

بە پێی خۆم چوومە ڕیزی مەفرەزەکەی مام جوامێرەوە. باوکم بە پەلە هاتو گەلێ هەوڵی لەگەڵدام تا چەك دانێم، بەڵام بێهوودە بوو، زوو کۆڵی داو وازی لێهێنام، (خۆزگە بێ هیوا نەدەبووو وازی لێ نەدەهێنام). چاکم لە یادە لەگەڵ مام جوامێردا دادەنیشتو باسی خەباتو ماندووبوونی خۆی بۆ دەگێڕایەوەو منی وەکو ئەمانەتێك دەخستە ئەستۆی مام جوامێرو مەفرەزەکەی. باوکم هێندە هاتوچۆی کردو لەگەڵ مام جوامێردا دانیشت، تا ڕۆژێکیان هێندە بە سۆزەوە باسی ڕەوشتبەرزیو کەسایەتی مام بەکر تەلانیو هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵیدا گێڕاوە فرمێسك لە چاوەکانییەوە قەتارەیان بەستبوو. ئا بەو جۆرەو لە ئاکامی ئەو هەموو هاتوچۆو قسەو باسەی لەگەڵ مام جوامێر، وای لێهات ئەو ئەهریمەنەی کە پێی دەڵێن: پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناو هەستو نەستو دڵو دەروونی خۆیشی، بەمەش سۆزو ڕێزی مام جوامێری زیاتر بۆ لای خۆی ڕاکێشا، مام جوامێر ئەو جووتیارە هەژارەی کە دەریایەك سۆزو خۆشەویستی لە ناخدا پەنگی دابۆوە، قسەکانی باوکم سەرنجیان ڕاکێشابوو. لە ماوەیەکی کەمدا بوومە مایەی سەرنجو بایەخدانی مەفرەزەکەی مام جوامێرو دواتریش بوومە سەردەستە. هەرچەندە زۆربەی سەردانەکانی باوکم لەبەر خۆشەویستی من نەبوون، بەڵکو بۆ بەردانی جاشێك، یا کەمکردنەوەی ئەو بڕە پارەیە بوو کە وەکو سزا بەسەریاندا دەسەپێندراو لەلایەن کەسوکاری ئەو کەسانەوە رادەسپێردرا بۆ ئەو کارە.

جاشەکان وا خەریکن لە چڕە دووکەڵەکە دوور دەکەونەوەو تەقەی لابەلا دەکەن، وەك ئاماژەیەك بۆ جێهێشتنی کانی شەهیدان. تەماشایان کەن زۆر بەخێرایی ناوچەکە جێدەهێڵن، هەر دەڵێی دزنو لە ترسی ئاشکرا بوون لە ماڵە دزراوەکە دوور دەکەونەوە... وا خەریکن لە شێوەی تاڵە دەزوویەکی باریك بە ڕێچکە تەنگەبەرەکەدا بەرەو ئالیقە شۆڕ دەبنەوە.

وا كۆپتەرەكە جارێكيتريش گەڕايەوەو بە ئاسمانی كۆسرەتدا لە فڕيندايە، سبەينىَ زوو هاتو پاش كەمێك ناوچەكەی جێهێشتو لەگەڵ خۆيدا ديل، يا بريندار، يان... شەهيدی هەڵگرتبوو.

ئای دەبىَ ئەم سبەينێيە ئەو كۆپتەرە كێی لەگەڵ خۆيدا بردبىَ؟!... دەبىَ ئەوە چ بەدبەختێك بىَ كە جاشەكان دەسگيريان كردو وەكو دەسكەوتێك برديان؟... لە كوێ چواردە كەس تەنها شەش كەسمان توانيمان بگەينە پەنای ئەو تاشەبەردانە. ئای چەند دڵخۆش دەبووم ئەگەر كۆپتەرەكە حەمە ڕەشاشی هەڵبگرتبوايەو ئەو ڕمووزنەی لە كۆڵی من بكردبوايەوە، ئاخر ئەو هەر لە خۆڕا خۆشی بەمندا نايەت، بە تانەو تيرو توانج هەراسانو بێزاری كردبووم، هەر دەڵێی دڕكە ماسييەو لە گەروان گير دەبىَ، جگە لەوەش ئەو بۆ خۆی فێرە سواريی كۆپتەرە، چونكە پێشتر كۆپتەر لە بەرزاييەكانی بۆڵقاميشەوە هەڵيگرتبوو.

ها ها ها... دەبىَ ئەمجارەيان لێكۆڵەرەوەكە لە كەركوك چەند بە ڕقەوە تەماشای بكاتو چی پىَ بڵێ؟...

- جارێكيتريش پێشمەرگايەتی، كورە هەتيو تۆ تۆبە ناكەی؟، بەڵام خۆتان گوتەنی: تۆبەی گورگ مەرگە، مەرگ!.

دڵنيام ئەمجارەيان هيچ لێبوردنێك دادی ناداو لە پەتی سێدارەی ڕزگار ناكات.

ئای مام جوامێر ئێستا لە كوێی؟، ئێمەت تووشی ئەم دەردەسەرييە كردو خۆتيش وەكو بەرزەكی بانان بە ئاسانی بۆی دەرچووی. ئێستاش لە نهێنی ئەو سووربوونەت تێنەگەيشتم كە بۆچی ناچارت كردين لەم چيايە چۆلوهۆڵەی كە هەتا دانيشتوانەكەيشی جێيانهێشتووە، لەگەڵ ئاژەڵە كێوييەكاندا بمێنينەوەو چاوەڕوانی مەرگی مسۆگەری خۆمان بكەين؟... چاوی ڕژێم بۆ بينينی پێشمەرگە زۆر تيژە، لە هەر جێگايەك بىَ بەهۆی سيخوڕە زۆروزەبەندەكانييەوە كە لە بەردو چەوی غەسالەكەی گۆپتەپە زۆرترن، دەيانبينىَ... چ زيانێكت لێدەكەوت ئەگەر بەرەو سنوورەكانت ببردينايە؟... بەڵام لە بەدبەختی ئێمە تۆ هەر لە منداڵييەوە بەرگی پێشمەرگايەتيت پۆشيوە... ترسی خێزانەكەيشت نييە، چونكە كەسانێك هەن دەيانپارێزنو چاويان لێيانە، بەڵام ئەی منی بەدبەخت بۆ دەگەڵت كەوتمو بەم سەرەتای تەمەنمەوە خۆم تووشی ئەم گێژاوە كرد، ئێستاش نازانم چۆن خەياڵپڵاوی و تراويلكەی دانوستانی نێوان حكومەتو پێشمەرگە فريويدامو وا بەم مەفرەزە نەگبەتەی تۆوەی لكاندم؟، تۆ بڵێی خەونو چاوەڕوانی سواری لاندگرۆزەر نەبووبىَ لە دوای سەركەوتنمان، تا لە نێوان ئۆردووگاكاندا پياسەو سەردانو ميوانداری خەڵكی پێبكەينو داوەتەكانيان قەبووڵ بكەين، يا لە پێناو ئەوەی باوكم وەكو پيشەی هەمووجاری سەردانمان بكات، چ وەكو ناوبژيكەرێك، يان دەستەبەرێك؟

بەڵام دانوستانەكە درۆيەكی شاخدار بوو، نازانم لە دەسكردی كىَ بوو، هەواڵی ئەو دانوستانە نەگريسە وەكو ئاگر لە پووشی وشك بەربىَ، ئاوا بەناو پێشمەرگەدا بڵاوبۆوە... ئەو كاتەی لە باليسان بووين، ڕۆژێكيان وا خۆم نيشاندا كە نووستوومو گوێم لە دوو پێشمەرگە گرتبوو كە لە مشتومڕێكی گەرمدا بوون سەبارەت بە دانوستانی نێوان پێشمەرگەو حكومەت، يەكيان بەرگری دەكردو پێی خۆشبوو، ئەويتريش پێی ناخۆشبووو بە كارێكی خەراپی دادەنا. جا كاتىَ ئەوی دووەم لە باوەڕپێهێنانی يەكەم بێهيوا بوو لەوەی كە پێی بسەلمێنىَ دانوستان لەگەڵ ڕژێم هەڵەيە، پەنای بردە بەر فرمێسكەكانیو بە دەنگێكی خەماويی كاريگەرەوە پرسی:

- ئەی خوێنی شەهيدانت لەياد كرد؟!

جيا لەوان، سەير لەوەبوو گوێم لێبوو حاكم وريا بە چرپەوە گەيشتنی نوێنەری ڕژێم بۆ (خەتىَ)ی بە مەبەستی دانوستان بە هيوا رادەگەياند، گوايە شاندەكەی ڕژێم لەوێ چاوەڕێی حزبە كوردستانييەكان دەكاتو داوای لە هيواش كرد كە ئەو هەواڵە لای كەس نەدركێنىَ، كەچی حاكم وريا هەر خۆی بەسەر هەموو پێشمەرگەكاندا دەسووڕايەوەو يەك بە يەك هەواڵەكەی پێڕادەگەياندنو داوای لە هەمووشيان دەكرد كە ئەو نهێنييە نەدركێنن!

دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێك مام جوامێر هاتە لامانو لەسەر (كانی تەلان) كۆيكردينەوە كە نۆ پێشمەرگە بووين، بڕياری ئەوەی پێڕاگەياندين وەكو مەفرەزەيەكی پارتيزانی لە (ناوچەی شوان) دەمێنينەوە، هەر لەوێش سەرپشكی كردين لەوەی ئەو بڕيارە قەبووڵ بكەين، ياخود رەتی بكەينەوە. ئيدی مام جوامێر زۆر بە وردی هاتە سەر باسكردنی ئەو ناخۆشیو زەحمەتييەی كە دێنە سەر ڕێگای مەفرەزەيەكی پارتيزان، لە برسێتیو تينوێتیو ماندوو بوونو شەكەتیو مەترسیو پەلاماری دوژمنو بە تەنيايی مانەوەو شەونخوونیو خۆحەشاردانو گەرماو سەرماو... تاد. لەڕاستيدا ئاگاداركردنەوەكەی

پێشبینییەکی باش بوو، ئەوەشی تێگەیاندین کە: ئەو ڕۆژانە ڕۆژی پیاوی مەردو پێشمەرگەی ڕاستەقینەن‌و لە بارودۆخی تەنگانەی وادا کانزای ڕەسەنی مرۆڤە بوێرو جوامێرەکان دەردەکەون. بەرلەوەی مام جوامێر لە قسەکانی ببێتەوە، حەمەڕەشاش ڕەزامەندی خۆی لەسەر مانەوەی ڕاگەیاند، دوای ئەویش هەر هەموویان بڕیاری مانەوەیاندا، منیش بۆ ئەوەی دواکەس نەبم، بۆیە بە پەلە ڕەزامەندی خۆم پێڕاگەیاندن.

ناوی (پارتیزان) زیاتر وروژاندمی‌و سەرنجی ڕاکێشام، چونکە ناوێکی سەیرە. ئەوەی هەر لە منداڵییەوە گوێبیستی دەبووم‌و لە خەیاڵمدا دەخولایەوە پێشمەرگە بوو، وامدەزانی کەسانێکن لە ئەشکەوتەکاندا دەژین‌و جلوبەرگ‌و پێڵاویان پێستەو کەوڵی ئاژەڵە کێوییەو هەروەك‌و گورگیش ترسناکن‌و هەمیشە لە جوولەدان‌و ترس‌و دڵەڕاوکێ لە دەروونی دوژمنەکانیاندا دەچێنن، بەڵام کاتێ خۆم بوومە پێشمەرگە، بینیم ئەوانیش وەکو هەر کەسێکیتر ئاسایی دەژین، جوانترین جلوبەرگ دەپۆشن‌و قەشەنگترین جامانەش لەسەر دەنێن‌و بەجۆرەها شێوەش دەیبەستنەوەو گەلێ جاریش لە لوولدان‌و بەستنەوەی جامانەکانیاندا هونەرکاری دەنوێنن، سواری تازەترین ئۆتۆمبیلیش دەبن، بە تایبەتی ئەگەر دەسکەوت بێت...

کەواتە لەمەودوا لە ژیانی پارتیزانیدا، ژیانێکی پێشمەرگانەی ڕاستەقینە دەژیم، کتومت وەك ئەوەی هەر لە منداڵیمەوە لە خەیاڵمدا وێنەکێشرابوو.

لە کانی تەلانەوە بەرەو ئاوەگرد بەڕێکەوتین، ئینجا بەرەو ناوچەی شوان، لە ڕۆیشتندا کۆڵەپشتە پڕ لە نان‌و شەکرو چایەکەی کۆڵم‌و (RBG)یەکەی سەر شانم شەکەتیان کردبووم.

لەو ئانوساتەدا حکومەت لێبوردنێکی گشتی بۆ یاخی بووەکان ڕاگەیاند... کەواتە هەواڵی دانوستانەکە ڕاستە، ئەم لێبوردنەش سەرەتاکەیەتی، بۆ بەیانی دەشتی هات‌و داوای ئەوەی کرد کە ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە لای خانەوادەکەی کە دەمێك بوو چاوەڕێی بڕیارێکی لەمجۆرە بوو، دوای ئەو ئۆمەریش بە بیانووی ئەوەی کە دەسگیرانەکەی چاوەڕوانیەتی داوای ڕوخسەتی کرد. لە هەمانکاتدا مام جوامێر لەگەڵ حەمە ڕەشادا کەوتە گفتوگۆو داوای لێکرد کە سوود لەم لێبوردنە وەربگرێت‌و بگەڕێتەوە ناو ماڵ‌و منداڵەکانی، بەڵام حەمە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە وەڵامی دایەوە:

- بۆ؟.. هێندە ڕەزام گرانە لاتان‌و بارم بەسەرتانەوە؟، لێمگەڕێن با پێکەوە پاروەنانێك‌و چارەنووسێکی نادیار بەش بکەین!

بۆچی مام جوامێر - لەو کاتە- ئەو داوایەی لە من نەکرد؟ هەر یەکسەر دوای منجەمنجێکی سەرپێیانە ڕازی دەبووم‌و دەگەڕامەوە لای کەسوکارم‌و ژیانێکی ئاسایی دەژیام، بیانووشم ئەوە دەبوو کە پێشمەرگەکان خۆشیان ناوێم‌و حەز لە چارەشم ناکەن.

دوای تەواوبوونی ماوەی لێبوردنەکە، مام جوامێر داوای لێکردم بە فەرماندەیی مەفرەزەیەك کە لە خۆم‌و حەمە ڕەشاش‌و هۆگری هاولادێییم پێکهاتبوو، بەرەو ئۆردوگای بنەسڵاوە بکەوینە ڕێ، تا هەواڵی خێزان‌و کەسوکارو دۆست‌و هاوڕێیانمان بزانین، دوای ئەوەی شاڵاوە بەدناوەکەی (ئەنفال) لە گوندەکانیان گسکی لێدابوون‌و ژمارەیەکی زۆریشیان پێشتر بەرەو جەنگەڵە کۆنکریتییە داخراوە ڕیزبەندکراوەکانی ئۆردووگاکان ڕاپێچکرابوون. ئای کە ئەرك‌و پەیامێکی جوان‌و بەجێیە، چونکە لەلایەك بە خانەوادەکەم شاد دەبمەوەو لە لایەکیتریشەوە خۆم بەرپرس‌و سەردەستـەم، با هەر حەمە ڕەشاش بە چاوی ڕقەوە تێمبڕوانێ‌و هۆگریش با هەر خۆشی پێمدانەیەت.

هەر کە لە شینایییەکانی ئۆمەرگوومەت لە مام جوامێرو هاوڕێیانیتر جیابووینەوەو خودا حافیزیمان لێکردن، بێدەسەڵاتترین کەس لە مەفرەزەکەدا خۆم بووم، سەردەستەی چی! کێ حیسابی بۆ دەکردم؟، چونکە ئەگەر داوای پشوودانێکم لە دوو هاوڕێکەم بکردایە، ئەوان بە بیانووی ئەوەی کاتمان بەدەستەوە نییە ڕازی نەدەبوون، یا ئەگەر داوام لێبکردنایە کەمێك خێراتر بڕۆن، ئەوان بە بیانووی ئەوەی کە ماندوون، دادەنیشتن، یان داوای گرتنەبەری ئەم ڕێگایەم لێبکردنایە، ئەوان ڕێگایەکیتریان دەگرت... بۆیە هیچم بەدەستەوە نەمابوو، تەنها ئەوە نەبێ کە گوێیان لێبگرم‌و بە قسەیان بکەم.

بە هەر چەرمەسەرییەك بوو، گەیشتینە شوێنی مەبەست، بەڵام دوای ئەوەی کەوتینە کەمینی جاشانەوەو هۆگرمان لێ ون بوو. لەوێ باوکم پێشوازی لێکردم‌و گلەیی ئەوەی لێکردم کە دەبوایە سوودم لە لێبووردنەکە وەربگرتایەو ژیانی خۆم نەخستایەتە مەترسییەوە.

ئەو ئەركەی پێمان سپێردرابوو كۆتایی هات، بەهەر حاڵێك بوو منو حەمە ڕەشاش گەڕاینەوە بۆ ئۆمەرگوومەتو نەمانزانی هۆگری هاوڕێمان چی بەسەرهات. ئاخر چۆن وامان بەسەر نایەت كە ئێمە دەستەیەكی سێ كەسی بینو هەر كەسەو بە هەوەسی خۆی بكات؟

كاتێ گەڕاینەوە لای مام جوامێرو هاوڕێكانیتر، تا دەهات دۆخەكە دژوارتر دەبوو، بۆیە چیتر نەمانتوانی بە تەنیا بمێنینەوە، ناچار بووین بەرەو كۆسرەت بكەوینە ڕێ، تاوەكو لەگەڵ دەستەكەی مولازم كەریمدا یەكبگرینەوەو لە كۆسرەتدا نیشتەجێ بین، هەوڵ بدەین خۆمان حەشار بدەینو لە چاوان ون بینو كەس نەمان بینێتو لەوێ كات بەرینە سەرو لە چاوەڕوانیدا بین!.. نازانم ئەوە چاوەڕوانی بەهار بوو، یا دانوستان، یاخود ڕاپەڕین، یان هەر چاوەڕوانییەكی بێهوودە؟

لە پەنای تاوێرەبەردەكاندا ڕۆژمان بەشەوو شەویشمان بەڕۆژەوە گرێدابوو، بێئەوەی كەس هاموشۆمان بكات، نزیكترین ئاوەدانیش زیاتر لە شەش كاتژمێر بە پیادەڕۆیی لێمانەوە دوور بوو. هەوڵماندا پۆشاكێكی سرووشتی بەبەر ژیانماندا بكەین. ئەوە هەڵكەوتە وا پارچە نایلۆنو گەڵاو لقە درەخت كۆ دەكاتەوە، تا لەناو ئەو سەهۆڵبەندانەدا گەرماوێكمان بۆ دروست بكات، بۆ ئەوەی جەستەو جلوبەرگەكانمان بە خاوێنی بمێننەوەو لە پەلاماری ئەسپێی نەفرەتی خۆمان بپارێزین. ئەوەش ڕادیۆ حەیاتەكەیە، شەوان لە دەوری كۆدەبینەوە، گوێ لە دەنگو باسەكانی جیهانو گۆرانییەكانی ئێزگەی كوردیو (ئەحمەد سالار) دەگرین كە هەموو ئێوارەیەك لایەنێكی داستانەكەی (مەمو زین)مان بۆ دەگێڕێتەوە. هەروەها گوێمان لە (یاسر عەرەفات) بوو كە لەبەردەم نەتەوە یەكگرتووەكان لە ژنێف وتاری دەخوێندەوە. خەونێك خەیاڵی داگرتین: ڕۆژێك دێت نوێنەری گەلی كوردیش وەكو یاسر عەرەفات لەبەردەم نەتەوە یەكگرتووەكاندا ڕادەوەستێو وتار دەخوێنێتەوە. هەر لە ڕادیۆكەوە گوێبیستی هەواڵەكانی (سەلمان ڕوشدی) دەبووین كە لەلایەن (خومەینی)یەوە خوێنی حەڵاڵ كرابوو، ئەویش وەكو ئێمە لە حەشارگەدا دوور لە چاوی ناحەزانی ژیانی بەسەر دەبرد. هەندێكمان - هەر بۆ خۆشی- پێشنیاری ئەوەمان كرد كە ئەویش بێتە لای ئێمەو لێرە خۆی حەشار بدا كە هیچ كەسێك نایگاتێ...

گەلێجار بۆ كات بەسەربردن هەندێ دەنكە برنجمان لەبەردەم كەپرە بەسەهۆڵ داپۆشراوەكانمان پەرت دەكردەوە، تا بە بینینی ڕەوە چۆلەگەكان كە بە سوپاسەوە دەنكە برنجەكانیان دەچنییەوە چێژ وەربگرین. جگە لەوەش سۆزو خۆشەویستی خۆمان بەخشیبووە ئەو پشیلەیەی كە خەڵكی كۆسرەت دوای ئەوەی لە گوندەكانیان ڕاگوێزرابوون، جێیانهێشتبوو، تا ئەویش دووچاری چارەنووسێكی ڕەشو نادیار بێت، خوا هەڵناگرێت پشیلەیەكی نەرمونیان بوو، جۆرە نازێكیشی پێوە دیاربوو، لە ناچاری پەنای وەبەر ئێمە هێنابوو، بۆیە ئێمەش وەكو خانەخوێیەكی خانەدان ڕێزی میوانداریمان لێگرتو لە نزیك زۆپاكەوە شوێنێكمان بۆ دابین كردبوو، هەموو ژەمێك حیسابمان بۆ ئەویش دەكردو شەوانەش قاپێكی پڕ لە تەحین یا شیرمان لەبەردەمی دادەنا.

ئەوەی نیگەرانو هەراسانی كردبووین، ئەو هەموو سەگە بەرەڵایەی كۆسرەت بوو كە ئەوانیش دوای پرۆسەی قێزەونی ئەنفال، ئەوانەی لە ئاگری گوللەی ئەنفالچییەكان دەربازیان بوو بوو، لەو دەڤەرەدا بە بەرەڵڵایی دەسووڕانەوەو ئازووقە شاراوەكانمانیان لەناو كوناو بن تاشەبەردەكاندا دەردەهێناو بێكەڵكیان دەكردن، دەنگی وەڕینو مرەمرپیشیان هەمیشە دووچاری مەترسیو دڵەڕاوكێیان دەكردین، چونكە سەرنجی ڕەبایەو مەفرەزەی جاشەكانی ڕادەكێشا كە لە قەدپاڵو بەرزاییەكانی كۆسرەت نزیك كەوتبوونەوەو ئاشكراكردنی شوێنەكانمانیان بۆ هێزەكانی سوپا كە بە بەردەوامی كێوماڵی ناوچەكەیان دەكرد، خستبووە مەترسییەوە، بۆیە هەڵمەتی سەگ كوشتنمان دەست پێكرد، چ بە خنكاندنیان یان كوشتنیان بە دار. لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە نامرۆڤانەیەماندا بەختیار بە نیگای چاوەكانی سەرزەنشتی دەكردین، لە ترسی ئەوەی نەبادا لە پاشەڕۆژدا خەڵكی گوندەكەیان بە سەگكوژ بانگی بكەن... حەمە گەلێجار باسی هەڵوێستە سەرەڕۆییەكانی خۆی سەبارەت بە سەگكوشتن بۆ باسكردبووین، ئەو كاتەی كە لەسەردەمی ئەنفالدا لە نێو شینایییەكانی نزیك گوندەكەیان خۆی لە حەشارگەدا شاردبۆوەو سەگ هەراسانیان كردبوو. ئەو دەیگوت: فرێمدەدانە ناو كونە فیرارێكەوەو دەركی كونەكەم بە فەردە خۆڵ قایم دەكرد، تا تۆپینێكی لەسەرخۆ بتۆپن، لە سزای ئەوەی كە بە بەردەوامی دەوەڕینو فەردە ئاردە شاردراوەكانیان لێ پیس دەكردمو دەیاندڕاندن... ئای خوایە چۆن شتەكان دەگۆڕیت، ئاخر جاران سەگ باشترین پاسەوانی ماڵانو دڵسۆزترین ئاژەڵی خاوەنەكەی بوو، كەچی ئێستا وا ڕاودەنرێو دەكوژرێ؟!.

لەناو ئەو سەهۆڵبەندانەی قەدپاڵی کۆسرەتدا، شەڕە بەفر باشترین یاریمان بوو، هەمووجار دەبووینە دوو تیپو ڕاوی یەکتریمان دەناو بۆسەمان بۆ یەکتری دەنایەوە... بەدبەخت بوو ئەو کەسەی بە دیل دەگیرا، چونکە دەخرایە ژێر بەفرەوە. بەختیار یەکێك بوو لەوانەی بەختی نەبوو زوو بەدیل دەگیرا، چەندین جار دەمانخستە ژێر بەفرەوە.

تاکە ئامرازێك کە بە جیهانی دەرەوەی دەبەستاینەوە دەزگایەکی جۆری ڕاکاڵو یەکێکیتر لە جۆری (١٠٥)بوو، بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ مەفرەزەکەی کۆیە بەکارمان دەهێنا، هەرچەندە هەردوو دەزگاکە بەدەست هەڵکەوتو چالاکەوە بوون، کەچی دوای ئەوەی هەموومان دووچاری پەتای جیهازکردن بووین، ئیدی بە نۆرە بەکارمان دەهێنان، قسەکردن بە جیهازیش جۆرە لەزەتێکی خۆشی تێدایە، بۆیە ئەگەر پەیوەندییەك تەنها پێویستی بە چەند خولەکێکی کەم بوایە، ئەوا ئێمە نزیکەی نیو کاتژمێر پێوەی خەریك دەبووین. لە هەر هەمووشمان زیاتر مام جوامێر حەزی لە جیهازکردن بوو، سەیر لەوەدا بوو کە دەچووە سەر کۆسرەت بە هەموو توانایەوە قسەی دەکردو دەنگی بەرز دەکردەوە، ئەو پێیوابوو بەو دەنگ هەڵبڕینەی قسەکانی ئاسانترو ڕەوانتر دەگاتە لایەکەیتر لە چیای باواجی، هەموو جارێ لە کەپرەکانی خۆمانەوە بە جوانی گوێمان لە قسەکانی دەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە نزیکەی نیو کاتژمێریش سەر دەکەوتە سەر کۆسرەت. جا هەر کە دەهاتە خوارەوە قسەکانیمان بۆ دووبارە دەکردەوە، ئەویش بەوە کەیفی دەهاتەوە، باسی ئەوەی بۆ دەگێڕاینەوە کە کاتی خۆی لە مزگەوتەکەی گۆپتەپە (بانگدەر) بوو، دەنگی ئەوەندە گەورەو بەهێز بووە کە لەمسەرو ئەوسەری ئاواییەکی فراوانی وەك گۆپتەپە گوێیان لە دەنگی بووە.

ئەوەتا لووتکەو قەدپاڵەکانی کۆسرەت خەریکن ئارام دەبنەوە، دوای ئەوەی لە بەرەبەیانێکی زووەوە ئاسوودەییان لێهەڵگیرابوو، تەنانەت تاکە جاشێکیش لەم ناوە نەماوە، هەموویان بەرەو گردۆلکەکانی دەوروبەری گوندی (ئالیقە) شۆڕبوونەوەو لەوێ چادریان هەڵداوەو چاوەڕوانی سبەینێن، تا سەرلەنوێ بە دوای ئەو پێشمەرگانەدا بگەڕێن کە لەناو تاشەبەردەکانی کۆسرەتدا خۆیان حەشارداوە.

دوای ئەوەی خۆر ماڵئاوایی لە ناوچەکە کردو ڕەنگێکی مەیلەو سووری خوێناوی ئاسمانی داگرتبوو. هەڵکەوت بەر لە ئێمە بەرەو کەپرە هەڵقرچاوەکانمان شۆڕبۆوە. مولازم کەریم دەیگوت: ئەو ڕەنگە خوێناوییەی کە ئێواران بەری ئاسمانی ڕۆژئاوا دەگرێ، شیعەکان پێیان وایە کە ئەو ڕەنگە ئاماژەیە بۆ خوێنی بە ناهەق ڕژاوو سەربڕینی حوسێنو هاوەڵەکانی کە لە شەڕێکی خۆکوژی ڕۆژی عاشووورادا ڕوویداوە، بۆیە ئەو ڕەنگە هەمیشە ئاماژەیە بۆ خوێنو سەربڕینی مرۆڤ، وەك ئەوەی هەموو ئێوارەیەك خۆر سەربڕنو هەموو سپێدەیەکیش خوێنو گیانی بێتەوەبەر، تا هەسارەکەمان وا دەرکەوێ کە پڕاوپڕیەتی لە خوێنی کوژراوەکان، بە چەشنێك کە لە ئاسمانیدا ڕەنگ بداتەوە؟

یەك لەدوای یەك بەدوای هەڵکەوتدا کەوتینەڕێ، تا بەدوای ئەو هاوڕێیانەماندا بگەڕێین کە ماونەتەوە.

ئەوە حەمە ڕەشاشە بە دەنگە تایبەتییەکەیەوە بانگمان دەکات، تا لە هەڵگرتنی ئاسۆدا کە قاچی زامدارە یارمەتی بدەین، وەلێ دکتۆر هۆشەنگ دڵنیای کردینەوە کە زامەکەی ئێسکی نەگرتووەو گوللەکە تەنها بەر گۆشتی قاچی کەوتووە.

بە هەموو لایەکدا گەڕاین، بانگی ئەو هاوڕێیانەمان دەکرد کە ونمان کردوون، بەڵام لە کۆی (١٤) پێشمەرگە نۆمان ماینەوە.

بە پەلە قەدپاڵی چیایەکەمان جێهێشت، بەناو بەفرەکەدا بەرەو کانی ئەسپان شۆڕبووینەوە، هەڵکەوت زۆر بە وریاییەوە پێشمان کەوتبوو، جارجاریش لە هەڵگرتنی ئاسۆدا هاوکاری دەکردین، ئێمەش بۆ ئەوەی ئاسۆ دوا نەکەوێو لێمان دانەبڕێ، یارمەتی یەکتریمان دەدا، ئاسۆش بە سەرنجێکی پڕ لە لێبوردنەوە تەماشای دەکردین لەوەی کە پێیەوە ماندوو دەبین.


وێڕای ئەوەی کە لە سبەینێیەکی زووەوە هیچمان نەخواردبوو، کەچی هەستمان بە برسێتی نەدەکرد، تەنها حەمە ڕەشاش نەبێ وەبیری هێناینەوە، کە دوای پشوودانێکی کەمو خواردنی ژەمەنانێك، ئینجا ڕێبکەین، هۆکاری داواکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو ژەمەنانە کەمە دەبێتە هۆی بەخشینی وزەو بۆ ماوەیەکی باشتر دەتوانین بەرگە بگرین. هەموومان داواکەیمان پەسەند کرد. ئەم (حەمە نەوسنە) هەمیشە بۆ ژەمە خواردنی گۆشتو مریشكو موعەلەبات دەسپێشخەرە.

دوای خواردنی ژەمەنانێکی خێرا، بە دڵەڕاوکێوە دەستمان بە ڕۆیشتن کردەوە، هەرچەندە کە بێدەنگی شەو دڵنیایی پێدەبەخشینو هێدی هێدی لە قەدپاڵەکە دوور دەکەوتینەوەو لە (شیوەشان)و دۆڵە سەختەکانی نزیک دەبووینەوە، تا بیکەینە خاڵی چاوەڕوانیی دەسپێکی ڕۆیشتنێکی نادیار.

---

★ لە دەقە عەرەبییەکەدا ناوی شالاو بە (قالە) هاتووە، چونکە ئەو کاتەی نووسەر ڕۆمانەکەی نووسیوە، شالاو گەڕابۆوە ناو شار. زۆر بەداخەوەش لە ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/١١، دوای ئەوەی دووچاری نەخۆشی جگەر بوو، بەنەداری‌و هەژاری سەرینایەوەو گەیشتە کاروانی نەمران. (وەرگێڕ)

★ ★



# مام جوامێر

ئەوە زێی بچووکە، لە دۆڵی کلێسەوە بە ئاوەڕۆیەکی پێچاوپێچدا هەنگاو بەرەو خوار دەهاوێ، دەیەوێ ئاوەکەی بە تێکڕای ئەو جۆگەو جۆبارو گوندانە ببەخشێت کە دەکەونە ئەمبەرو ئەوبەرییەوە. ئەوەش (بۆڵقامیش)ە بە وێرانیو خەمبارییەوە ڕاکشاوەو لە قەدپاڵەکەوە دەڕوانێتە زێی بچووک، دوای ئەوەی دانیشتوانەکەی لە دوو قۆناغی کۆچکردندا بە ناچاری دەسبەرداری بوونو جێیانهێشت: جاری یەکەم بەرەو ناو شینایی‌و کێڵگە کشتوکاڵییەکانی، ئەو کاتەی کە تۆپبارانی ترسناکی ڕژێم ئاگرو مەرگی بۆ ماڵەکانیان بە دیاری دەناردو لە ترسان ڕەویان کرد، جاری دووەمیش شینایی‌و کێڵگە پەرشوبڵاوەکانیشیان جێهێشت کە لە کەناری زێیەکەوە بوون، ئەو کاتەی کە ئەنفالو بارقەکەی، بە بەختی ڕەش‌و شوومیانەوە شاڵاوی مەرگو نەهامەتی‌و قاتوقڕییان هێنا... کە گوندەکەم بە چۆڵکراوی‌و وێرانەیی دەبینم، خەم‌و کەسەر خەریکە دڵم دەردێنن... ئاخر ئەوە سزاکەیەتی!، دوای ئەوەی پاڵی بە هەموو ڕۆڵەکانییەوە نا، تا بچنە ڕیزی پێشمەرگایەتییەوە کە ترس‌و دڵەڕاوکێی لای شێخ‌و چەکدارەکانیشی ورووژاند.

دووربینەکەم هەڵگرت، تا تەماشای کەلاوەکانی ماڵەکەم بکەم، کە جاش لە گەرمەی ئەنفالەکەیاندا سوتاندبوویان... کاتێ بەو چەشنە خانووو ماڵ‌و کێڵگە کشتوکاڵییەکانم بینی، چاوەکانم پڕ لە فرمێسک بوون. ئای دەبێ فریادو براو خوشکەکانی‌و دایکی چییان بەسەر هاتبێ؟ دەبێ حاڵی هێمنی کوڕی شیرەخۆرەم چۆن بێ، کە هێشتا ساڵێکی تەواو نەکردووە؟ ئەو کوڕەم بە ناوی هێمنی ئێرانییەوە ناونا، کە وڵاتی خۆی جێهێشت‌و هاتە ڕیزەکانی ئێمەوە، ئەجەلی مەرگ بۆ ئێرەی هێناو مووشەکێکی هێشوویی لە گوندی (مەلا زیاد) بێ بەزەییانە گۆشاوگۆش سەری بڕی.

زۆر بە ئاواتەوە بووم فریادی کوڕە نۆبەرەم فێری خوێندەواری بکەم‌و بڕوانامە وەدەستبێنێ‌و وەکو چەکێك لە درێژەدان بە جەنگی باوکی بەرامبەر دەرەبەگایەتی بەکاریبهێنێ، بەڵام هەر لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە بەرپرسیارێتی ماڵەوەم خستە ئەستۆی‌و خۆیشم ڕێگای سەرشێتی‌و حەزی منداڵی‌و گەنجی‌و پیرێتیم کە پێشمەرگایەتی بوو گرتەبەر.

من لەو کاتەوەی کە هەر لە منداڵییەوە خۆم بە هەتیوی دیوە، چەك‌و پێشمەرگایەتی بوونەتە بەشێك لە ژیانم... ناتوانم بەبێ چەك‌و پێشمەرگایەتی ژیان وێنا بکەم‌و بۆ ساتێکیش بیگوزەرێنم، ئاخر گەر چەك نەبوایە، من زۆر دەمێك بوو گڕی چەوساندنەوەی چینایەتی دەیکردمە قەرەبرووت.

ترسانم لە شێخی گوندەکەمان‌و ڕقوقینم بەرامبەری وایان لێکردم بەرلەوەی هێشتا مووم لێبێ چەك هەڵبگرم. دەبوایە بە درێژایی وەرزی کشتوکاڵی ڕەنج بدەین‌و ئارەق بڕێژین، تا نیوەی بەرهەم‌و داهاتەکەمان بدەینە شێخ، نیوەکەیتریش نەیدەگەیاندینەوە وەرزی داهاتوو. خۆزگە هەر ئەوەندەش بەس بوایە، بەڵکو دەبوایە بەشەکەی شێخمان هەڵبگرتایەو بۆیمان ببردایەتەوە دێیەکەی خۆی (عەسکەر). هەرگیز ئەو ڕۆژەی سەردەمی منداڵیم لە یاد ناچێتەوە، کاتێ دایکم بەشەکەی شێخی لەسەر پشتی گوێدرێژەکە قایم کرد، تا بۆ شێخی بەرم، لە ڕێگا لە نێوان گوندەکەی خۆمان‌و گوندەکەی شێخدا، بارەکە لەسەر پشتی گوێدرێژەکە کەوتەخوارەوەو منیش هێشتا دەست‌و قامەتم ئەو هێزەیان نەبوو، تا بارە گەنمەکە بخەمەوە سەر پشتی گوێدرێژەکە، ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کرد، بەڵکو ئەمە خوایە ڕێبوارێك تێپەڕێ‌و بارەکەم بۆ بخاتەوە سەر پشتی کەرەکە، بەڵام بێسوود بوو، خۆرەکەیش هەڕەشەی ئاوابوون‌و جێهێشتنی ئاسمانی بۆڵقامیشی لێدەکردم، تا بە دوای خۆیدا تاریکییەکی ئەنگوستەچاو بێنێت. بۆیە هیچم پێنەما، تەنها گریان‌و فرمێسکەکانم نەبێ، کاتێ کە شوانەکان گوێیان لێم بوو، بە هاوارمەوە هاتن‌و فریام کەوتن.

ئەوەی زیاتر بەرامبەر شێخ تووڕەو بێزاری کردم، بڕیاری بەزۆر مارەکردنی خوشکەکەم بوو، هەتا بە بێ ڕەزامەندی خۆیشی لە یەکێك لە پیاوەکانی خۆی. ئەو هەڵوێستە تۆقاندمی، سەرەڕای بچووکییشم، بەڵام خۆم پیاوی ماڵێ بووم، ئاخر چۆن ڕێگا بدەم خوشکە گەورەکەم لە نێومالاندا لێبدزن‌و بیدەنە دەستوپێوەندێکی شێخ‌و منیش لە ئاست ئەو تاوانە بێشەرمانەیەدا بێدەنگ بم.. بۆیە بە پەلە خۆم گەیاندە لای خزمەکانم لە کەلکەسماق تا لەو کێشەیە ڕزگارم بکەن، لەوێ

بردميانە ديوەخانی (مام ڕەزا) تا پیرۆزبایی شووکردنی خوشکەکەم بکات بە خزمێکمان، ئەمەش بۆ دەرباز بوون لەو دەستدرێژییەی کە شێخ دەیویست بیکاتە سەر کەرامەتو سەربەستیمان.

سەرسەختیو بەرەنگاربوونەوەمو نواندنی ئەو هەڵوێستەم کە هێشتا بچووکیش بووم، پیاوەکانی ئاغای شێتگیر کردو هۆشیان لە کەللەدا نەما، بۆیە بە دەورمدا دەخولانەوەو هەوڵی تۆڵەسەندنەوەو چاوشکاندنمیان دەدا، ئەمەش ناچاری کردم تفەنگێکی ئینگلیزی بکڕم، تا بەرگری لە خۆم بکەم، بەڵام تەنها چەکێك کەی تاسەر توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەموو چەکەی داروەدستەی شێخی هەیەو چۆن دەتوانیێ بمپارێزێ، لە کاتێکدا کە پیاوانی شێخ لە دێی عەسکەر جووتیارێکیان خەڵتانی خوێن کردو کوشتیان، تەنها لەبەرئەوەی ویستبووی بە چەکە ئینگلیزییەکەی بەرگری لە خۆی بکات، کاتێ بەرپرسێکی پۆلیسیش لە ئاغجەلەرەوە هاتبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکە، ڕووداوەکەی بە جۆرێکی هەڵبەستراو تۆمار کردبوو، تیایدا جووتیارەکەی بەوە تاوانبار کردبوو کە پەلاماری پیاوانی شێخی داوەو ئەوانیش بۆ پاراستنی گیانی خۆیان تەقەیان لێکردووەو کوشتوویانە. بۆیە جارێکیتر ڕووم کردەوە دیوەخانی مام ڕەزاو داوای پارێزگاریم لێکرد.

مام ڕەزا بە دڵە پڕ لە سۆزو مرۆڤایەتییەکەیەوە ئەفسووناوی کردبووم، ئەو زوو هەستی بە ئازاری زامەکانی ناخم کردو لە بەرامبەر هەڕەشەکانی پیاوانی شێخدا ئاسوودەیی پێبەخشیم، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕقوکینەی شێخو پیاوەکانی بە دوامەوە بوون، بۆیە ترسو بەرەنگاربوونەوەی لە ناخمدا زیاتر دەکرد، لەبەرئەوەی پیاوانی شێخ کەسێکیان بە ساغی نەدەهێشت ئەگەر بە ڕوویاندا بووەستایەتەوە.

گوندەکەمان، بۆڵقامیش.. لە لیستی ڕەشی پیاوەکانی شێخدا بوو، لەبەرئەوەی خەڵکەکەی بەرەنگاری دەسەڵاتی شێخو پیاوەکانی دەبوونەوەو بە خەراپترین شێوە نوێنەرەکانی شێخیان دەردەکرد، پەیڕەوکردنی ڕێبازی مام ڕەزاش باشترین چەکی دەستی ئەو خەڵکە بوو بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی شێخ کە خۆیشی خزمی ڕابەری ڕێبازەکە بوو.

مام ڕەزای شێخی ئاینپەروەرو سۆفیی ڕەوشتبەرز، وەکو ئەرکێکی ئاینی، داوای دادپەروەری لە کۆمەڵگادا دەکرد، هەروەها دروشمی (زەوی بۆ ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێ)ی بەرز کردبۆوە، هەر بۆیە (کاکەزیاد)و (شێخ رەئوف) کەوتنە دژایەتی کردنیو بە تۆمەتی لە دین لادان لە بەندینخانەی کەرکوکیان قایم کرد. داواکانی مام ڕەزا لەبەرئەوەی هەرهەموویان ڕەوابوون، بۆیە هەموومانی ئەفسوناوی کردبوو. بەندکردنی ئەم پیاوە هەژارپەروەرە جووتیارانی گوندە پەرشوبڵاوەکانی سەرزێی بچووکی هەر لە ناوچەی پشدەرەوە تا سنووری پردێو دەوروبەری کەرکوکی وروژاند، هەر هەموویان بەرەو کەرکوك کەوتنەڕێو لەبەردەم بەندینخانەی کەرکوکدا بەیەك دەنگ هاواریان دەکرد: هەقە.. هەقە.

ئەو ڕووداوە پارێزگاری ئەو کاتەی کەرکوکی تۆقاند، کاتێ بینی ئەو هەموو جووتیارە بە پیاوو پیرو منداڵەوە بەو جۆرە بە پەرۆشەوە داوای ئازادکردنی ئەو سەرکردە خۆشەویستەیان دەکەن، بۆیە بە پەلە ئازادی کرد، مام ڕەزاش وەکو ڕابەرێکی لێهاتووی ئەو هەموو جووتیارە هەژارە سەربەرزانە گەڕایەوە کەلکەسماق.

لە کاتێکدا هێشتا نوقمی ئەو یادەوەریانە بوومو بە حەسرەتەوە لە کەلاوەکانی بۆڵقامیشم دەڕوانی، لەپڕ کەروێشکێکی کێوی لە پێشم دەرپەڕی... .. بەپیرەوە هاتنو فاڵێکی شوومە!، چونکە لای ئێمە ئەگەر جووتیارێك بۆ ئیشکردن، یان بۆ گەشتێك دەرچێ ئەگەر لە ناکاو کەروێشکێکی کێوی تووشهات، پێویستە بگەڕێتەوەو نەڕوات. بۆیە ئەم کەروێشکەش نیشانەو ئاگادارکردنەوەیەکی شوومە، بەدبەختییەك کە لە ناخی دڵەوە ئازاریدامو لە دەنگی قەلەڕەشکەو کوندەپەپۆ زیاتر بەلامەوە شووم بوو، ئاخر ناهەقم نەبوو، ئەوە یەکەم جارم نییە، بە درێژایی ژیانم چەندین جاری دیکە تاقیمکردۆتەوەو هەر جارێك لە ڕێگاوباندا تووشی کەروێشکێکی کێوی هاتبم، ئەوا دووچاری بەدبەختیو چارەڕەشییەك هاتووم... هەر ئەو کەروێشکە تووشی نەگبەتی کردم، ئەو بەیانییەی کە بە بەندکراوی بۆ زیندانی (ڕایات)یان بردم، ئەو بەندینخانەیەی کە وەكو زیندانییەك کونجە تاریکوتوونەکانی تەڕیو ڕووگەشی لاوێتییان لە سیمایا دزیم. هەر ئەو کەروێشکە نەگبەتە بوو سەرەتاتکێی لێکردم، ئەو بەیانییەی کە کۆپتەرەکان دابەزینە سەر بەرزاییەکانی بۆڵقامیش. هەر ئەویش بوو لەو بەیانییە حوزەیرانییە شوومەدا تووشم هات، کە وای لێکردین لە چیای سەفیندا بە درێژایی ئەو ڕۆژە گەرمە لە نێوان تاشەبەردە گرگرتووەکانیدا ئابلۆقە بدرێینو هەتا هەندێکمان ناچاربین پەنا بۆ خواردنەوەی میزی خۆمان بەرین دوای شیرینکردنی

بـه شـەکر، هـەر لـەوێش هاوڕێیـان (ئـازاد)و (لالـە حەمـە)و (سـەلمان)و چـەند هاوڕێیـەکیتر بوونـە شـەهیدی تینـوێتیو جێیانهێشتین.

سێرەنیگای دیدەکانم ئاراستەی ئەو دۆڵە کرد کە دەیرِوانییە سەر شیوەشانی دەشتی کۆیە، ئەو شوێنەی کە پـێش تۆزێـك مولازم کەریمو بـەختیارو سوورەم تیـا جێهێشت کـە خـەریکی ئاگرکردنـەوە بـوون بـۆ ئامادەکردنی چایەو خـواردنی نـانی بەیانی. بۆیە هاتمە ئێرە تا لێیەوە چاودێری (کۆسرەت)و (دۆڵی خەلەکان) بکەم، بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕێگای گەڕانـەوەمان بۆ لای کەپرەکان، دوای ئەوەی کۆمەڵە هاوڕێیـەکمان لـەوێ جێهێشـتو لـە ناخـەوەش لـە غـەدری ئـەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە دەترساین کە بە درێژایی زستان لە نزیکمانەوە بوون، کەچی ئەمڕۆکە بوونەتە دووبەشو بەشێکیان چوونەوە ڕیزی ڕژێمو بەشەکەی تریشیان بەرەو سنوورەکان ڕۆیشتن.

بەسۆزەوە لە هەرسێ هاوڕێکەم ڕووانی، بە ئاشکرا شەکەتییان پێوە دیار بوو، نەخوازەڵا مولازم کـەریمو بـەختیار کـە ڕێ کردن بە لایانەوە کـارێکی ئەسـتەم بـوو، بـە هـۆی سـووتانەوەی ناوگـەڵیان لـە ئـەنجامی ئـەو ڕۆیشـتنەی شـەوی ڕابـردوو بـەو دەشتەدا، چونکە هـەردووکیان بـەهۆی زۆر دانیشـتنو تەوەزەلییانـەوە لـەژێر کەپرەکانـدا، ئـەو دوو کـەپرەی کـە خۆڕاگرانـە بەرگەی داڕمانی بەفری کۆسرەتیان گرت، بە شێوەیەکی سەیر قەڵەوو خەپۆکە بوو بوون.

سۆزو بـەزەیی‌و گلـەییم لـە مـولازم کـەریم لـە زیادبوونـدا بـوو. ئـاخر بۆچـی سووربوو لـە سـەر ئـەوەی کـە لەگەڵمانـدا بمێنێتەوە، لەو کاتەی کە داوامـان لێکـرد لەگـەڵ ئـەو پێشمەرگانەدا بـڕوات کـە بـەرەو سنوور ڕۆیشـتن؟، چـۆن بـەو جەسـتە شلوخاوەی کە هێشتا تەوەزەلی کوڕانی شاری پێوە دیارەو ڕانەهاتوون لە کاتی لێقـەومانو گەشـتکردندا پـەنا بـۆ قاچـەکانیان ببـەن، یـا بـەو دوو چـاوە کـزەی کـە چـاویلکەیەکی عەنتیکەی پزیشـکی داپۆشـیونو جامـەکانی بـە ڕۆژ ڕەنگێکـی سـەوزی تاریکیان هەیەو بە شەویش سپێتییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئاخر ئەو بەم حاڵەوە چۆن دەتوانـێ بەرگـە بگـرێ؟، ئـەم مـولازم کەریمە هەمیشە خەمێکی گەورە بوو لە سەر دڵم، بەتایبەتیش ئەو کاتانەی وەکو پیشەی ئاساییمان شەوانە لـە تاریکییـەکی ئەنگوستەچاودا ڕێ دەکەین، نازانم چۆن بەو دووچاوە کزەیەوە دەتوانێ ئەو هەموو ڕێگایەمان لەگەڵدا ببڕێ؟ ئـەو خۆیشـی ئەم هەستو سۆزەی لە چاوەکانمدا دەخوێندەوە، هەروەکو لە چاوی هاوڕێیـانی دیکەشـدا دەیخوێنـدەوە، کەچـی بەسـەرخۆی نەدەهێناو وای پیشان دەدا کە لە دۆخێکی ئاساییدایەو چاوەکانی لە چاوی هـەمووومان تیـژترەو قاچەکانیشـی لـە ڕۆیشـتندا زۆر لـە قاچـی ئێمـە سـووکترن... بەهـەرحاڵ مـن خـۆم زۆر بەختـەوەر بـووم پێـی‌و شـانازیم پێـوە دەکـرد، چـونکە ئـەو پێشمەرگەیە، تاکە پێشمەرگەی عەرەب بوو لە ناوماندا، هـاتبوو تـا نـاڕەزایی خـۆی بەرامبـەر ئـەو کردەوانـە ڕابگەیـەنێ کـە ئامۆزاکانی دژی کورد ئەنجامیان دابوو، هاتبوو تا ژیانی خۆی بکاتە قوربانی‌و پاکانەی خۆی لەوانە وەرگرێ کـە بـەو کـردارە چەپەڵو دڕندانانەی کە دەرهەق بـە کـوردە ئاسـوودەو بـێ دەسـەڵاتەکان کردبوویـانو ئـابڕووی عـەرەبیان پـێ بردبـوو. ئـەم خۆشحاڵی‌و شانازییە لە چاوی ئەوانەش بەدی دەکرا کە پێشوازییان لە پێشمەرگەیەکی عەرەبی وەك مولازم کەریم دەکـردو گەلـێجاریش ئـەم شـانازییە دەبـووە خۆشەویسـتییەکی بەسـۆزو مایـەی دڵنیـایی بـۆی، وێـڕای هـەوڵی هەنـدێك بـۆ گـۆڕینی بیرۆکەی دژایەتی کردنی ڕژێم بۆ دژایـەتی کردنـی عـەرەب. چـونکە گـوێم لـە یـەکێکیان بـوو دەیگـوت: دوای بونیادنانـەوەو ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە، پێویستە لە دەروازەکەیدا بنووسرێ:

-بۆ هەموو عەرەبێك قەدەغەیە بێتە ناو شارەوە، هەتا پێشمەرگەش بێت!

لە رووخسارو سیمای جووتیارەکانی ناوچەکەدا ڕقو خەمو تووڕەییەکی زۆر بەدیدەکرا، کاتـێ ئـەو هەواڵـەیان بیسـت کـە هێزی پێشمەرگەی لایەنێك پەلاماری گوندێکی عەرەبنشینی ئاسوودەیان داوەو دەستیان لە ژنو منـداڵو پـیرو پەککەوتـەش نەپاراستووە، جگە لەوەش هەتا دیلە عەرەبەکانی ناو زیندانەکانی خۆیشیان کوشتووە، بە پاساوی تۆڵەکردنەوەی شەهیدانی هەڵەبجە....

دەنگی گوللە (RBG)یەك لە ئاسمانی کۆسرەتەوە وەئاگای هێنامەوەو سەرنجی ڕاکێشام، بە پەلە دەستمدایە دووربینەکـەم تا تەماشایەکی لووتکەی چیایەکە بکەم کە شـەوی ڕابـردوو لێـی دابەزینـە خـوارەوە، چـی ببیـنم؟ لووتکـەی کۆسـرەت پـڕ لـە چەکدار بووەو دەنگی تەقەش بە کزی دەکەوتە بەرگوێم، ئەوەش نیشانەی ئەوەبوو کە تەقـەکان ئاراسـتەی کـانی شـەهیدان دەکرێن.

هاواره هەڵکەوت... حەمە هاواره... ئای چ کارەسات و ڕووداوێکی شوومە، وا ئازیزانمان شەهید دەکرێن... هەمان خیانەتە جارێکیتر و سەرلەنوێ دوای چەندان ساڵ بۆنی خوێن وەبیر ئەم چیایە سەرکەشە دێنێتەوە.

ڕاستە بەرخی نێر بۆ سەربڕینە، ئەوەتانێ لاوە بێتاوانەکانمان بە چەقۆی دەستی برا کوردەکانیان سەردەبڕدرێن.

هەزاران حەیف و مخابن بۆ تۆ کوردستان، وا بەو جۆرە سووتماك دەکرێیت و دەخنکێنرێیت.... ڕۆڵە بێئەمەك و خیانەتکارەکانت، ڕۆڵە دڵسۆز و ئەمەکدارەکانت دەکوژن، دیمەنی قابیل و هابیلەو کارەساتەکان دووباره دەبنەوە...

هەمووی خەتای من بوو، من ئەو دەستە لاوەم بەکوشتدا، من ئەوانم بەرەو دوا مەنزڵگای مەرگ هێنا، ئەوەتا بە بەرچاومەوە خوێنیان دەڕژێ و منیش دۆشداماوم و جوولەم لێوەنایێ، گوێم لە بانگ و هاواریانە، کەچی ناتوانم بە دەنگ و هانایانەوە بچم و فریایان بکەوم، یان هەتا وەڵامیشیان بدەمەوە.

-هاواره.. هاوار.. ئەی کوردینە!

بە گریانێکی سەختەوە ئەم وشانەم لە زار هاتنەدەر، فرمێسکیش لە چاوەکانمەوە وەکو لێزمەی بارانی بەهار دەبارین. ئاخ هەڵکەوت تۆ چەند لاوێکی سەرسەخت و عنیادیت؟! چەند داوام لێکردیت بە ڕۆژ کەپرەکان جێبهێڵن، هەتا ئەگەر هەوریش بەری ئاسمانی گرتبێ؟! کەچی تۆ بەوە وەڵامت دەدامەوەو پاساوت دەهێنایەوە گوایە هاوڕێیان ماندوون؟ ئاخر تۆ خاتری خوا پێم ناڵێی کامیان باشترە ماندوو بوون، یان ئاوا بکوژرێن؟

ئاخ مولازم شێرزاد ئەی تۆ؟ هەمووی خەتای من بوو، من ناچارم کردی لەگەڵ هاوڕێکانت بێنە لامان، وەك ئەوەی بە دەستی خۆم بەرەو مەرگتان بەرم، ئێوەش نقەتان لێوەنەهات و سووك و ئاسان گوێڕایەڵم بوون.

مام حوسێن: کاتی ئەوە هاتووە فریامان بکەویت، ئەو هەموو نامانەی پڕ بوون لە وادەو بەڵێنی جۆراوجۆری وەکو ئازووقەو بەلەمێکی ئامادەکراو لە کەنار دەریاچەکەوەو ئەو حەشارگانەی کە لە شاردا ئامادەن بۆ شاردنەوەمان لە کاتی لێقەوماندا، وا کارەساتەکەمان تووشهات و لێمان قەوما، تۆ بڵێی خاوەنی گفتو بەڵێنی خۆت بیت؟

ئای حەمە ڕەشاش بە شەهیدبوونت ژنێك و برە منداڵێك بە هەتیوی بەجێدێڵی، چۆن بتوانم وەڵامی سەرنج و تێڕامانی هاوسەرەکەت بدەمەوە، کە لێم دەپرسێ باوکی منداڵەکانی چۆن شەهید بوو، لەکاتێکدا هەمیشە وەکو سێبەر بە دوامەوە بوو؟

چۆن ڕووبەڕووی نیگای پڕ لە مەغزای ئەو پێشمەرگانە ببمەوە، کاتێ لە بارەگاکاندا هەواڵی ئەو کارەساتە گورچکبڕەم لێ دەپرسن؟

زنجیرە پرسیارو سەرزەنشت و گلەییەکی دژوارو سەخت دەرهەق بەو هەڵانە دەست پێدەکات کە کاتی خۆی نەزانران و لە ئایندەدا ئاشکرا دەبن، نەخوازەڵا ئەو پرسیارە زۆروزەبەندانەی کە لەلایەن ئەو کەسانەوە دەکرێن کە لەسەر تەختی بەرپرسیارێتی دانیشتوون و جگە لە گەڕان بە دوای هەڵەی خەڵکانیتر، هیچیتریان نییە، ئەویش بۆ داپۆشینی کێماسییەکانی خۆیان!

لەوانەش گەڕێ، ئەی چۆن وەڵامی ئازاری ویژدانی خۆم بدەمەوە کە هەموو درەنگانی شەوێك پرسیاری چۆنیەتی کۆستکەوتنی ئەو پۆلە لاوەم لێ دەکات؟... تۆ بڵێی جاشەکان بتوانن پەڕەی گوڵی تەمەنی ئەو چواردە گوڵەی کانی شەهیدان هەڵوەرێنن، یا دەبنە بەورێکی بەهێز و سەربەرزانە بەرەنگاری ئەو غەدرو خیانەتە دەبنەوە؟ بڕوای تەواوم پێیانە کەوا بە ئاسانی چۆك نادەن و دلێرانە دێنە دەست، بەڵام دڵنیام ئەوە بێ زیان نابێت، دەبێ ئەمجارە چ شێرە کوڕێك ببێتە قوربانی؟.

جاشەکان لە لووتکەی کۆسرەتدا بە جۆشەوە سەرقاڵی ئەنجامدانی تاوانە پڕ لە شەرمەزاریەکەیان بوون، بەڕاستی کاوێس ئاغا لەسەر هەقە کە دەڵێ:

- لێ لێ کورد خاینۆ..

ماوەیەکی زۆرە سەرنجم بڕیوەتە کۆسرەت، نابێ چۆك بۆ هەست و سۆزم دابدەم، پێویستە خۆم بگەیەنمە لای سێ هاوڕێکەی دیکەم، تا یارمەتیم بدەن بۆ وەرگرتنی بڕیارێك کە لەم تەنگژەیەدا دەربازمان بکات. دوور نییە جاشەکان هەندێ

له لاوەکانی کۆسرەت بە دیل بگرن‌و لە ڕێگەی ئەوانەوە بە شوێنەکەمان‌و کاتی گەڕانەوەمان بۆ کەپرەکان بزانن‌و بۆسەمان بۆ دابنێنەوە، یان هێزێك بە دوامانداد بنێرن.

له ناو دەوەنەکانەوە لە شوێنی خۆم قیت بوومەوەو بەرەو دۆڵەکە شۆڕبوومەوە، چاویشم هەر لە کۆسرەت بوو، دەمویست بەپێی توانا بەسەرخۆمدا زاڵبم، کاتێ کە ئەو هەواڵە شوومە بە هاوڕێکانم دەگەیێنم.

هەر کە گەیشتمەوە لایان، بەختیار بە پەلە گلاسە چایەکی بۆ ئامادە کردم‌و ناوسێرییەکیشی لە نزیك گڕی ئاگرەکەوە بۆ دانام، تا ژەمە خواردنێکی بەیانیانی باش بێت، لەهەمانکاتدا لە هۆی دواکەوتنەکەمی پرسی‌و پێیشی سەیر بوو کە چۆن دوای بەسەربردنی ئەو شەوە دوورو درێژە هەست بە برسێتی ناکەم؟ خۆزگە هێشتا درێژتر بوایەو هەر کۆتایی نەهاتبوایە!... سوورەو مولازم کەریمیش لێم ڕامابوون‌و دەیانویست لە ئاکامی سووسەکردنەکەم بۆ کۆسرەت شتێ حاڵی بن، بەڵام من زیاتر خۆم بۆ نەگیراو هەست‌و سۆزم زاڵبوون بەسەرمداو بێویستی خۆم بە دەنگێکی پڕ لە خەم‌و ژان‌و حەسرەتەوە پێم وتن:

- چای چی، ناوسێری چی‌و تەڕەماشی چی... هاوڕێیان لە کۆسرەت تیاچوون، کوژراون!

ڕووخساری بەختیار شێوا، پارچە ناوسێرییەکەی لە دەست کەوتە سەر پشکۆکان، سوورەش لە شوێنی خۆیەوە هەستایە سەرپێ، مولازم کەریم بە جۆرێك ڕاپەڕی وەك ئەوەی کارەبا گرتبێتی... هەموویان تەماشای ڕووخساری شێواویان دەکردم‌و بە سەرنجەکانیان داوای زانیاری زیاتریان لێدەکردم. هەر لە سپێدەیەکی زووەوە هەرچیم بینی بووو بیستبوو، هەمووم بۆ باس کردن، داواشم لێکردن چییان پێباشە بیکەین‌و چ پێشنیارێکیان هەیە؟

- دەبێ هەر ئەمڕۆ بگەڕێینەوە کۆسرەت، تا بە هانای ئەو هاوڕێیانەمانەوە بچین کە هێشتا ماون!

- پێویستە لێرە بمێنینەوە، ئەوانەی لە کۆسرەت ڕزگاریان بووە، هەر دێن بۆ لامان!

- وا باشترە بە پەلە بڕۆین‌و ئێرە جێبهێلین، ڕوو لە مەفرەزەکەی کۆیە بکەین کە لە باواجی خۆیان حەشارداوە، بە دڵنیاییەوە ئەوانەی لە شەهید بوون‌و دەسگیرکردن ڕزگاریان بووە، دێنە لامان!

- نا نا، دەبێ بە خێرایی خۆمان بگەیەنینە شار، تا لەوێوە چاودێری هەواڵی ڕووداوەکانی کۆسرەت بکەین‌و دۆستەکانمان هان بدەین، تا یارمەتی ئەو هاوڕێیانەمان بدەن کە ئابڵۆقە دراون!

بەڵام لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو ڕێکەوتنەی کە ئەمڕۆکە ناوچەکە جێبهێلین‌و بە دەشتی کۆیەدا ڕوو لە باواجی بکەین، لەوێوەش پەیوەندی بە شارەوە بکەین‌و داوتریش ڕوو لە کۆسرەت بکەین‌و سەرلەنوێ هەوڵی یەکگرتنەوە بدەینەوە.

بە جەستەیەکی شەکەت‌و بێزارەوە کە هەواڵە شووم‌و خەماوییەکە بەسەریدا باراندین، بە دۆڵەکەدا بەرەو کانییە کانزاییەکە شۆڕ بووووینەوە کە جۆگەلە ئاوێکی لێوە سەرچاوە دەگرێ، لەوێوەش بە ناو وێرانە دێی شیواشانی دەشتی کۆیەی چۆلوهۆلدا تێپەڕین. ناچار بووین بە ڕۆژی نیوەڕۆ لە ناوچەیەکی چۆڵ‌و راگوێزراودا بمێنینەوە کە بە بەردەوامی جاش‌و کۆپتەرەکان هەتا بە دوای ئەو ئاژەڵە بەرەڵلاکراوانەشدا دەگەڕان کە خاوەنەکانیان لە ترسی چەکی کیمیاوی دەسبەرداریان بوو بوون‌و بەرەو شارو شارۆچکەو ئۆردووگاو سەرسنوورەکان هەڵاتبوون. ئەو چەکەی کە لە ناوچەکەدا کارەساتی بەرپاکردبوو، بە دووکەڵ‌و تەمومژە ترسناك‌و ژەهراوییەکەی، هەتا گژوگیاو ئاژەڵەکانیشی بە ساغی نەهێشتبۆوە، ڕەوە باڵندەو لەق لەقەکانیش وەکو جاران بە ئاسمانی ناوچەکەدا نەدەسووڕانەوەو لە ترسا کۆچیان کردبوو.

دانیشتبووین‌و لە بێدەنگییەکی قووڵدا نقووم بوو بووین، چاوەڕوانی هاتنی عەسرمان دەکرد، تەنها چاوەکانمان سەرنجیان دەگۆڕییەوە، کە ئەوانیش گەلێ لە ئازاری قامچی زەمان کاریگەرو توندوتیژتر بوون، هەریەکەو بیرو ئەندێشەی لای هاوڕێکەی بوو لە کۆسرەت، وەك چۆن ئاشقێك بیر لە خۆشەویستەکەی دەکاتەوە، ئێمەش بەو جۆرە شەیدای هەواڵی هاوڕێیانمان بووین.

بەسۆزەوە تەماشایەکی بەختیارم کرد، باوکیم باش دەناسی کە یەکێك بوو لەوانەی خوا بە زوڵمی ئاغایەتییەوە گلاندبووی، چ جۆرە ئاغایەك؟ ئاغاکانی ناوچەی کۆیە، ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاندبوو، لە هەردوو لای حکومەت‌و شۆڕشیش قسەیان دەڕۆیشت‌و سۆزی هەردوولایان بۆ خۆیان ڕاکێشابوو... باوکی ئەو پارچە زەوییەی لەدەستدابوو کە لە باوك‌و باپیرانییەوە بۆی مابۆوەو ئاغاکان داگیریان کردبوو، لە جیاتی ئەوەپارچە زەوییەکی بچووکیان

پێی دابوو کە هێندەی ناومالێك دەبوو، سێ دار قەیسیی تێدا چاندبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئاغاکان هەر گێچەڵیان پێی دەکرد، بۆیە ئەو زوڵم‌و ستەمە بۆ لای مام ڕەزای هێنابوو، لەوێ یەکترمان ناسی.

ئێستا کاتی ڕۆیشتنمانە... بە پەلە کەوتینە ڕێ، لەو جادە قیرتاوەی کە شیواشان‌و دەشتی کۆیە لێکتر جیادەکاتەوە، بەرەو شەوگێڕ پەڕینەوە، بەڵام ئەو دڵەڕاوکێ‌و شڵەژان‌و ماندووبوونەی کە داباریبووە سەرمان، وای لێکردین چەند جارێك ڕێگا هەڵە بکەین‌و بۆ بەیانییەکەی لە عەودەلان کە چەند هەنگاوێگ لە کۆیەوە دوورەو لە شوێنێکی ترسناك خۆمان کوتایە ناو کونایەکەوەو بڕیاری خۆشاردنەوەماندا تا ئێوارە.

کاتێ بەرەو کونەکە دەچووین لە ڕێگا ڕێوییەك لە نزیکمانەوە دەرپەڕی، ئاوڕێکی لێدواینەوەو کلکە لەقێی بۆ کردین، ئەو ڕێوییە ئارامی‌و ئاسوودەییەکی پێبەخشیم کە پێشتر بەهۆی چارەنووسی نادیاری هاوڕێیانمانەوە شڵەژابووین‌و خەمێکی گەورە داباریبووە سەرمان، چونکە لە نەریتی کوردەواریدا وا باوە کە ڕێوی بەپیرەوە هاتن نیشانەی خێرو ئاشتییە. هەر چوارمان خۆمان فڕێدایە ناو لقە ئاوێکەوە کە بە ڕووباری کۆیە ناسراوەو هەرچی پیسایی‌و ئاوەڕۆی شارە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ‌و بەرەو دەرەوەی شاری ڕادەماڵێ.

خەریك بووین بە وریایی‌و ئاگادارییەکی تەواوەوە لەو پەناگەیە سەرخەوێك بشکێنین‌و پشوویەك بدەین، تا کاتی ڕۆیشتنمان دێ، بەڵام میوانێکی ئێسکگران حەسانەوەکەی لێتێکداین کە زۆر پێویست بوو بۆمان، ئەو میوانە ڕەزاگرانەش لاوێکی بچکۆلانە بوو لە شارەوە هاتبوو بۆ ناو بێستانەکەی کە لەوبەری ڕووبارەکەوە بوو. سوورە پێی باش بوو هەتا ئێوارە لای خۆمان دەسگیری بکەین، لە ترسی ئەوەی نەبادا ڕژێممان لێ ئاگادار بکاتەوە، هەرچەندە دەسگیرکردن‌و هێشتنەوەی ڕێبوارێکیش لە بارودۆخێکی وادا ئەرکێکی گران بووو خەراپ دەشکایەوە سەرمان، بەڵام بە ناچاری داواکارییەکەی سوورەم پەسەند کرد، لەگەڵیدا کەوتینە قسەو باس‌و گفتوگۆ، وامان بۆ دەرکەوت کە لاوێکی سادەو هێرە، بۆیە ڕێگەمان پێیدا بچێتە سەر بێستانەکەی‌و هەڕەشەمان لێکرد کە ئەگەر ئاشکرامان بکات، ئەوا چارەنووسێکی خەراپ چاوەڕێی دەکات.

کەچی ئەوەی لێی دەترساین ڕوویدا، ئەو هێرەش فێڵی لێکردین‌و بە پەلە هەواڵی شوێنەکەمانی لە عەودەلان گەیاندبووە جاشەکان، بۆیە هەر هێندەمان زانی هێزێکی گەورەی جاش بەرەو لامان هاتن.

ئەی خوایە بۆچی بەو ڕێوییە خەڵەتام؟ چی دەبوو ئەگەر تا ئێوارە ئەو هێرەمان لای خۆمان بهێشتبوایەوە، یاخود هەر بمانکوشتبا، چاکتر نەبوو لەوەی وا بمانکاتە پارووەکی چەورو پێشکەشی جاشەکانمان بکات؟

هەرچەندە ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، بەڵام جاشەکان سووربوون لەسەر ئەوەی بە خێرایی بگەنە نێچیرە قەڵەوەکانیان.

کەواتە... دواساتەکانی ژیانەو پێویستە مردنێکی پیاوانە بمرین... سەرنجی چاوەکانی هەر چوارمان وایان دەگوت... بەرەو گردۆلکەکەی پشتمانەوە هەڵکشاین، تا لەوێ لە شێوەی کەوانەیەکی خۆکوژیدا دابەش بین‌و تا دوا فیشەك بجەنگین... ئەوەتا گردۆلکەکانی دەوروپشتمان پڕبوون لە جاش، هەر گەلەجاشەو بەو دەوروبەرەدا دابەش دەبن، ڕێگەی پاشەکشەمان بەرەو شەوگێڕیش لێ گیراوە.

ئای مام جوامێر دوای تەمەنێکی پڕ لە شەکەتی‌و ماندوێتی، ئێستا کاتی دوا جەنگە لە ژیانتدا...

سوورە شوێنی خۆی گرتووەو دەستی لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەیەتی‌و لە چاوەڕوانیدایە...

بەختیارو مولازم کەریم... لە ئاودرێك بە تەنیشتی یەکەوە لە سەنگەردان‌و دەستیان لەسەر پەلاپیتکەیە...

منیش خۆم لە سوورە نزیك خستۆتەوەو دەستم لەسەر پەلاپیتکەیەو هەریەکەو ئەویترمان دەپارێزین.

★ ★



# کوردە★

کارەسەتە شوومەکەی دوێنێ بەیانی، وەکو خەونێکی سەیرو مۆتەکەیەکی ترسناك بەبەرچاومدا تێدەپەڕی، هیچی وام لەیاد نەماوە، تەنها لە خەو راچڵەکینێکی پڕ لە ترس‌و هەنگاوی بە پەلەی هاوڕێیان نەبێ بەرەو لووتکەی چیایەکەو ئاگادارکردنەوەمان لە هێرشی جاشەکان.

بەبێ ویست‌و ڕەزامەندی خۆم لە ژێر پەتووە گەرمەکەوە بەرەو ناو بەفرەکە دەرپەڕیم، بۆ ئەوەی بگەمە هاوڕێکانم‌و لێیان دانەبڕێم. چونکە من لێرە وەکو(کەرێکی نێو شاییم)، هیچ شتێك دەربارەی کۆسرەت‌و دۆڵ‌و ڕێگاکانی نازانم، تەنها ئەو ڕێگایە نەبێ کە هەڵکەوت پێیدا بۆ ئێرە هێنامانی، لەگەڵ ئەو دوو کەپرەی کە هێندە بە خێرایی جێمانهێشتن، دەسرێژی گوللەش وڕو کاسی کردبووم.

خۆم گەیاندە خەسرۆ، دەمویست لێی جودا نەبمەوە، چونکە ئەو لە من باشتر شارەزای ناوچەکە بووو هەلومەرجی شەڕیشی باشتر دەزانی، گەلێ بە ئارامیش بوو، چونکە ئارامی‌و خۆڕاگری بۆ ساتەوەختی وا بەزەحمەت دەست دەکەون.

بەڵام دەسرێژی گوللە وازی لێنەهێناین، هەتا لێکی جووداکردینەوەو بە تەنها مامەوە، ڕێگایەکم گرتبووە بەر، بە لێژاییەکەدا بەرەو خوارەوەی دەبردم، لەوێ گوێم لە دەنگی جاشەکان بوو کە لە نزیکمەوە سەر دەکەوتن‌و تەنها پێچە ڕێگایەك لە چاوی خیانەتکارانەی ئەوانی دەپاراستم ... خۆم فڕێدایە ژێر تاوێرەبەردێکی زەبەلاحەوەو لە پەنای لقە دار قەزوانێکەوە خۆم حەشاردابوو، تاکە پەناگەو حەشارگەم بوو بۆ خۆپاراستن‌و دەربازبوونم لە دەستی جاشەکان.. ئەوەتا من دەیانبینم‌و رووخساری زۆربەشیان دەناسمەوە، چونکە گەلێجار لە بازاڕی شارەکەماندا بینیویانمە، وا کەسێك پێشیان کەوتووە، پێدەچێ ڕێنیشاندەری خیانەتکارییەکەیان بێ، چونکە پرسیاری ڕێگاکەیان لێدەکردو چەندیشیان ماوە بگەنە کەپرەکان.

بەهۆی ماندووبوونییەوە سەر دەستەی جاشەکان لە نزیك ئەو بەردە زەبەلاحەوە دانیشت کە منی لە ئامێز گرتبوو، لە تەنیشتیەوەش سەربازێکی عەرەب دانیشتبووو دەزگایەکی بێتەلی پێبوو، هەندێ جاشیش پاسەوانییان دەکرد، کەچی ئەوانیتر بەرەو کانی شەهیدان سەرکەوتن... چەند ساتێکی گران‌و پڕ مەترسی بە سەرمدا تێپەڕین، لە پاشان دەنگی تفەنگێکی بەرگریکار لە دووری چەند هەنگاوێك لەولای شوێنی خۆشاردنەوەکەمان ناوچەکەی خرۆشاندو جاشەکانی تۆقاند... کەواتە شەڕەکە دەستی پێکرد، منیش سەنگەرێکی باشم گرتووەو لە دواوە دەست لە جاشەکان ناپارێزم... ئەوە فەرماندەی مەفرەزەکەیانەو پاسەوانەکانیشی لەبەر لوولەی تفەنگەکەمن. بە هەواڵی کوشتنیشی بە دەستی ئەو پێشمەرگە پارتیزانانەی کە لەنێو تاشەبەردو چیاکانی ناوچەکەدا خۆیان حەشارداوەو ئامادە نین چۆلی بکەن، ئەوا بێگومان بەم هەواڵە کۆیە دەهەژێ‌و خەڵکیش دڵخۆش‌و شاگەشکە دەبن. بەڵام دەنگەکە پێناچێ دەسپێکی شەڕێکی گەورەبێ، بەڵکو هاوارو نەعرەتەی شێرانەی کلاشینکۆفێکی تاقانەو بێ پشتوپەنایەو هیچ چەکێکیتر هاوکاری ناکات. کەواتە با بێدەنگ بم‌و نقفە لە خۆم ببڕم، چاوەڕێی هەڵوێست‌و گۆڕانێك بم... هات‌و هاواری جاشەکان ئەوەی راگەیاند کە ئەو کلاشینکۆفەی تەقەی لێدەکردن بێدەنگ بوو، ئەوەش جاشێکیترە هاوار دەکات: وا پێشمەرگەکە کەوتە سەر زەوی، جاشەکان لە خۆشییاندا کردیانە هاتوهەرا، چونکە لە ترسی تەقەکان هەترەشیان چووبووو تووشی شڵەژان‌و سەرلێشێوان هاتبوون ... گومانی تێدا نییە کە ئەو پێشمەرگەیە جەنگییە... ئای مام کەریمی داماو، چ کارەسات‌و کۆستکەوتنێکە لە ساڵێکدا سێ شێرە کوڕت بە دوای یەکدا لەدەست بچن‌و تەنها خۆت‌و هاوسەرو کچەکەت بمێننەوە ! بەڕاستی کارەساتێکەو پشت دەشکێنێ.

چی لەسەرماو چی لەترسی ئەوەی نەبادا بکەومە دەستی جاشەکان لە شوێنەکەی خۆمدا رەق هەڵاتبووم. وا سەربازە عەرەبەکە بە بێتەل سەرووی خۆی لە دەسگیرکردنی پێشمەرگەیەکی زامدارو بێهۆش ئاگادار دەکاتەوە، وەڵامەکەش وەردەگرێتەوە بە ناردنی کۆپتەرێك بۆ گواستنەوەی برینداەکان بۆ دوکان.

لەو شوێنەی کە بێویستو ئاگایی‌و بەبێ هیچ نەخشەو پلانێکی پێشینە خۆم تێدا حەشاردا بوو، کات هێندە لەسەرخۆو بە گرانییەکی تواناپڕوکێن بەسەر دەچوو، زۆری نەمابوو پەردەی ئارامی بدڕم‌و خۆم تووشی بەڵایەك بکەم.

ماوەیەکی زۆر خۆم دایە دەستی چاوەڕوانی‌و چاودێری سەربازەکەم دەکرد کە بە بێتەل هەواڵەکانی دەناردو فەرمانیشی وەردەگرتەوە. هەتا فەرمانی پاشەکشێیان بۆ هات، ئەویش دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ. چاوەڕێی پاشەکشێی جاشەکان بووم کە بەریزێکی درێژو لە سەرخۆ بە ڕێچکە پێچاوپێچەکەدا بەرەو خوار شۆڕدەبوونەوە، ئەو ڕێگە خواروخێچەی کە منی هێنایە ژێر ئەم بەردە. لە خوارەوە هەندێ چادرم بەدی دەکرد کە بە پەلە هەڵیاندەدا... گوێم لێبوو جاشەکان باسی ئەو سەرکێشییە خیانەتکارییەی خۆیان دەکرد، ئەمەش ترسێکی زۆری لەسەر هاوڕێکانی دیکەم لا دروست دەکرد. ئەوە جاری دووەمە من تووشی هەڵوێستی ئەوها ناخۆش‌و ترسناك دەبم، جاری یەکەم لە بەهاری رابردوو بوو، کاتێك بەرپرسە خۆشەویستەکەمان سەرکەوتەڕەش بەناو گردەکانی تاڵەباندا بۆ سەرجادەی گشتی نێوان کۆیەو تەق تەقی دەبردین، ئەو جادەیەی کە ڕۆژانە لەگەڵ شۆڕشی ئامۆزامدا پێیدا دەچووین بۆ ئامادەیی کشتوکاڵی تەق تەق، کاتێ کە لەوێ قوتابی بووین. لەگەڵ هاوڕێیانمدا بۆسەیەکمان لەسەر جادەکە بۆ ئۆتۆمبێلی جاشەکان نایەوە، تاکو بەدیلەکانەوە بیانبەینەوە بۆ شوێنی حەسانەوەمان کە هەندێك کەس پێی خۆشبوو بە ناوچە ئازادکراوەکان ناوی ببەین ... جاشەکان کەوتنە داوەوە، بەڵام برینداربوونی بەرپرسەکەمان‌و هەستکردنمان بە شەهیدبوونی‌و کەم ئەزموونیمان وایان لێکردین کە من‌و شەپۆل‌و دڵشاد کۆنترۆڵی شەڕەکە لە دەست بدەین، بۆیە جاشەکان دەرفەتیان بۆ ڕەخساو لە بۆسەکە دەربازیان بووو کەوتنە پەلاماردانمان، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی بە بەرچاوی جاشەکانەوە پاشەکشێ بکەین‌و زۆر بە زەحمەتیش بەرپرسەکەمان رابکێشین‌و لێنەگەڕێین بکەوێتە دەستی دوژمن. خۆ ئەگەر نزیکبوونەوەی تاریکی‌و ترسی ئەو کاتەی جاشەکان لە پێشمەرگە نەبوایە وا بە ئاسانی وازیان لێ نەدەهێناین‌و نەماندەتوانی پشوویەك بدەین...

بەرلەوەی تاریکی دابێ بەناو لق‌و گەڵای دارقەزوانەکاندا شوێنەکەی خۆمم جێهێشت، چونکە من لەوێ شارەزای هیچ نەبووم. بە وریاییەکی زۆرەوە بەناو تاشەبەردەکاندا هەڵدەبەزیمەوە، نەبادا جاشەکان کە لە دۆڵەکەی خوارمەوە کۆبووبوونەوە بمبینن، تاوێرە بەردەکان بەرەو دۆڵێکی تریان بردم کە کانیاوێك‌و دارو دەوەنێکی چڕو پڕی لێبوو، وەکو حەمە پێشتر بۆی باس کردبووم دەبێ ئەوە کانی ئەسپان بێ، قسەکانیم هاتەوە یاد کە دەیگوت: لەسەر کانییەکەوە ڕێگایەك بەرەو لووتکەی کۆسرەت هەڵدەکشێ، لەوێوەش بەرەو دۆڵی خەلەکان شۆڕ دەبێتەوە. بۆیە بە پەلە ئەو ڕێگایەم گرت کە حەمە باسی کردبوو، بەرەو لووتکەی چیایەکە هەڵکشام‌و لەوێوەش بەرەو باواجی.

جگە لە تەنها نانێك بەولاوە، هیچ پێخۆرێکی ترم پێنەبوو، دەبێ بمگەیەنێتە حەشارگەکەمان لەوێ، ئەگەر نا برسێتی دەمکوژێ... مۆڵەتم بە سییەکانمدا کە بەکەیفی خۆیان هەناسە بدەن‌و ئەو کۆخەو تەنگەنەفسییەی کە لە بەیانییەوە لە ترسا تیایدا بەندم کردبوون، ئێستا بێ ترس‌و بەوپەڕی ئازادییەوە دەریان بکات. کەچی برسێتی‌و شەکەتی‌و چارەنووسی نادیاری هاوڕێکانم، بارێکی گران بوون‌و ڕێگەیان لە قاچەکانم دەگرت کە هەنگاو بەرەو لووتکەی چیایەکە بهاوێژن. چاریشم نەبوو هەر دەبوو بڕۆم، بە هەر حاڵێك بوو سەرکەوتم، باش بوو هێشتا تیشکی ڕۆژ ڕووناکایی دەبەخشییە ناوچەکە، سەرەڕای ئەوەی کە تیشکە مەیلەو سوورەکانی خۆر ئاوابوون، هەڕەشەی هاتنی تاریکی دەکرد. زۆر بەوردی لە لووتکەکانی هەیبەت سوڵتان‌و شەیتان‌و کەلکەسماقم ڕو وانی، تا لووتکەی سوێرەڵەم دۆزییەوە، چونکە لەوێوە دەگەیشتمە باواجی. لە گەڵ ئەوەی بێهێزی‌و ماندوویێتی چاوەکانیشیان کز کردبووم، بەڵام ناچارم کردن لە دیاریکردنی ڕێگاکەم‌و شۆڕبوونەوەم‌و تێپەڕبوونم بە دۆڵی خەلەکانداو سەرکەوتنم بۆ لووتکەی سوێرەڵە یارمەتیم بدەن. ئەمە یەکەمجارمە بەمجۆرە بە تەنها بمێنمەوە، ئەم تەنهاییە خاڵی وەبیرهێنامەوە کە پێشمەرگە بووو هەمیشە حەزی دەکرد بە تاقی تەنها بسووڕێتەوە، تا لە ئاکامدا چەند هەنگاوێك لە دووری ئەو شوێنەی کە لێی دەپەڕمەوە، جاش شەهیدیان کرد.

دوای ئەوەی بە شێوەیەکی سەر سووڕهێنەر دۆڵی خەلەکانم بڕی، ئەویش بە پشتبەستن بە یادەوەرییەکانی خۆم‌و ئەو ڕێنماییانەی کە پێش چەند ڕۆژێك لە هەڵکەوت‌و حەمە ڕەشاش گوێ بیستیان بووم، لە کاتێکدا کە بەرەو کۆسرەت ڕێبەرییان دەکردین، دوای بڕینی ئەو ڕێگا دوورو درێژە بە شەکەتی‌و بەدەم خەوەوە، ناچاربووم پشوویەك بدەم، چونکە بە جۆرێك خەو بە سەرمدا زاڵ بوو بوو کە هەندێجار بە چاوی نوقاوەوە بەرێدا دەڕۆیشتم، بۆیە هەر زوو چاوەکانم چوونە خەو، بەڵام سەرما

تۆقێنەرەکە لە خەوی بێدار کردمەوە، بۆ ئەوەی ئەو سەرماو لەرزە لە خۆم بڕەوێنمەوە کە سەرتاپای جەستەی داگرتبووم‌و چەقەچەقی ددانەکانم لە دوورەوە دەبیستران، بە پەلە هەستامە سەرپێ‌و خۆم توند کردەوەو بڕیارمدا بکەومە ڕێ‌و چۆکدانەدەم. لەگەڵ ڕێ کردنی بەردەوامم‌و سەرکەوتنم بەو ڕێگا سەختە لەنێو تاریکاییەکی ئەنگوستەچاودا هێدی هێدی گەرمایی دەگەڕایەوە جەستەم.

ئەوەتا وا گەیشتمە سەرەوە، تیشکی دەرکەوتنی کازیوە موژدەی هاتنی ڕۆژێکی نوێ دەبەخشێ‌و ناچارم دەکا کە بەتەنها تا دووبارە تاریکایی دادێ لەو دەشتە چۆڵەدا دوور لە چاوان‌و خۆپاراستن لە ڕووداوی لە ناکاو خۆم حەشار بدەم‌و بۆ ئێوارەکەی خۆم ئامادە بکەمەوەو بەرەو باواجی بکەومە ڕێ. ئێستا من لە ناوچەیەکدام دەیانجار لەگەڵ هاوڕێکانمدا پێیدا سووڕاومەتەوە، کەچی بیرکردنەوە لە بەسەربردنی ڕۆژێکی تەواو بە تەنیایی دڵی دەگوشیم‌و هەر کە وێنەی ڕووداوەکەی دوێنێ بەیانی‌و ڕاکردنی هاوڕێیان بە ناو بەفرەکەدا دووبارە دەهاتنەوە بەرچاوم خەریك بوو مێشکم بتەقێ.

چاوەڕێی هەڵاتنی خۆرەکە بووم، تا جەستەم گەرم بکاتەوە کە وەك چۆلەگەیەکی تەڕ لە سەرمان هەڵدەلەرزیم‌و ماندوویێتیش شلوکوتی کردبووم، بەناو تاشەبەردەکاندا لە شوێنێکی ئارام‌و ئاسوودە دەگەڕام، تا بە درێژایی ڕۆژ بێ جوولە تیایدا پاڵ بکەوم‌و خۆم لەجاش‌و ماش بپارێزم‌و دەست بەو پارچە نانەوەش بگرم کە لە گیرفانمدا بوو. خەریك بووم بە ئاگادارییەکی زۆرەوە لەسەر بەردێکەوە شۆڕدەبوومەوە لە ترسی هەر ڕووداوێکی لەناکاو.

لە پڕێکا دەنگی فیکەیەك ئیستێکی پێکردم‌و دەمودەست لە شوێنی خۆم ڕایوەستاندم کە پێشتر گوێم لێبوو بووو بەلامەوە نامۆ نەبوو... بە چرپەوە بانگی کردم:

- هاوڕێ کوردە.. وەرە ئێرە..

بە سۆزو پەرۆشییەکی لە ڕادەبەدەرەوە ئاوێزانی یەکتر بووین، چاوەکانمان پڕ لە فرمێسك بوون، باوەڕمان بەو یەکتر بینینە لەناکاوە نەدەکرد. بەدۆزینەوەی خەسرۆ خەمی تەنیاییم لە کۆڵ بۆوە.

داوای لێکردم تا تاریکایی دادێ لەو شوێنە پشوو بدەین‌و ئینجا بەناو شاردا بڕۆین‌و هەندێ نان‌و پێداویستی‌و زانیاری وەربگرین‌و ڕوو بکەینە باواجی. لە پەنای هەندێ دارودەوەندا دانیشتین کە دەوری تاشەبەردێکیان دابوو، دوور لە چاوی خەڵکی، تا لەوێدا بەدەم خەوەوە ڕاکشێین‌و تیشکی خۆر بە گەرماییەکەی دامانپۆشێ...

هەر لە منداڵییەوە خەونم بەوەوە دەبینی کە وەکو چەکدارێك بچمە ڕیزی هێزی پێشمەرگەوە، وەك خولیاو ئەندێشەی منداڵانی شارەکەم، لە کاتێکدا کە گوێبیستی داستان‌و قارەمانێتییەکانی پێشمەرگە دەبوون. زۆربەی خانەوادەی شارەکەمان دەبوایە یەکێك لە ڕۆڵەکانیان شەرەفی نازناوی پێشمەرگەی هەڵبگرتایە، ئەگەر بۆ چەند ڕۆژێکی کەمیش بوایە، تا شانازی پێوە بکەن. ئەو حەزە شێتانەیەم بەرەو لای شۆڕشی کۆنە پێشمەرگەو ئەو قوتابییە سەرکێشەی بردم، بینیم ئەویش ئارەزووی گەڕانەوەی هەیە بۆ پێشمەرگایەتی. دوای ئەوەی خوێندنمان لە ئامادەیی کشتوکاڵ تەواو کرد، سەرپشك بووین لە هەڵبژاردنی خزمەتی سەربازی، یان خزمەتی پێشمەرگایەتی، ئەوە بوو بە ئارەزووی خۆمان پێشمەرگایەتیمان هەڵبژارد. دوای دوو ڕۆژ لە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی شەرەفی بەشداری کردنمان لە شەڕی ئیلنجاغ پێبڕا، کاتێ لەگەڵ هێزێکی گەورەی سەربازی‌و جاشی ڕژێم کەوتینە شەڕەوە کە بۆ کاولکردن‌و سووتاندنی دێیەکە هاتبوون، شەڕێك لووتبەرزی ڕژێمی لە ناوچەکەدا تیادا شکا.

تێکڕای ئەو پێشمەرگانەی کە لە دەستەی کۆیە پێکەوە بووین چووبوونە دڵمەوەو خۆشمدەویستن، بە تایبەتیش ئەوانەی کە پێشتر لە شاردا دەمناسین وەکو سەرکەوتەڕەش‌و ئەوانیتر. ئەی سەعیدەڕەش کە بەسرای جێهێشتبوو، هاتبوو لە کوردستاندا دژی ڕژێم بجەنگێ. سەرکەوتەڕەش‌و سەعیدەڕەش هەردووکیان وەکو (دوو برایە)یان لێهاتبوو، بە چالاکییە بوێرانەکانیان لە سەر ئەو جادە گشتییەی کە شارەکەمان بە هەولێر دەبەستێتەوە، خۆشەویستییان لە دڵی خەڵکی شاردا دەچاند، هەتا هەندێك پێشنیازی ئەوەی بۆ کردبوون کە ڕەشماڵێك لە سەر جادەکە هەڵدەن، مادام ئەوان یەخەی ئەو جادەیە بەر نادەن‌و بە بەردەوامی بۆسەی تێدا دادەنێنەوەو چالاکی جۆراوجۆر دەنوێنن‌و ئەمبەرو ئەوبەری پێدا دەکەن. ئەوەش (کاوە عەرەب)ە کە خاوەن دڵێکی باش‌و میزاجێکی تووڕەیە، بە ئازایەتییە بێ ئەندازەکەی‌و پەلارە گاڵتەجارییەکانی‌و ڕقە

شاراوەکەی بەرامبەر دوژمن، سەرنجی ڕاکێشابووم، ڕقو تووڕەبوونەکەیشی زیاتر لەگەڵ بەندکراوەکاندا دەردەکەوت کە لە ژوورێکی تایبەتی ناو بارەگادا بەندمان کردبوون...

یانزە ڕۆژی ڕەبەق لە شەڕێکی بەرەییدا لە گەڵ ڕژێم لە بەرزاییە ڕووتەنەکانی (بەنەباوی)دا خۆمان ڕاگرت، ئەو شەڕەی کە ترسو دڵەڕاوکێی لەناخی دوژمندا چاندو خۆشیشی خستە دڵی خەڵکی ناوچەکەوە، لەو شەڕەدا شانم بریندار بوو... ئەو ڕۆژانەم هەرگیز لە یاد ناچنەوە کە لەژێر پارچەی تۆپو ڕاجیمەدا بەسەرمانبرد کە سەنگەرەکانمانی پڕ کردبوو، تاوامان لێهاتبوو هەر هاوڕێیەك لە خۆپاراستن لە بۆردوومانی تۆپو ڕاجیمە هونەری جۆراو جۆر بنوێنێ. ئەو هاوڕێییەی کە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوومو گوێم لە قسە خۆشەکانی گرتبوو، لە پڕ کە شوێنەکە لەگەڵ دەنگی ڕاجیمەدا لەرییەوە، پاڵێکی پێوەنامو پێی گوتم:

- بەیارمەتیت!

ڕێك خۆی کوتایە ژێر پەتۆکەوە، دوای تەقینەوەی ڕاجیمەکە هەستایەوەو لە شوێنی خۆی دانیشتەوە، دەستی بە قسە خۆشەکانی کردەوە، وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ.

ڕووداوێکیتر کە هێشتا لە مێشکمدا زیندووەو مایەی داخە، ئەو هێرشە سەرنەکەوتووەمان بوو بۆ سەر بارەگای فەوجێکی جاش لە نزیك کێڵگە کشتوکاڵییەکانی گوندی کۆڕێ، لەنێو ئەو دۆڵەی کە کەوتۆتە نێوان شەقڵاوەو هاوینەهەواری سەلاحەدینەوە. بۆیەش لە هێرشەکەماندا سەرنەکەوتین، چونکە بەرپرسەکانمان نهێنی هێرشەکەیان بۆ سەر ئەو بارەگایە نەپاراستبوو، هەواڵەکە گەیشتبووە جاشەکانو بەرلەوەی ئێمە پەلاماریان بدەین، ئەوان شوێنی خۆیان گرتبوو. وێڕای سەرنەکەوتنی هێرشەکەمان بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام پەلەکەی ئێمە بە لێپرسراوێتی سەرکەوتەڕەش لە گرتنی ئەو ڕەبایەی کە بۆمان دیاری کرابوو، سەرکەوتین.

جارێکیتر گەڕاینەوە بۆ بارەگاکەمان لە دۆڵی سماقولیو لەوێ قۆڵمان لێ هەڵماڵی بۆ دروستکردنی چەندین هۆڵ، تا لەزستاندا تێیدا بحەسێینەوە. ئەوەبوو هاوڕێ هەنگاو بووە وەستایەکی کارامەو ئەرکی دروستکردنی هۆڵێکی گەورە کە جێگای بیست پێشمەرگەی لێببێتەوە، گرتە ئەستۆی خۆیو لەگەڵ هاوڕێیانیتردا ئەنجاممانـدا، دوای ئەوە ژووری کۆگاو چێشتخانەو گەرماوو بەندینخانەو هۆڵێکی گەورە بە بلۆك دروستکران، کۆتاییەکەیمان بە ئاهەنگێکی خنجیلانەو جوان هێنا کە لە یادماندا تۆمار بووە، لەو ئاهەنگەدا بڕیاردرا هەرهەموومان بەشداری لە ئاهەنگەکەدا بکەینو چالاکییەك بنوێنین... ئیدی گۆرانی بێ، نوکتەبێ، مەتەڵ بێ، یا هەر شتێکیتر کە ئاهەنگەکە خۆش بکات.

سامان هەستاو سەرپەرشتیکردنی تیپی سروودەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، بەجۆرێك کە مایەی پێکەنین بوو، لەکاتێکدا کە گۆرانییەکانی پێشکەش دەکردو تەسبیحەکەی ئەم دەستو ئەو دەست دەکردو دەیویست لاسایی هونەرمەندی گەورە محەمەدی ماملێ بکاتەوە.

ژیانێکی خۆشو قەشەنگ بوو، لە چۆنیەتی ژیانی شار دوریخستینەوەو فێری کاروباری ڕاستیی وابووین پێشتر پێی ئاشنا نەبووینو پەیمانپێنەدەبردو نەماندەزانیو پەیتا پەیتا شارەزایان دەبووین. وەلێ ڕۆژە تاڵو سەختەکان لەگەڵ ئەنفالدا هاتن.

- لەپڕێکا - خۆمان بە تەنهاو دوور لە ئاوەدانی دۆزییەوە، دوای ئەوەی خەڵکی گوندەکان لەترسان ماڵوحاڵو شیناییەکانیان جێدەهێشتو جاشەکان تالآنیان دەکردن.

ئێمە دوانزە پێشمەرگە بووین، چۆڵکردنی ناوچەکەمان ڕەتکردەوە، بڕیارماندا نەکەوینە دوای ئەوانەی بەرەو سنوورەکان ڕۆیشتن، بەڵام لێبوردنێکی ڕژێم چوار کەسی لێدابڕین، جێیانهێشتینو گەڕانەوە لای خانەوادەکانیان.

ئەوانەی مابووینەوە، هێندە بەداخو ڕق ئەستوور بووین خوێنمان قوڵپی دەداو بەرەو تۆڵەسەندنەوە پاڵی پێوە دەنایین. چونکە جەنگی گوندەکەیو هەردوو براکەیو زەویوزارو خێزانەکەی لە دەست چوو بوو، دڵشاد گوندەکەیو ڕێبازیش خوێندنی زانکۆو کامۆش نەیدەزانی پیاوە بوودەڵەکانی ئەمن باوکیان لە چ بەندینخانەیەك پەستاوە، سوورەش لەولاوە چاوەکانی ڕقو تووڕەییو بەرەنگارییان لێدەبارىو ئارەزووی چالاکیی دەکرد.

لە نزیك شیناییەکانی داربەسەردا هەلێکی باشمان بۆ ڕەخسا، کاتێك لە ناکاو تووشی چڵکاوخۆرەکانی ڕژێم بووین کێوماڵی ناوچەکەیان دەکرد. بۆیە چاوەڕێی ئاوابوونی ڕۆژمان دەکرد، هەر کە ڕۆژ ئاوابوو پەلاماری لاندکرۆزەکەماندا و هەرچی تیابوو

کوژراو مەنجەڵە دۆڵمەیەکی بەلەزەتمان تیایدا دەستکەوت. ئۆتۆمبیلەکەشمان بۆ خەسرۆ جێهێشت تا بە (R.B.G)یەکەی کەرتو پارچەی بکاتو ئینجا بێتەوە لامان. زۆر سوپاسی ڕێکەوتو قەدەرمان کرد کە دوای ڕۆژێکی تەواو لە برسێتی ئەو ژەمە خواردنە بە لەزەتەی بۆ فەراهەم کردین...

... کاتێ بەو بارە ناهەموارەو لە پەنای ئەو دارودەوەنەی ئەو قەدپاڵە چۆلەدا ڕاکشابووم‌و خۆم لە چاوان ونکردبوو، برسێتیش ناو هەناوی وێران کردبووم‌و قوڕەی دەهات، ماوە ماوە بە پارچەیەك لە نانە ڕەقەکەی گیرفانم فێڵم لێدەکرد، ئا لەو ساتە دژوارەدا تاموچێژی مەنجەڵە دۆڵمەکەم هاتەوە یاد، بۆیە لە حەژمەتا لیك بەدەممدا هاتە خوارێ، بەڕاستی کارێکی ناخۆشە برسێتی چرنووك لە هەناوت گیر بکاتو تۆش بیر لە خواردنی بەتام بکەیتەوە...

حەمە ڕەشاشم بیرکەوتەوە کە لەگەڵ ناوهێنانی هەر خواردنێکی بەلەزەتدا دەمی ئاوی دەکردو بە ناچاری زمانی خۆی دەجویی، وەك ئەوەی تامی ئەو خواردنە خۆشە بکات... ئەی حەمەی بەستەزمان، تۆ بڵێی جارێکیتر بتبینمەوە، یان کانی شەهیدان لە ئێمەی دزیت؟!

دوای ئەوەی سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە ناوچەی کۆیەیان جێهێشتو تەنها خۆمان ماینەوە، سەرکێشیو لەخۆبایی بوون سواری سەرمان بوو. بەجۆرێك وامان لێهاتبوو کە بە ئاشکرا دەچووینە ناوشارەوەو بەگەڕەکەکانیدا دەسوڕاینەوە، بەتایبەتیش گەڕەکی (جەمعیە) بۆ کۆکردنەوەی بەتانیو پێداویستیتر بۆ ئەو حەشارگەیەی کە خەریك بووین لە چیایەکەدا دروستمان دەکرد. جارێکیان خەسرۆ بە بێزارییەوە پێی وتم: دەزانی بێتاممان کردووە، پێشتر ئەم دەستەیەی ئێمە بەوجۆرە ناچوونە ناو شارەوە، هەرچەندە بارەگاکانیشمان لە نزیکییەوە بوونو خۆیشمان ڕۆژانە لەناو باخو بێستانەکانیدا بووین. ئەو هەرگیز حەزی لەو خۆدەرخستنە نائاساییە نەدەکرد، نەخوازەڵا کە ڕژێم لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا سەرکەوتبوو، ناوچەکەی لە دانیشتوانو پێشمەرگەکانی داماڵی بوو... بە ئاشکرا لە چاوی خەڵکیدا سۆزو بەزەیی هاتنەوەیان پێمان، دەخوێندەوە... کەچی فەرماندەی دەستەکەمان مولازم شێرزاد کە خەڵکی ناوچەکە بوو، بەرد بە بەردو هەموو دەشتو دۆڵێکی ناوچەکە شارەزا بوو، ئەو دوای ساڵانێکی زۆر ماوەیەك بوو لە هەندەرانەوە گەڕابۆوەو خەباتی پارتیزانی هەڵبژاردبوو، هەر بەهەمان شێلگیرییەوە لە چالاکیدا بوو کە لە ڕێگای هاتنەوەی لە قامیشلییەوە بۆ کۆیە لە بیرو ئەندێشەی خۆیدا پلانی بۆ دانابوو، چونکە ئەو یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی کە خولی سەربازییان لە یەمەن تەواو کردبووو بە هیوایەکی گەشەوە گەڕابۆوە بۆ کوردستان، لە هەموو جوولەو چالاکییەکانی دەستەکەیشماندا پشتی بە سوورە دەبەست کە یەکجار شەیدای چەكو چالاکی سەربازی بووو لە ناخەوە حەزێك دەیبزواند کە دەیویست ببێتە کەسێکی ناسراوی وا: شان لە شانی ناوبانگی محەمەد حەلاقو سەرکەوتەڕەشو سەعیدەڕەش بدات.

وەڵامی ڕژێمیش بۆ ئەو سەرەڕۆییانەی ئێمە، کارەبای لە گەڕەکی جەمعییە بڕیو کەوتە ڕاوەدوونانو گرتنی خێزانی پێشمەرگەو چواردەوری شاری بە ڕەبایەی جاشان قایم کرد، ئەمەش ناچاری کردین کە لەو حەشارگەیەماندا دوور لە شار ژیان بەرینە سەرو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش خۆراكوپێداویستییەکانی دیکەمان بەرەو نەمان دەچوو، لەو سەرەڕۆییەی کە کردبوومان زۆر پەشیمان بووین، بەڵام پەشیمانی دادی کێی داوە، تا دادی ئێمە بدا؟!

بەڕاستی فێرە وانەیەکی وا بووم هەرگیز لە بیرم نەچێتەوەو چیتر ڕێگا بەسۆزو خەیاڵم نەدەم سنووری واقیع ببەزێننو زیاد لە بەڕەکەی خۆیان پێ ڕاکێشن. ئەوەتا ئەو خەیاڵ پڵاوییە وا پفیدابن کە بە تەنهایی لە ناوچەکەدا بمێنینەوەو هاوڕێکانی شاریشمان لەدەست بدەینو لە حەشارگە شاخاوییەکەماندا بە تەنهایی ژیانێکی کولەمەرگییانە بژێین.

باواجی!.. ئەی ئەو ناوە ئازیزەی کە هەمیشە لەبەر دڵانی، ئەی چیایە پڕ لە لووتکە زۆرو دیمەنە قەشەنگە دڵڕفێنەکان! ئەی ئەو شاخە باڵابەرزەی کە تێکڕای لاوانی شارەکەم شەیدای قەدپاڵو شیوو دۆڵو کانیاوە سازگارەکانتن! چەند بە ئاواتەوە بووم بەخت یاوەرم بێتو تیاتدا بسوورێمەوە... کەچی ئەوەتانێ وا چەكو پێشمەرگایەتی وایان لێکردووم لە ئامێزتا نیشتەجێ بم‌و لێت دانەبڕێم، دەشتو دۆڵو کانیاوەکانت لە مێشکمدا جێگیر بوون، بە جۆرێك کە هەستو هۆشیان دزیوم. من لە ئامێزتدا هەست بە ئازادیو سەربەستی دەکەم، ئەو ئازادییەی کە لە شار لە دەستم دابوو. تۆ بڵێی بەخت یاوەرمان بێو لە باوەشتا درێژە بە ژیان بدەین، یا دوای ئەو ڕووداوەی دوێنێ ناچار دەبین جێت بهێڵین؟، دوودڵی هەراسانی کردووم، لەبەر ئەوەی نازانم ڕوو لە چ لایەك دەکەین... بۆ کوێ دەڕۆین؟ نازانم، بۆ لای هاوڕێیانی (هەورێ)مان دەچین کە تەنها گوێمان لێیان بووە، هەتا شوێنیشیان نازانینو هەندێکمان بە دۆنکیشۆتی هەولێریشیان ناو دەبەین؟!...

خەسرۆ بانگی کردم، وایزانی نووستووم، داوای لێکردم خۆم بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکەم بۆ ئەو شوێنەی کە مەبەستمانە، ئەم پەلە کردنەیم پێ سەیر بوو، چونکە هێشتا زوو بوو، تیشکی خۆر باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو.

بەوە دڵنیای کردمەوە کە ئەو هەر لە بەیانییەوە چاودێریی ناوچەکەی کردووەو شتێکی نـاوازەی وای بەرچاو نەکەوتووە کە مایەی مەترسی بێت، جگە لەوەش ڕێیەکی زۆرمان لەپێشە، تا بگەینە شار کە لە کاتی ئاساییدا ئەو ماوەیەمان بە چوار کاتژمێر دەبڕی، ئەی دەبێ ئێستا بەم برسێتیو شەکەتییە بە چەند بیگەینێ؟

بەرەو سوێرەڵە شۆڕ بووینەوە، دوای ئەوەی لەسەر کانییەکەی پشتییەوە دەستو دەموچاومان شوشتو زەمزەمییـەکانمان پـڕ ئاو کرد، هەر لەوێ خەسرۆ ڕووی لەو ژوورە کرد کە خەڵکی دێیەکە بۆ کاتی تەنگانەو خۆحەشاردان لە ترسی هێرشی جاشـەکان بەرلەوەی گوندەکەیان تێکبچێ بە پەلە دروستیان کردبوو. پێشتریش ئێمە، بەرلەوەی بەرەو کۆسرەت بکەوینەڕێ ، شەوێك لـەو ژوورەدا مابووینەوەو هەندێ نانو ساوەرمان تێدا جێهێشتبوو، خەسرۆ بـە نیـازی دۆزینـەوەی ئـەو پارچـە نـانو وردە ساوەرانە ڕووی لە ژوورەکە کرد . زۆر بە تامەوە نانـەڕەقو دەنکە ساوەرەکانمان دەخوارد، وەك ئـەوەی بەسـەر ژەمـە خـواردنێکی چەوردا کەوتبێتین، وەك ئەو ژەمە دۆڵمەیەی کە لە شینایییەکانی داربەسـەردا خواردمـان، هـەتا ئاسـەوارو شـوێن پێـی سـەگو ڕێویش لـە خواردنی ئەو نانو وردە ساوەرە بەتامانە نەیگێڕاینەوە، کە ئەوانیش لە برسانو بۆ خواردنی بەشێك لـەو ژەمـە خۆراکـە ڕوویـان کردبووە ئەو ژوورە تاقانەو خەمناکە.

درێژەمان بـەو ڕۆیشتنە تواناپڕووکێنـە داو ڕوومـان کـردە گونـدی حاجی قـەڵا، ئـەو گونـدەی کـە چـەندین جاریتر مزگـەوتو ماڵەکانی لە ئامێزیان گرتبووین، ئەو کاتەی کە هێشتا ژیان لەنێو دارو بەردو دەشتودەرو ڕەزو باخەکانیدا لەوپەڕیدا بوو، کەچـی ئێستا لە بێدەنگییەکی ترسناکدا ڕاکشاوەو گلەیی لە ڕۆڵەکانی دەکات کە بەوجۆرە دەسبەرداری بوونو جێیانهێشت.

خەسـرۆ بـەرەو بـاخی هـەنارەکان پێشم کـەوت کـە لـەنێو دۆڵێکدا گیریـان خواردبـوو، کەوتینـە گـەڕان بـەدوای ئـەو مێـوە ڕەق هەڵاتوانەی قەد دارەکان، تا وەڵامی پرتەوبۆڵەی گەدەمانی پێبدەینەوە کە هـەرگیز ئامادەنـەبوون لـە ئاست برسـێتیدا بـێ دەنـگ بن.

هەرکە گەیشتینە ناو ڕەزەکان، چەك ڕاکێشانو هەڕەشەی جاشان لەناو کەلاوەکانی گوندەکەوە ڕایچڵەکاندین، هـەردوولامان لـە ناکاو تووشی یەکتر بووین. خەسرۆ بە خێرایی دەستی ڕاکێشامو بۆ پشتەوەی باخەکەی پەلکێش کردم کە تاوێرەبـەردی گـەورەی لێبوو، تا بیکەینە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی ئـەو شـەڕەی خەریکە دەست پێدەکاتو تاکە کلاشینکۆفێك تیایـدا ڕووبـەڕووی دەیان چەکی جۆراوجۆر دەبێتەوە، چونکە خەسرۆ هەر لە دوێنێ بەیانییەوە (R..B.G) یەکەی لێکەوتبوو، تـەنها دەمانچـەیەکی پێمابوو، ئێستاش نـازانم قاچـەکانمان ئـەو هێـزو توانـا زۆرەیـان لـە کوێ بـوو، وابـەو خێراییـەو لـە چاوتروکانێکدا بـەو قەدپاڵە تووشەدا هەڵزناینو سەنگەرمان گرت...

جاشەکان داوای خۆ بەدەستەوەدانیان لێدەکردینو قرمەژنی گوللەش هەراسانی کردبووین، بـەڵام هەرچۆنێك بـوو گەیشـتینە پەنای ئەو گابەردەی کە دەمانویست... خەسرۆ فـەرمانی پێدام بـە دەسـڕێژی پچڕ پچڕ تەقـە لـەو شـوێنانە بکـەم کـە لێیانـەوە دەسڕێژمان لێدەکەن. هاڕەی گوللەی کلاشینکۆف گوێچکانی کەڕ دەکردو کەوتبووە پریشك هاویشتن.. شەڕ دەستی پێکرد!

---

★ لە دەقە عەرەبییەکەدا ناوەکەی بە (کوردۆ) هاتووە، بەڵام ڕاستییەکەی (کوردە)یە — وەرگێڕ

★ ★



# بەختیار

بە بێ دەنگیو وریاییەکی زۆرەوە کەوتینە ڕێ، سووره لە پێشمانەوە دەڕۆیشتو مام جوامێرو منو مولازم کەریمیش بەدوایەوە، جگە لە چەكو تاخمەکانمان، نانو شەکرو چایەکی باشیشمان هەڵگرتبوو.. خەمو ئەندێشەیەکی زۆریش سەربار، دوای ئەوەی بە ڕێکەوت کە خۆمانیش نازانین چۆن لە ئابلۆقەی جاشەکان رزگارمان بوو، لە کاتێکدا تەنها چەند هەنگاوێك لێمانەوە دوور بوون، کەچی بێ ئەوەی بماندۆزنەوە، کۆڵیانداو بە سەرشۆڕیو نائومێدی گەڕانەوە مۆڵگەکانیان. دوای ماوەیەك گەیشتینە گەلیی تۆبزاوە.. ئەو شوێنەی کە ناخم پڕ لە شادیو بەختەوەری دەکات، کاتێ یادەوەرییەکانم بیر دێتەوە، چونکە سەرەتای پێشمەرگایەتیم لەناو مێرگو ڕەزو باخەکانیدا بردبووە سەر، ئەوکاتەی کە بە ڕۆژەوە خۆمان تێیدا حەشاردەداو شەوانەش ڕوومان لە شار دەکرد، محەمەد حەلاقی بەرپرسمان لە پێشەوەو ئێمەش بە دڵو هەستێکی پڕ لە خۆشیو جۆشو خرۆشێکی بێئەندازەوە، بەدوایەوە سەربەرزانە دەچووینە ناو شارەوەو لە ناکاو زەبری کوشندەمان لە مۆڵگاکانی ئەمنو پیاوانی رژێم دەدا، یا بەدوای بەکرێگیراواندا دەگەڕاین، یاخود پۆستەری شەهیدانو بلاوکراوەکانی حزبمان بە دیوارەوە هەڵدەواسی، یان بەسەر خەڵکیدا دابەشمان دەکردن، زۆر بەختەوەر دەبووین، شانازیمان بە خۆمانەوە دەکرد، کاتێ کە دۆستانمان باسیان دەکردینو بە ئازایەتیو گیانبازییاندا هەڵدەداین، یان کاتێ سەرنجی ناحەزان ئیرەییان پێ دەبردینو نەیاندەویست لە ناخی جەماوەردا شوێنی شیاوی خۆمان بکەینەوە.

ئەم مولازم کەریمە کە هەر لە سەرەتای پێشمەرگایەتییەوە هاوەڵم بووە، وا دەیبینم سەرنج دەداتە دارو دەوەنو بەردی دۆڵەکە، وەك ئەوەی بەدوای یادگارییەکانیدا بگەڕێ، سەرنج لە هەر شوێنێ دەدەم، ئەوەم دێنێتەوە یاد.. لێرەدا خۆمان شاردەوە، ئا لەوێش ژەمە نانێکی چەورمان خوارد، هۆ لەوێش تووشی کیژۆڵە شۆخوشەنگە ئەفسوناوییە کەنگرکەرەکان بووین، کە حەسەن زیرەك گوتەنی: (ئارەق لە هەنیەی دەتکێ.. تك تك دێنەخوار، تەڕدەکەن پانیەی کەوشان) ئێمەش بەو تك تکە ئارەقەی سەر کوڵمەو هەنیەیان لە ناخەوە دەورووژاینو بە خەندەو پێکەنینو سەرنجە تیرهاوێژەکانیان زیاتر گڕیان لە ناخی ئێمەو پێشمەرگە گەنجو شەرمنەکانی ریزەکەمان بەردەدا کە بە دوای یەکدا دەڕۆیشتینو نەیاندەوێرا تەماشایان بکەن.

لە کاتێکدا تەماشای کەلاوەکانی تۆبزاوەم دەکرد، گوندەکەی خۆمانم لە دەشتی کۆیە هاتەوە یاد، کاتێ کە ئاغاکان کردبوویانە بارەگای خۆیانو جووتیارانیان تیایدا دادگایی دەکرد، بەڵام چ دادگاییەك؟! هەتا بەندیخانەشیان بۆ سازدابوون، ئەو گوندەی کە جووتیارەکانی لە بۆنەو جەژنەکاندا لە ترسی ئاغاو بە ناچاری ڕوویان لە دیوەخانەکەی دەکرد، ئەو ئاغایەی کە ڕوخساری گوندەکەمانی شێواندبوو، هەرچی هەرچیوپەرچیو ویژدان مردووی ناوچەکە هەبوو لە خۆی کۆکردبۆوە، کردبوونی بە خەڵکی گوندو لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکەی گوند بەگژ یەکتریدا دەکردنو ئەوانیش لەسەر زەوییوزارو دەسکەوتیتر ململانێیان لەگەڵ خەڵکی ئاواییدا دەکرد، تاکو ناچاریان بکەن گوند جێبهێڵنو ڕەو بکەنو دوور لە زوڵمو ستەمی ئاغاو پیاوەکانی بژین. خانەوادەکەی ئێمە یەکێك بوو لەو خێزانە ڕەسەنە دەگمەنانەی دێیەکە کە هێشتا لەوێ مابووینەوە، ئەوەش بەرامبەر لەدەستدانی زەوییوزارو سەربەستیمان، باوکم ناچار بوو بۆ چاندنو ڕەنێوهێنانی پارچە زەوییەك گرێبەندێك لەگەڵ ئاغادا مۆر بکاتو لە بەرامبەریشدا هەقی زەویو ئاوو شتی تریشی بداتێ کە کەس نەیدەزانی ئاغاکەمان ئەم داواکارییانە لە کوێوە دەخوڵقێنێ.

جارێکیان باوکم بۆی گێڕامەوە: کاتێ ئاغا لەماڵەکەی خۆی بچووبایە دەرەوە دەنگی دەهۆڵ گوندی دەشڵەژاند، دەبوایە جووتیاران لەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکەوە بەڕیز ڕابوەستانایەو لە کاتی تێپەڕبوونی ئاغادا جووتیاران سەری ڕێزیان بۆی دابنەواندایە، ئاغاکەمان نیمچە دەوڵەتێکی حوکمڕان بوو کە لە گوندەکانی بەستی شەرغەوە دەستی پێدەکردو هەتا بناری چیای کۆسرەت درێژ دەبۆوە. ئەو تەنها نەبوو، هەمیشە بە کۆمەڵە پیاوکوژێکی بێبەزەیی دەورە درابوو کە پیشەیان

کوشتن‌و سوتاندنی بەروبووم‌و خانوو ماڵی جووتیاران بوو، هەتا توانای کاولکردنی گوندێکی یاخیبووی تەواویان هەبوو. بۆ نموونە لەسەر دارو پەردووی (داربەڕوو)، پیاوانی ئاغا گوندی کانیڕەشیان بونیادنا، دوای ئەوەی زەوی گوندەکەیان بە خوێنی جووتیاران ئاودا.

ئاغاکان لە نێوان خۆیاندا بۆ فراوانکردنی دەسەڵات‌و قەڵەمڕەوییان‌و چاندنی ترس‌و دڵەڕاوکێی زیاتر لە دڵ‌و دەروونی جووتیاراندا ململانێیەکی سەیری یەکترییان دەکرد. بە جۆرێك ململانێکەیان گەیشتبووە ئاستێك کە پشتگیری یاخی بوونی جووتیارانی سنووری قەڵەمڕەوی ئاغایەکیتر بکەن. ئەو جووتیارەی لە ئاغاکەی ئەوبەر زێ یاخی بووایە، ناچار بوو پەنا بۆ ئاغاکەی ئەمبەر بێنێ، بەهەمان شێوەش جووتیارێکی یاخی بوو لە ئاغاکەی ئێمەش دەبوایە بە پەلە خۆی بگەیەنێتە ئاغاکەی ئەوبەر، لە هەموویشی سەیرتر ئەوەبوو چیرۆکی قارەمانێتی وایان دەدایە پاڵ پیاوەکانیان کە مایەی سەرسوڕمان بێ.

دوای ئەوەی مۆڵەتم لە هاوڕێیانم وەرگرت‌و بۆ یەکەمجار دوای چەك هەڵگرتنم گەڕامەوە ماڵ، لە سیماو ڕووخسارو ناخی لاوانی گوندەکەماندا جۆرە خۆشەویستییەکم بەرامبەر خۆم بەدی کرد، کەچی نەیانوێرا نزیکم بکەونەوە، چونکە شەڕی براکوژی کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردبووە سەریان‌و لە ناچاریدا بەخەم‌و نیگەرانییەکی بێ ئەندازەوە لەو کارەساتە گورچکبڕەیان دەڕوانی، چونکە ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە زیانێکی زۆری لە جووتیاران‌و گوندەکانیان دابوو، بۆیە وایان لێهاتبوو کە توخنی هیچ حزبێك نەکەون، چونکە نزیك کەوتنەوە لە هەر حزبێك، واتە دژایەتی کردنی حزبەکانیتر، ئەمەش تووشی بێنەوبەردەو سەرئێشەی دەکردن، وەهایان لێهاتبوو هەرگیز باوەڕ بەوە نەکەن کە شەڕی براکوژی کۆتایی هاتووە، بەڵکو پێیان وابوو کە ئەوە تەنها دانوستانێکەو هاکا دەستیان بە یەکتر کوشتن کردەوە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەو ڕووداوو بارگرژی‌و پەیوەندییە ناڕێکانەی نێوان هێزی پێشمەرگەی حزبەکان‌و قسەو لێدوانی هەندێ لەو پێشمەرگانەی کە وا پێدەچوو، نەمانی شەڕی براکوژی‌و ئاشتبوونەوەیان پێ ناخۆش بێ.

هەتا هاوڕێیانی سەردەمی منداڵی‌و هەرزەکارییشم کاتێ دەمدواندن، یا سەردانیم دەکردن، ئەو دوو دڵی‌و خۆ دوورەپەرێز گرتنەم بە ئاشکرا لە ڕوخساریان دەخوێندەوە... بەڵام باوکم زۆر شادمان بوو، کاتێ لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکە ئاغای بینی سڵاوم لێ دەکات‌و هەواڵی ژیانی پێشمەرگایەتیم لێ دەپرسێ. ئاغاکەمان بەهۆی واقیعی ژیانی نوێی گوندەکان‌و بەرزبوونەوەی ئاستی دژایەتی کردنی ئاغایەتی لای پێشمەرگە، بەرژەوەندی‌و دەستکەوتێکی تایبەتی زۆری لە کیس چووبوو، بۆیە ئێستا پەنا دەباتە بەر مانۆری جۆراوجۆر بە سازدانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ بەرپرسی مەفرەزەکانی پێشمەرگە.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، زیاتر شارەزای ژیانی پێشمەرگایەتی دەبووم‌و وازم لەو بۆچوونە خەیاڵییە دەهێنا کە بەرامبەریان هەمبوو، بەرلەوەی چەکی پێشمەرگایەتی بکەمە شان بە چاوی ڕێزەوە لە ڕەفتارو ڕەوشتبەرزییانم دەڕوانی، کەچی وا دەرنەچوو، چونکە هەتا ئەو کۆمەڵە بچووکەی دەستەکەشمان، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ڕەفتاری خەڵکی گوندەکەی ئێمەدا نەبوو، لەبەرئەوەی سەرەڕای بوونی خەڵکی باش، کەچی کەسانی بەدڕەفتاریشمان تیابوو، لەگەڵ ئەوەی کەسانێك هەبوون لەبەردڵان بوون، وەلێ کەسانی واش هەبوون بە هەڵسوکەوت‌و ڕەفتاری نابەجێیان مێشکتیان دەتەقاند، گەیشتمە ئەو ڕاستییەی بوونی کۆمەڵە خەڵکێك کە هەموویان خاوەن ئاکاری باش بن، زۆر زەحمەتە، هەروەکو هەمیشە باوکمیش جەختی لەسەر ئەمە دەکردەوە.

...جاران کە گەڕان‌و هاتوچۆو برادەرو ناسیاوەکانم لە سنووری هەرسێ گوندی گۆمەشین‌و خەرابەو قزڵو تێنەدەپەڕی، کەچی بە هۆی پێشمەرگایەتیم‌و گەڕانم لەگەڵ مەفرەزەکەمدا شارەزای گوندەکانی دەشتی کۆیەو هەتا نزیك شاری کەرکوکیش بووم، لەولاوەش هەتا نزیك شەقڵاوە. ئەمەو ئارەزووی زانیاری پەیداکردنم لەسەر ژیانی جووتیارانی گوندەکانیتر، گەیاندمیانە سەر ئەو باوەڕەی کە ژیانی زۆربەی هەرە زۆریان چوونیەکن‌و لە دژایەتی کردن‌و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاغایەتی و ئەندێشەکانی وەرزی چاندن‌و دروێنەو فرۆشتنی بەروبووم‌و خەمی ئاژەڵداری کە لەژێر لێزمەبارانی بۆردومانی فڕۆکە پیلاتۆزەکاندا ئەستەم بوو، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو. کە چوومە گوندی (کلاوقوت) ئەو گوندەی کە حەمەسوورەکان‌و سەرکردەکەیانی تێدا نیشتەجێ بوون، حەمەسووری ڕابەریان کە یەکێك بوو کاتی خۆی لە

تەکیە وەدەرنرابوو، هاتبوو بنەماو ڕێسای بزووتنەوەیەکی نامۆو سەیری لەناوچەکەدا دانابوو، لایەنگرەکانی بە کۆمەڵ لە خانووی هاوبەشدا پێکەوە کۆکردبۆوەو کۆمەڵە بڕیارێکی تایبەتی بەسەردا سەپاندبوون، وەکو پۆشینی جلوبەرگی وەکویەك و خواردنی هەمانجۆرو بڕی خۆراك و دابەشکردنی کار بەسەر هەمووان، هەروەها جگەرەو چایەو چوونە مزگەوت و منداڵبوونی لێ قەدەغە کردبوون.

کاتێکیش لە (حەمەسوورییەکان)م پرسی سەبارەت بە هۆو پاساوی ڕابەرەکەیان بۆ ڕێگرتن لە منداڵبوون، لە وەڵامدا پێیا ن گوتم: ئەم دونیایە پڕ لە ستەمە، کەواتە هیچ پێویست ناکات بە دەستی خۆمان منداڵەکانمانی تێهاوین، هەتا ئەو کاتەی (مەهدی) دێ و ئەو زوڵم و ستەمە ناهێڵێت و ئەم دونیایە پڕ لە دادوەری دەکات!، ئەمانە خەڵکێکی گۆشەگیر بوون و تێکەڵی جووتیارانی ناوچەکە نەدەبوون، نەیاندەتوانی وەك مامەڕەزاییەکان سەرنجی جووتیاران و خەڵکی دەڤەرەکە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن. ئەوەی مایەی سەرنج بوو، شێوەی (حەمەسوور) لە کورد نەدەچوو. بەڵکو ئەو دەروێشێکی بێ ناسنامە بوو، دەڵێن سەروسیمای لە ڕووخساری ئەو سەربازە ڕووسییانە دەچوو کە هاتنە ڕەواندزەوە، لەوانەشە یەکێك بێ لەوان و پێی باش بووبێ بچێتە تەکیەی دەروێشانەوە.

(تۆبزاوەو کانی ئۆمەرئاغا)مان لە دوای خۆمانەوە جێهێشت و دۆڵەکانی باواجی لە ئامێزیان گرتین، بە ئاشکرا مۆژدەی هاتنی بەهاریان پێوە دیاربوو، چونکە هاتنە خوارەوەی پێچاوپێچی ئاوو ئەو سەوزاییەی کە قەدپاڵی شاخەکەی داپۆشیبوو و ئەو بەفرە کەمەی کە مابۆوەو بێهوودە دەیویست ڕێگە لەهاتنی بەهار بگرێ، نیشانەی ئەو وەرزە نوێیە بوون.

لەپەنای لووتکەیەکدا بۆ پشوودان دانیشتین، دیمەنی ڕازاوەو قەشەنگ و ئەفسووناوی ناوچەکەو یادگارییە تۆمارکراوەکانی.. سەرنجیان ڕاکێشام.

لە حەشارگەکەماندا ماینەوەو بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی مام جوامێرو هەڵکەوت و دکتۆر هۆشەنگ و ئەوانیتر بووین، چونکە هەر یەکێك لەو هاوڕێیانەمان مایەی پشت پێبەستن و متمانەبوون، هەڵکەوت لە دڵی هەمووماندا جێی خۆی کردبۆوە، لەو ماوەیەی لە کەپرەکاندا بووین زۆر پشتمان پێی دەبەست. دکتۆر هۆشەنگیش ئیدارییەکی کارامەو لێزان بوو لە خەرجکردن و بەکارهێنان و دابەشکردنی خۆراك بە پێی پێویست، تا بۆ ماوەی زیاتر بەشمان بکات. هەر ئەویش ئاسوودەیی و متمانەی دەخستە دڵمانەوە، کاتێك ڕۆژانە داوودەرمانە هەمەچەشنەکانی لەسەر بەتانییەکەی ڕوودەکردو حیساباتی خۆی لەگەڵ دەکردن، ئەو بەو کارەی دڵنیای دەکردینەوە کە هیچ نەخۆشییەك ناتوانێ هەڕەشەمان لێبکات، حەمە ڕەشاشی نەوسن لە هەموومان زیاترو بگرە ڕۆژانە لە دکتۆر هۆشەنگ دەپاڕایەوە کە چارەیەکی گەدەی بکات، چونکە هێندەی دەخوارد، گەدەی بەستەزمان و قوربەسەری بەرگەی ئەو هەموو خواردنەی نەدەگرت. چالاکی کرو بێدەنگی کوڕە شارییش کە لەگەڵ ژیانی لادێیدا ڕانەهاتبوو، کەچی لەناو بەفرو بۆران و سەهۆڵبەندانی شاخەکاندا..، تووشی ژیانێکی هێندە سەخت و دژوار بوو، بەڵام تەقەللای خۆ گونجاندنی لەگەڵ ئەو ژیانە نوێیەداو، ڕۆژانە خۆی بە بێتەل و ڕادیۆکەیەوە سەرقاڵ دەکرد، ئاسۆی برینداریش، کە ڕێکەوت لەگەڵ ئێمەی هێشتەوە، چونکە ئەو سەر بە مەڵبەندی سلێمانی بوو، لە کاتی پاشەکشێی ئەو هێزانە بە ناوچەکەماندا، دوای شەڕەکانی قەرەداغ و گەرمیان، بە مەبەستی پەیوەندی کردن بە کەسوکارییەوە کە ماوەیەك بوو هەواڵی نەدەزانین، بە مۆڵەتداری ماوەیەك لەگەڵ مەفرەزەی شواندا مایەوەو هاتنی ئەنفالیش ناچاری کرد لێمان دانەبڕێ و لەگەڵ دەستە پارتیزانەکەماندا بمێنێتەوە..

لە نۆرەی پاسەوانی شەوانەدا بووم کاتێ — لە دوورەوە - گوێم لە دەنگی تایبەتی حەمە ڕەشاش بوو کە دەتگوت گزۆزی شکاوی ئۆتۆمبیلە، بەمەش لە هاتنیان ئاگاداربوومەوە. ئیدی تێکڕای هاوڕێیان لە پرخەو خەوە نائاسوودەکەیان بێدار بوونەوەو هەستانە سەرپێ، تا لە تاریکاییەکی ئەنگوستەچاودا لە نزیك ئەو کانیاوەی کە بە نێو دۆڵە شاخاوییە پێچاوپێچەکەدا گوزەر دەکات، پێشوازی هاوڕێیان بکەن ... حەمە ڕەشاش و پاشان سوورەو ئینجا... مام جوامێر گەیشتن.

لەنێو ئەو شەوەزەنگەدا سیماو ڕوخساریان دیاری نەدەکرا، کەچی دەنگی مام جوامێر وەکو چەقۆیەك لە ناخی دڵماندا چەقی.. ئەو دەنگە پڕ لە خەم و سۆزو خۆ سەرزەنشت کردنەی کاتێ پێی ڕاگەیاندین:

– هەڵکەوت شەهید بوو!

★ ★



# چالاك

دوای ئەوەی لەگەڵ دکتۆر هۆشەنگ فوتووی شیر نیدۆکەمان پڕ لە ئاوکرد، تا بیگوازێتـەوە شوێنی خۆشاردنەوەکەمان لای تاشەبەردەکە، هەر لەسەر کانیاوەکە دکتۆر هۆشەنگم جێهێشتو بە پەلە خۆم گەیاندە هەڵکەوت کە تا ئـەو کاتـە بـە وردی چاودێری ناوچەکەی دەکرد، بە تایبەتیش دەوروبەری ئەو ڕێگایەی بەرەو گونـدی (مێـوژە)ی چۆڵو وێرانکراو دەچوو، کـە دەبوایە بۆ شەوێ بیگەینێ، تـا لـەوێ بچینە لای ئـەو شوانانەی کە پێشـتر بـەڵێنی ئـەوەیان دابوینـێ، هەنـدێ پێداویستیو خۆراكو داودەرمانمان بۆ بهێنن، بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی ئاسۆ کـە تەندروسـتی بـەرەو باشـتر دەچووو زامەکەیشی لـە چاکبوونەوەدا بوو، وێڕای ئەوەی کە بە زەحمەت دەیتوانی بجووڵێتەوە بە هۆی ئەوەی کـە بـۆ مـاوەی زیـاتر لـە دە ڕۆژان بـە ناچاری لە کونە ئەشکەوتێکی هەڵواسراوی قەد تاشەبەردێکی بەرز، خـۆی لەسـەر سك درێـژ کردبـوو، بێئـەوەی توانـای هـیچ جووڵانەوەیەکی هەبێ، خۆ ئەگەر دکتۆر هۆشەنگ نەبوایە، ئاسۆش لەو کۆسرەتە چۆلوهۆلەدا شەهید دەبوو.

هەموو هەوڵو تەقەللایەکمان بۆ پەیوەندی کردن بە شارەوە بێهوودە بوون. شوانـەکانی ناوچـەکە لـە مەترسـی مردنمـان لە برسێتی ڕزگاریان کردین... لە سەرەتاوە دوودڵ بوون لە یارمەتیـدانمان، زۆر دەترسـان، چونکە دڵنیـا نـەبوون لـەوەی کـە ئایا پێشمەرگەین، یان چەکداری دیکەین، بەڵام جلوبەرگە چڵکنو شـڕۆڵەکەمانو ڕیشـی درێـژو بـۆنی ئارەقـەی جەسـتەمان بەس بوو بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە ئێمە پێشمەرگەین.

بە درێژایی ڕێگا، تا گەیشتینە لای شوانەکان، هەڵکەوت لەسـەر دیـاریکردنو پێڕاگەیانـدنی شـوانەکان لـەوەی کـە ئـەمڕۆ دەچینە لایان سەرزەنشتی کـردم. .. هەرچـەندە دڵنیاشـم کردبـۆوە لـەوەی کـە ئـەو شـوانانە ماوەیەکە بوونەتـە جێـی بـڕواو متمانەمانو پێویست بە ترسو دڵەڕاوکێ ناکات، چونکە تا ئێستا چەندین کارمان پێسپاردوون، ئەوان   بە ئارەزووی خۆیـان بۆیان جێبەجێ کردووین، کەچی ئەو هەر بڕوای بە قسەکانم نەدەهات، سووربوو لەسەر ئەوەی کـە خـۆی لـە جیـاتی دکتـۆر هۆشەنگ ئامادەبێ، چونکە خۆی زیاتر شارەزا بوو، بە پشتبەستن بەو ئەزموونەی کە هەیەتیشی، هـەر لـە دوورەوە هەسـتی بەبوونی مەترسی دەکرد.

ئەو گومانە بەردەوامەی هەڵکەوت زۆر نیگەرانی کردبووم، بەجۆرێك کە وام لێهاتبوو لەسـەر ئـەو هەڵـە بـێ مەبەسـتەی کە ئەنجامم دابوو، سەرزەنشتی خۆم دەکردو بڕیارمـدا کـە دووبـارەی نەکەمـەوە. هـەرگیز نابـێ کـاتی دیـاریکراوی خۆمـان، هاتنو چوونو شوێنمان، لای هیچ کەسێك بدرکێنین، دەبێ شێوازو نهێنی جولانەوەمان لە هەمووان بپارێزین.

سەگی شوانەکان بۆمـان هـاتن، بـە وەڕەوەڕ پەلاماریانـداینو هـەواڵی گەیشـتنمانیان ڕاگەیانـد، شـوانەکان بـە زەحمـەت لـە چڕنووكو کەڵبەی سەگەکانیان دەربازیان کردین... ئەو سەگانەی کە پاسەوانی مێگەلەکان دەکەن یەکجار درن، بـە جۆرێـك کە ڕێگە بە هیچ کەسێك نادەن لە مێگەلەکان نزیك بکەونەوە، تەنها خاوەنەکانیان نـەبێ، چونکە ئەو سەگانە بـۆ پاراسـتنی مێگەلەکان لە دزو گورگو دەعبایتر ڕاهێنراونو نـان دەدرێـن، هـەر کەمتەرخـەمیو ترسـنۆکییەکیش، دەبێتـە هـۆی لێـدانو بەرەڵلاکردنیان بە توندترین شێوە... کارێکی زۆر ئەستەمو نەشیاویشـە خوانەخواسـتە لـەو سـەگانە بـدەیت کـە پـەلامارت دەدەن، چونکە ئەوە بەرامبەر خاوەنەکەی بە سووکایەتی دادەنرێ، بەڵکو پێویستە خۆت ڕابێنی کە بە ورەیەکی پۆڵایینەوە لە بەرامبەر ئەو سەگەدا بوەستیت کە پەلامارت دەداو شەڕی لە چاوان دەبارێ، هەتا ئەو شەڕو پەلامارە ترسناکە! بە هـاتنی خاوەنەکەی کۆتایی دێ.

لای مـام مەجیـدیپیرە شـوان دانیشـتین، چـای بـۆ ئامـادە کردبـووینو چاوەڕێی دەکـردین. پێشـتریش لـە شـارەوە مەنجەڵـە دۆڵمەیەکی بۆ هێنابووین، سەرنجەکانی ئـەم پـیرە دنیادیدەیـە بـۆ ئێمـە پـڕ لـە سـۆزو خۆشەویستی بوون، کاتێ ئامۆژگاری دەکـردین کـە ناوچـەکە جێبـێڵینو لـەو مەترسیانەش ئاگاداری دەکردینـەوە کـە لەوانەیـە لـە کۆسـرەتدا بێنـە ڕێمـان، وەك ئەوەی لە (کانی شەهیدان) بەسەرمان هات، چونکە شەهید بوونی هەر پێشمەرگەیەك لـەم هەلومەرجـە ناسکەدا، برینێکـی قوولو کاریگەر لە ناخی خەڵکیدا دروست دەکات، لە کاتێکدا کە لە چاوەڕوانی هاتنـەوەی پێشمەرگەدان بـۆ ئـەو ناوچانـەی بەر لە ئەنفال تێیدابوون.

سەگوەڕەكە هەڵكەوتی زیاتر نیگەران كرد، وەڕینەكەیان نیشانەی هاتنی شتێكی نامۆ بوو، چونكە سەگ ناوەڕێ، هەتا بۆنی مەترسی نەكات... بۆنی گورگ، مرۆڤو چەكو شتیتریش، جۆری وەڕینەكەیشی بۆ هەر یەكێك لەو مەترسییانە تایبەتە، خاوەنەكەی بەوەڕینەكەی ڕا، جۆری مەترسییەكە دیاری دەكات... ئەوە زمانی سەگانە... كەچی هەردوو شوانە گەنجەكە (سەركەوتو جومعە) دڵنیایان كردینەوە كە ئەو سەگوەڕە نیشانەی ڕاونانی ئەو گوێدرێژە بەرەڵلایانەی ناوچەكەیە كە شوانەكان ڕۆژانە بۆ گواستنەوەی پێداویستییەكانیانو هێنانی دارو ئاو بۆ شوێنی حەسانەوەیان بەكاریان دێنن.

كەچی سەگوەڕەكە هەر بەردەوام بووو كڕ نەدەبوونەوە، بۆیە بەپەلە خواردنەكەمان خواردو بە خێرایی بەرەو حەشارگە ئاسوودەكەی قەدپاڵی چیای كۆسرەت گەڕاینەوە. یەكێك لە شوانەكان دەگەڵمان هات، تا لە سەگەكان دەربازمان بكات، دوای ئەوەی سەگەكانی لێپاسكردین، بەرەو ڕێگایەكی بردین كە بەخوار گوندی (مێوژە)و بەژێر گردۆلكەیەكی بەرزدا تێدەپەڕی كە لووتكەكەی بەسەریدا دەڕوانین، سەیر لەوەدا بوو، بەدەنگێكی هێندە بەرزەوە قسەی لەگەڵ دەكردین، وەك ئەوەی لەگەڵ كەسانێكی دووردا بئاخڤێ.

كەمێك ڕاوەستاین، تا ئەو شتانە بەسەر خۆماندا دابەش بكەین كە شوانەكان بۆیان هێنابووینو لەناو كیسەیەكی سپیدا بوو، كیسەیەكی بەتاڵی برنج، هێندە سپی دەچۆوە لەو تاریكەشەوەدا دەزووە نایلۆنییەكانی شەوقێكی ئاشكرایان دەبەخشی. هەڵكەوت سووربوو لەسەر ئەوەی كە خۆی كیسەكە هەڵگرێ بە هەموو شتەكانی ناوییەوەو منیش بە دوایەوە بڕۆمو لە ئامادەباشیدا بم بۆ هەر ڕووداوێكی لەناكاو.

ئەو ترسو دوودڵییەی كە هەر لە عەسرەوە لە ناخی هەڵكەوتدا ئارام نەدەبۆوە، بە سەرتاپای جەستەو گیانی منیشدا ڕۆچوو، بەتایبەتی كاتێ گوێم بۆ سەگوەڕەكە ڕاگرت، چونكە وەڕینی سەگەكان بەوجۆرە مایەی وروژاندنی ترسو ئاگاداركردنەوە بوون لە پێشهاتو ڕووداوێك... ئەوە وەڕینی سەگێكە كە مەترسییەك یەخەی گرتبێ... لەوانەشە سەگەكان لەلایەن ئەو مرۆڤە گورگ ئاسایانەوە تۆقێنرابن كە بۆمان لە بۆسەدا بوون.

لە ناوەڕاستی دەریاچەكەوە مانگ دەستی بە خۆدەرخستن كردو تاریكی ناوچەكەی ڕەواندەوە. بۆ ڕێ بزری‌و دیارنەبوونی شوێن پێیەكانمان لەسەر ڕێگا سەرەكییەكە لاماندداو، خۆمان كوتایە دۆڵێكی بچووكەوەو بەرەو قەدپاڵی كۆسرەت هەنگاومان نا.

لەناكاو.. دەستڕێژ دەستی پێكرد، دۆڵەكە بووە یەك پارچە ئاگر... كیسە سپییە بریقەدارەكە لە دەستی هەڵكەوت بەربۆوە، تا بە پەلە چەكەكەی بخاتە نێو دەستەكانییەوەو لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا ڕۆڵێكی كاریگەری بداتێ، هەرواش بوو، چەكەكەی دەستی هەڵكەوت كەوتە تەقەو گڕبارانی مرۆڤە دڕندە گورگ ئاساكانی كرد.

ئەو ڕووداوە كتوپڕە هەژاندمی، هەتا چەكەكەی شانی خۆم لەبیركرد، پاشان دەستم بۆ برد، تا منیش لەو پەلەقاژەو هاوارە ڕۆڵێكی بدەمێ... تازە كەوتینە تەڵەكەوە.

تۆپەڵە ئاگرێكی گەرم جەستەم دەسمێ، چەكەكەم لە شانم ون دەبێ... بڵێسەی ئاگر لە هەمموولایەكەوە بەرز دەبێتەوەو سرپیەك بە هەموو جەستەمدا تەراتێنێتیو بەپەلوپۆمدا بڵاودەبێتەوە، دەنگێكی نامۆو شاراوە كەللەم دەهەژێنێ.

ئەوە (عەلی قامیشلی)یە، بە زەحمەت هەناسە دەدا، بە حەسرەتەوە تێمدەڕوانێو زامی جەستەی پڕزەی لەبەربڕیوە... درەختەكانی دۆڵی خەلەكان لە سێبەری خۆیان ناوەو لە گەرمای پاشنیوەڕۆی دەپارێزن... دەیەوێ لەگەڵمدا بدوێ، بەڵام دەنگەكەی هەر لە زاریدا ون دەبێ... خاكەكەی ژێری تێر خوێن بووە، وا خەریكە دەبێتە گۆمە خوێنێك.

ئەوەش دایكمە، وا بەدیار سەرمەوە وەستاوەو فرمێسكم بەسەرا دەبارێنێ، سینییەك كولیچەی لەسەر دەستە، ئەو كولیچەیەی كە ڕامسپاردبوو هەر كاتێك لە شاخ بۆ سەردانیم هات بۆم بێنێ. بەجۆرێك قسەم لەگەڵ دەكات لێی تێناگەم، قسەیەك كە لە نووزە نووز دەچێ.

ڕەنگی كولیچەكە گۆڕا، ڕەونەقێكی قرمزی وەرگرت... عەلی هەستە با پێكەوە بیخۆین!... وا عەلی زۆر بە زەحمەت دەستی لە بنچكە گیایەك گیر دەكا كە لە نزیكییەوە ڕووابوو، گیایەكە دەپسێ، شلەیەكی سوور لە جەستەیەوە دێتەخوارێ.

عەلی سەرلەنوێ دەکەوێتەوە ناو گۆماوی خوێنەکەی... سینییە کولیچەکەش لە دەستی دایکم دەکەوێتە خوارەوەو کولیچەکە بەوناوەدا پەرشوبڵاو دەبێتەوە.

چیایەکە وا لە پێشمدا ئاوەڵا دەبێ، تا باڵەخانەی پەیمانگاکەم لێدەرکەوێ. ئای خۆ ئەوە جینانە بە جلوبەرگی زانکۆوە، تەماشایکەن تەنوورە خۆڵەمێشییەکەی چەند بەرێکی بەسەر سمتو ڕانەکانیدا هاتۆتە خوارێ. سەرم هەڵبڕی، تا ڕووخسارە کازیوە ئاساکەی ببینم کە بۆ یەکەمجارە بە ڕوومدا پێدەکەنێ... من بە جۆرێکی وا شەیدای بووبووم، کەچی ئەو هەر پێیشی نەدەزانیو تەنها جارێکیش بزەیەکی بۆ نەکردبووم، خۆشەویستییەکەم بۆ جینان تاک لایەنە بوو، وەك دەڵێن خۆشەویستیو شەیدابوونی یەکەم سەرنج بوو... هەمیشە بەرلەوی دەچوومە پەیمانگا، لەپێش دەرگای هۆڵەکە ڕادەوەستام، چاوەڕوانی هاتنی بووم، تا وەڵامی سڵاوەکەی بدەمەوە:

- بەیانیت باش...

دەچێتە ژوورەوەو بەزەیی بە کۆیلە سووتاوەکەیدا نایەتەوە کە هەر لە سپێدەیەکی زووەوە لە چاوەڕوانیدایە... ئەشقو سووتانم بۆ جینان وایان لێکردم ڕوو لە شارەکەی بکەم، ئەو شارەی کە دیمەنی گوومەتو منارە زێڕینەکانیو ڕەنگو ڕووخساری ئەو کیژۆڵە شۆخو پەری ئاساو هۆشبەرو دڵڕفێنانەی کە لەناو شارو نێوان هەردوو مەزارگەکەدا بە لەنجەوە خۆیان دەنواندو لەگەڵ جوانی جینانەکەی مندا ململانێیان دەکرد، جوانی ئەو دیمەنانە سەرسامیان کردبوومو بەمن بوایە هەر لە شارەکەی جینانەکەمدا بوایەمو بە هیچ لایەکدا نەچوبایەم.

دڵنیام جینان هەست بەو سۆزو خۆشەویستییە بێ سنوورەی من دەکات، بەڵام بە ساردیو کەمتەرخەمییەوە لێی دەڕوانێ، کەچی ئەمڕۆ بە خەندەیەکی ئەفسوناوی واوە پێشوازیم دەکا، هەرگیز چاوەڕێی خەندەیەکی وام لێی نەدەکرد... ئەوەتان: هەر هەموو فوتابییەکان بە جلی تایبەتی زانکۆوە لە دەورم ئاپۆرەیان داوەو جینانم لێ ون دەکەن.. تکاتان لێ دەکەم لێم دوورکەونەوە، با جینان خەندە بارانم بکات!... وا خەریکە دەنگی جینان لەناو بەرزبوونەوەی دەنگەدەنگو ژاوەژاوی فوتابییەکاندا ون دەبێ... جلەکانی بەریان دەگۆڕێنو دەبنە جلی کوردی، کتێبو دەفتەرەکان لە دەستیان ون دەبنو چەك جێگەیان دەگرێتەوە... دەنگێکی ناخۆشو ترسناك دێتە گوێم...

– بیکوژن.. بیکوژن!

.. لە هەموو لایەکەوە بە سەرنجی دڕندانەو پیاوکوژانە دەورەیانداوم، کیسە سپییە بریقەدارەکە لەتەك سەرمەوەیەو تاشەبەردە نووکتیژەکان لەژێرەوە جەستەم تێکدەشکێننو جوولەم لێدەبڕن... لێوەکانم لە تێنوێتیدا خەریکە وشك دەبن، ناو دەمم وەك ژەهری ماری لێهاتووە... مانگەکەش پەیتا پەیتا وا بە ئاسمانەوە هەڵدەزنێو ڕووناکی گڵۆپەکانی ڕانیەو چوارقوڕنەش لەوبەری دەریاچەکەوە دەبریسکێنەوەو لە سەمادان... هەڵکەوت بە تەنیا جێیهێشتم... سەرئێشە خەریکە مێشکم دەپژێنێ، هاتوهەرای جاشەکانیش بوونەتە تەورو فازمەو کەللەی سەرم وردوخاش دەکەنو هەتا دێ فورستری دەکەن، بە جۆرێك کە ملیشم توانای جولاندنی کەللە سەرمی نەماوە!

بێشك ئەوە مەرگە... ئەمە دواساتەکانی ژیانمە، کە پێویستە بەبێ جوولە پێشوازی بکەم، چوارپەلم لە ئیفلیج بووندانو وا خەریکە سڕیی بەرەو مێشکم سەردەکەوێ... پێڵووی چاوەکانم تادێ شەکەتو گرانتر دەبنو خۆیان داوەتە دەستی خەوێکی قوولەوە... ئەوە کەسێکە وا بەبێ سەر بەناو قەڵادزێدا ڕادەکا... بۆردومانی فڕۆکە مێکەکان بێدەنگیی شارەکەیان هە ژاند، دەنگی تەقینەوە دنیای داگرتووە... تەرمی کوژراوەکان لەسەر شەقامدا ڕاکشاونو پەرشوبڵاو بوونەتەوە، منیش خۆم لە پەنای دیوارێکدا شاردۆتەوە... بە بینینی دیمەنی ئەو قەسابخانەیە منی منداڵ لە ئامێزی باوکمدا زارەترەك بوومو هەترەشم چووە... باوکم دەستی لەسەر چاوم داناوە، تا ئەو مرۆڤە نەبینم کە لە بەردەممدا بەبێ سەر ڕادەکا!

ئەوەش گوندی قولقولەیە، هەموومان لای ئەو ماڵە کۆبووینەتەوە کە فڕۆکەوانە ویژدان مردووەکەی کۆپتەرەکە ڕۆکێتێکی (٢٥٠) کیلۆیی پێداکێشاو بەسەر گەورەو بچووکیاندا خاپووری کرد... ئەوەش خێزانێکی کۆستکەوتوویترە، وا لە کونە تەیارەیەکەوە دەریان دێنن، ئەم خێزانە هەشبەسەرە لە ترسی بۆمبو ڕۆکێتی فڕۆکە خۆیان کوتابووە ناو ئەو چاڵەوە، وەك ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان ئەو چاڵەیان وەکو گۆڕێك هەڵبژاردبێ... ئەوەتە جینان جارێکیتر بەرامبەرم ڕاوەستاوە، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لەم جلوبەرگە چڵکنو شڕۆڵەم دەڕوانێو بۆنی ئەو بۆنە گەنیوو فێزەونە دەکات کە

له جەستەمەوە هەڵدەستێ، لەو ڕیشە تۆزاوییەی چەناگەم ورد دەبێتەوە کە ڕووخساری شێواندووم... قسەم لەگەڵ دەکات، کەچی مـن گـوێی نادەمـێ... جێمهێشـت، تـا خـۆم بگەیەنمـە بـازاڕی سلێمانی، بـە دوای کەسێکی نادیـاردا دەگەڕێم. دەنگـە زوڵاڵەکەی (محەمەدی ماملێ) بۆ لای خۆی پەلکێشی کردم کە لە یەکێك لە تۆمارگاکانەوە دەیچریکاند:
- تۆ بەڵێنم پێ بدە!

بەڵام ئەی مامڵێ جینانەکەی من هاتە لام، کەچی جێمهێشت.. خەریك بووم بۆ بینینی لەت لـەت دەبـووم، هـەتا ئـەمڕۆ خۆی هاتە لام. هەرچەندە ئەو لێم نەبان بوو، وەلێ من زۆرم خۆشدەویست. کەچی کاتێ ئەو بە سۆزەوە ڕەزامەنـدی خـۆی دەربڕی‌و لێم نزیك کەوتەوە، بۆی دەرچووم‌و هـەڵاتم، لـە ترسـی ئـەوەی نـەبادا گـڕی ئیشـقەکەم بـۆی دامرکێتـەوە... باشـم لەیادە کاتێ لە هۆڵی وانە وتنەوەدا دادەنیشتم، نوقمی تەماشاکردنی جینان دەبـووم، بەتایبـەتی ئەوکاتـەی بـە نووسـینەوەی وتەی وانە بێژەکەوە خەریك دەبوو... تەماشای قەڵەمەکەی دەستیم دەکرد کە لەنێو پەنجەکانیدا گوێڕایەڵ‌و ملکەچ بـووو خوێناوی خۆی هەڵدەڕشتە سەر کاغەزەکەی بـەردەمی، پرچـە ڕەشـە مەیلـەو زەردەکەیشی شان‌و ملـی داپۆشیبوو. زنجیرە زێڕەکەی ملی کە بە زەحمەت ئەو قورئانە بچووکە ئاڵتونەی بۆ هەڵدەگیرا کە پێیەوە هەڵواسرابووو بەر قەڵەمەکەی دەستی دەکەوت، بۆیە جارناجارێ فرێی دەدایە دواوە، بۆ نێوان مەمکۆڵەکانی‌و لڤیکسەکەی.

وا کاروانە سەربازییەکە لە بێستانەوە دەرچوو، گەیشتە دۆڵی خەلەکان... دەسـتمان لەسـەر پەلاپیتکەی تفەنگەکانمانـەو دڵـەڕاوکێ ڕووخسـاری داپۆشـیوین، نێچـیرەکەش هێـدی هێـدی وا لـە تەڵەکـە نزیـك دەکەوێتـەوە. عـەلی قامیشـلی (R.B.G)یەکـەی لەسـەر شـانەو ڕووەو کاروانەکـە لـە ئامادەباشـیدایە، هـەر هـەموومان چاوەڕوێی ئامـاژەی دەسـتپێکردنی شەڕین... بەڵام کاروانە سەربازییەکە زۆر لەوە گەورەو زۆرترە کە ئێمـە چاوەڕوان بـووین، تـەنها چـەند ئۆتـۆمبیلێکی کـەم نەبوو، بەڵکو دەیان ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆر بوون... ژمارەیان دەیانجار لە ژمارەی ئێمە زیاتر بـوون، ئێمـە هـەموو لـەنێو دارو دەوەنەکانی هەیبەت سوڵتاندا دانیشتبووین، وەك ڕاوچییەك چاوەڕێی هاتنی ڕێوییەك بکات، کەچی ڕەوە گورگێکی دڕنـدەو برسی لێ پەیدا بن.

دەنگی گوللەیەکی وێڵ دەسپێکی شەڕەکەی ڕاگەیانـد، بەدوایـدا دەنگـی زرمـەی (R.B.G) یـە تاقانەکـەی عـەلی قامیشـلی ناوچـەکەی هەژانـدەوە، لـە وەڵامیشـدا فیشـەکێك بـەر ئـەو شـانەی عـەلی کـەوت کـە (R.B.G)یەکـەی لەسـەر بـوو. عـەلی بەدەستەکەی دیکەی برینەکەی گرت، خوێنێکی ئاڵ دەستی پڕ کرد.. خەریکە بەرەو لووتکەکە سەردەکەوێ، گیزەی گوللەش ناوچەکەی تەنیوەتەوە.. ئەوەتا عەلی لە نزیکم بەربۆوە.. تا هەردووکمان لەناو گۆمە خوێنی خۆمانـدا نقـوم بـین.. ئـەوەش حەمەدۆکە لەسـەر لووتکەکـە وەسـتاوە، چەکەکەی بەدەستەوەیەو بـەرەو چیایەکە ئـاوڕ دەداتـەوە، دوای ئـەوەی هـەموویان بەجێیانهێشت‌و هەرخۆی بە تەنها مایەوە، تا ببێتـە شـای چیاکان. هـاتووە بـۆ ئـەوەی بمانباتـە ڕیـزی خۆیـەوە. حەمـەدۆکی ڕێگر دەبێتە یاخی‌و ئەشقیاو پاشانیش شۆڕشگێڕ، بـە شاخاندا دەگـەڕێ‌و تـاقیبی ئـەو هاوڕێیانـە دەکـات کـە هاوخـەمی بـن، ئەوەتە دەماندۆزێتەوە. بڵێی بتوانێ لـەناو ئـەم گۆمـە خوێنـە بمانرفێنـێ‌و بمانباتـە حەشارگەکەی خۆی. کەچی جاشـەکان بەرلەوی گەیشتنە سەرمان، عەلی هەڵدەگرن‌و خوێنەکەی بەدوایەوە نیگاری تاڵە دەزووویـەکی باریـك دەکێشـێ، هێنـدە نابـا گەورەو فراوان دەبێ، ڕووبەرێکی بەرین دەگرێتەوە. ئینجا من هەڵدەگرن‌و فرێمدەدەنە نـاو عارەبانەیـەکی تراکتـۆرەوەو لـە هەموو لایەکەوە دەورم دەدەن...

حەمەدۆك کوڕە تاقانەکەی خۆی سەردەبڕێ، لەبەرئەوەی بووە ڕێنیشاندەری دوژمنان لە ئاشکراکردنی حەشارگەیەك لـە حەشارگەکانی پێشمەرگە لە شاخ!... کوڕەکەی هەمان ئەو شوانەیە کە پێش تۆزێ لە داوی خستین‌و بـە پەلـە گەڕایـەوە لای ڕانەکەی، وەك ئەوەی لـە ترسـی لافاوێك ڕابکات کـە هـەر کەسـێ بێتەپێشی لـەناو ئـەم دۆڵـە نەگریسـەدا ڕایبماڵـێ‌و نـوقمی بکـات... گوومەتـە ئاڵتوونییەکـە لـەنێوان هـەردوو منـارە زێڕینەکـەو تیشـکی ڕوونـاکی گلۆپـە داگیرساوەکاندا چـەقیوە... ئاخوندێکی مێزەر بەسەر لەسەر ڕایەخێك دانیشتووە، بە وێـردو نزاکانی لە ناخـەوە خـەم‌و ئەندێشـەو ئـازار دەورووژێنـێ، پەتاکـەی ئـەو دەیـان کەسـیش دەگرێتـەوە کـە لەسـەر زەوییەکـە دانیشـتوون‌و بوونەتـە دووبـەش: بەشـێکیان پیـاوان‌و ئەویتریشیان ژنان.. هەر هەموویان لە قوڵپەی گریانێکدان، ڕەقترین دڵ لەت دەکا. بە ناچاری بەشداری شیوەنەکەیانم کرد.. هەموویان تووشی هیستریایەکی گریاناوی بووبوون، ناشزانم چی بەوجۆرە دەیگریاندن، کاریگەری دەنگی ئاخوندەکە بـوو،

یا خەم‌و ئازاری ژیان؟.. لەپشت ئاخوندەکەوە تابلۆیەك هەڵواسرابوو، هونەرمەندێكی كارامەو بە توانا نەخشاندبووی، تابلۆكە وێنەی سەرێكی بڕاو بوو بە نووكی ڕمێكەوە لەناوەڕاستی بیابانێكی وشك‌و برینگدا چەقێنرابوو، بیابانێك هەتا چاو بڕ بكات لاشەی بێ سەری تێدا درێژ كرابووو تیریان تێدا ڕووابوو، لە دوورەوەش ڕووبارێك بەدی دەكرا كەنارەكانی دارودرەخت داپۆشیبوون..

شەپۆلە ڕووناكییەكە كوژایەوە، تراكتۆرەكە بەنێو ئەو حەشاماتە گریاناوییەدا ڕامدەكێشێ‌و بە ڕێگایەكی خۆڵاویدا بەرەو (قەمتەران) دەڕوا. ئەو دوو شوانە گەنجەش بە چەكەوە بە دیارمەوەن، یەكێكیان چەكەكەی منی پێیەو بە سەرنجە بكوژەكانی هەراسانتری كردووم..

ئەی خوایە: ئەدی كەمێك لەمەوبەر حەمەدۆك نەیكوشت؟ بۆ دەبێ خیانەت لە دەروونی خەڵكیدا بچێنرێ؟ دەبێ ئەوە كاری ئەهریمەن بێت، یا هەر لە ئەزەلەوە مرۆڤ خووی پێوە گرتووە؟

سڕیی سەرتاپای گیانی داگرتووم، خەریكە بمكاتە لاشەیەكی بێ گیانی وا كە تەنها چاوەكانم تیایدا بجوولێن‌و گوێچكەم تامەزرۆی بیستن بن.. گەرووم وشك بووە، تێنوێتیش یاری بە هەناوم دەكات. دەنگی ئاخوندە پیرەكە تا دێت بەرزتر دەبێتەوەو لە شوێنەكەی خۆیەوە هاوار دەكات..

تێنوێتی.. تێنوێتی.

فرمێسكەكانی جینان دادەبارن‌و فرمێسكەكانی دایكیشم هاوبەشی دەكەن، هەردووكیان چاوە فرمێسكاوییەكانیان بڕیوەتە تراكتۆرەكە. بە داباراندنی ئەسرینەكانی چاویان‌و لێوێكی بەبارەوە درێژە بەو ئاهەنگە گریاناویانەیان دەدەن.. تراكتۆرەكە خێراتر دەڕواو عارەبانەكەی بە دوایەوە بەسەر ڕێگا خۆڵاوییە پڕ لە تاسەكەوە هەڵدەبەزێتەوە، لە ناڵەی پەراسووەكانم‌و ئازاری زامەكانم زیاد دەكا.. ئای كە ژانێكی ناخۆش‌و بەسامە، باوەڕ ناكەم ئازاری گوللەو بەڵكو پێلەقەو قۆنداغە تفەنگیش هێندە بە ئازار بن.

دایكم‌و جینان هێندە شەكەت بوون، توانایان نەماوە بەدوامدا ڕاكەن.. وا بەو ژانەوە لێیان دوور دەكەومەوەو ئەوانیش بەچاوی پڕ لە ئەسرینەوە لێم دوور دەكەونەوە، ئای چ وەرزێكی لێكدابڕان‌و كۆستكەوتنێكی بە ئازارە.. هەموو هێزی خۆم كۆكردەوە، تا قیت ببمەوەو بەدەستم ئاماژەیان بۆ بكەم‌و هەرچی توانایەكم تێدا ماوە بە گەروومی ببەخشم، تا بە هەموو هێزم بە ناوی خۆیانەوە بانگیان بكەم.. وا ڕۆشنایی قەمتەرانیشم لێ دەركەوت، هەردوو خۆشەویستەكەیشم ــ دایكم‌و جینان ـ لێم دوور دەكەونەوە. لەناكاو هێزێكی بەتین سەرتاپای جەستەی داگرتم، سەرم هەڵبڕی، بە هەموو توانامەوە هاوارم كرد:

-دایە گیـــــــــان... جینـــــــــــان!

بەڵام شوانەكە سەری بەر پێلەقەدام، كەوتمەوە سەر زەوی‌و كەوتمە خەوێكی قوولەوە.

★ ★



# دڵشاد

دوای ئەوەی دەستو دەموچاو و پێو گۆرییەکانم شوشتو ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا، تا ئاو بە جەستەم بکەوێ، چونکە لەو کاتەوەی کە حەشارگەکەمان لە شوێنێکی دووری ئەم ئاوە دابین کرد، ئاوم پێ نەکەوتبوو، ئەو ئاوەی کە دەمانگەیاندە شوێنی خۆشاردنەوەکەشمان هەر بەشی چێشتلێنانو خواردنەوەمانی دەکرد، لەبەرئەوەی هەموو کانیو سەرچاوەی ئاوەکانیتر لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە چاودێری دەکران، دوای ئەوەی جلیکانەکانیشم پڕ لە ئاو کردو کاری خۆیشم ئەنجامدا، دوای گوێدرێژەکە کەوتم کە لەژێر جلیکانە پڕ لە ئاوەکانی هەگبەکەی سەرپشتیدا دەینکاند، ئەو هەگبەیەی کە لە دوو کیسەی بەتاڵ دروستمان کردبوو.

گوێدرێژەکە بەر لە من خۆی کوتایە ناو دۆڵە بەردەڵانییەکەوە، شاڵاویش دوای ئەوەی خۆی بە ئاوی سارد شوشتو لێبۆوە، بەدوامدا هات، ئەو ئاوەی کە لە کانیاوێکی ناوەڕاستی ئەو دۆڵەی دەکەوێتە نێوان باواجیو بەنەباوییەوەو بەنێو تاشەبەردەکاندا شۆڕ دەبێتەوە.

سەرنجم دایە بڵێسەی ئەو ئاگرانەی لەسەر لووتکەکانی ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە، کە جاشەکان سازیان دابوو، بەو ئاگرانە ئاهەنگێڕانو خۆشحاڵی خۆیان بە هاتنی نەورۆز ڕادەگەیاندو بە چەکی جاشێتیشیان گوللەی گڕداریان بە ئاسماندا دەتەقاندو هێڵی سوورو دیمەنی جۆراوجۆریان لە ئاسمانی ناوچەکەدا پێدەنەخشاندن. لەناو کۆیەوەش دۆشکەیەك دەیچریکاندو دەنگی دەگەیشتە لامان.

خوا بتبەخشێ کاوەی ئاسنگەر! تۆ زوحاکت کوشتو لایەنگرانیشت بە تیشکی ئاگر موژدەی سەرکەوتنیان بە هەژاران ڕاگەیاند. کەچی پیاوەکانی زوحاکی ئەمڕۆشمان هەر بە ئاگرکردنەوە مانەوەی زوحاکەکەیان ڕادەگەیەنن. پێشتر ڕێباز باسی ئاگرو کردنەوەی ئاگری بۆ کردبووم، وەکو نەریتێکی ڕەسەنی کورد، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەردەشت کە فارسەکان بە پێغەمبەری خۆیانی دادەنێن، وەلێ لە ڕاستییدا زەردەشت باوکی ئاینزای کوردییە، ئەو ئاینەی کە لەگەڵ هاتنی ئیسلامەتی بۆ ناوچەکە قەدەغەو قەڵاچۆکراو ئاتەشگاکانیان کاولو وێرانکردن. ئاگر پەیوەندییەکی چارەنووسسازی بە ژیانی کوردەوە هەیە، بۆیە پەرستیان، چونکە لە چنگی ئەو بەفرەی ڕزگار کردن، کە بە درێژایی زستان لە حەشارگەکەی باواجیماندا هەڕەشەی مەرگی لێدەکردین.

لە ژیانمدا نەورۆزێك تێنەپەڕیوە، ئەگەر بەشداریم لە ئاهەنگی ئاگر کردنەوەکەیدا نەکردبێ. لە شاخەپیسکە کۆنە تایەمان کۆدەکردەوە سەریەكو نەوتمان پێدا دەکردو ئاگرمان تێبەردەدا، هەتا بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر دەمایەوە، لە کاتی کردنەوەی ئاگرەکەدا بەدەوریدا دەخولاینەوەو بە سروودی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە)و شاییو گۆرانیو چەپڵەڕێزان، تا نیوەشەوێکی درەنگ لەدەوریدا دەماینەوە. لەو گوندەی ئێمەدا بە دووبەشو لە دوو جێگا ئاهەنگی ئاگرکردنەوە ساز دەدرا، کۆمەڵێکیان مناڵە جووتیارو کۆمەڵەکەیتریش مندالی ئاغاکان، ئەوە حاڵی گوندەکەی ئێمە بوو، گوندێك ئاغاو جووتیاری پێکەوە لە ئامێزگرتبوو، بەلام لە هەموو شتێك لەیەکتر جوودا بوون، جووتیارەکان لە جەژنەدا لە جیاتی ئەوەی ڕوو لە دیوەخانی ئاغا بکەن، لە ماڵە جووتیارێکدا کۆدەبوونەوەو جەژنە پیرۆزەیان لەیەکتر دەکرد.

پەیوەندی نێوان جووتیارو ئاغاکان بە خوێن نەخشێنراوە، چونکە جووتیارانی دەستو پێ قلیشاو بە درێژایی ڕۆژگارو چوار وەرزی ساڵ لەناو کێڵگەو دەغڵودانو ڕەزو باغدا ئارەقە دەڕێژنو ڕەنج دەدەن، کەچی لەوسەرەوە پیاوانی ئاغا هەڵدەکوتنە سەریانو بەوپەڕی سووکایەتیو شەرفرۆشییەوە، داوای بەشی ئاغا دەکەن، کە هەر خودی ئاغا خۆیشی چۆنی بوێ بە هەوەسی خۆی بەشەکەی خۆی دیاری دەکاتو کەسیش بۆی نییە ناڕەزایی دەربڕێ.

شۆڕشی پێشوو ئاغاکانی پاراستو هەتا لەناو شۆڕشیشدا پلەوپایەی باشیان وەرگرتبووو خاوەن دەسەڵاتیش بوون. کەچی ئەمڕۆکە وا لە ڕیزی ڕژێمدان، چونکە بەرژەوەندییە سەرەکییەکەیان لەوێدایە. ژمارەیەکی زۆری جووتیارە هەژارو

بەشمەینەتەکانیش سەرەڕای ئەو هەموو ڕقوکینە بێ ئەندازەیەیان لە ئاغاکان، کەچی ئەمڕۆ دەیانبینین گوێڕایەڵو ملکەچی ئاغاکانیانن‌و ناویان لەو فەوجە سووکانە دەنووسن کە ئاغاکانیان سەرپەرشتی دەکەن، دوای ئەوەی براکوژی ناوچەکەیانی ئاوردا‌و دواتریش ئەنفال هات‌و هەرچی مابۆوە ڕایمالّی.

گوندەکەی منیش - شاخەپیسکە - وەك‌و تێکڕای گوندەکانی ناوچەکە کە دەکەونە نێوان باواجی‌و بەستی شەرغەوە کەوتەبەر پەلاماری بێ بەزەییانەی دوژمن. دانیشتوانەکەی لە ترسا ڕوویان لەو پەناو پەسێوو حەشارگانە کرد کە لە گردۆلکە دڵڕفێنەکانیدا بوون، بەلام ترسی کیمیاوی‌و هێرشی بەردەوامی جاشان، ناچاری کردن بە سەرشۆڕییەوە خۆیان فرێبدەنە ئامێزی دوژمنە گەورەی دوێنێیان... کە ئاغاکانن.

ئێستا گوندەکەم چاك لەبیرە، ئەو ڕۆژەی بە بۆنەی نەورۆزەوە پڕ لە شایی لۆغان بوو، جلێکی ئاڵووالای وای پۆشیبوو، مەگەر بە دەگمەن پۆشیبێتی... مام عوسمان لە خۆشیاندا خەنی بووبوو، کاتێ ئەو هەموو کوڕوکاڵەی دەبینی ڕوویان لە دوکانەکەی دەکرد، پەیمانی کچیشی لە فرۆشتنی ساردی‌و شیرنەمەنی‌و لوقم‌و گەزۆو گوڵەبەڕۆژەو تەتکەوپەتکە یارمەتی باوکی دەداو بە جلوبەرگە قەشەنگە تەنکەکەی بەرییەوە، بە شانازییەوە سەرنجی لاوەکانی بۆخۆی ڕادەکێشاو لای زۆربەی لاوەکانی گوندەکەی‌و هەتا هەندێ لەو پێشمەرگانەی بۆ شت کڕین دەچوونە دوکانەکەیان پێگەو کاریگەریی خۆی جێهێشتبوو.

لە بەرامبەر دوکانەکەی مام عوسمانیش، دوکانێکیتر هەبوو هی مام موورادی تووڕەو توند بوو، زۆر بە خەراپی مامەڵەی لەگەڵ کڕیارەکاندا دەکرد، ڕێگەی کەسی نەدەدا بچێتە ناو دوکانەکەیەوە کە هەندێ شتی تایبەتی وەکو مەسینەی ئاسنی دەسکردی خۆی‌و فتیلەو شووشە فانۆس‌و هەندێ گوڵەبەڕۆژەو شەکەرات‌و لامپاو فانۆسی تێدا دانا بوو. هەر شتەو نرخی خۆی لەسەر نووسیبوو، قوربەسەر ئەو کەسەی پرسیاری نرخی شتێکی بکردایە لێی تووڕە دەبوو، لەوانەیە دەریشی بکردایە، بەڵکو دەبوایە نرخی شتەکە بخوێنیتەوەو پارەکەی بدەیتێ‌و بیبەی‌و بە پەلە بڕۆی، ئەگینا تووڕە دەبوو. ئەم مام مووراده، نەك هەر تەنها یەكێك بوو لە پیاوانی ئاغا، بەڵکو خزمیشی بوو. ئاشقی نووسینی هۆنراوەی سۆفیگەری بوو، ئاغاکان نامیلکەیەکی شیعرییان بۆ لە چاپ دابوو، لە دوکانەکەی‌و لە ماڵەوە دانابوو، هەرکەسێك داوای لێبکردبوایە دانەیەکی بە خۆڕایی دەدایە. بەلام ئێمە زوو زوو بەوە تووڕەمان دەکرد کە لە بایەخی شیعرەکانی کەم بکەینەوە، ئیدی ئەویش بەر نەفرەت‌و جنێوی دەداین.

دوای ئەوەی بە هۆی کێشەو ناکۆکی بەردەوامی نێوان ئاغاکان‌و جووتیارەکان‌و سەرهەڵدانی دوژمنداری لە نێوانیان، بێزارییەکی بێ ئەندازە باڵی بەسەر دانیشتوانی گوندەکەماندا کێشا، بێزارییەکی ئەوتۆ کە شەوگاری گوندەکەی کردبووە دۆزەخێکی ترسناك‌و بێدەنگی‌و دوورەپەرێزی سیمای ڕەش هەڵگەڕاوی گوندەکەمانی ڕادەگەیاند، چونکە هەر خێزانەو لە ماڵەکەی خۆیدا سەنگەری دەگرت‌و لەگەڵ هەر سەگوەڕێکی بەردەرگا دڵەکان دادەخورپان‌و پیاوەکان پەلاماری چەکەکانی پشت سەرینەکانیان دەدا، لەو کەشە ترسناك‌و دوژمنداریيەدا سەگەکانی گوندیش دڕ‌و هارتر بووبوون. دەرچوون لە ماڵ‌و سەردانی کردنی ماڵێکیتر بەشەو جۆرێك بوو لە شێتی، چونکە ئەوە هەموو سەگەکانی گوندی دەورووژاند، نەك هەر ئەوە، بەڵکو خەڵکەکەی‌و چەکەکانی دەستیشیان دەخستە ئامادەباشییەوە، لە ترسی تۆڵەسەندنەوە کە ژن‌و منداڵیشی نەدەبوارد. هەتا دەرچوونی شوان‌و جووتیاریش بۆ سەر کارەکانیان، وای لێیان دەخواست کە بە چەکەوە دەرچن، نەبادا لەو دەشتودەرو شیوو دۆڵانە کەسێك خۆی بۆ مەلاس دابن، تا لەکاتی وادا بەرگری لە خۆیان بکەن!... لە ڕاستیدا ژیانێکی ناخۆش‌و کوشندە بوو، گوندەکەی کردبووە دۆزەخێکی ترسناك. پاڵی بە ژمارەیەکی زۆری جووتیارانەوە نا کە چیتر بەرگەی ئەو ژیانە تاڵە نەگرن‌و زێدی منداڵی‌و سەرچاوەی بژێوییان واز لێبێنن‌و بەرەو شار هەڵبێن‌و ڕەو بکەن...

گەیشتمەوە شوێنی حەشارگەکەمان، هاوڕێیان دەوریان لە پشکۆ داگیرساوەکان دابوو، ئاگرەکەیان کوژاندبۆوە نەبادا بڵێسەکەی لەنێو ئەو تاریکاییەی خەریکە دادێ شوێنەکەمان ئاشکرا بکات. خۆیان بە هەڵاوی پشکۆکان گەرم دەکردەوەو هەوڵی خۆ گەرمکردنەوەی زیاتریان دەدا، بە خەیاڵی ئەوەی تا بە درێژایی شەو سەرمایان نەبێ‌و لە چزووو ئازاری سەرمای دەمەو بەیان خۆیانی پێ بپارێزن.

بەپەلە جلیکانە ئاوەکانیان داگرتە خوارەوە، تا تێر ئاو بخۆنەوە، چونکە لە عەسرەوە ئاومان لێ بڕابوو، نەشماندەتوانی ئاو بێنین هەتا مەغریب دادێ. تێنوێتی بەلایەکە پێشمەرگە بەرگەی ناگرێ، هەر بۆیەش نەبادا تێنوویان بێ ڕێژەیەکی زۆر ئاو دەخۆنەوە، تا بۆ ماوەیەکی زیاتر بەرگە بگرن.

خەسرەو باسی ئەو هاوڕێیانەی بۆ کردین کە لە چیای سەفیندا ئابلۆقە درابوون‌و هەندێکیان بە هۆی نەبوونی ئاوو تێنوێتییەوە شەهید بوون، چۆن! کاتێ دوای دوو شەوو ڕۆژێکی گەرمای مانگی حوزەیران گەیشتنە بیرە ئاوێك، هەندێکیان لە ڕادەبەدەر ئاویان خواردەوە تووشی سەرەگێژە بوون‌و کەوتنە سەر زەوی. مام جوامێریش دەیگوت: هۆی شەهید بوونی (لالە حەمە) لە سەفین تێنوێتی بوو!، چونکە کاتێ گەیشتینە سەر ئاوەکە، لێوەکانی هێندە وشك بووبوون، توانای قوتدانی هیچ شتێکی نەمابوو، تەنانەت توانای خواردنەوەی میزە بەشەکر شیرینکراوەکەیشی نەمابوو، وەك هاوڕێکانی، بۆیە هەر کە گەیشتە سەر ئاوەکە، ئەوەندە ئاوی خواردەوە، لە پەلوپۆی خست‌و وایلێکرد هەر لەوێ لێمان دابڕێ‌و لەسەر ئاوەکە بەدیل بگیرێ‌و دواتریش شەهیدی بکەن.

ئەمشەویش هەروەکو شەوانیتر لە تەنیشت خەسرۆوە دانیشتم، تا پێکەوە باسوخواسی دونیا بکەین، گفتوگۆی ئەمشەومان لەسەر داستانە سەیرەکەی خۆی‌و کوردە بوو لەگەڵ جاشەکاندا لە نزیك کەلاوەکانی گوندی (حاجی قەلا) کە هەر بە هاتوهەراو بەدەستی بەتاڵەوە جاشەکانیان ڕاونابوو، چۆن ئەو فێڵەیان بە خەیاڵدا هاتبوو، نازانم!. کاتێ هەردووکیان تووشی ئەو گەلە جاشە دەبن هیچیان پێناکرێ، ئەوە نەبێ کە بیکەنە هاتوهەراو هالێرەو ها لەوێ، بیگرە مەهێڵە بڕوا.. دەوریان بگرن.. لێیاندەن، بە جۆرێك کە جاشەکان وا هەست بکەن ڕووبەڕووی ژمارەو هێزێکی گەورەی پێشمەرگە بوونەتەوە، نەك دوو کەسی برسی‌و شەکەت‌و ماندوو. بۆیە کە جاشەکان گوێبیستی ئەو هەراو، بیگرەو بیکوژەو دەوریان بگرن‌و مەهێڵن دەرباز بن دەبێ، ئەژنۆیان دەشکێ‌و کەلاوەکانی حاجی قەلایان لێ دەبێتە کونەمشك‌و دۆزەخ‌و وەها شپرزە دەبن کە بە هەموو لایەکدا تەقە بکەن‌و ترسنۆکانە بەرەو تەویلەکانیان لە کۆیە تێیبقوچێنن‌و خۆیان دەرباز بکەن. بەڕاستی ڕووداوێکی سەیرە کە هێزێکی گەورەو پڕ چەك‌و دابەستە لە بەرامبەر دوو کەسی شەکەت‌و ماندوو کە چەکی دەستیان تەنها قیژەو هەرا بێ، ڕابکەن‌و هەترەشیان بچێ. بەڵێ گرنگ نییە پیاو چەکی پێبێ، بەڵکو ئەوە گرنگ‌و هونەرە کە چۆن بەکاری دێنێ، باوکیشم هەموو جارێ هەر وایدەگوت. لە دوا دیداریشم لەگەڵیدا پێی گوتم: دەبێ لە تفەنگەکەت ئازاتر بی‌و بەرامبەر دوژمنەکەت بە قین بە، هەتا لە ساتە زۆر سەختەکانیشدا لێی مەترسێ، بێگومانبە کە سەردەکەوی!، هەربۆیە منیش بەقسەیم کرد.

دوای ئەوەی لەگەڵ خەسرۆ تێر قسە بووین‌و شەو بەرەو درەنگانێ دەچوو، لەو تاریکییەدا بەرەو شوێنی نووستنەکەم چووم لە نزیك ملازم کەریم کە لە نێوهەناوی بەردێکی گەورەدا بوو، بارانە شێتەی بەهار نەیدەگرتەوە، ئەو بارانەی کە هەر تاوناتاوێ هەڕەشەی لێدەکردین. کە پرسیاری چارەنووسی هاوڕێیانی کۆسرەتیشم لێکرد، پێیڕاگەیاندم: سبەی شەو مام جوامێر و سوورەو حەمەڕەشاش بەرەو کۆسرەت دەکەونە ڕێ، وەکو دواهەوڵێك بۆ دۆزینەوەی ئەو هاوڕێیانەی لەوێ جێمانهێشتن، بێئەوەی دەستی یارمەتییان بگاتێ!

ئێوارەکەی ناوچەکەمان جێهێشت، (مام جوامێرو سوورەو حەمە ڕەشاش) بەرەو کۆسرەت‌و منیش لەگەڵ هاوڕێیانیتر بەرەو دەشتی کۆیە. زۆر لەوە دەترساین ئەگەر زیاتر لە ناوچەکەدا بمێنینەوە -بێگومان- هەر ئاشکرا دەبین، هەروەها لەبەر کەمی ئازووقەو وەدەستنەهێنانی ئازووقەیتر، بۆیەش بەرەو دەشتی کۆیە چووین، چونکە ماوەیەك لەوەوبەر هەندێ ئازووقەمان لەوێ شاردبۆوە کە بەشی چەند ڕۆژێکی دەکردین، ئەگەر دەستی جاش‌و ئاژەڵە کێوییەکانی پێنەگەیشتبێ.

بەرەو باواجی کەوتینە ڕێ، بەپەلە پێیدا هەڵگەڕاین‌و ڕووەو دەشتی کۆیە ئاودیو بووین. زۆر بە ترسەوە ڕێمان دەکرد، بە جۆرێك کە ترس لە بۆسەی جاش‌و بوونی ڕەبایە تازەکانیان سەرتاپای هەستەکانی داگرتبووین.

لە نیوەشەودا گەیشتینە ئەو شوێنەی کە بڕیارماندابوو تیایدا پشوو بدەین لە نیوەی ڕێگای نێوان (گۆمەشین)، (گۆپتەپە)، (شاخە پیسکە)و (داربەسەر) لە پەنای گردۆلکەیەکدا بۆ پشوودان دانیشتین، لەو شوێنەی کە چەندین جاریتر لە سەردەمی منداڵیم‌و هەرزەکاریمدا بزنم تیایدا لەوەڕاندبوو، دانیشتووم‌و پشوومداوە. بست بە بستی دیمەنی ئەم دەڤەرە لە

مێشکمدا تۆمار کراون، هەر کاتێ بێمەوە ئەم ناوە وێنەی بزنەکانم دێنەوە بەرچاو، بە سەرنجدان لە تاوێرەبەردەکانیو بۆنی گیاوگوڵەکانی ناوچەکە دەناسمەوە. زەوییەکەی باوکم هێندە لێرەوە دوور نییە، ئای چ ئارەزوویەك لە ناخمدایە بۆ سەرلێدانو بینینی، دوای ئەوەی بە ناچاری جێمهێشتو گوڵە گەنمو جۆیەکانی بڵێسەی ئاگر هەڵیلووشین.

دوای پشوودانێکی کەم بەرەو ڕووباری داربەسەر کەوتینە ڕێ، تا شوێنێکی وا بدۆزینەوە کە لە چاوی جاشانو هەڕەشەی تێنوێتی بمانپارێزێ، چونکە ئەم ڕووبارە هەتا لە گەرمترین ڕۆژەکانی هاوینیش ئاوێکی زۆری هەیە.

ئەوەتا جارێکی دیکەش سەرلەنوێ تووش بووینەوە! بەشی زۆری ئەو ئازووقەیەی شاردبوومانەوە، نەمابوو، ئەمجارەیان دەستی جاشی نەگەیشتبوویێ، بەڵکو سەگی بەرەڵڵا و ئاژەڵی کێوی پەرشوبڵاویان کردبۆوە، ئەو بڕە ئازووقە کەمەی کەوتەوە دەستمانیش لە ئاردو ڕۆنو شەکر، ئاخۆ بەشی سێ چوار ڕۆژمان دەکات، یان نا.

دەبوایە دوای بەسەربردنی چەند ڕۆژێکی کەم لە دەشتی کۆیە، یەکسەر بەرەو باواجیو شاخەکانی دەوروپشتی پاشەکشێ بکەین، چونکە لەوێ هەرچەندە ئازووقە کەمیش بێ، بەڵام بەشی نزیکەی مانگێکمان دەکات، جگە لەوەش ناوچەیەکی شاخاوییەو شوێنێکی باشە بۆ بەرگری کردن، ئەگەر تووشی پەلاماری لە ناکاوی جاشان ببینەوە، بەڵام لێرە، ئەگەر بکەوینە داوی جاشەوەو دەورمان بگیرێ، ئەوکاتە کۆپتەر دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لەم دۆڵە رووتەنەدا یەك یەك هەڵمانبگرێ. ناچار بووین بگەڕێینەوە، بێئەوەی بەخت یاوەرم بێ لەسەردانی کردنی کەلاوەکانی گوندە ڕاگوێزراوو وێران کراوەکەم، تا بەچاوی خۆم جەستە سەربڕاوو لەتوپەت کراوەکەی ببینم. ئەو گوندەی کە یادەوەری ساڵانی منداڵیو هەرزەکاریو لاوێتیم تێیدا جێهێشتووە، زۆرم حەز دەکرد سەردانی بکەمو تەماشای دیوارە ڕووخاوەکانی ماڵەکەی خۆمان بکەم کە جاشەکان سووتاندیانو کاولیان کرد، تەنها لادیوارێك نەبێ کە بەرگەی زەبری ئەو دەمەشۆفەڵەی گرت کە داباریبیە سەر ماڵەکەمان، ئەو لادیوارەش لەگەڵ دیواری ژووره جوانەکانیتردا بەرلەوەی من چاو بۆ ژیان هەڵبێنم باوکم لە خشتو قوڕ دروستی کردبوو. ئەو پیرە دارتووە گەورەیەی کە سێبەری لەسەر ماڵەکەمان دەکرد، شۆفەڵە زنجیردارە ئاسنینەکە قەدوباڵای تێکشکاندبوو، کاتێ بۆ یەکەم جار ئەم دیمەنەم بینی، توانای بەرزەفت کردنی فرمێسکەکانم نەما، ئاخر دیمەنی ماڵێکی کاولو خاپوور کراوو دارتوویەکی قەدوباڵا شکاوو فڕێدراوی سەر داروپەردووی ماڵەکەمان، چۆن لە ناخەوە ئاور لە ڕۆحم بەرنادەن؟ دەبێ تاوانی ئەم شوێنە ئاسوودەیە چی بووبێ، وا ئەو ئامێرە ئاسنینە سەرشێتە بەوجۆرە بەرگورزی کوشندەی خۆی دابێ؟. تۆ بڵێی ئەو ئامێرە بۆ تێکدانی ماڵە ئاسوودەکان دروست کرابێ؟ ئایا دەبێ بەرهەمی زیرەکی مرۆڤ دژی ژیانی مرۆڤ بەکار بێت؟. مامۆستاکەمان لە قوتابخانە پێیدەگوتین کە مرۆڤ زیرەکی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی ئامێرو ئامرازی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت تا لە ژیانیدا سوودیان لێوەربگرێتو یارمەتیدەری بن. کاتێ دەربارەی شۆفەڵ پرسیارم لێکرد، پێی وتم: بۆ کردنەوەو دروستکردنی ڕێگاوبانو هەڵکەندنی چاڵو جۆگەی ئاودێریو لێدانی بیری ئاو لە گوندەکاندا سوودی لێدەبینرێ. کەواتە هاوڕێی جووتیارو گوندنشینانو کرێکارانی شاریشە، کەچی لێرە لای ئێمە بۆ خاپوورکردنی گوندەکان بە خانووو داروردەختو ڕەزو باخەوە بەکاردەهێنرێ! تۆ بڵێی داهێنەرەکەی کاتێ گوێبیستی ئەم هەموو تاوانەی بەرهەمەکەی ببێ، لە تێکدانو ڕووخاندنو کوشتنو زیندەبەچاڵ کردنمان، پەشیمانی خۆی ڕانەگەیێنێ، هەروەکو چۆن (نۆبڵ) دوای داهێنانی (دینامێت) پەشیمانی خۆی ڕاگەیاند؟. ئەی دەبابەو فڕۆکەو هەلیکۆپتەرو دۆشکەو تفەنگو ڕاجیمەو....، هەر هەموویان لە داهێنانی مرۆڤ نین، بۆ ئەوە دروستی نەکردوون کە جێگای شمشێرو خەنجەر بگرنەوەو پەتای مەرگو لەناوچوون لە سەر رووی زەوی بڵاو بکەنەوە؟. ئەی ئەو دوکەڵە قاوەییە کاڵە کە بۆنی سێری گەنیوی لێدێت، ئەویش هەر لە داهێنانی مرۆڤ نییە بۆ کوشتنی مرۆڤ؟ دەبێ خاوەنی ئەو چەکە ترسناكو بە کۆمەڵکوژانە،چ دڵێکیان هەبێ؟ تۆ بڵێی ئەوانیش وەکو ئێمە مرۆڤ بن؟ یا دڕندە؟!

ئەوەتا وا بەقەد باواجیدا سەردەکەوینو بە نێوان ئەو هەموو ڕەبایە بێشوومارەی جاشاندا تێپەڕ دەبین کە بۆ پارێزگاری کردنی جادەی گشتی (کۆیە - هەولێر) هێنراونو بوونەتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم جوولانەوەماندا، بەڵام ئەوەی یارمەتی پەڕینەوەی داین، ئەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەی ناوچەکەو ئەو دۆڵە تەنگەبەرە بوو کە هاژەهاژی ئاوەکەی، ترقوهۆڕی بەردی بن پێمانو دەنگی سمی ئەو گوێدرێژەی شاردبۆوە کە بۆ هەڵگرتنی پێویستییەکانمان لەگەڵ خۆماندا دەمانگێڕا.

بەقەدپاڵی باواجیدا دەڕۆیشتین، ئەو قەدپاڵانەی کە هێندە پێیدا هاتووینو چووین لە مێشکماندا چەسپیون. گەیشتینە شوێنێك، چەندین جاریتر لەو شوێنە پشوومان دابوو، کاتێ لەسەر ئەو شەقامە دەگەڕاینەوە کە باواجی لە دەشتی کۆیە جیادەکاتەوە دوای ئەوەی بۆ وەرگرتنی بەنزینو دەستگیرکردنی نۆکەرو پیاوانی ڕژێم بازگەمان دادەنا... ئەو کاتە لەسەر بەشداری کردنمان لەو مەفرەزانەی کە دەچوون لەسەر ئەو شەقامە گشتییە بازگە دابنێنەوە کێبڕکێمان بوو، زۆرمان حەز لەو بەزمە دەکرد، چونکە لەوێ لە نزیکەوەو رووبەڕوو خەڵکمان دەبینیو دیمەنی کیژۆڵە قوتابییە شۆخوشەنگەکانی زانکۆ کە بە جلوبەرگی تایبەتییەوە لە هەولێرەوە دەهاتنەوە، یان دەچوونەوە بۆ زانکۆ سەرنجی رادەکێشاین، هەروەها بە بینینی ئافرەتی تەرپۆشی کوردەواری کە بە جلی ڕەنگاوڕەنگو ئاڵووالاوە گەشتیان دەکرد، چاوە برسیو شەیداکانی خۆمان کل ڕێژ دەکردو بە بەرچاوی ئەو خەڵکەوە بە چەكو جلوبەرگی پێشمەرگانەوە خۆمان بادەداو نەشئەمان وەردەگرتو هەستمان بە گەورەیی خۆمان دەکرد. ئەوەی لەو کاتانەدا ئاسایی نەبوو، جێهێشتنی هەندێ لەو پێشمەرگانە بوو لە شوێنی دیاری کراوی خۆیان کە تیایدا دادەنران، تاکو چاودێریی هاتنی هێزی ڕژێمو فڕۆکە بکەن، چونکە هەرکە ئۆتۆمۆبیلەکان ڕادەگیرانو کۆدەکرانەوە، ئیدی ئەو پێشمەرگانەی لە بۆسەدا بوون، هەراسانیان لێ هەڵدەگیراو ئۆقرەیان لێ دەبڕا.

دوای ڕێکردنی شەوێکی درێژ کە چەندینجار تیایدا لە ڕێگا لاماندەدا، لە ترسی ئەوەی نەبادا سبەینێ شوێن پێمان هەڵگرنەوە، بەشەکەتییەوە گەیشتینە حەشارگەکەمانو دوای ئەوەی ئێشکگرەکان دانران، تا بە نۆرە چاودێری ناوچەکە بکەن، ئەوانیتر لێی ڕاکشێن، دوای ئەوەی باوێشكو خەوهاتن باری گرانی داباراندبووە سەر پێڵووەکانمان. کاتێ ناوچەکە ڕووناك بۆوە، ئێشکگرەکە هەموومانی لەخەو هەستاندو بەچرپەوە ئاگاداری کردینەوەو وتی:

- باواجی پڕ بووە لە جاش!

سەرنجمان دایە باواجی، بینیمان لووتکەکانی سەر (کانی لاسو قوڵتەلاسو کانی بێ) پڕبوون لە جاشو بەرەو بەرزاییەکانی بەرامبەر حەشارگەکەی ئێمە دێن.

تۆ بڵێی جاش هەستیان پێکردبینو لەنێوان رەوەزەبەردو کانیاوەکاندا شوێن پێیان هەڵگرتبین؟، وا بەرەو ئێمە دێن. هەمدیسان شەڕ بەردەرگای گرتینەوە. جەستەی شەکەتو ماندوومان وزەو چالاکی کەوتەوەبەر.. بەرەو لووتکەی (بەنەباوی) پاشەکشێمان کرد، تا پەنای تاشەبەردەکانی بکەینە سەنگەری شەڕی داهاتوومان، بڕیارماندا لەوێ لە چاوەڕوانی هاتنی جاشەکاندا بین.. شەرت بێ دەبێ لەم شەڕەدا وانەیەك بدەینە ئەوانەی بەدوامانەوەنو لێناگەڕێن ئاسوودە بین، وانەیەکی وا کە هەتا ماون لە بیری نەکەنو تۆڵەی خیانەتکارییەکەی کۆسرەتیشیان لێ بکەینەوە، شەڕی ئەمجارەمان لە دوو قۆڵەوە دەبێ.. قۆڵێکیان بە دیوی دۆڵی سماقوولیدا کە پڕە لە سەربازگەی سووپاو قۆڵی دووەمیش بەلای دۆڵی قوڵتەلاسدا کە پڕە لە جاش.

چەکەکەم ئامادە کردو لە چاوەڕوانیی شەڕێکی تازەدا بووم.

★ ★



# دکتۆر هۆشەنگ★

تاریکایی دەریاچەکەی لە ئامێز گرتووە، جگە لە تروسکەی گلۆپـەکانی ڕانیـەو چوارقوڕنە بـەولاوە هیچیتری لـێ بـەدی ناکرێ... کاتی ئاو هێنانم هاتووە، هەڵکەوتو ئاسۆم بە ڕاکشاوی لەسەر سك لـە ئەشـکەوتەکەدا جێهێشت. لـەو کەپکەشاخە زەبەلاحەی کـە ئـەو ئەشکەوتە سـەیرەی تیایـەو بـەر لـە ئێمـە کەسیتری لێنـەژیاوە، دابـەزیم. زۆر بـە وریاییـەوە پێیـەکانم دەجولاندو هەنگاوم دەنا، لـە ترسـی ئـەوەی نـەبادا شـوێن پێیـەکانم ئاسـەوارێك لەسـەر زەوییەکـە جێبهێڵن، هـەر بۆیـە لـەم بەردەوە بۆ ئەو بەردو لەویانەوە بۆ ئەویتر بازم دەداو خۆم لە زەوی خۆڵاویو شوێنی قوڕاوی دەپاراست، چونکە دەرکەوتنی هەر شوێن پێیەك لەوانەیە ئاشکرامان بکاتو سەری هـەمووومان بخوات. ئێمـە ئـەو سییانە توانـای هـیچ شـەڕو پێکدادانێکی چەکداریمان نەبوو، لەبەرئەوەی تا ئێستاش ئاسۆ برینەکەی لێناگەڕێ هەستێتە سەرپێو هەڵکەوتیش فیشەکێك سـکی سمـی بووو دیواو دەری کردبوو، زۆر بە زەحمەت توانای جوولانەوەی هەبوو.

ئای کە شەوی (١٨ لەسەر ١٩ی ئادار)، شەوێکی ترسناكو دژوار بوو، ئەو شەوەی منو ئاسۆ لە چاوەڕوانی هەڵکەوتدا بووین، تا ئازووقەو داوودەرمانمان بۆ بێنێ، لەناکاو دەنگی گوللەو فیشەکی گڕداری سەر گوندی مێوژێ سەرنجی ڕاکێشاینو تووشی دڵەڕاوکێی کردین.. دوای دوو سەعاتی ڕەبەق لە دوودڵیو نائارامی، گوێم لە دەنگی هەڵکەوت بوو، داوای دەکرد فریای کەوین.. بە پەلە خۆم گەیاندێ، شمەکەکانی تەڕبوون، پێم وانەبوو بریندارە، هەتا گەرمیو لینجی خوێنەکەی بەردەستم کەوتن.. لەبەر ڕۆشنایی مانگەشەوەکە دیقەتیمدا، ڕەنگی تەواو بزڕکابوو، بە خێرایی پەلاماری کۆڵەپشتەکەمدا، دەرزییەکی دژی خوێن بەربووونم دەرهێناو بە پەلە لێمدا، بەو ئومێدەی خوێنبەربوونەکەی ڕاگرم کە جلەکانی خەڵتانی خوێن کردبوو... زۆر بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا، وەکو ئەوەی هەواکە لە زامەکانییەوە بێنەدەرەوەو نەچنە سییەکانییەوە.. ئای کە برینێکی گەورەیە، گوللەکە دیواو دیوی کردووە، برینێکیان لە نێوان سینگو سکییەوەو ئەویتریان لە پشتییەوە لەژێر دوا پەراسوویەوەیە... جگە لە هەندێ پارچە لۆکەو دیتۆلو دەرزی پەنسلین بەولاوە، هیچ داوودەرمانێکی پزیشکی دیکەم پێنەبوو، ناچارم هەر دەبێ بەم دەرمانە کەمە، هەڵکەوت لە مەرگ ڕزگار بکەم... واقم وڕمابوو! چۆن برینداری وا کاریگەر بەو زامەو بەو هەموو خوێنبەربوونەوە، توانای ڕاکردنی دوو سەعاتە ڕێو سەرکەوتنی بە هەورازەشاخێکی بەردەڵانیو دژواری وادا هەبووە، کە ئێمە زۆر بە زەحمەت دەیبڕین؟. هەڵکەوت بۆی گێڕامەوە: لەوساتەوەی بریندار بووە، دوای ئەوەی چالاکی بینی کەوتە سەر زەویو گەڕایەوە سەری، بەڵام بێسوود بوو، بۆیە بە ناچاری لە دۆڵەکەدا جێیهێشت، ئیدی هەرچی هێزو توانای هەبووە کۆی کردۆتەوە، تا بە پەلە لە شوێنی بۆسەکە دوور بکەوێتەوە. دواتریش تاخمو مەخزەنەکانیشی فڕێداوەو تەنها چەکەکەیو چەند فیشەکێکی ناو مەخزەنی قەد کلاشینکۆفەکەی نەبێ، هەر بە ڕاکردنو بەبێ ڕاوەستانیش تا ئێرە هاتووە، چونکە هەر دواکەوتنێك واتە لەدەستدانی گیانیو شەهید بوونی!.. ئەو زۆر ئاقڵی کردبوو لەوەی کە بەو برینداریيە ئاو نەخواتەوە.

ئەشکەوتە هەڵواسراوەکەمان بووە نەخۆشخانەی بریندارانو بە شڕە دکتۆرێكو کۆڵەپشتێك دەرمانـەوە کێبڕکێـی لەگـەڵ باشترین نەخۆشخانە برینسازییەکان دەکرد. وێڕای ئەوەی کە نە دکتۆر بوومو نە ڕۆژێکیش وانەی پزیشکیو هونـەرەکانیم خوێندبوو، کەچی ناسناوی دکتۆر بە ناوەکەمەوە نووسابوو، ئەمەش دوای بەشداری کردنم لەو خولی ڕاهێنانە تەندروستیو پزیشـکییە خێرایـەی کـە لـە پێشـمەرگایەتیدا بەشـداریم تێـدا کـردو تیایـدا فێـری فریـاگوزاری سـەرەتاییو برینپێچـیو چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشی ناسراوو بەربڵاو بووم. شاخو دۆڵو پێدەشـتەکانی کوردسـتان، سـەدان کەسـی وەکو منیـان تێدا بڵاوبووبۆوە، ئەوانەی کە بەبێ بڕوانامەو، بێ ئەوەی هەتا وانەیەکی پزیشکیشیان لە کۆلێژە پزیشکییەکاندا خوێندبێ، ناسناوی دکتۆریان بە باڵادا بڕابوو، لادێکان بەوپەڕی ڕێزەوە دەرگای ماڵەکانیان بۆ دەخستنە سەرپشت، بـۆ چارەسـەرکردنی

نەخۆشییەکانیان، کە هەر یەکەو نەخۆشییەکی درێژخایەنو ژیانی پڕ لە چەرمەسەریو نەهامەتیو بەدخۆراکیو کەمخوێنی شەکەتو شپرزەی کردبوون، هەڵبەتە ئەو نەخۆشیو پەتایانەش، هێندە کاریگەر بوون نە دەرزی پەنسلینو نە حەبی ئەسپرین- کە تاکە چەکی دەستمان بوو- لە بەرامبەریاندا هیچیان بۆ نەدەکرا.

تاکە دکتۆری مەفرەزەی شوان بووم، خەڵکی لادێکان لە گوندێکەوە بۆ گوندێك بەدوامەوە بوون، داوای ڕزگارکردنو چاککردنەو ەی نەخۆشەکانیان لێدەکردم، چونکە پێیان وابوو ئەو دکتۆرە کارامەو لێهاتووەم کە توانای دۆزینەوەو چارەسەرکردنی هەموو جۆرە نەخۆشو نەخۆشییەکم هەیە، بەڕاستی بۆ چوونە ناو دونیایەکی پڕ لە نهێنیو جەنجاڵی وەکو بواری پزیشکی پێویستیم بە فێربوونی زانستێکی زۆر هەبوو، لەبەردەم تاقیکردنەوەو کارێکی گراندا بووم، کەچی لەو زانستە خاوەنی شتێکی ئەوتۆ نەبووم، تەنها ئارەزووی یارمەتیدانی خەڵکی گوندەکان نەبێ کە پەنایان بۆ دەهێنام، منیش لە چارەسەرکردنیاندا زیاتر پشتم بە قسەی خۆشو دڵدانەوەو دڵنیاکردنەوەیان دەبەست، نەك داودەرمان، چونکە نە هێندە کارامەو لێهاتوو بووم، نە ئەو هەموو داوودەرمانەشمان شك دەبرد، لە ناوچەکەدا تەواو ناسرابووم، هەرکە دەگەیشتینە گوندێك، خەڵکێکی زۆر خۆیان دەگەیاندمێو داوای میواندارییان لێدەکردم، هێشتا بەتەواوەتی پشووم نەدەدا، ئیدی ئەو ژوورەی کە لێی دادەنیشتم دەبووە بنکەیەکی تەندروستیو پڕ دەبوو لە زیڕوهۆڕی منداڵان لە ترسی لێدانی دەرزیو هەراو هۆریای ئافرەتانو نۆبەبڕێ لە یەکتریو باسکردنی نەخۆشییە جۆراجۆرەکانی خۆیانو منداڵەکانیان. جارێکیان پیرێژنێك هاتەلامو داوای دەرمانێکی لێکردم کە لای خۆی هەڵیبگرێو تووشی هەر نەخۆشییەك هات بەکاری بێنێ، سەرم لە داواکەی سووڕما، پاشان بۆی ڕوونکردمەوە: لەبەرئەوەی کە من بە بەردەوامی لەوێ نیمو ماوەماوە لێیان دوور دەکەومەوە، بۆیە دەیەوێ بەشە دەرمانی خۆی بدەمێو ئەگەر منیش لەوێ نەبوومو نەخۆش کەوت، ئەوە بۆ خۆی بەکاری بێنێ!

لە کاتی دابەش بوون بۆ ماڵان زۆربەی پێشمەرگەکان لەگەڵ یەکتریدا پێشبڕکێیان بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵمدا دابەش بن، ئەوان بە ئارەزووی خۆیان ئەرکی بەردەستی دکتۆریان هەڵدەبژارد، چۆنیەتی هاتنەژوورەوەی نەخۆشەکانو ڕیزکردنو دانیشتنیان لای دکتۆر ڕێکدەخست، حاکم وریا لە هەموویان باشتر ئەو ڕۆڵەی یاری دەکرد، بە جۆرێك کە مایەی سەرنجو پێکەنین بێ، هەندێ جار خۆی پرسیاری جۆری نەخۆشییەکانی لێدەکردنو هەر خۆیشی لە جیاتی دکتۆر دەرمانی دەدانێ، بە پاساوی ئەوەی کە خۆیشی پێشتر تووشی ئەو نەخۆشییە هاتووە، یان بە پاساوی ئەوەی کە دکتۆر نهێنی دۆزینەوەو چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێبەخشیوە. ئەو ئەرکەی ئێمەومانان بەڕاستی ئەرکێکی گرانو ئەستەم بوو، هەندێ جاریش ئەقڵ لە ئاستیدا دۆشدادەماو بەرگەی نەدەگرت، بەتایبەتی کاتێ نەخۆشێکی وا دێتە بەردەستت کە لە سەرەمەرگدایەو دڵی زۆر پێت خۆشە کە چارەسەری بکەیت، کەچی تۆش هیچت پێناکرێو بە بەرچاوتەوە دەتلێتەوە، عیزرائیلیش لە تەنیشتتەوە چاوەڕێیەتی، وەکو سوکایەتی پێکردنێکیش بە نەزانینو نەناسینی داوودەرمانی نەخۆشییەکەی، بەر لە تۆ بیگاتێو گیانی بکێشێ، تا دوو دڵیو بێ هیواییت لە ناخدا بچێنێ.

بوونو مانەوەم لەگەڵ ئەو مەفرەزە پارتیزانە زۆر پێویست بوو، دەستبەرداربوونی مەحاڵ بوو، چونکە توانیم زۆربەیان لە چنگی نەخۆشی ڕزگار بکەم، باشترین کرپارم حەمە ڕەشاش بوو، ئەو بە بەردەوامی بە دوامەوە بوو، بۆ گەدە ماندووەکەی داوای دەرمانی لێدەکردم، ئەو گەدەیەی کە هێندە خۆراکی تێدەپەستا، تالێی یاخی بووو چیتر ئامادەیی ئەوەی تێدا نەما ئەو هەموو خۆراکەی بۆ بهاڕێ. منیش بە دەرزیو حەبەوە لە ئامادەباشیدا بووم بۆی، بە تایبەتی ئەو کاتەی گرانەتا شەکەتو بێهێزی کردبووو دووچاری لەرزوتایەکی کوشندەی کردبوو، جاربەجاریش وڕێنەی سەیروسەمەرەی دەکردو هەتا لە وڕێنە کردنەکەیشیدا هەر خواردنی خۆشو بەتامی بەخەیاڵدا دەهات، چاوەکانیشی زەرد هەڵگەڕابوونو هێزو توانای لەبەربڕیبوو. داوودەرمانو چارەسەری منیش بۆی تەنها چاودێری کردنی ڕۆژانەو دابینکردنی شوێنێکی باشو ئارام بوو بۆ پشوودانیو گوشینی ئاوی هەنارو چەند حەبێ بوو کە بۆ خۆپاراستن لە گرانەتا بەکار دەهات، نەك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی، مام جوامێریش دوای ئەوەی لە دروستکردنی چێشتخانەکەی تەنیشت کەپرە هەڵپڕوکاوەکانمان ماندووبووو ماسولکەکانی پشتی ڕەق بووبوونو ناچاریان کردبوو بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە ناوجێگادا بکەوێ، لەو ماوەیەدا توانیم چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزمەوەو هەستێتەوە! یارمەتی هەرێمیشمدا لە دەربازبوونی لەو بێهێزییە گشتییەی کە تووشی هاتبووو وای لێکرد جارێکیان لەو چۆلییەو لەناو بەفر ( لەکاتی دەست بە ئاو گەیاندندا ببورێتەوە)،

ڕۆژێکیان مولازم کەریم هاتەلامو سەرپەنجەکانی دووچاری ئازارێکی زۆر هاتبوونو شەوانە وا هەستی دەکرد کە گڕی ئاگرێك لەنێو پەنجەکانیدا بەرز دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی سەرقاڵبوونی بە بڕینو پارچە پارچەکردنی داری تەڕ بۆ زۆپاکەمان.

منیش هەندێ حەبی (بەهێزی-مقوی)م دایێ، وا بزانم تەنها حەبێك، یان دووانی خواردبوو، دەیگوت چاك بوومەتەوە، من لەو قسەیە بە گومان بووم، چونکە دەرمانی چارەسەرم نەدابوویێ، بەڵکو فێڵم لێکردبووو حەبێکی گشتیم پێدابوو، تا لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە بێو وا بزانێ کە دەرمانی چارەسەرکردنی ئازاری پەنجەکانی وەرگرتووە، هەڵکەوتیش بۆ چارەسەری هەوکردنی درێژخایەنی بۆڕییەکانی هەناسەی هاتەلام، جا چۆن بتوانم بەبێ دەرمان چارەی بکەم؟، هەتا ئەگەر دەرمانیش هەبێ، چۆن تواناى نەهێشتنی هەوکردنی بۆڕی هەناسەم هەبێ، لەنێو ئەو سەهۆڵبەندانو بەفرە زۆرەی کە دایپۆشیوین، چالاکیش لەدەست ئازاری مایەسیریو پشت ئێشە دادو فیغانی بوو، منیش هیچ چارێکم نەبوو، تەنها حەبی ئازارشکێنم دەدایێ.

خەسرۆش دکتۆرەکەی دەستەی کۆیە، ئەویش لە کۆڵەپشتەکەیدا هەمان جۆرە دەرمانی لابوو، بەڵام ئەو زانیاری زیاتری هەبوو، چونکە دەرچووی کۆلێژ بووو خوێندنەوەی ڕێنماییەکانی قەد حەبو دەرمانەکان بە زمانی ئینگلیزی باشتر تێدەگەیشت، بۆیە خەڵکێکی زیاتر ڕوویان لەو دەکرد. جەنگی یەکێ بوو لەوانەی کە تووشی بێهێزی گشتیو هەوکردنی جومگەکان هاتبوو کە هەر لە منداڵییەوە یەخەی بەرنەدەدا، سوورەش هەمیشە داوای دەرزی دەکرد، تا لەو بێهێزییە گشتییەی ڕزگار بکات. مولازم شێرزادیش بەدەست گەدەیەوە دەیناڵاند، چونکە هەر لە مێژا دووچاری سوتانەوەی گەدە هاتبوو، کوردەش هێشتا بەدەست بێهێزی گشتیو هەوکردنی بۆڕییەکانی هەناسەیەوە باری تەندروستی خراپە.

هەروەها منو خەسرۆش وەنەبێ تەندروستیمان لە هاوڕێکانمان باشتر بێ، بۆیە ئێمەش هەر یەکەو بەشی خۆمان لەو داوودەرمانانە بەکارهێنا. بە تایبەتیش کە تووشی بێهێزی گشتی هاتبووین، من بۆ خۆم پێشتر نەهەستم پێ کردبووو نە بیستبووشم، تەنها لەناو پێشمەرگەو لە گوندەکاندا نەبێ.

بەمەش وتەی ئەو شاعیرەمان بەسەردا سەپا کە دەڵێ: (دکتۆر چارەی خەڵکی دەکات، کەچی خۆی دەردەدارە)...

تاریکاییو شەوەزەنگ، هەمیشە مرۆڤ بەرەو تێڕامان و بیرکردنەوە دەبەن، بە تایبەتیش لە بارودۆخێکی دژوارو نائاسایی وەکو ئێمە. ئێستا ئێمە وەکو ئەو کەسەمان لێهاتووە کە خەریکە دەخنکێ، بۆیە بۆ ڕزگاربوونی لە خنکان، دەست بۆ هەموو گژوگیایەك درێژ دەکات، هاوڕێکانمان ئێمەیان لە قەدپاڵی ئەو چیایە تووشە جێهێشتو بەرەو باواجی ڕۆیشتن، بڕیار وابوو دوای ئەوەی ئاسۆ بگەیێنینە شوێنێکی ئاسوودە، تا لەوێ چارەسەری بکەنو ڕەوانەی بارەگاکانی سەر سنوور بکرێ، ئینجا ئێمەش بەرەو باواجی بڕۆین، کەچی بە لەدەستدانی چالاك کە تاکە شارەزای ناوچەکە بووو دۆستو لایەنگرانیشمانی دەناسی، کەوتینە تەنگژەیەکی ترسناکەوە، ئێمە هەرسێکمان، هیچ هیوایەکمان نەماوە، تەنها پشتبەستن بە هەڵکەوت نەبێ، بەڵام ئەویش دوای ئەوەی هێزی دێتەوەبەر، تا بمانگەیەنێتە باواجی، یان هەر شوێنێکیتر کە لە مەترسییەوە دووربێ.

ئەوەتا ساڵی ١٩٧٨ وەکو فلیمێکی سینەمایی بە خەیاڵمدا گوزەر دەکات... ئەو کاتەی لەبەردەم فەرمانگەی کونسولییەی وەزارەتی دەرەوە ڕاوەستابوومو بڕوانامە ئامادەییە وەرگێڕدراوەکەم بەدەستەوەبوو، تا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە بواری پزیشکی ڕوو لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بکەم، چونکە زانکۆیەکی فرانکفۆرت ڕەزامەندی لەسەر وەرگرتنم دابوو، بۆ ئەو گەشتە تەنها وەرگرتنی پەساپۆرتو بلیتی فڕۆکەکە مابوو، کەچی ئەفسەرێکی گەشتو ڕەگەزنامەی کەرکوك پێی ڕاگەیاندم کە ئەو داوایەی من مەحاڵە، لەبەرئەوەی ناوم لە لیستی (گەڕاوەکان - عائدون)دایەو بۆ ئەوانەش قەدەغەیە بۆ دەرەوە گەشت بکەن! کەواتە دەبێ باجی چوونەڕیزی پێشمەرگەو بەشداری کردنی خانەوادەکەم لە شۆڕشی چەکداریدا بدەم، ئەو کاتەی شۆڕشیش هەرەسی هێناو سوپا ناوچە ئازادکراوەکانی داگیرکردەوەو پێشمەرگە ئاودیوی ئێران بوونەوە... ئێمەش لەگەڵ خانەوادەی ئەو پێشمەرگانە ئاودیوی ئێران بووینو چارەنووسمان لە ئۆردوگایەکی ئێرانیی گیرساندینەوە، دواتریش لەگەڵ ڕاگەیاندنی یەکەم لێبوردنی گشتی ئێرانمان جێهێشتو گەڕاینەوە، ئەو ڕاکردنە نەگریسە، خەونە ئەرخەوانییەکانی لە تەواوکردنی خوێندن لە دەرەوەی وڵاتو ناسینو شارەزابوونی جیهانێکیتری لێزڕاندم، ئەو جیهانەی کە بە شێوەیەکی

ئەفسوناوی بەرەو ئازادیو شارستانی پەلکێشمان دەکات، بەمەش دەرفەتی خوێندنم لە فرانکفۆرت لە کیسچوو، ناچار بووم روو لە پەیمانگای هونەری بەشی وێنەکێشانی ئەندازەیی بکەم، بێ ئەوەی ئارەزووشم لێی بێ، بۆیە بە حەسرەتەوە فۆرمی خوێندنەکەم لەسەر حیسابی خۆم لە کۆلێژی پزیشکی دڕاند!.. هەرچۆنێ بوو پەیمانگام تەواوکرد، بێ ئەوەی حەزم لە وەدەسهێنانی بڕوانامە هەبێ، ئینجا لە نێوان هەڵبژاردنی سەربازیو پێشمەرگایەتی، ئەوەی دووەمیانم هەڵبژارد، بەمەش خەونەکانیان تێکوپێکدام، دەیانەویست لە شەڕێکی نەگریسو بێمانادا کە هیچ شتێکی منی تیا نییە، ژیانم بکەنە دۆزەخو لە ناویشم بدەن... بۆیە بووم بە پێشمەرگە..

یادەوەرییەکان بەسەر باڵی خەیاڵەوە دوور دووریان بردبووم، بەجۆرێك کە ئەرکی ڕۆژانەم لە هێنانی ئاو لە کانییەکەوە بۆ ئەشکەوتە هەڵواسراوەکەو کەنگر کردن لە بیر بکەم، ئەو کەنگرەی کە بەلەزەتترین خۆراکی دوو بریندارەکەی ناو نەخۆشخانە بێ هاوتاکەی قەد شاخەکە بوو! نەمانی ئاردو نان تەنگی پێهەڵچنیبووین، بۆیە ناچاربووین پشت بە برنجو شیرو گۆشتی بەرازیلی لە قوتووکراو ببەستین، یەکێك نەزانێ دەڵێ دەبێ ئەوە چەند فەردە برنجو کارتۆنە قوتووە گۆشتی بەرازیلییان لابووبێ؟ لەڕاستیدا بۆ ماوەی زیاتر لە پانزە ڕۆژ، تەنها پێنج نانی شوانو سێ کیلۆ برنجو دوو قوتووە گۆشتی موعەلەبی بەرازیلیو کیلۆیەك شیری نیدۆمان پێبوو.

لە ترسی ئەوەی نەوەکو دووکەڵی ئاگر شوێنەکەمان ئاشکرا بکات، بۆیە زۆر ناچار نەبووینایە، ئاگرمان نەدەکردەوە، تەنها بۆ کوڵاندنی برنجەکە نەبێ، بۆ ئەوەش چیلکەی وشکی بەڕووم کۆدەکردەوە، چونکە دووکەڵی کەم بوو، هەردوو بریندارەکە ناچاربوون برنجە نیمچە کوڵاوەکە بە گۆشت قوتووی ساردو سڕەوە بخۆنو شیری سارديشی بەسەردا بکەن، بەڕاستی ئەستەمە بریندارى لەو چەشنە ناچار بکەیت کە خۆراکی ساردوسڕ بخواتو تا ڕادەیەکیش ڕێگر بێ لەبەردەم زووتر چاکبوونەوەی زامی برینەکەیان، وەلێ چی بکەین؟ هەلومەرجەکەی ئێمە هەر ئەوەندەی بەبەرەوە دەچوو، ڕۆژگارەکەش گەلێ لە ویستو ئارەزووەکانمان بەهێزتر بوو.

بەو تاریکییە ڕووم لە قەدپاڵە خۆڵاوییەکە کردو کەوتمە گەڕان بەدوای کەنگردا، لە ترسی ئەوەی نەبادا شوێن چاڵی کەنگرەکان ببنە هۆی ئاشکرا بوونو سەرنجدانی خەڵکانیتر، بۆیە کەنگرەکانم لە دووری یەکتری هەڵدەکەند.. کیسەکەم پڕ لە کەنگر کرد، کاتی ئەوەش هاتووە هەر دوو قوتووە بەتاڵەکە پڕ ئاو بکەمو زۆر بە وریاییەوە بە بازبازێنێی سەر بەردەکانەوە خۆم بگەیەنمەوە ژێر ئەشکەوتەکەو هاوڕێکانم ئاگادار بکەمەوە تا بارەکەم لێوەربگرنو بە تاشەبەردەکەدا هەڵزنێمو خۆم بگەیەنمەوە دەروازەی ئەشکەوتەکە.

هەڵکەوت وێڕای سەختی زامەکەی، هەوڵێکی زۆری دەدا، تا یارمەتیم بداتو لەو بارەگرانەی سەرشانم کەمێك سووك بکات، چونکە هەستی بە ماندوێتیم دەکردو لە شلوخاوبوونی جوولانەوەو چالاکییەکانم شەکەتییەکی زۆری دەخوێندەوە، لەبەرئەوەی ئەو ماوەیە هەموو توانایەکی خۆم خستبووە کار بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانمان. دوێنێ هەڵکەوت پێی ڕاگەیاندم کە بڕیاری داوە ئیدی لەمەودوا ئامادەیە لەگەڵمدا ئاو بێنێو کەنگر بکات، چونکە لە جیاتی ئەوەی شەوو ڕۆژ ڕاکشێنو بخەون، پێویستە هەرچۆنێك بێت بجولێنو ئەو تەوەزەلییە لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. هەروەها پێویستە ئاسۆش دەست بەکار بکاتو ئەو ئاوسانەی ماسولکەکانی بڕەوێنێتەوە کە لە ئاکامی زۆر ڕاکشانەوە تووشی هاتبوو، هەرچەندە هەموو ئێوارەیەك لە ئەشکەوتەکە دادەبەزینو سەردەکەوتنەوە ناوی، بە مەبەستی جوولاندنی ماسوولکەی قاچەکانیان!

بەڵام داواکەییم ڕەتکردەوە! چونکە ئەوە لەگەڵ برینەکانیدا نەدەگونجا کە هێشتا سارێژ نەبووبوونەوە، پێم باش بوو، جارێ تەنها ڕاهێنانی ڕۆژانەیان لە دابەزینو سەرکەوتنەوەی ئەشکەوتەکەو یارمەتیدانم لە وەرگرتنی قوتووە ئاوەکان لەژێر ئەشکەوتەکەوە، بەس بێ. هەردووکیان وەکو دکتۆرێك بە قسەیان کردم، چونکە دڵنیابوون لەوەی کە من باشتر توانای دیاریکردنی جۆری ئێشو چاکبوونەوەی ڕادەی برینەکانیانم هەیە، نەك خۆیان.

پێش ئەوەی قوتووەکان پڕئاو بکەم، لەسەر کانیاوەکە دانیشتمو دەستو قاچو دەموچاوم شوشتو بە پەلە پێڵاوە لاستیکییەکانم لە پێ کردو قوتووە ئاوەکانم بە پڕی هەڵگرت، تا زوو بگەڕێمەوە لای هاوڕێکانم، کەچی پێڵاوە تەڕەکانم خیانەتیان لێکردمو خلیسکێکم برد، قوتووەکان لە دەستم کەوتنە سەر بەردێکی ناوەڕاستی ئاوەکەوەو یەکێکیان کون بوو. کەواتە بەشە ئاوی سبەینێمان تەنها یەك قوتووە ئاو دەبێ.. باشە چۆن دەبێ، پێشتر هەردوو قوتوەکە بەشی نەدەکردین، چونکە بەهۆی زامەکانیانەوە ئاویان زۆر دەخواردەوە، ئەی بە تەنها قوتوویەك چۆن ڕۆژێکی ڕەبەق بەسەر بەرین؟! بە تاکە قوتووە ئاوێکەوە گەڕامەوە لای ئەشکەوتەکە، کاتێ هاوڕێکانم پێیان زانی حەپەسانو نیگەران بوون، چونکە دڵنیابوون

لەوەی کە یەك قوتووە ئاو بەشی ڕۆژێکمان ناکات، بۆیە سوور بوون لەسەر ئەوەی کە هەردووکیان لەگەڵمدا بگەڕێنەوە سەر ئاوەکەو دەستو دەموچاویان بشۆن‌و پێداویستی خۆیان دابین بکەن‌و هەریەکەو قوتووە ئاوێکیش بباتەوە ئەشکەوتەکە، تاوەکو بۆ ڕۆژ ی دوایی وەکو یەدەك هەڵیبگرین. بێ دڵنیانم نەکرد، تا لە لایەك بەشە ئاوێکی باش دابنێین‌ولەلایەکی دیکەشەوە دابەزینیان‌و چوونە سەرئاویان بۆ هەردووکیان سوود بەخشەو چالاکی‌و زیندەگیش دەخاتەوە ماسولکە ئاوساوەکانیان...

مەفرەزە ئاوییەکەمان بە وریاییەکی بێئەندازەوە، بەرەو سەراوەکە جوولا، سوور بووم لەسەر ئەوەی کە لە پێشیانەوە بڕۆم، لەم بەردەوە بۆ ئەویان کەوتمە بازدان‌و ئەوانیش بە هەزار دەردەسەری بەدوامەوە بوون، بەهۆی زۆر ڕاکشانیان لە ئەشکەوتەکەدا، ماسولکەکانیان ئاوسابوون‌و وەکو من توانای ڕێکردنیان نەمابوو....

لە دەراوەکە نزیك کەوتینەوە، هاژەی ئاوەکە لە ناخەوە بەختەوەری کردین، تریفەی مانگە تازە هەڵاتووەکە لە قوتووە شکاوەکەی دەداو بریقەیەکی هەست ورووژێنەرو قەشەنگی دەدایەوە.

لە تەپۆلکەیەکی خۆڵینەوە بۆ سەر ئاوەکە دابەزیم‌و داوام لێکردن بە دوامدا بێن...

بەڵام! دەنگێك لە خوار ئاوەکەوە ئیستێکی پێکردین.. دەنگی فیکەیەك... نە فیکەی باڵندەو نە فیکەی ئاژەڵیش بوو.. بەڵکو فیکەی مرۆڤ.. سەرنجمدایە هەردوو هاوڕێکەم، ئەوانیش گوێیان لە فیکەکەبوو، بۆیە هەرسێکمان بێدەنگ بووین.. ئەم مەفرەزە سێ کەسییەی ئێمە تەنها یەك کلاشینکۆف‌و سێ گوللە دەیپارێزێ، ئەمەش بەشی دەربازبوون لە مەترسی بەدیل گرتن ناکات.

فیکەکە تا دەهات لێمان نزیك دەکەوتەوەو کۆخەیەکیشی لەگەڵدابوو... دەنگێکی نامۆ نەبوو، پێشتر بیستبوومان.. بانگێکی بە چرپەوە کۆتایی بە چاوەڕوانی‌و بێدەنگییەکەمان هێنا.

- هەڵکەوت.. حەمە شەڵتە!
- دوخە.. دوخە!
- هاوڕێ هەڵکەوت.. هاوڕێ هەڵکەوت!

توومەزە ئەوە حەمەو مام جوامێرن بە فیکەو بە چرپە بە شوێنماندا دەگەڕێن... هێندەی نەبرد، هەرسێکمان بەیەك دەنگ وەڵاممان دانەوە.

- وەرنە ئێرە ئێمە لێرەین!
- لە ئامێزی یەکتریدا خۆمان‌و خەمەکانمان لەیادکرد، وا سەرلەنوێ دەست بە ژیانێکی تازە دەکەینەوە!

---

★ لە دەقە عەرەبییەکەدا ناوی بە (هۆشەنگ) هاتووە، بەڵام ڕاستییەکەی (دکتۆر هۆشەنگ)ە. — وەرگێڕ.

★ ★



# هەرێم*

جارێکی تریش فڕێیاندامەوە ناو ئەم کولانە تاریکە، هێندە تاریکوتوون، هەتا توانای ژماردنو زانینی بەیانیو ئێوارەم نەماوەو هاتنی شەو و ڕۆژیشم بیرچۆتەوە... مەرگی خۆم بە ئاوات دەخواستو سەرزەنشتی ناخی خۆم دەکرد کە چۆن وام کرد بۆ ئەم کولانەیەم بێنن، بۆ ئەم ژوورە ئەنگوستەچاوە، ئەم زیندانە تەنگوتروسکەی کە هەتا جێگای ڕاکشانیشی لێنابێتەوە.. چاوەکانم زەندەقیان لە ڕووناکی چووبوو. بە هەرجۆرێك بوو خۆم لەگەڵ ئەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەو شوێنەواری ئەو زامو قنچکانەی کە بەسەر تەواوی جەستەمدا پەرشوبلاو بووبوونەوە، ڕاهێنا... ئێستاش مێشکم لە ئەنجامی لێدانی تەزووی پچرپچری کارەبادا هاژەی دێو دەلەرزێ، لاشەیەکی ڕاکشاوم و هەر ئەوەتەو هەناسەم دێ، چاوەڕێی کەسێکم دڵی پێم بسووتێو بە گوللەی میهرەبانی کۆتایی بەم ئازارەم بێنێ! ئەوە ڕووخساری پۆلایینی هەڵکەوتە، فەرمانم پێدەکات بەچاوی خەواڵووەوە خۆم بگەیەنمە پەنای تاشەبەردە شوومەکە، هەر بە سەر بەفرە ئەستوورە فشەڵەکەدا بە ڕاکردن بەرەو لای تاشەبەردەکە هەنگاوم نا، تا چۆکان لە بەفرەکەدا دەچەقیمو نەیدەگەیشتمێ، هەرچەند بەرەو لای بەردەکە ڕامدەکرد، ئەو زیاتر لێم دوور دەکەوتەوە... چەند هەنگاوێکم مابوو بیگەمێ، کاتێ بە خۆمزانی وا لە بەردەستی جاشاندام.. کە گوێم لە هاواری (چەکبە)ی جاشەکان بوو، چۆکم شکاو زمانم لە گۆ کەوتو خوێن لە جەستەما وشك بوو... ملکەچی فەرمانەکەیان بووم، هەر ئەوەندەم خۆشبوو چەکەکەم فڕێدا، ئیدی وەکو بەرخێکی بەستەزمان بە شەقو زللەو قۆنداغە تفەنگ پێشی خۆیاندام.

هەلیکۆپتەرێك هاتو منو جەنگیو ڕێبازی هەڵگرت، جەنگی زۆر بەڕقەوە سەرنجی دەدامێ، بە غەزەبەوە تەماشای دەکردمو هیچ قسەی لەگەڵ نەدەکردم... ئای کە سەرنجەکانی بە ئازارو کوشندە بوون!، نازانم ئەو هەموو قینە چیبوو لە چاویدا دەباری؟ ئاخر هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو تەنها خۆبەدەستەوەدان نەبێ، خۆ خائین نیم تا بەوجۆرە وەك خیانەتکارێك لێم بڕوانی؟....

سەرنجە پڕ لە توانجەکانی زۆر لە ئازاری چەقۆیەك بە ئازارتر بوون، بەڵام ڕێباز بەبێ جوولە لەناو خوێنی خۆیدا بوورابۆوەو چاوەڕێی ئەجەلی خۆی دەکرد.

... لەگەڵ نیشتنەوەی کۆپتەرەکە پەلکێشی ناو گۆڕەپانی سەربازگەی دوکانیان کردین، هێشتا جەنگی هەر بە ڕقەوە تەماشام دەکا، ئەوەتا وا لەناو گۆمە خوێنەکەیەوە هەڵدەستێو بەرەو لای من دێ، پڕ بە گەرووی هاوار دەکاتو کەس لە قسەکانی تێناگات، وەلێ بەرلەوەی بگاتە لام شەقو زللەی جاشەکان هەردووکمانی یخ کرد، بە لرخەلرخێکی گورچکبڕەوە کەوتە سەر زەویو دواهەناسەی داو بە هەمان ڕقەوە چاوەکانی لەسەر ڕووخسارم ڕەق هەڵاتن.

بەدوای ئەودا ڕێبازیش دوا ساتەکانی ژیانی خۆی لەژێر پۆستاڵو پێڵاوی سەربازو جاشەکاندا بەخشی، بێئەوەی تەنها وشەیەکیشی لە زار بێتە دەرێ، یا چاوی لە زەوی بەرزکاتەوە، خۆیدایە دەستی چارەنووسەوە، بێئەوەی بە سەرنجە جەنگی ئاساکانی بمهاڕێ... دوا ساتەکانی گیانی بەخشیو دەموچاوی لە خۆڵە خوێناوییەکە چەقیبوونو لێوەکانی بە زەوییەوە نووسابوون.

هەڵەی مام جوامێرو مولازم کەریم بوو بۆ ئەوێیان بردینو بەبەرچاوی دوژمنەوە کۆیانکردینەوەو فڕێیانداینە کانی شەهیدانەوە، کەچی ئێستا خۆیان ساغوسەلامەتنو منیش لێرە لە ژێر شەقو زللەدا دەناڵێنمو سەرنجە گورچکبڕەکانی جەنگیش چرنووك لە ناخم گیر دەکەن! چۆن کەوتینە ئەم داوەوە؟ لەو هەمموو چیاوچۆڵەی کوردستان شوێن بڕابوو، تەنها ئەم کانیاوە شوومەی ئەو شوێنە دابڕاوو گۆشەگیرەی کۆسرەت نەبێ کە زۆر بە ئاسانی ئابلۆقە دەدرێو هەرچییەکی تیابێ، قەڵاچۆ دەکرێ؟ لە ئەنجامی هەڵەیەکی کوشندەی کەسانیتر، دەبێ تەمەنی گەنجێتیم لەم زیندانەدا بەسەربەرم!

بەڵێ من هەڵەم نەکرد. هەرگیز هەڵە نەبووم!

ئاخر من چیم بۆ دەکرا؟ دوای ئەوەی بەرپرسەکەم فەرمانی پێکردم کە بەرەو پەنای تاشەبەردە دیاریکراوەکە بچم، چۆن دەمتوانی بە تاقی تەنها لەگەڵ ڕەوەجاشێکدا بجەنگێم کە بە پێی خۆم چووبێتمە بەردەستیان؟ ئایا ئەوە جۆرێك

نەدەبوو لە شێتی؟ هیچ چارێکم نەبوو، تەنها بڕیاری خۆبەدستەوەدانێکی سەرشۆڕانە نەبێ، کە دڵنیاش بووم بە شەق و زللەو قۆنداغە تفەنگ دۆزەخم پیشان دەدەن!

هەر هەموو ئەوانە بەلایەك و سەرنجە کوشندەکانی جەنگیش بەلایەك، چونکە لە کاتی بە ئاگایی و بێ ئاگاییمدا بە دوامەوەن و سەرزەنشتم دەکەن و هەڵەکە دەخەنە ئەستۆی خۆم. چۆن بتوانم لە دەستی دەربازبم و بۆ کوێ هەڵێم؟ دەبێ لە دواساتەکانی گیان بەخشینیدا چی گوتبێ؟ بۆچی نەمدواندو ترسنۆکانە سەری خۆم لەنێو دەست و ئەژنۆکانم شاردەوە؟! دەبوایە بەڕوویدا هەڵشاخێم و بڵێم:

– من بێتاوانم.. بێتاوان!

ئەی ڕێباز؟ کە بەبێ دەنگی سەری نایەوە، تەنها جاروبار نیگای سەرنجەکانی ئاراستە دەکردم، دەبێ ئەو لە ناخیدا چی بەرامبەر هەڵگرتبم؟ من لە ترسی سەرنجەکانی ئەوان ئەو چارەنووسە شوومەی کە تێی کەوتبووم، سەرم لەنێو ئەژنۆو دەستەکانمدا شاردبۆوەو لە نێوان پەنجەکانمەوە تەماشای ڕێبازم دەکرد، نە من دەمویست لەگەڵیدا بدوێم و نە ئەویش، وەك ئەوەی دوو دوژمنی سەرسەختی یەکدی بین و بەبێ ویستی خۆمان کۆیان کردبینەوە... خۆ گەر ڕێبازم بدواندبوایە، ئەو لێم حاڵی دەبوو، کەچی ئەو هەر بە جارێ پشتگوێی خستبووم و نەیدەویست لەگەڵمدا بدوێ!

ئەو زۆر بە وردی لە جلوبەرگەکانی بەرمی دەڕوانی، بەدوای پەڵە خوێنێکدا دەگەڕا، بەڵام کە نەیدۆزییەوە، پرسیاریشی لێنەکردم، تا وەڵامی بدەمەوە!

تازە هەرگیز زامی ناخم سارێژ نابێ و بە درێژایی ژیانم ئازارم دەدا، سەرنجی پڕ لە توانجی هەر کۆنە پێشمەرگەیەکیش دەیکولێنێتەوە! بە تێپەڕبوونی کات هەموو زام و ئازارو ئەشکەنجە ترسناکەکانی زیندانم سارێژ دەبنەوەو بیر دەچنەوە، بەڵام سەرنجە ژەهراوییە کوشندەکانی جەنگیم، هەرگیز لەبیر ناچنەوە، چونکە بە ناخی ویژدانمدا ڕۆچوونەتە خوارێ، بۆ کوێ لە دەستیان ڕاکەم؟ هەموو ڕێیەکم لێگیراوەو هەر کۆششێکیش دەکەم بێ هودەیە! دەبێ ئەوانەی لە داوەکەی کانی شەهیدان ڕزگاریان بووە، چیم پێ بڵێن؟ سەرزەنشتم دەکەن و بە ترسنۆکم لەقەڵەم دەدەن، یان لە هەڵوێستم تێدەگەن؟ .. هەڵکەوت خەتای تۆ بوو من وام بەسەرهات، تۆ فەرمانت پێدام کە پێش هەمووتان بگەمە لای تاشەبەردەکە، تۆ فرێتدامە بەردەستی جاشەکان، تا ببمە قۆچی قوربانی بۆ دەربازبوونی ئەوانیتر. تۆ بەڵێنت پێدام کە ئێوەش بەدوامدا دێن، کەچی ڕێگایەکی دیکەتان گرتەبەر... ئاخ هەڵکەوت! بۆ ئەو شۆخییە پڕ لە ستەمەت لەگەڵ کردم؟ .. هەموو کاتێ شۆخی و توانجەکانتم بەلاوە ئاسایی بوو، کە بە نەزانی و نەشارەزای ڕێگات دادەنام.. چونکە هەر کاتێ بەشەو بچووینایەتە کەنار دەریاچەکە بۆ هێنانی ئازووقە، تۆ دەستەیەك شخاتەت دەدامێ، تا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکە بەکاریان بێنم، کە هەموومان زۆر بەباشیش شارەزای بووبووین. ئای گەر دەتزانی چاوەکانم بەهۆی ماندووکردنیان هەر لە منداڵییەوە تووشی کزی هاتوون، قەت بەوجۆرە نەدەبووی. ئاخر هەر لە سەرەتای ژیانمەوە بە کاری گرانەوە ماندووم کردوون.... هەموو عەسرانێك بە سەبەتەیەك نانەوە ڕووم لە بازاڕی سلێمانی دەکردو هەر نانێکم بە فلسێك قازانج دەفرۆشتەوە. پاشان ڕووم لە نانەواخانە کردو لەوێ بوومە نانەوا، دەبوایە ڕۆژانە بەدرێژایی چەندین کاتژمێر لەبەرامبەر گڕی ئەو تەنوورە گەرمانە بێ پشوودان بەپێوە بووەستم، جگە لەوەش بە کرێیەکی کەم پێشبڕکێم لەسەر داگرتنی بارە ئاردی سەر لۆرییەکان دەکرد.. هەر ئەو ماندووبوون و شەکەتییە بوو کاری کردە سەر چاوەکانم و بێهێزی کردن.. ئێ چاویلکەی پزیشکیش لە کوێ بێنم، تا چاوەکانمی پێ بپارێزم؟، کێ نانەوایەکی یا پێشمەرگەیەکی بە چاویلکەی پزیشکییەوە دیوە؟ .. ئۆو نا ... نا، مولازم کەریمم لەیادچوو، ئەوە نییە کاتێ بە چاویلکەی چاویەوە دەیبینن، خەڵکی زۆریان پێسەیرە، ئاخر پێشمەرگەو چاویلکە کوجا مەرحەبا؟!

تۆ بڵێی مولازم کەریم ئەو شەوە ساردە زستانییەی لەیاد بێ کە لە کانی شەهیدانەوە بە ڕێکەوتین، تا بپەڕینەوە ئەوبەری دەریاچەکە، هیچمان مەلەمان نەدەزانی و بەلەمێکیشمان دەست نەکەوت کە لەو گەشتەماندا بەکاری بێنین. بۆیە بە ناچاری بەرەو ژوور هەڵکشاین بۆ ئەو شوێنەی کە ڕووباری قەمتەرانی لێیە، تا لەوێوە بپەڕینەوە ئەوبەر، وەك ئەوەی چاوەڕێی تەوژمی ئاوەکە بین، هەڵمانگرێ و فرێماندانە قووڵایی دەریاچەکەوە!.. دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆرو بە هەزار دەردەسەری، ئینجا توانیمان بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی کە لێیەوە چووبووینە ناو ئاوەکەوە. هەر کە لە ئاوەکە هاتینەدەرەوە،

یەكسەر شمەكە تەڕەكانی بەرمان بەستای، بە جۆرێك كە چاوەڕوانیو مانەوە بەو جلوبەرگە ڕەقهەڵاتووانەوە لە دەرەوەی ئاوەكە كارێكی ئەستەم بوو. بۆیە بەناچاری بڕیارماندا جارێكیتر خۆمان لە ڕووبارەكە باوێینەوە، تا ئەو سەرما بێ ئەندازەیە لە گیانی خۆمان بڕەوێنینەوەو گەرمایی بێتەوە جەستەمانو ئەو شەختەو زوقمەی كە جلوبەرگەكانمانی بەستابوو بتاوێنینەوە، ئەمجارەیان نەمانزانی چۆنو بە چ شێوەیەك گەیشتینە ئەوبەرەوە، مەگەر تەنیا موعجیزە ئێمەی پەڕاندبێتەوە!..

حەمەی هاوڕێم! دوای هاتنەوەم لە گەشتەكانی شار، چۆن هەموو جارێ دەهاتییە بنەفیكمەوەو داوای لوقمت لێ دەكردم، تۆش لای من كەسێكی بەڕێزو گرانبەها بوویو داواكەشت هەرزان.. بەو دڵساڧو ڕووخۆشیو ڕاشكاوییەت ناخی هەمووومانت داگیر كردبوو... نایەتە بیرم ڕۆژێك داواكارییەكیم ڕەتكردبێتەوە، بەتایبەتیش لوقم كە لە منداڵەكانی زیاتر حەزی لێبوو، ئەو جگەرگۆشانەی كە فێربوو بوو كاتێ دەخەوتن، بەشە لوقمەكانی لێدەدزینو لە كاتی هەڵلوشینیدا لیك بە هەردوو لالغاوەیدا دەهاتنە خوارێ، وەك ئەوەی خۆشترینو بەلەزەتترین خواردن بخوات!..

... دەبێ ئێستا هاوڕێیان چۆن باسم بكەن؟ بەزەییان پێمدا دێتەوە، یان جوێن بارانم دەكەن؟.. بە خودا من ناچاربووم خۆم بەدەستەوە بدەم، هەر كامێكیان لە جێی من بوونایە، ناچار دەبوون چەك فڕێدەن... تكاتان لێدەكەم سەرنجەكانی جەنگیم لێدوورخەنەوە، خەریكە گۆشاوگۆش سەرم دەبڕن. خۆ ئێوە هەوڵو كۆششە بەردەوامەكانی (هەرێم)تان لەبیرە كە لە پێناو مەفرەزەكەدا دەیبەخشی. لە چالاك بپرسن! پرسیار لە بەختیار بكەن، با هەردووكیان باسی پێكەوە ژیانی كۆسرەتمان بكەن، بەرلەوەی خەڵكەكەی جێبهێڵن. هەرگیز ئەوە من نەبووم وا بە ئاسانی خۆم بدەمە دەستەوە، بەڵام چی بكەم؟، ئەمەیان هێندە كتوپڕو ترسناك بوو، زارەترەكی كردم، حەپەسام، بە جۆرێك كە ملكەچی داواكارییەكەیان بم!.

تاوانی من لە ئەستۆی مام جوامێرو مولازم كەریم دایە، ئەوان هەردووكیان بۆ ناو ئەم داوەیان هێنایین، هەر ئەوانیش كەمتەرخەم بوونو سستییان نواند لە گواستنەوەی بارەگاكەمان بۆ شوێنێكی باشتر، بەوەندەشەوە نەوەستان، بەڵكو داوایان لە دەستەی كۆیەش كرد بێنە لامان!

تا ئێستاش لرخە لرخی جەنگیو ڕێباز لە گوێچكەمدا دەزرنگێنەوە. ئەوان بۆ خۆیان لەو ئەشكەنجە ترسناكە ڕزگاریان بوو كە من دەیچێژم، ئەوان جارێك كوژران، وەلێ من هەموو ساتێك دەكوژرێم، بەڵام بەبێ لرخە لرخ!، تا هەموو ڕۆژێك بێویستی خۆم دەست بە ژیانێك بكەمەوە، پڕبێ لە ئازارو ئەشكەنجەو كوێرەوەری!

گوێم لە دەنگی ترپەی پێیەكە، بێدەنگی زیندانەكەی شڵەژاند، دەنگێك بانگ دەكا. كەواتە دیسانەوە بۆ ئەشكەنجەدانم هاتوون. هێندە ئەشكەنجەیان داوم، لەگەڵیدا ڕاهاتبووم، هەتا وام لێهاتووە چاوەڕوانی هاتنی ژەمی ئەشكەنجەدانەكان بم، بەڵكو لەم تەنیاییە تواناپڕووكێنە ڕزگارم بكات.

لە ژووره تاریكوتوونەكەی زیندانەوە ڕایانكێشام، لە دواوە بەر پاڵیاندام، بە چاوبەستراوییەوە، بە ڕێگایەكدا دەیانبردم زۆر باش شارەزای بووبووم، چونكە گەلێ جاریتر بەوێدا هاتوچۆیان پێكردبووم... فڕێیاندامە ژووره گەورەكەوە، چاویان كردمەوە، قیژەو هاواری ئیستیخباراتەكە بەرزبۆوە:

ئیعتیراف كە، بە زاری خۆت ڕاستیمان پێبڵێ، ئێمە هەموو شتێك دەزانین!

★ لە دەقە عەرەبییەكەدا ناوی هەرێم بە (پێشڕەو) هاتووە، دیارە لەبەرئەوە بووە ئەو كاتە هێشتا هەرێم لە زینداندا بوو.

★ ★

# کامەران*

دوای ئەوەی هەڵکەوتو هاوڕێیانی گەیشتنە لامانو هەموو کۆبووینەوە سەریەكو ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش باواجی زیاتر پڕدەبوو لە جاش، بە جۆرێك لێمان نزیك كەوتبوونەوە كە ئەگەری پێكدادان لەگەڵیاندا، بووبووە شتێكی ئاسایی. ئازووقەشمان بەرەو تەواوبوون دەچوو. وەدەستهێنانیشی هێندە ئاسان نەبوو، بۆیە بیرمان لە بەجێهێشتنی باواجیو ڕووكردنە لای دەستەكەی هەورێ كردەوە، خواو ڕاسان كوردۆی خۆشناوەتیو دەشتیو سەلامو سەنگەر بیرێژیو چەند هاوڕێەكیتری دەستەی هەورێ خۆیان گەیاندە لامان، بڕیاری جێهێشتنی باواجی بووە ڕاست. هاوڕێكانی دەستەی هەورێ كەوتنە پێشمانو ئێمەش هەموومان بەدوایانەوە دەڕۆیشتین، شەكەتو ماندوو گەیشتینە دۆڵی ئاوەگرد.

ئێستا ئێمە بەرەو ناوچەیەك دەڕۆین بەلای منەوە نامۆیەو هیچ ڕێگاوبانو شاخو دۆڵو دەشتو گوندێكی شارەزا نیم، تا لە رووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەك خۆمیان تیا حەشار بدەمو سوودیان لێوەربگرم. تۆ بڵێی كارەساتەكەی (كانی شەهیدان) لەوێش دووبارە ببێتەوە؟ شەش مانگی ڕەبەقی جوانو پڕ زەحمەتمان لە ناوچەیەكی مەترسیداردا بردەسەرو سووربووین لەسەر مانەوەمان لە ناوچەكە، لەو ماوەیەدا ئازیزترین هاوڕێمان لەدەستدا، ترسو دڵەڕاوكێمان لە چاوی خەڵكیدا دەخوێندەوە، بەتایبەتیش لە چاوی دۆستەكانمان، هەتا هەندێكیان مانەوەمانو چۆڵ نەكردنی ناوچەكەیان بە جۆرێك لە شێتایەتی دەزانی!

دوای تەواوكردنی خوێندنی ئامادەییم لە قوتابخانەیەكی تێكەڵاوداو ڕاكردنم لە خزمەتی سەربازی، ڕووم لە شۆڕشی هاوڕێم كرد، تا لە ڕێگای ئەوەوە پێشمەرگە بناسمو چەكی پێشمەرگایەتی بكەمە شان. هەر ئەوەندەم دەربارەی پێشمەرگایەتی دەزانی كە چەك هەڵگرمو دژی ڕژێم بجەنگێمو وەكو كوردێك مافی خۆمان وەربگرینو دەوڵەتی خۆمان دابمەزرێنین، بەڵام لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا هەندێ شتی وام هاتنە پێش كە زۆر لە بۆچوونەكانمەوە دوور بوون. بەهۆی بیروڕاكانمەوە بە كەسێكی شۆڤێنیست تاوانباریان كردم! لەوێ هەندێ پێشمەرگەی عەرەبم ناسی كە شانبەشانی ئێمە لە خەباتدا بوونو هەتا هەندێكیان كرابوونە بەرپرسیشمان.

ئایا ئەوەی (سەلوان) بۆی باسكردم دەربارەی نیشتیمانێكی هاوبەش لە نێوان كوردو عەرەبدا ڕاستە؟ یان ئەو قسانەی سەبارەت بە دابەشبوونی كۆمەڵگا بۆ چینی جۆراوجۆرو پێویستی تێڕوانینمان بۆ ڕووداوەكان لە ڕوانگەیەكی چینایەتییەوە، تا چەند ڕاستە؟ یاخود ئەوەی دەربارەی یەكێتی چینی كرێكاری عێراق، تا چەند جێی باوەڕو متمانەن؟ بەڵام ئەی دەبێ عەرەب بەدەستی دەسەڵاتدارەكانیانەوە تووشی چی هاتبن؟ ئەوان خاوەنی دەسەڵاتو دەجاڵەكەیشین، هەر خۆیشیان نەخشەو پیلانە چەپەڵەكانی جێبەجێ دەكەنو جاشە خۆفرۆشەكانیش لەو تاوانەیاندا یارمەتییان دەدەن!.. ئایا باشووریش وەكو كوردستان لە دانیشتوانەكەی چۆڵوهۆڵ كراوە؟ یان ژنو منداڵی گوندە عەرەبنشینەكان لەسەر دووكەڵی ژەهراوی كیمیاوی ڕاهاتوون؟ جا بۆ ئەوەی خۆم لە مشتومڕێكی دوورودرێژ بپارێزم، بە ناچاری سەری بەڵێ بۆ سەلوان دەلەقێنم، وێڕای گومانێكی بێئەندازە لە قسەكانی كە لە ناخەوە دەمهەژێنێ! چونكە من هیچ شتێك دەربارەی چینەكانو سیاسەت نازانم، منێك بەزۆر تەنها كتێبەكانی قوتابخانەم دەخوێندو كاتی خۆم لەگەڵ هاوڕێیانمدا بە گەڕان بەسەر دەبردو لە قۆپیەكردنیشدا زۆر كارامەو لێهاتوو بوومو لە نانەوەو خولقاندنی ئاژاوە لەگەڵ قوتابییانو مامۆستایاناندا درێغیم نەدەكرد، خۆشترینو جوانترین كاتی ژیانیشم ئەو كاتانە بەسەر برد كە لەگەڵ باوكمدا لە گوندەكاندا دەژیام، چونكە باوكم

فەرمانبەرێکی ناچارکراو بوو کە لە گوندەکاندا کار بکات.. لەگەڵ ئەوەی هەمیشە بیری کۆیەم دەکرد، کەچی دیمەنە قەشەنگو ئەفسوناوییەکانی سرووشتی کوردستانیش شەیدایان کردبووم.

خانەوادەکەمان بە مووچەیەکی کەم دەژیان، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی بەڕێزەوە تەماشایان دەکردین، چونکە ئێمە لە خانەوادەی ئاغاکان بووین، هەر کەسێك بانگی باوکمی بکردبوایە، ئەوا نازناوی ئاغای پێوە دەلکاند، ئەمە حاڵی دانیشتوانی شارەکان بوو، مەرجیش نییە هەموو (ئاغاکان) ئاغای ڕاستەقینە بن، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆریان ئەو نازناوەیان لە باوباپیرانیانەوە بۆ بەجێمابوو، بێئەوەی دەسەڵاتی ئاغایەتییان هەبووبێ. ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕیشە ئەوەیە، کە یەکێك لەوانەی نازناوی ئاغای بەدواوەیە خەریکی کاری حەماڵییەو بارهەڵگری فەردە تووتنە، جووتیارەکان سوورن لەسەر ئەوەی کە هەر بە فلان ئاغا بانگی بکەن، جا نازانم ئەوە بۆ ڕێزگرتنە لەو کەسە زەحمەتکێشە، یان سووکایەتی کردنە بە ئاغاکانەوە کە ناخی جووتیارانیان پڕ لە کینە کردووە؟! ئەمە کێشەی سەرەکی منیش بوو لەگەڵ هەندێ لەو پێشمەرگانەی کە لەو خانەوادە جووتیارانەوە هاتبوونو ڕقێکی زۆریان لە ئاغایەتیو دەرەبەگایەتی بوو، سەرنجەکانیان مایەی نیگەرانی بوون، منیش بە هەمان سەرنج وەڵامم دەدانەوە، کورد وتەنی (شینو شایی دەستەوایی). جارێکیان لە جەولەی گوندەکاندا بووین. تووشی نەخۆشییەکی کتوپڕ هاتمو نەخۆشییەکەم وایخواست بمنێرنەوە بۆ بارەگا. دووان لەو پێشمەرگانەیان لەگەڵدا ناردم کە ڕقو کینەیان دژی ئاغایەتی لە دڵدابوو، بە درێژایی ڕێگا هیچ کامێکیان یارمەتییان نەدام، بەڵکو بە تەنها جێیاندەهێشتمو ناچار بووم بە هەرحاڵێ بێت، دوایان بکەومو بە چاوێکی کەمەوە تێیان دەڕوانیم ! بەڵام ئەوەتا ئەم ئاغازادەیە چەکی فڕێنەدا، کەچی ئەو دوو جووتیارە کیمیابارانو ئەنفالەکەی ڕژێم زراوی بردنو لەگەڵ یەکەم لێبوردنی گشتیدا چەکیان فڕێداو خۆیان بەدەستەوەدا.

بۆچی ئەو سەرنجە کوێرانەیە دژی بەرەبابی ئاغاکان؟ خۆ هەر هەموویان خوێنمژو چەوسێنەری جووتیاران نەبوون، بەڵکو هەندێکیان بە هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەیان دژی جووتیاران، ناوی سەرجەم خانەوادەکانیان لەکەدار کردین!...

دوای شەوێکی تەواو ڕۆیشتن، وا خەریکە دەگەینە کانی ئاوەگرد، زەردەی کازێوەش وا خەریکە بەری ئاسمان دادەگرێو کزبوونی ئەستێرەکانی بەرەبەیانیش بەسەر سەرمانەوە، موژدەی نزیکبوونەوەی هەڵاتنی خۆر ڕادەگەیەنن، بۆیە پێویستە لەسەرمان بە پەلە خۆمان بگەیەنینە ئەو شوێنەی کە دارو درەختێکی زۆری لێیە، تا بەدرێژایی ئەو ڕۆژە خۆمانی تێدا حەشار بدەین، لە میوانداری پاشای کۆرەو قەڵا سەختەکەی کە پێشتر براکانمانی لە ئامێزگرتبوو.

..... مولازم کەریم وەك پیشەی هەمیشەیی دەیەوێ دواکەسی کاروانەکەبێ، یا وەکو پێی دەڵێن قفڵی دواوە بێ، ئەو خووی بەو شوێنە ئارامەوە گرتووە، بەهۆی قەڵەوییەکەیەوە کە هەتا لەم هەلومەرجە ترسناكو دژوارەش بەزەیی بە خۆیدا نایەتەوەو هەوڵی خۆلاوازکردن نادات، بۆیە بە شەکەتییەوە لە دوای دواوە یاغر یاغر ڕێ دەکاو بە هەر حاڵێ بێ خۆی دەگەیەنێتە هاوڕێکانی، ئەوەتا ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە، کاتێ دەیەوێ بە ڕێگا پێچاوپێچەکەی دۆڵەکەدا سەرکەوێ.

زۆر بەزەییم بە پێشمەرگە عەرەبەکاندا دێتەوە، چونکە ساڵانێکی زۆرە لە کەسوکاروماڵوحاڵیان دوورن، هەمیشە هەوڵم دەدا لێیان نزیك بکەومەوەو سوود لە زانیارییەکانیان وەربگرم، بەڵام ئەوان هەردەم پێکەوە کۆمەڵەیان دەکرد، کەچی ئێمەیان بە (کۆییاتیو خۆییاتی) تاوانبار دەکرد. تا بڵێی سەعیدەڕەشم کەوتبووە بەردڵان، بە تایبەتی ئەو کاتەی لەسەر جادەی گشتی هەولێر- کۆیە ژیانی خۆی خستە مەترسییەوەو بە ئۆتۆمبیلێکی ئاسایی کەوتە دوای ئەو جاشەی کە لە بازگەکە لە دەستیان هەڵاتبوو! خۆشەویستیشم بۆ ئەبو شەهلە ئەوە هەر باس ناکرێ، ئەو پێشمەرگە ئیشکەرو دڵسۆزەی کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە سەرقاڵی نان کردنو ئیشوکاری دیکەی ناو بارەگابوو، بێ ئەوەی پرتەوبۆڵەیەك بکا، یان بێزاری پێوە دیاربێ، دوای ئەو هەموو ئیشوکارەشی، بە سۆزەوە لەگەڵتدا دادەنیشتو دەکەوتە گفتوگۆ، دکتۆر سادقیش بە قسە خۆشەکانی سەرنجی ڕادەکێشام، هەرچەندە هەندێ لە پێشمەرگەکان خۆشییان پێیدا نەدەهاتەوە.

وێڕای ئەو هەموو خۆشەویستییەم بۆیان، کەچی من لە پێناوی کوردستاندا چەکم لەگەڵیان هەڵگرتبوو، نەك عێراق - وەك ئەوان دەیانوت- بەڵام بێ ئەوەی کەس لەوە ئاگادار بکەمەوە، لەبەرئەوەی توانای ئەوەم نەبوو لەبەرامبەر ئەو هاوڕێیانەدا داکۆکی لە بۆچوونەکەی خۆم بکەمو هەوڵی ئەوە بدەم، قەناعەت بەوانیش بێنم، چونکە ئەوان لە من بە

تواناتر بوونو زۆریش حەزیان لە مشتومڕی دوورو درێژو ئەو کۆبوونەوانە بوو کە بەهۆی باسکردنی بابەتێكو گفتوگۆکردن لەسەرییەوە درێژەیان دەکێشاو من هیچیان لێحاڵی نەدەبووم!.. بەلام گەر ئەوەی ئەوان دەیڵێن وایە، ئەی بۆچی لە خوارووی عێراقدا پێشمەرگە پەیدا نابێ، یا گوێبیستی چالاکییەکانیان نابین، جگە لە چەند هەواڵێك نەبێ کە ئەویش گومانم لێیان هەیە؟!

هەستم بە سۆزو خۆشەویستی خەڵکی دەکرد بەرامبەرمان، بەتایبەتی ئەو کاتەی بە نیگەرانییەوە هەواڵی کەوتنە بۆسەی دەستەیەك پێشمەرگەمانیان پێڕاگەیاندین کە لە سەر جادەی تەقتەق کەوتبوونە بۆسەی جاشەوەو سەرکەوتە رەشی تێدا بە سەختی بریندار بووبوو، یا ئەو کاتەی باسی رۆڵی پێشمەرگەکانمان دەکەن لە شەڕەکانی (بەنەباوی)، یاخود دەستبەسەراگرتنی ڕەبایەکەی تۆبزاوە، یان کاتێ پیرۆزبایی هاتنەڕیزی رەبایەیەکی جاشانیان لێ دەکردین کە بە هەموو چەكو کەلوپەلەکانیانەوە هاتبوونە ڕیزمانەوە، یا کاتێ بە جۆشەوە باسی ئەو چالاکییە کەم وێنەیە دەکەن کە دەستەیەك لە پێشمەرگەکانمان بە ڕۆژی نیوەڕۆ هەڵیان کوتایە سەر پیاوانی ڕژێم لە ناوجەرگەی کۆیەو چەندین بەکرێگیراویان لە ئامادەیی بازرگانی دەستگیر کردو لەگەڵ خۆیاندا گەیاندیانە بارەگای سماقوولی. ئەو خەڵکە دڵسۆزە هەمیشە داوای چەکیان لێدەکردین، تا لە کاتی ئەگەری هێرشی ڕژێم بۆ سەریان بەرگری لە خۆیان بکەن.

... دۆڵو دەشتو قەدپاڵو لووتکەی چیاکان کە هەر لە منداڵییەوە جێمهێشتبوونو چووبوومەوە شار، ئەفسوناوییان کردبووم. گوندە چۆڵو کاولکراوەکانو کێڵگەو ڕەزوباخە بێنازەکانو کانیاوە بێکەسەکان وا بە ڕوومانـدا دەقیژێننو داوای دووبارە گەڕاندنەوەی ژیانمان لێدەکەن. ئەوەتا وا لە حەشارگەکەمەوە بە دووربین دەڕوانمە ئەو ناوچەیەی کە زیندەگی تێدا نەماوەو بۆتە بێشەیەکی چۆڵو ترسناك.

ئەو خەڵکە چییان کردبوو، تا بەو جۆرە خەونو خاكو ئاواتەکانیان لێزەوت بکەن؟ بەوە تاوانبار کراون کە هاوکاری داگیرکەری بێگانەیان کردووە، ئای کە درۆیەکی بێ بنەماو شاخدارە، چونکە خەڵکی لە داخان چاویان دەچووە پشتی سەریان، کاتێ پاسداریان لەگەڵ پێشمەرگەدا دەبینی! هاواریان لێ هەڵدەستاو گلاوکردنی خاکی نیشتمانیان بە پۆستاڵی بێگانە ڕەتدەکردەوە، بەلام کەس گوێی لە هاوارو فیغانەکانیان نەدەگرت. ئەی بۆچی دەبێ ئەمانە باجەکەی بدەنەوە؟ ئەوەتا ئەمان وان لە نێوان دوو ئاگردا.. ئاگری شۆفێنییەتی ڕژێمو ئاگری داگیرکەری بێگانە!

... وا بە دووربین سەرنجم داوەتە وێنەی کۆنە بارەگاکەمان لە دۆڵەکە، کە کۆمەڵێك یادەوەری جوانم تێیدا جێهێشتووە، چەند جوانو خۆشبوو ئەو ژیانە هەرەوەزییەی کە لەو بارەگایەدا بە نوکتەو قسەی خۆشو گاڵتەو گەپ بە سەرمان برد، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووین کارێك یا چالاکییەك ئەنجام بدەین کە ببێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی ناوچەکە.

ڕەفتارو هەڵسوکەوتی (عەباس عەفارۆف) چەند دڵخۆشی دەکردم، ئەو بەستەزمانەی کە بەرپرسیارێتی بارەگاکەی پێ سپێردرابوو، بێ ئەوەی سەر لە هیچ دەرکا، تەنها قیژەو هاوار نەبێ. چەندین جار لەگەڵمان تووشی هەراو شەڕە قسە دەبوو کە ما یەی بەزەیی پێداهاتنەوە بوو، نەك ڕق لێهەڵگرتن. ئای کە هەوڵەکانی بۆ دزینی دڵی ئەو تاقە کچەی بارەگاکەمان سەیرو عەنتیکە بوو، ئەو دەیویست خۆی وەکو (دوجوان ) پیشان بدات، بەلام حەیفێ لێی نەدەوەشایەوە.

هێشتا بە دووربین تەماشای کەلاوەی بارەگا ڕوخاوەکەم دەکرد، ئەو ڕۆژانەم هاتنەوە یاد کە چەند بە زەحمەت دروستمان کرد... کەچی لە چاوتروکانێکدا بە دینامێت تەپخیان کرد.. هەروەشە تێکدان لە بونیادنان ئاسانترە. ئەنفالیش ئەمەی باشتر دووپاتکردەوە کە تەنها لە چەند ڕۆژێکی کەمدا بەری ڕەنجی ماندوێتیو ئاوەدانی سەدان ساڵی سڕییەوەو ئاسەواری ژیانی لە ناوچەکەدا نەهێشت. دەبێ چەندی بوێ تا دووبارە ژیان دەخرێتەوە بەر ناوچەکە.

.. ئەوە لوتکەی کۆسرەتە کە دەڕوانێتە سەر کانی شەهیدان، وا بەرامبەرمان چەقیوەو چاوبڕکێمان لەگەڵدا دەکات، ئەو کۆسرەتەی کە لە باواجییەوە بە پەلە سەردانێکیمان کردو چەند ڕۆژێك لە کەپرە سەیرو سەمەرەکانیدا لەگەڵ هاوڕێیانی ئەوێ ژیاین، تا لە ناکاو (شەپۆلو ڕێباز)مان بە شەهیدی تێدا بە جێهێشتو هەرێمیش کە ئێستا چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیار دەکات، تۆ بڵێی مانەوەمان لە باواجی باشتر نەبووبێ، وێڕای ئەوەی کە ئەویش هەڕەشەی ئاشکرابوونی لەسەر بوو لەلایەن ئەو ڕاوچییانەی کە لە بەهاردا بۆ ڕاوەکەو دەهاتنە ناوچەکە، هەروەها لەلایەن ئەو کیژوکاڵانەی بۆ کەنگر بەو

دەشتو دەرەدا وەردەبوون، جگە لە خەڵکیتریش. دابینکردنی پاراستنی دەستەیەکی لەمجۆرە، پێویستی بە حەشارگەی زۆرو جێگۆڕکێی بەردەوامو وەدەسهێنانی ئازووقە بە شێوازی شیاوو ئاسان دەکرد.

ئـەرکی ئێمــە خۆشـاردنەوەو خـواردنو خـەوتن بـوو، لەگـەڵ سـەردانی جاربـەجاری هەنـدێکمان بـۆ لای ئەنـدامو لایەنگرەکانمان لە شار! نەشمدەزانی ئەم کارە سوودبەخشە، یان تەنها بە فیڕۆدانی کات. مانەوەم لە باواجی لە خۆشەویستیم بـوو بـۆ شـارەکەم، چونکە نەمـدەتوانی وەکو هـاوڕێ عەرەبـەکان شـارەکەی خـۆم جێبهـێڵمو ڕووبکەمـە ناوچـەیەکی چـۆڵ. هەرچەند دەکەم نازانم چۆن ئەو پێشمەرگە عەرەبانە توانییان لە شارو زێدی خۆیان دوور بکەونەوە.

مام جوامێر بانگی کردینو پێی ڕاگەیاندین کە ئامادەبین بـۆ ڕۆیشـتن... چاوەکانم خستەکار تـا تێـر تەماشـای بـاواجیو هەیبەت سوڵتان بکەم، وەك ئەوەی بۆ هەتا هەتایە لێیان دابڕێم.

ئای کە ساتەوەختێکی ترسناكو ناخۆشە، چونکە ناوچەیەك جێدەهێڵم کە هەموو خەونو خولیـاو ئەندێشـەیەکمی تێـدا کۆبۆتەوە، پێموایە جارێکیتر ناگەڕێمەوە ئەم ناوچەیە.

دەستمان بە ڕۆیشتن کرد. غەمبارو مام جوامێر لە پێشەوەو خەسرۆو مولازم کەریمش لە دواوە. تاریکاییش خـەریك بـوو ناوچەکەی دادەپۆشی.

- کۆیە، بە هیوای دیدار!

کوردستانی عێراق – ناوزەنگ

*ئەیلولی ١٩٩٠*

## ڕێـبەری نـاوەکان

**ئەبو شەهلە:** پێشمەرگەیەکی شیوعی عەرەب بوو.

**(ئاڵتون کۆپری - پردێ):** ناحیەیەکی گەورەو دێرینی سەر بە کەرکوکەو دەکەوێتە سەر زێی بچووك.

**ئوم ئەلبروم:** گۆڕەپانێکە لە ناوەڕاستی شاری بەسرە.

**ئەنفال:** ئەو ناوە ڤێزەونەیە کە ڕژێـم لـەو چالاکییە سـەربازییانەی نـا، کـە گـەلی کـورد لـە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ زیاتر لـە (١٨٢) هەزار هاووڵاتی سڤیلی تێدا ڕەشبگیرو شوێنبزر کرانو تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

**ئاری:** پێشمەرگەیەکی عەرەب بوو، بە فێڵ شەهیدیان کرد.

**ئازاد:** پێشمەرگەیەکی شیوعی عەرەب بوو، ساڵی ١٩٨٥ لە سەفین شەهید کرا.

**ئەستێ:** گوندێکی دەڤەری بارزانە، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بارەگای ژمارەیەك بەتالیۆنی هێزەکانی حزبی شیوعی عێراقی تیا بوو، وەکو سریەی خۆشناوەتی (شەقڵاوە)و سریەی کۆیە.

**ئاسکی کۆیـە:** کۆیسنجاقی کۆن ( **ئاسـکی:** وشـەیەکی تورکییـەو مانـای کۆن **دەگەیـەنێت**. **کۆیـە:** کورتکراوەی وشـەی کۆی سنجاقە).

**ئاسۆ:** پێشمەرگەیەکی شیوعی کوردە.

**ئاشبەتاڵ:** بە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەوترێ کە لە ئاکامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە (١٩٧٥/٣/٥) شۆڕشەکە تاوایەوە.

**ئاشی ئاو:** جۆرە ئاسیاوێکە بە ئاو ئیشی دەکرد.

**ئاغجەلەر:** ناحیەیەکی سەر بە چەمچەماڵە لە پارێزگای کەرکوك.

**ئاوەگرد:** یەکێك لە لووتکەکانی چیای سەفینە کە ناحیەی هیران و کۆیە لە یەکتر جوودا دەکاتەوە.

**ئۆردووگاکان:** مەبەست لەو ئۆردووگا زۆرەملێیانەیە کە ڕژێم ساڵی ١٩٧٥و ساڵی ١٩٨٨ دوای شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال ڕۆڵەکانی گەلی کوردی بۆ ڕاگواست.

**ئۆردوگای بنەسلاوە:** ئۆردوگایەکی زۆرەملێی نزیك هەولێرە. زۆربەی خەڵکەکەی لە ناوچەی شوان و (ساڵەیی و شوێنەکانی دیکەوە- وەرگێڕ) بۆ ئەوێ ڕاگواستراون.

**ئۆمەر:** پێشمەرگەیەکی کوردە.

**ئۆمەر گومەت:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە لە تەق تەقەوە نزیکە.

**ئیلنجاغ:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.

**بارزان:** ناوچەو گوندێکە دەکەوێتە باکووری خۆراوای هەولێرو نێوان چیای شیرین و زێی گەورە. عەشیرەتی بارزان تیایدا نیشتەجێیە. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بارەگای هێزەکانی پارێزگای هەولێری (حشع)ی تێدا بوو.

**بارقی حاجی حنتە:** یەکێکە لەو ئەفسەرە گەورانەی کە ڕژێم لە سەرکوتکردنی بزاڤی چەکداری کوردی پشتی پێدەبەست و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و سەرکوتکردنەوەی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا هەبوو. ڕژێم وەکو زۆربەی بەرپرسە گەورەکانی دیکە لە سێدارەی دا.

**بالیسان:** دۆڵێکە دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکانی (دەڵەشێرو هەورێ و کۆڕەك و سورك)و جادەی گشتی نێوان خەلیفان و ڕانیەی پێدا تێدەپەڕێ.

**بانی ساڵەیی:** ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان پردێ و کەرکوك.

**بانی شوان:** ناوچەیەکە لە ناحیەی ڕێدارەوە نزیکە.

**باواجی:** چیایەکە دەڕوانێتە سەر شاری کۆیە.

**بەختیار (بەخە):** لە کەسایەتییەکانی ناو کتێبەکەیە، بەخە لە خۆشەویستییەوەیەو کورتکراوەی بەختیارە.

**بەستی شەرغە:** بەستێکی گەورەی سەر بە تەق تەقە، بە زۆری لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگەدا بوو، چەندین شەڕی گەورەی تێدا ڕوویداوە.

**بەری مەرگە:** دەکەوێتە ئەوبەری دەریاچەی دوکان بەرامبەر ناوچەی بتوێن.

**بێستانە:** گوندێکی نزیك قوشتەپەیە.

**بەسرە:** دووەمین گەورە پارێزگای عێراقە. دوا پارێزگای باشووری عێراقە.

**بەکر تەلانی:** یەکێك بوو لە سەرکردە ناسراوەکانی هێزی پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراقی و بەرپرسی سریەی شوان بوو، لە داستانەکەی بۆڵقامیش لە ٤/٢/ ١٩٨٢ شەهید بوو.

**بەنەباوی:** چیایەکە دەکەوێتە نێوان دێگەڵەو چیای سەفین.

**بۆگد:** گوندێکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کۆیە.

**پۆریجە:** گوندێکی نزیك قوشتەپەی سەر بە هەولێرە.

**پاسدار:** گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی.

**پاشای کۆرە:** پاشای میرنشینی سۆران بوو لە ڕەواندوز.

**پشت ئاشان:** دۆڵێکە زنجیرە چیاکانی قەندیلی سەرسنوور دەورەیان داوە. دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێرەوە. لە یەکی ئایاری ساڵی ١٩٨٣ خوێناویترین شەڕو کارەسات تیایدا ڕوویدا، کاتێ هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی بە شێوەیەکی

چاوەڕوان نەكراو پەلاماری سەركردایەتی حزبی شیوعیو سۆسیالیستیان داو دەیان كادیرو پێشمەرگەی حزبی شیوعیو سۆسیالیستی تێدا شەهید كرا.

**پشدەر:** ناوچەیەكی دەشتە دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوەو شارۆچكەی قەڵادزێو سەنگەسەر دەگرێتە خۆی.

**تاڵەبان:** دێیەكی نێوان كۆیەو تەقتەقە.

**تۆبزاوە:** دێیەكی نزیك كۆیەیە.

**جەمەسۆر:** گوندێكی دەڤەری هەریرە.

**كاك جەلال:** كادیرێكی مەدەنی سەربە یەكێك لە حزبەكان بوو.

**چەمی كورتەك:** مێرگێكی خۆشی نزیك گوندی بۆگدە.

**چەمچەماڵ:** قەزایەكی سەر بە كەركوكە.

**چناران:** گوندێكی قەدپاڵی چیای كۆسرەتە بە دیوی لای بتوێن دا.

**چوارقوڕنە:** ناحیەیەكی سەر بە ڕانیەیە.

**حاجی قەڵا:** گوندێكی دەشتی كۆیەیە.

**حاكم وریا:** پێشمەرگەیەكی شیوعی قسەخۆش بوو.

**حاوی شەوگێڕ: حاوی:** بە شوێنێكی تەختایی پڕ لە داری دارودرەختو كێڵگەی كشتوكاڵی نزیك ڕووبار دەوترێ. **شەوگێڕ:** گوندێكی نزیك تەقتەقە.

**حەمەدۆك:** یەكێك بوو لەو شوانانەی هاوكاری پێشمەرگەیان دەكرد.

**حەمە شەڵتە:** بگەڕێوە بۆ هەڵكەوت.

**حەمە ڕەشاش:** یەكێكە لە كەسایەتییەكانی كتێبەكە، پێشمەرگەیەكی شیوعیی دێرینو ناسراوە لەناوچەی ساڵەییو شوان. (ساڵی ١٩٨٢ لە داستانی بۆڵقامیشدا بە بریندای لە شەڕەكەدا دەسگیر كراو فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا درا، بەڵام بە لێبوردنی گشتی ئازاد كرا- وەرگێڕ)

**حەمیدیە:** مەبەست لە سوڵتان عەبدولحەمیدە كە هەندێ تیرەو خێڵی كوردی بەگژ تیرەو هۆزی كوردو غەیرە كوردیا كرد.

**حەویجە:** شارۆچكەیەكی باشووری كەركوكە.

**خاسە:** لقێكی ڕوباری عوزێمە. (ئەو لقە ڕووبارەیە كە بەناوەڕاستی شاری كەركوكدا تێدەپەڕێ.- وەرگێڕ)

**خالید (دكتۆر):** ئەندامی سەركردایەتی بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستانو یەكێك بوو لەو تێكۆشەرانەی كە دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە هێزی پێشمەرگەی كوردستانییان دامەزراندەوەو دەستیان بە شۆڕشی چەكداری كردەوە، لە كارەساتەكەی هەكاری شەهید كرا. - وەرگێڕ

**خەتێ:** گوندێكی دۆڵی بالیسانە.

**خەرابە:** گوندێكی ڕۆژهەڵاتی كۆیەیە.

**خەسرەو:** كەسایەتییەكی كتێبەكەیە.

**خاڵخاڵان:** شاخێكی بەرزی ناوچەی شوانی نزیك كەركوكە.

**داربەسەر:** گوندێكی نزیك دەشتی كۆیەیە.

**دەشتی:** پێشمەرگەیەكی كوردە.

**دەرماناو:** گوندێكی ناوچەی شێخ بزێنییە.

**دەرماناوی خواروو:** گوندێكی سەر زێی بچووكە سەر بە شارۆچكەی پردێیە.

**دڵشاد:** یەكێكە لە كەسایەتییەكانی كتێبەكە.

**دوخە:** نازناوی دکتۆر هۆشەنگ بوو، لە خۆشەویستیدا بەو ناوەوە بانگیان دەکرد.

**دوکان:** قەزای دوکانی سەر بە سلێمانییەو دەریاچەی دوکانیشی لێیە.

**دۆڵی خەلەکان:** دۆڵێکی سەر بە پارێزگای سلێمانییە، شارۆچکەی خەلەکان دەگرێتەخۆ، زانای بەناوبانگی موسڵمانان (ئیبن خەلەکان) خەڵکی ئەوێیە. ساڵی ١٩٨٨ بڕیاری راگواستن ئەوێشی گرتەوەو لەگەڵ زەویدا تەختکرا بە مزگەوتە گەورەکەیشییەوە.

**دۆڵی سماقولی:** ئەو دۆڵەیە کە دەکەوێتە نێوان چیای سەفینو چیای (هەورێ)وەو سەربە هەولێرە، یەکێك بوو لەو ناوچانەی کە هەمیشە هێزەکانی پێشمەرگە بارەگایان لێ دادەنا. چەندین شەڕو داستانی قارەمانانەی تێدا تۆمارکراوە، زۆر بە کەمی رژێم دەیتوانی دەسەڵاتی بەسەردا بشکێ.

**دۆڵی کڵێسە:** دۆڵێکی نزیك گوندی کلێسەیە لە دەشتی کۆیە.

**راکاڵ:** جۆرە ئامێرێکی بێتەلی پەیوەندیکردنی سەربازییە.

**رەواندوز:** قەزایەکی سەر بە هەولێرە.

**رەزا- مام:** کەسایەتییەکی ئاینی ناسراوو سەرۆکی هەقەکان بوو، ئەو بزووتنەوەیەی لە زۆربەی ناوچەکانی کەرکوكو سلێمانیدا بڵاوبووبوونەوە، بانگەوازی یەکسانیو موڵکایەتی گشتییان دەکرد، خۆیو لایەنگرانی بزووتنەوەکەی هەمیشە لایەنگرو رۆڵێکی بەرچاویان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەو وڵاتدا هەبوو.

**رەفیق- کاك:** جووتیارێکی سادەو دۆستی حەمە رەشاش بوو.

**روباری داربەسەر:** رووبارێکی بچووکە، مەبەست لەو رووبارەیە کە بە داربەسەردا تێپەڕدەبێ.

**روباری کۆیە:** رووبارێکی بچووکە بە کۆیەدا تێپەڕ دەبێ.

**رێباز:** پێشمەرگەیەکی شیوعی بوو، یەکێك بوو لە قارەمانەکانی کانی شەهیدان لە کۆسرەت، بە بریندار کەوتە دەستی دوژمنو لە سەربازگەی دوکان گوللەبارانیان کرد.

**رێدار:** ناحیەیەکی سەر بە کەرکوکە، بە ناحیەی شوانیش ناسراوە.

**زێی بچووك:** ئەو رووبارەیە کە لە ئێرانەوە هەڵدەقوڵێو بەنداوی دوکانی لەسەر دامەزراوە.

**زەردەشت:** پێغەمبەری ئاینی زەردەشتییە.

**زەقنەبوت:** وشەیەکی تورکییە، ناوی گیایەکی تاڵە، زیاتر بۆ توانجدان لەسەر خواردنی تاڵو ناخۆش بەکار دێ.

**زیاد:** پێشمەرگەیەکی عەرەب بوو.

**زیاد- کاك:** یەکێك بوو لە لایەنگرانی شێخ رەئوف.

**سارتك:** گوندێکی سەربە تەقتەقە.

**سارتکە:** گوندێکی باشووری دەریاچەی دوکانە لەسەر زێی بچووك.

**ساڵەیی:** بەو ناوچەیە دەڵێن کە دەکەوێتە نێوان پردێو کەلی سێکانیانەوە لە نزیك کەرکوکەو عەشیرەتی ساڵەیی تێدا نیشتەجێیە.

**سەرکەوتە رەش:** پێشمەرگەیەکی جەربەزەو چاونەترسی شیوعی بوو، دوای ئەوەی گوللە لەسەری دا توانای قسەکردنی نەما.

**سەرگەڵوو:** ناوچەیەکی شاخاوی نزیك ناحیەی سورداشە لە سنووری سلێمانی.

**سێگردکان:** گوندێکی رۆژئاوای دەشتی کۆیەیەو سەربە تەقتەقە.

**سەعیدە رەش:** پێشمەرگەیەکی قارەمانی عەرەبی شیوعی بوو، ساڵی ١٩٨٧ شەهید بوو.

**سەفین:** چیایەکی بەناوبانگی سەربە پارێزگای هەولێرەو دەڕوانێتە سەر شارۆچکەی شەقڵاوە.

**سەلمان:** پێشمەرگەیەکی کورد بوو.

**سەلوان:** پێشمەرگەیەکی کورد بوو.

**سماقولی:** ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان چیای سەفینو چیای هەورێ لە رۆژهەڵاتی چیای سەفینەوە.

**سەلاحەدین:** هاوینەوارێکی خۆش‌و ناسراوی سەر بە هەولێرە. دەکەوێتە سەرچیای پیرمام لە باکوری خۆرئاوای هەولێر.
**سوور- کاك:** تەنەکەچییەکی گوندی گۆپتەپە بوو.
**سووره:** یەکێك بوو لەو پێشمەرگە پارتیزانانەی دوای ئەنفال‌و لەکاتی پەلامارەکەی کۆسرەت، لەگەڵ مام جوامێردا بوو.
**سوێرەڵە:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.
**شاخە پیسکە:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.
**شالاو:** یەکێکە لە کەسایەتییەکانی کتێبەکە. (لە کتێبەکەدا بە ناوی (قالە)ەوە هاتووە، چونکە ئەو کاتەی مولازم کەریم ڕۆمانەکەی نووسیوە، ئەو گەڕابۆوە لای کەسوکاری لە بنەسلاوە - وەرگێڕ.
**شەوگێڕ:** گوندێکی نزیك تەقتەقە.
**شەیتان:** گوندێکی نزیك تەقتەقە.
**شەتولعەرەب:** ئەو شەتەیە کە لەنجامی یەکگرتنی هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات پێکدێت‌و شاری بەسرەی لەسەر دروستکراوە.
**شەقلاوە:** هاوینەوارێك‌و قەزایەکی سەربە هەولێرە، لەپەنای چیای سەفیندایە.
**شارەبان:** قەزایەکی سەربە پارێزگای دیالەیە، میقدادییەشی پێدەڵێن.
**شوان:** ناوچەیەکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکوکەوە.
**شۆڕش:** ئامۆزای کوردە بوو.
**شیوەشان:** گوندێکی نزیك تەقتەقە.
**شیوەسوور:** دۆڵێکی بەناوبانگی ناوچەی شوانەو دەکەوێتە نێوان ناحیەی ڕێدارو تەقتەقەوە. بە (شیوی مەرگ) ناسرابوو.
**شێخ ڕەئوف:** یەکێك بوو لەو شێخانەی کە دژی جووتیاران بوو.
**سادق- دکتۆر:** پێشمەرگەیەکی شیوعی عەرەب بوو.
**زوحاك:** کەسایەتییەکی ئەفسانەییەو کاوەی ئاسنگەر لەشەوی نەورۆز (٢١ی ئادار) کوشتی.
**تاهیر تۆفیق:** هونەرمەندێکی گەورەی کوردی شاری کۆیەیە.
**تەقتەق:** ناحیەیەکی سەر بە کۆیەیە.
**ئالیقە:** گوندێکی بناری کۆسرەتە، دەڕوانێتە ناوچەی بتوێن.
**عەبارە:** واتە بەلەمەکانی ناو شەتولعەرەب.
**عەبدولحەمید:** یەکێك لە سوڵتانی عوسمانییەکان بوو.
**عەمدۆن:** گوندێکی سەر زێی بچووکە لە ناوچەی شێخ بزێنی.
**عوسمان (کاك):** بەرپرسێکی پێشمەرگەی یەکێك لە حزبە کوردستانییەکان بوو.
**عوسمان (مام):** خاوەنی دوکانێك بوو.
**عەدنان: (عەدە):** کورتکراوەی ناوی عەدنانە، لە خۆشەویستیدا وایان پێ دەگوت.
**عەسکەر:** گوندێکی سەر بە ناحیەی ئاغجەلەری سەربە کەرکوکە.
**عەفارۆف:** جۆرە ڕەشاشێکی رووسی کۆنە، پێشمەرگە شیوعییەکان پێی ناسرابوون‌و شێوەو دەنگێکی سەیری هەبوو.
**عەلی حاجی:** کادیرو پێشمەرگەیەکی جووتیاری شیوعی دەڤەری بتوێن‌و هەولێر بوو، ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٦ بەرپرسی سریەی شوان بوو، تا کاتی شەهیدکردنی لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆوە، خەڵکی ناحیەی چوارقوڕنەی سەربە قەزای ڕانیە بوو.
**عەلی قامیشلی:** پێشمەرگەیەکی شیوعی عەرەب بوو. ساڵی ١٩٨٧ شەهید بوو.
**عەودەڵان:** گوندێکی ناوچەی سورداشە.
**غەمبار:** پێشمەرگەیەکی کورد بوو.
**فالح (ملازم):** پێشمەرگەیەکی کوردی حزبە کوردستانییەکان بوو.

**فرج:** یەکێك بوو لە کادیرەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەشداری لە هەڵگیرساندنەوەی بزووتنەوەی چەکداری کردەوە، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول.

**فریاد:** کوڕی پێشمەرگەی ناسراو مام جوامێر بوو.

**قامیشلی:** شارێکی کوردستانی سوریایە.

**قەڵاتوکان:** گوندێکی رۆژهەڵاتی سلێمانییە.

**قەرەسالم:** گوندێکی ناوچەی شێخ بزێنیی نزیك پردێیە.

**قەمتەران:** گوندێکە دەکەوێتە سەر دەریاچەی دوکان.

**قەرەداغ:** چیاو ناحیەیەکی سەر بە سولێمانییە.

**قازاو:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.

**قەشقە:** گوندێکی سەر بە قوشتەپەیەو دەڕوانێتە سەر زێی بچووك.

**قوڵتەلاس:** گوندێکی بناری باواجییە.

**قولقولە:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.

**قەندیل:** زنجیرە چیایەکی سنوورییە، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی هەولێرەوە.

**کامەران:** یەکێکە لە کەسایەتییەکانی کتێبەکە.

**کانی بی:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.

**کانی ئەسپان:** کانیاوێکی ناوقەدی چیای کۆسرەتە.

**کانی ئۆمەراوا:** گوندێکی بناری باواجییە.

**کانی تەلان:** گوندێکی دۆڵی سماقولییە.

**کانی ڕەش:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.

**کانی شەهیدان:** ئەو کانیاوەیە کە رووداوی کتێبەکەی لەسەر نووسراوە. (لەناوقەدی چیای کۆسرەتدایەو دەڕوانێتە سەر دەریاچەی دوکان — وەرگێڕ).

**کانی لاس:** گوندێکی بناری باواجییە.

**کاوەی ئاسنگەر:** کەسایەتییەکی ئەفسانەییە کە زوحاکی کوشتو نەورۆزی راگەیاند.

**کاوە عەرەب:** پێشمەرگەیەکی عەرەبی شیوعی بوو.

**کاوێس ئاغا:** گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی کورد بوو.

**کەلکەسماق:** گوندێکی بەرامبەر دوکانە، خانەقای مامەڕەزاییەکانی لێبوو.

**کەریم — مام:** باوکی جەنگییە کە یەکێکە لە پاڵەوانەکانی رۆمانەکەو لە داستانەکەی کۆسرەتدا دوای شەڕێکی قارەمانانە توانای تەقەکردنی نامێنێ‌و بەدیلی دەکەوێتە دەستی دوژمن‌و لەگەڵ رێبازی هاوڕێی لە سەربازگەی دوکان گوللەبارانییان دەکەن.

**کەریم — مولازم:** پێشمەرگەیەکی شیوعی بوو، نووسەرو دانەری کتێبەکەیە.

**کلاوقوت:** گوندێکی ناوچەی شوانە.

**کلێسە:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.

**کوردە:** پێشمەرگەیەکی شیوعی‌و یەکێکە لە کەسایەتییەکانی رۆمانەکە.

**کۆڕێ:** گوندێکی بناری چیای سەفینە، دەکەوێتە نێوان شەقڵاوەو هاوینەواری سلاحەدینەوە، لەسەر شەقامی گشتی هەولێر-حاجی ئۆمەران.

**کۆسرەت:** ئەو چیایەیە کە رووداوی ئەم کتێبەی تێدا روویداوەو دەکەوێتە رۆژئاوای دەریاچەی دوکانەوە.

**کۆیە:** قەزایەکی سەر بە هەولێرە.

**کیمیـــاوی:** مەبەست لە چەکی کیمیاوییە، تاوانبار عەلی حەسەن مەجیدیش ئەم نازناوەی پێوەلکاوە، چونکە سەرپەرشتی شەڕەکانی کوردستانی دەکردو چەکی کیمیاوی تێدا بەکار هێنا.

**گەلی تۆبزاوە:** دۆڵێکی نزیك گوندی تۆبزاوەی سەر بە کۆیەیە.

**گەرمیان:** ناوچەیەکە دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی کەرکوکەوە، زۆربەی خەڵکەکەی ئەنفال کران.

**گۆپتەپە:** گوندێکی ناوچەی قەڵاسێوکەی ئاغجەلەرە، رژێم چەکی کیمیاوی تێدا بەکارهێنا.

**گۆمەشین:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.

**لالە حەمە:** پێشمەرگەیەکی دێرینو ناسراوو بەتەمەنی حزبی شیوعی بوو، لە هاوینی ١٩٨٤ لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆداو دوای ئەوەی لە لایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانییەوە لە چیای سەفین دەسگیرکرا، گوللەبارانیان کرد.

**لڤیکس:** ئەو فایلەیە کە بۆ پاراستنی کاغەزو وەرەقە بەکار دێت، زیاتر قوتابیانی زانکۆ بەکاری دێنن.

**مام جوامێر:** یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینو جەربەزەکانی حزبی شیوعیو کەسایەتییەکی کتێبەکەشە.

**ئوم ئەلبروم:** خاوەن دوکانی یەکێك لەو گوندانە بوو کە پێشمەرگە هاتوچۆی دەکردن.

**مەرزیخە:** گوندێکی ناوچەی شێخ بزێنیی خوارووەو نزیك عەمدۆنە.

**مەموزین:** ناونیشانی ئەو داستانە کوردیەیە کە سەبارەت بەو چیرۆکە خۆشەویستییەی نێوان (مەمو زین) نووسراوە.

**محەمەد حەلاق:** یەکێك بوو لە سەرکردەو پێشمەرگە ناسراوەکانی حزبی شیوعی لە ناوچەی کۆیەو هەولێر، خەڵکی کۆیە بوو. ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن یەکێتییەوە شەهید کرا.

**محەمەدی ماملـێ:** هونەرمەندێکی گەورەو ناسراوی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

**مریەم: خۆشەویستی جەنگییە**.

**مکەڕەم تاڵەبانی:** کەسایەتییەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردو سەرکردەیەکی پێشووی حزبی شیوعی عێراق بوو، بەرلەوەی حزبی شیوعی بچێتە ریزی بەرهەڵستکارانی رژێمەوە لەسەر لیستی حزبی شیوعی وەزیر بوو، چەندین جار رژێم بۆ دانوستان لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان بەکاری دەهێنا.

**مەلا زیاد:** گوندێکی دەشتی کۆیەیە.

**مەلا محسین:** کادیری یەکێك لە حزبە کوردستانییەکان بوو.

**مێوژە:** گوندێکی بناری چیای کۆسرەتە بەدیوی لای بتوێندا.

**میدیا:** ئیمپراتۆریەتێکی کوردی بوو، ناوچەیەکی یەکجار فراوانی لە کوردستانی ئێرانو عێراق گرتبۆوە، میدیاکان لە هەزارەی پێش زاین دایانمەزراند، پایتەختەکەی (ئەکبتانا) بوو لە نزیك شاری هەمەدانی ئێران. کۆرشی ئەخمینییەکان لە ساڵی ٥٥٦ی پێش زاین داگیری کرد، پاشان ئەسکەندەری مەقەدۆنی ساڵی ٣٣٠ پێش زاین دەستی بەسەردا گرت، ئینجا ساسانییەکان لەسەدەی دووەمی زاینیدا هەتا ساڵی٦٣٣ زاینی داگیریان کرد، واتە هەتا هاتنی عەرەبە موسڵمانەکانو داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەنیانەوە.

**مینە:** پێشمەرگەیەکی کورد بوو.

**ناتۆ:** جۆرە چەکێکی سەیرە، پێشمەرگە شیوعییەکان لە کوردستان پێی ناسرابوون.

**نازەنین:** گوندێکی ناسراوو دڵڕفێنی بناری سەفینە لە تەنیشت ناحیەی هیرانی سەربە شەقڵاوەوەیە.

**نـــاوزەنگ:** دۆڵێکی قوڵی چیای مامەندەی سنوورییە لەگەڵ ئێران، لە باکوری شاری قەڵادزێوەیە، بەبەردەوامی مەڵبەندی بارەگاکانی بزووتنەوەی چەکداریو پێشمەرگایەتی بووە لە کوردستان. زۆربەی هەرە زۆری حزبەکان بارەگایان تیا داناوە.

**نەبیاوە:** گوندێکی ناوچەی ساڵەیی سەر بە پردێیە.

**نەجمـــەدین:** یەکێك بوو لەو سیخوڕانەی رژێم بە ئەنقەست رەوانەی ناو ریزەکانی پێشمەرگە شیوعییەکانی کردبوو، تا سیخوڕییان لەسەر بکات.

**نیدۆ:** ناوی بازرگانیی جۆرە شیرێکی وشکە.

**نێرەگین:** گوندێکی بەستی شەرغەی سەربە تەقتەقە.

**هەنارە:** گوندێکی خوارووی سەری ڕەشی مەسیف سلاحەدینە، شەڕێکی قارەمانانە لە نێوان پێشمەرگە شیوعییەکانو هێزەکانی ڕژێم لە ساڵی ١٩٨٤دا تیایدا ڕوویدا، پێشمەرگەی عەرەبی شیوعی (ئەبو شەهدی) لە داستانەکەدا شەهید بوو.

**هەنگاو:** پێشمەرگەیەکی کوردی شیوعی بوو.

**هەورێ:** چیایەکە لە ناوچەی خۆشناوەتیو دەکەوێتە بەرامبەر چیای سەفین لە نزیك شەقڵاوە.

**هەڵکەوت:** یەکێکە لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی کتێبەکە، حەمە شەڵتەش نازناویەتیو لەبەر خۆشەویستی ئەو ناوەیان لێینابوو.

**هۆشەنگ (دکتۆر):** یەکێکە لە کەسایەتییەکانی کتێبەکە، نازناوی (دوخە)شیان لێینابوو، لەبەر خۆشەویستی وایان بانگ دەکرد.

**هۆگر:** پێشمەرگەیەکی کوردی شیوعی بوو. لەلایەن جاشەوە بزر کرا.

**هەیبەت سوڵتان:** چیایەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کۆیەوەو دەڕوانێتە سەر شارەکە.

**هێمن:** پێشمەرگەیەکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، هاتبووە ڕیزی پێشمەرگە شیوعییەکانەوە، لە نزیك گوندی مەلا زیاد شەهید بوو.

**هێمن:** کوڕی مام جوامێرە.

**هیوا:** پشمەرگەیەکی کوردی شیوعی بوو.

★ ★

# پاشبەند:

## وەرگێڕ

ڕەنگە ئێستا خوێنەر دوای ئەوەی ڕۆمانەکەی خوێندەوە، لە ناخی خۆیدا بیەوێ پرسیارێك ئاراستەی وەرگێڕەکەی بکات، بەتایبەتیش ئەوانەی کە تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکان بوونو بۆ گەیشتن بە ترۆپکی ئازادی ناسکترینو جوانترین ڕۆژەکانی تەمەنی خۆیان دابووە دەم ترسناکترین گەردەلوولی ڕۆژگارەوەو تەنانەت بە ویستی خۆیان دەچوون بەرەو پیری مەرگەوەو گەلێجاریش مەرگ ترسنۆکانە لەبەریان هەڵدەهات، پرسیارێك کە ڕاشکاوانە بێتەگۆو بپرسێ: ئایا تێکۆشەرانی ڕۆژە سەختەکان هەر ئەوەندە بوون، یاخود کاروانی پڕ لە ڕێبواری ماندوونەناسی کوڕانو کچانی گیانبازی حیزب، خەڵکانێکی دیکەیشی لەخۆدەگرت؟.. ئەی کەواتە ئەوانە کێنو بۆ کەس باسیان ناکات؟.

بۆ وەڵامی پرسیاری ئەو جۆرە خوێنەرەو بۆ خودی مێژوو، بە پێویستمزانی، چەند لایەنێکی شاراوەی دیکەی لاپەڕە پرشنگدارەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمانو مێژووی تێکۆشانی حیزبێك کە لە پێناو بنەماکانی دیموکراسیو گەیشتن بە مافە زەوتکراوەکانی گەلەکەمان قوربانییەکی بێئەندازەی داوە، بخەمە بەردیدی خوێنەری بەڕێز، تاکو لە درێژەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەردەوام بێو بە شێوازێکیتر لەسەر زاری هەندێ تێکۆشەرو گیانبازیترەوە لە مێژووی ترسناکی ئەو ڕۆژگارە سەختانەدا حاڵی ببێو لەگەڵ خوێندنەوەیاندا سەری ڕێز بۆ خۆڕاگرییان دابنەوێنێو لەناخەوە ئافەرینیان بکات.

پرسیارێکیش کە چەند جارێك ئاراستەی خودی خۆم کراوە کە بۆچی بەتایبەتی ئەم ڕۆمانەم هەڵبژاردو وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی؟

من دڵنیام ئەگەر ڕۆمانی دیکەی لەمجۆرە دانسقەو گرانبەهایەم بکەوتایەتە بەردەستو لەکاتی خوێندنەوەیدا، دڵەخورپە هەراسانی بکردمایە، لەوانەبوو لەپێش ئەم ڕۆمانەوە دەستم بۆ ببردبوایە، بەڵام ئەوەی لەم ڕۆمانەدا بەدیمکردو لێی حاڵی بووم، ئەوەبوو ئەم کتێبە تەنها گێڕانەوەی چیرۆکێك، یاخود بەسەرهاتی چەند کەسایەتییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو (ملازم کەریم)ی نووسەری ڕۆمانەکە، بە شێوازێکی زۆر هوشیارانەو مێژوونووسانە مامەڵەی لەگەڵ کەسایەتییەکاندا کردووەو هەر

کەسەو رۆڵی گێڕانەوەی ژیانی چینو توێژێکی کۆمەڵایەتیی قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری پێسپاردووەو زۆر وەستایانەش گرێچنی بۆ رووداوەکان کردووەو هێندە بە جوانی واقعی بزاڤی رزگاریخوازیو شۆڕشی چەکداری گەلەکەمانی شرۆڤە کردووە، تا ئێستا نووسینی هیچ کەسێکم بەوجۆرە راشکاوییە نەخوێندۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە گێڕانەوەی رابردووی کەسایەتیی کەسەکاندا لە کلاورۆژنەیەکی چینایەتییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، بێئەوەی لەکاتی خوێندنەوەیدا هەست بە زێدەڕۆیی بکرێت، بەڵکو دەقاودەقی واقعی کۆمەڵگای کوردەواری لە رێگای کەسایەتییەکانی رۆمانەکەیەوە کە هەموویان کەسایەتی واقعینو هەنو هیچیان درووستکراوی ئەندێشەی خۆی نین، بەلام رەنگە لە هەندێ کەسایەتیدا ویستوویەتی بە ئەنقەست رۆڵێکی بەبەردا بکات، لەوانەیە خودی ئەو کەسە ئەو کارەی ئەنجام نەدابێ، وەلێ بۆ بە زیندوویێتی هێشتنەوەی کەسایەتییەکان زیرەکانە رەفتاری لەگەڵدا کردوون.

ئەوەی زۆر سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ ئەوەیە کە تێکڕای کەسایەتییەکان بە کوڕانی شاریشەوە هەر وابەستەی کۆمەڵگای جووتیاریو پاشماوەی دەرەبەگایەتینو لێی بەدەرنین، هەرچەندە هەندێکیان زانکۆشیان تەواو کردبێ، چونکە ئەمە واقعی حاڵی شۆڕشی چەکداریی گەلەکەمان بوو، لەم بەشەی نیشتیمانە داگیرو دابەشکراوەکەماندا کە (باشووری کوردستان)ی ناوە.

هیوادارم بە وەرگێڕانی ئەم رۆمانە (راونراوەکان) توانیبێتم کەلێنێك لەبواری رۆمانی شۆڕشگێڕی — ئەگەر بتوانم ئەم دەستەواژەیە بەکاربهێنم- لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکەمەوەو بەم کارەیشم گیانی ئەو تێکۆشەرانەو کەسوکاریانم شاد کردبێ کە لە رۆمانەکەدا ناویان هاتبێ، یان نەهاتبێو گیانبازێکی سەنگەری دژە دیکتاتۆرییەت بوون. ئەوەی ماوەتەوە بڵێم: لە هەندێ جێگا رێگام بەخۆم داوە دەسکاری دەقەکە بکەم، ئەوەش لەبەر هەندێ هۆکاری جوداجودا لەوانە: بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژە کە بۆ رۆژگاری ئەمرۆمان دەبوونە هۆی نانەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەندێ بنەماڵەو کەسایەتییەکانو بارگرژی دروستکردن لەنێوان حیزبەکاندا، هەروەها ناوی راستەقینەی هەندێ لە کەسایەتییەکانی رۆمانەکە گۆڕدرابوون، بەلام من ناوەکانی خۆیانم لێنانەوە، جگە لەوەش رۆڵی هەندێ تێکۆشەر پەراوێز کرابوو، جا لەبەر هەر هۆکارێك بێت، بەلام لە کاتی وەرگێڕانەکەدا، ئەگەر بە رستەیەکیش بێت، رۆڵی پڕ سەروەرییانەی خۆیانمان پێی داوەتەوە، لەوانە (شەهید ملازم شێرزاد) کە هەتا ناوەکەیشی بە ناوێکی دیکە هاتبوو، هەڵبەتە شەهید ملازم شێرزاد یەکێك بووە لەو پێشمەرگە شیوعییە قارەمانانەی کە خولی سەربازی لە یەمەن تەواو کردو بۆ خەباتی چەکداری گەڕایەوە کوردستانو بەرپرسی دەستە پارتیزانییەکەی (کۆیە)ش بوو. تێکڕای دەسکاریکردنەکانیش دوای رەزامەندی نووسەر بڕیاریان لەسەردراوە.

لە کۆتایی ئەم پاشبەندەیشدا ماوەتەوە بڵێم: لەو بەڕێزانەی کە توانیم بیاندوێنمو لەسەر زاری خۆیانەوە، راستی رووداوەکان بگێڕنەوە: بۆ ناوچەی گەرمیان (مامۆستا عەلی زەنگنە)و ناوچەی سلێمانی هاوڕێ (عەتا)و بۆ هەندێ لایەنی شاراوەی پارتیزانەکانی شوانو کۆیە (دکتۆر هۆشەنگ)و بۆ تیشکخستنەسەر پارتیزانەکانی دەستەی هەوریێو دەشتی هەولێرو ناوشار هاوڕێیان (ملازم رابەرو هاوڕێ کوردۆی خۆشناوەتیو موحسین دەشتیو دڵزار)م هەڵبژارد، بەلام بەداخەوە تەنها یەکجار توانیم (ملازم رابەر) ببینم، چونکە نەخۆش کەوتو توانای قسەکردنی نەما، بۆیە بۆ زانیاری لەسەر پارتیزانەکانی ناوشاری هەولێر پەنامان بۆ (ملازم ئەحمەد شاهین) بردو ئەویش وەکو پیشەی هەمیشەیی بە بزە سەیرەکەی سەرلێوییەوە بە دەنگمانەوە هاتو کۆمەڵێك زانیاری بەسوودی پێڕاگەیاندین.

فەرموون لەگەڵ باسوخواسی چەند لایەنێکی شاراوەی رۆژگارە سەختەکانی کاتی ئەنفالو دوای ئەنفال:

**سەبارەت بە دەستە پارتیزانەکانی ناوچەی گەرمیان، هاوڕێ (مامۆستا عەلی زەنگنە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان وتی:**

ئێمە وەك (پ.م)ەکانی حیزبی شیوعی عێراق لە سنووری گەرمیان، پاش شەڕو رووداوەکانی قەرەداغ لە بەهاری ١٩٨٨، کە هێزەکانی سنوورو ناوچەکانی قەرەداغو شارەزوورو هەڵەبجە روویان لە گەرمیان کرد، واتە ناوچەکانی زەنگنەو جافو بنار گلو داودە، زۆرینەی زۆری هێزەکان لەگەڵ هاوڕێیانی رێکخراوەکاندا بەو ناوچانەدا دابەش بوون. جگە لەوەش دانیشتوانی دێهاتەکان لە بارودۆخێکی گەلێ ئاڵۆزو دڵەڕاوکێدا گوزەرانیان دەکرد، هەندێك ماڵیان دەبردە دەرەوەی

دێهاتـەکانو هەنـدێکیانیش بۆیـان بلوایـە دەچـوونەوە شـار، هەرچـەندە ئەوانـە رێـژەیان کـەمبوو، چـونکە هاوڵاتییـان ئـەو راسـتییەیان دەزانـی کـەوا رژێـمو پیـاوانی هـیچ ویـژدانێکیان نییـەو هـەروەکو مـەغۆلو تەتـەرو فاشیسـتەکانی هیتلـەر قەتلوعامیان دەکەنو دێهاتـەکانیان خـاپوور دەکەن، لـە راسـتیدا کۆمـەڵانی خـەڵك ورەیـان بـەردابوو، چـونکە بـەرەو دۆزەخ دەبران، لەلایەکی تریشەوە هێزەکانی (پ.م) گەلێ ماندوو بوو بوونو لـە رووی خۆراكو تەقەمەنیشـەوە دووچـاری بـارێکی دژوار هاتبوون.

هێزەکانی ئێمە کە بریتی بوون لە بەتالیۆنی (٤)ی گەرمیانو بەتالیۆنی (١٥)ی قەرەداغو بەتالیۆنی (٩)ی سلێمانیو بەتالیۆنی (٧)ی هەورامان لەگەڵ هاوڕێیانی رێکخراودا. لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانیدا تەنسیقمان کرد کە لە چەند قۆڵێکەوە هێزەکان دابەش بکەین بۆ داکۆکیکردن لە هاووڵاتییانو ناوچەکە. ئەوەی من لەیادم بێ هێزەکان بەسەر چوار قۆڵی سەرەکیدا دابەش کران:

١- قۆڵی داودە: وەك گوندەکانی لفتی ئاغاو وارانیو زنانە.
٢- قۆڵی بنارگل: دێهاتەکانی تازە شار، شێخ حەمید.
٣- سنووری کفری - سەرقەڵا: دێهاتەکانی سەید جەژنی، هۆمەرمل، چوار شاخ، فەتاح ئۆمەر،
٤- سنووری ناوجاف.

## شەڕەکانو مقاوەمەت:

لـە رۆژانـی (٦و٧و٨و١٩٨٨/٤/٩) لـە سـنووری داودە شـەڕو پێکـدادان دەسـتی پێکـرد، لـە چـەندین شـەڕی قارەمانانــەدا پێشمەرگە داستانو نەبەردییان تۆمار دەکرد، بە دەیەها جاشو پیاوانی رژێم کوژرانو دەستگیرا بەسەر ئۆتۆمبیلو شۆفڵو کەلوپەلی جۆراوجۆر، بێجگە لە چەكو تەقەمەنی، بەڵام بەرگریی (پ.م) بەرامبەر بە کۆپتەرو زرێپۆشو جاشو جەیشی شەعبی لە وەسف نایەت.شەڕی عێراق- ئێران کۆتـایی پێهاتبوو، واتـە سوپای عێـراق تـەنها شـەڕی کوردی دەکرد، هـەروەها بەکارهێنانی چەکی کیمیاویو جینۆسایدکردنی کۆمەڵگای کوردەواریو بێ دەنگی رای گشتیی ئیسلامیو جیهانیو وڵاتـانی بەناو بلۆکی سۆسیالیست. ئەمانە هەمووی بوو بوو بە هۆی نائومێدیو ئاهی سارد. لە ١٩٨٨/٤/٩ رژێم زاڵ بـوو بەسـەر قـۆڵی تازەشار (بنار گل)دا کە هێڵی ستراتیژی بوو. ئەوکاتە بـە (هـۆکی تـۆکی) پەیوەندییـەکی باشـم بـە پێشمەرگەکانی بنارگلو داودەوە هەبوو، لە ئەنجامی شەڕو مقاوەمەتدا پەیوەندیم نەماو تەماشام دەکرد کۆپتەرەکان بە ئاسانیو بەبێ ترس بەسەر ئاسمانی شەڕەکەدا دەسووڕێنەوە. بۆیە لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیدا بڕیاری کشانەوەماندا بەرەو (قەواڵیو بنەکەو باوەکر) کە بارەگای بەتالیۆنی (٤)ی گەرمیانی حیزبی شیوعی لێبوو، زۆر بە زەحمەت توانیمان پاشەکشە بکەین، لەپاشانـدا زانیمـان لـە گوندی تازە شار (٢٢) پێشمەرگەی شیوعیو یەکێتی شەهید بوونـە. بەمـەش سنووری گـەرمیان لەلایـەن رژێمـەوە کۆنـترۆڵ کـرا.. هاووڵاتییـان بـە فرمێسـكو ئـازارەوە ماڵئاواییـان لـە خـاکی پـیرۆزی خۆیـان دەکـردو پێیـان رێـی نـەدەگرت روو لـە شارۆچکەکانی (دووز، کفری، سەرقەڵا، کەلار، قادرکەرەم) بکەن، بـەڵام بـە ناچـاری رێگـەی هاتونـەهاتیان دەگـرتو لـەوێش دەبوونە نێچیری راوچییە دڕندەکانی سەدام.

ئـەوەبوو کشاینەوە بـەرەو ژوور، لـە گونـدی قولیجان کۆبووینـەوەو لـەوێوەش بـەرەو بنـاری سـەنگاوو قـۆپی قـەرەداغ بەڕێکەوتین، بـەڵام چـەند پێشمەرگەیەك لـە گـەرمیان مانـەوە، وەکو: هاوڕێیـان (ئـەبو کاروانو عـەزیز قـەواڵیو سلێمانو قەحتانو جەوهەرو شەهید شێروانو ئەبو فەلاح). زۆرینەی پێشمەرگەکانو کادیرەکانی رێکخراوەکان پاش ماندووبوونێکی زۆر گەیشتینە سنووری بارەگاکانی هەولێرو رۆژ ئاوای کۆیە. ئێمە وەکو بـەتالیۆنی (٤)ی گـەرمیانو (٧)ی هـەورامان لەگـەڵ بـەتالیۆنی (٣١)ی ئـازار لـە سـنووری شـوان بـەردەوام بووین لـە جەولـە کـردنو بەرزکردنـەوەی ورەی دانیشـتوانی گۆپتەپـەو جەلـەمۆردو مۆردخـوادەو سەرچـنارو بۆڵقامیشو..تـاد. تـاکو ١٩٨٨/٥/٣ رژێمـی فاشـی دەسـتی کـرد بـە کیمیابـارانکردنی گۆپتەپەو عەسکەرو شاڵاوی دڕندانەی بە پاڵپشتی جاشە خۆفرۆشەکان دەست پێکرد. دوای ئەوەی رژێـم ناوچـەی شوانیشـی کۆنترۆڵ کرد، بۆیە ئێمە لەگەڵ هاوڕێیانی بەتالیۆنی (٣١)ی ئازارو جەباری گەڕاینەوە بۆ سنووری (جـەباری، بنارگل، داودە،

زەنگابات) دەستمان کرد بە دابەشکردنی هێزەکەمان وەکو گروپ گروپ، بەمەرجی شارەزایی ناوچەکان، ئەوەی لەیادم بێ بەم شێوەیە بوو:

١- شەهید ئەحمەد بازوکە لە سنووری چوار شاخو توکن لەگەڵ هاوڕێکانی.

٢- شەهید حەمە سۆفیو مەحمود گەرمیانی لە سنووری داودە.

٣- ملازم کەریمو ئاسۆی مام جەوهەرو کفاحو مەحمود شیوعیو ئەحمەد مەجید هێرەسووریو ئەبو نەوڕۆز لەگەڵ کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی تر لە سنووری زەنگنەو بنارگل.

٤- شەهیدان ملازم سەعدو دڵشادو چیاو سەلام قەلا میکائیلی لە سنووری جەباریو زەنگنە بوون.

هاوڕێیانی هەورامان بەتالیۆنی (٧) لەگەڵ هاوڕێ (م. قادر) بوون، ئەوان دابەش بوون لەگەڵ هێزەکانی گەرمیاندا.

هاوڕێ شەهید جەوهەرو چەند هاوڕێیەکی تریش لە سنووری قۆپی قەرەداغ بوون.

## شەهیدانی کارەساتەکان:

١- وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کە رۆژانی (٦و٧و٨و٩/٤/ ١٩٨٨ پێشمەرگە شیوعیو یەکێتییەکان لە (لفتی ئاغاو هەردوو واران) باشترین بەرگرییان کردو داگیرکەران نەیانتوانی گوندەکان داگیر بکەنو هێزەکانی پێشمەرگە دەسکەوتێکی زۆریان هەبووو جەیشو جاشێکی زۆر کوژران، زیانەکانی پێشمەرگەش دوو شەهیدی قارەمان بوو.

٢- رۆژی (٤/٩) هێزەکانی رژێم بە پاڵپشتی تانكو زرێپۆشو فرۆکە بنارگلی کۆنترۆل کردو لە گوندی تازەشاردا شەڕو پێکدادانێکی قورس روویدا. هێزەکانی یەکێتی بە سەرپەرشتی شەهید نازم رەشیدو، هێزەکانی حزبیش بە سەرپەرشتی شەهید ملازم سامی بوون، لە گەرمەی شەڕەکەدا بە جیهازی (هۆکی تۆکی) لە ناو شەڕەکانی داودەوەپەیوەندیم لەگەڵ ملازم سامیدا هەبوو، بەڵام کاتێ پەیوەندیمان پچڕا، تێگەیشتم پشتمان گیراوەو بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی دوژمندایە. لە شەڕی تازە شاردا گەورەترین زیان بە هێزەکانی پێشمەرگە کەوت کە دوای شەڕێکی بێوێنەو گیانبازییەکی بێئەندازەدا تیایدا (١٢) پێشمەرگەی قارەمانی یەکێتیو (٨) پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی شیوعیو (٢) بەرگری میللی شەهید بوون.

شەهیدەکانی حیزب بریتی بوون لە:

١- ملازم سامی.

٢- عەبدولڕەحیم عەلی مەحمود (ئاشتی).

٣- ماجید عەلی خەلیفە.

٤- عەبدوڵلا حەیدەرەسووری.

٥- تاریق محەمەد ئەمین.

٦- عەلی عەرەب.

٧- عەدنان رەشید غێدان.

٨- عامر عەرەب.

واتە بە گشتی (٢٢) پێشمەرگە شەهید بوونو دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق تەرمەکانیان لە سەربازگەی (دووز خورماتوو) دۆزرانەوە.

دوای ئەو زیانە گەورەیەی تازە شار ناچاربووین هێزەکانمان کۆبکەینەوەو هەندێکیان بە ناوچەکاندا دابەش بکەینو ئەوانیتر بەرەو بارەگاکانی سەرووتر بڕۆن، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کۆمەڵانی خەڵکیش بە سەرلێشێواویو بەناچاری روویان لە شارو شارۆچکەکان دەکردو ئەنفال دەکران.

٣- لە تەمموزی ١٩٨٨ جاشەکانی (تەحسین شاوەیس لەگەڵ هادی برای)دا بە پاڵپشتی کۆپتەر دەستیان کرد بە پشکنینی ناوچەی گەرمیان، لە گوندی (حەسەن پرچن)ی زەنگنە لە خوڕخوڕ بە جۆرێك لێمان نزیك بوونەوە، کە بە حاڵ توانیمان

دەرباز ببین‌و کۆمەڵێك کەلوپەلیش جێبهێلین، چونکە ئێوارە بووو بڕوامان نەبوو کە جاش پاش نیوەڕۆ دەرچن بۆ کورد کوشتن، بەڵام لەسەر ئاوەسپی لە تاوسانە چوونە سەر (٤) چوار هاوڕێمان‌و دووانیان لێ شەهید کردن‌و دووانیشیان بەدیل گرتن‌و دوواتر شەهیدیان کردن. وەکو بیستمانەوە جاشەکان لەناو خۆیاندا لەسەر دەمانچەکەی شەهید سۆران لێیان بووبوو بە ناخۆشی. شەهیدەکانی ئەو تاوانە چەپەڵە بریتی بوون لە:

أ- محەمەد حوسێن هێرەسووری.

ب- سۆران (عەبدولڕەحمان دوانزە ئیمامی).

ج- ڕێبوار (خەڵکی کفری).

د- سەلام عەرەب (خەڵکی دیالا).

٤- لە ١٩/تەمووزی ١٩٨٨ لە دەوروبەری سپیسەر مەوعیدم لەگەڵ (مولازم سەعدو هاوڕێکانی هەبوو، دوای ماوەیەك چاوەڕوانی دیارنەبوون، پاش یەك دوو ڕۆژێك هەواڵمان پێگەیشت کە لە توورکە نزیك (سپیسەر) لەناوچەی زەنگنە تاقمی (هێمنەڕەش) کە بە (قەیسەر) ناسرابوو لەگەڵ (حاجی حەبیب تۆپچی)و کۆمەڵێکیتر لە ڕێگەی (ئاراس حەمەلاو)ەوە لە سلێمانی پەیوەندییان بە موخابەراتەوە کردووەو تاوانێکی گەورەیان ئەنجام داوەو (٤) پێشمەرگەی قارەمانی حزبیان شەهید کردووە کە بریتی بوون لە:

١- دڵشاد (ئەبو عناد).

٢- چیا (حەکیم سەرحەد).

٣- سەلام (ئەحمەد قەڵامیکائیلی).

٤– ملازم سەعد، دەسگیر کرابوو، بە دیلی بردبوویان بۆلای ئاغاکانیان‌و لەوێ ڕووبەڕوو زۆر قسەی بە هێمنەڕەش وتبووو ریسوای کردبوو. — زۆر بەداخەوە ئێستا هێمنەڕەش‌و پیاوەکانی مووچەی پلە دووو سێی (پ.م) وەردەگرن. تاوانەکەی هێمنەڕەش لەو کاتە دژوارەداپەیوەندی ئێمەو برادەرانی یەکێتی ئاڵۆز کرد، هەڵوێستی بەڕێزان (ئازاد سەگرمەو عوسمان حاجی مەحموودو شێخ کەریم) بووە هۆی هێورکردنەوەی دۆخە ئاڵۆزەکە.

٥– لە مانگی (٩)ی ١٩٨٨ هاوڕێیان (عەبدولڕەحمان فارس عەبدولڕەحمان — ئەبو کاروان)و (جەوهەر شکورو قەحتان والی‌و عومەر ئیسماعیل- شێروان) لە باخەکەی شێخ عەتا دەکەونە کەمینی جاشەوەو هاوڕێ شێروان شەهید دەبێ‌و تەرمەکەی دەکەوێتە دەستی جاشەکان‌و هاوڕێ (ئەبو کاروان)یش بریندار دەبێ.

٦- لە سنووری داودە نزیك خورماتوو، جاشەکان هاوڕێ (شێرکۆ مستەفا)و پێشمەرگەیەکی یەکێتی کە وابزانم ناوی (جەمال)ە دەسگیر دەکەن‌و بە دیلی شەهیدیان دەکەن.

٧- هەر لەو ماوەیەدا بانگ کرام بۆ دۆڵە کۆگاو گۆیزە بۆ کۆبوونەوە، هەرچەندە حەزم نەدەکرد بڕۆم، چونکە پێم خۆش نەبوو لەو بارودۆخە دژوارەدا هاوڕێیان جێبهێڵم. بەهەرحاڵێك بوو لە گەرمیانەوە لەگەڵ هاوڕێیان شەهید حەمە سۆفی‌و ئاسۆی مام جەوهەر چووم بۆ قۆپی قەرەداغ، لەوێ ئەوان گەڕانەوە بۆ گەرمیان‌و منیش لەگەڵ بەتالیۆنی (٧)ی هەورامان‌دا کە م. قادرو هاوڕێکانی بوون ڕۆیشتین بەرەو شارەزوور، شەهید جەوهەر لە شارەزوورەوە گەڕایەوە بۆ ئۆردووگای نەسرو سنووری دەربەندیخان، ئێمەش بەرەو چیای سوورێن‌و ستۆن.. لە شارەزوور کەوتینە کێڵگەی مینەوە، هاوڕێ (سەرکەوت نوری — دەرسیم) قاچی پەڕی، وەزعمان شڵەژا، بەڵام بە هاوکاری هاوڕێ (عەبدوڵڵا مامەو چەند پێشمەرگەیەکیتر گەیشتینە بارەگای هەڤاڵانی سۆسیالیست، بەسوپاسەوە خزمەتگوزارییەکی باشیان لێکردین‌و کاك شێروان شیروەندی‌و مامە خالف لەوێ بوون.

٨- هەر لەو کاتانەدا، هاوڕێ ئەبو ڤیان پەیوەندی بە (شۆڕش)ەوە دەکات‌و نازانێ کە شۆڕش بەتەواوی دۆڕاوەو پەیوەندی بە ڕژێمەوە کردووە، بۆیە ئەو شۆڕش ناوە چەند تاوانێك ئەنجام دەدا لەوانە:

أ- هاوڕێیان عەممار عەرەب (هاتف)و هێمن تورکمان (حەیدەر) لە ڕێگەی شۆڕشەوە لە کەلار گیران‌و لە سێدارەدران.

ب- شۆڕش بە جێبێکی واز شەوی ٨/٧- ئابی ١٩٨٩ هاوڕێیان (ئەبو ڤیانو ئەحمەد) دەخاتە بۆسەیەکی جاشەوەو هاوڕێ ئەبو ڤیان شەهید دەبێو ئەحمەدیش بریندار دەبێو هەرلەوێ شۆڕشیش دەکوژن. لە ساڵی ١٩٩٠ هاوڕێ ئەحمەد لە بەندیخانەی ئەبوغرێب لەسێدارەدرا.

٩- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ هەر لە ئۆردووگای سمود، هاوڕێیان (مامۆستا ئەنوەرو مامۆستا کەریم) دەکەونە بۆسەی جاشەکانەوەو مامۆستا ئەنوەر شەهید دەبێو مامۆستا کەریمیش بە برینداری دەکەوێتە دەستی جاشەکان. لە ساڵی ١٩٩٠ لە ئەبوغرێب لە سێدارەدرا.

١٠- لە مانگی ئەیلوولی ١٩٨٨ هاوڕێ جەوهەر (رەئوف حاجی قادر) لە ئۆردووگای نەسر دەسگیر دەکرێو لە ئەبوغرێب لە سێدارەدرا.

## لە ناوچەی قەڵاسێوکە:

پاش ئەوەی رژێمی فاشی بەغدا گۆپتەپەو عەسکەری کیمیاباران کردو لە ١٩٨٨/٥/٣ بە تەواوەتی کۆنترۆڵی ناوچەکەی کرد، هێزەکانمان کۆکردەوە، بەو مەبەستەی پاشەکشە بکەین بۆ رۆژهەڵاتی کۆیە، چونکە پێشووتر بەرنامەکەمان وا داڕشتبوو لەگەڵ هاوڕێیانی بەتالیونی ٣١ی ئازاردا کە سنووری چالاکی ئەوان بوو، هەروەها هاوڕێ مام جوامێر دڵنیای کردین کە لە کاتی ئابلۆقەدان و شەڕی پاشەکشەدا دەتوانین هێزەکانمان لە (زێ)ەکە بپەڕێنینەوەو دەرباز بین. وەلێ بەداخەوە ئەوە نەکراو نەتوانرا، هەر بۆیە ناچار بووین بکشێینەوە بۆ (خالۆبازیانیو شێخ جیریو تەیمەزاواو، بان جەباری...)، بەگشتی زۆر ماندوو بووین بە جەستەو بە هۆش. چونکە لە مانگی ئادارەوە پێشمەرگەکان لە شەڕو بەرگریدا بوون، هەروەها لە پاشەکشەدا بووین، جگە لە کەمی خۆراك و خواردەمەنیو بێ پێڵاویو جلوبەرگ.

لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تاکوتەرا کەسانێك مابوونەوە وەکو خێزان، سەربازی هەڵاتوو، پێشمەرگەی لایەنەکانی تریش... وەکو خێزان ئەوەی من چاوم پێیان کەوت کەس و کاری شەهید (ئەحمەد بازۆکە) بوون لە سنووری (چوار شاخ و قەوالی)دا مابوونەوە.

سیخوڕو خۆفرۆشانی رژێم لە گەڵ کەسوکاری هەندێ لە (پ.م)ەکان لەپەیوەندیدا بوون بۆ ئەوەی خۆیان تەسلیم بە رژێم بکەنەوە، بەڵام رژێم مەرجی لەسەر ئەو کەسانەی تەسلیم دەبنەوە دانابوو، مەرجەکەش بریتی بوو لە شەهیدکردنی پێشمەرگەو هەڤاڵەکانیان تاکو سەری خۆیانیان پێ قوتار بکەن... وەکو باسم کرد ئێمە لە قۆناغی تێکشکاندا بووین. هەر بۆیە کەسانێك لە ناوو هێزەکانی (پ.م) هەبوون خۆیان بە دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری رژێم فرۆشتبوو.

بە هەموو شانازییەکەوە دەڵێمو بە شاهێدی خەڵکی ناوچەکەش، لە ناو هێزەکانی حزبی شیوعیدا دیاردەی وامان تێدا نەبوو کە وەکو هێمنە رەشو تاقمەکەی کە ئەو تاوانە چەپەڵەیان ئەنجامدا. دەرهەق بە هاوڕێیان: شەهید (ملازم سەعدو هاوڕێکانی). لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٨٨دا لە گوندی (تەیمەزاوا)ی بان جەباری هاوڕێیانمان: (فازل عەرەب، قاسم عەرەب، هەڵمەت، کاوە شووشە) لە کاتێکدا بەدوای خۆراك و پێویستی دەگەڕان بۆ هاوڕێیانیان، تووشی کوڕەکانی (حەمەی صدیق) و چەند کەسانێکی تری وەك: (بورهان حسین، بایر، زاهر) کە خەڵکی جەباری بوونو ئەو سەردەمە چەکداری پارتی بوون. ناسیاوییان لەگەڵ هاوڕێیانمان هەبوو، پاش ئەحواڵ پرسینو گفتوگۆکردن، لە کاتی خواحافیزیدا لە پشتەوە نامەردانە دەستڕێژ لە هاوڕێیان دەکەنو ( قاسم و فازڵو هەڵمەت) شەهید دەکەن، بەڵام هاوڕێ (کاوە شووشە) بە برینداری رزگاری دەبێو ئێستاکە لە ژیاندایە. ( لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز کاوە شووشە، دەربارەی ئەو رووداوە وتی: گەر بە هەڵەدا نەچووبم ئەو رووداوە لە ١٩٨٨/٥/١٧ روویدا کاتێك ئێمە ئەو چوار پێشمەرگەیەی حیزب لە سووسەکردنو دەنگوباس وەرگرتنو نان پەیداکردن بووین بۆ پێشمەرگەکانیتر تووشی ئەو مەفرەزەیە هاتین کە مامۆستا عەلی ئاماژەی پێکردووە، ئەو کاتەیش بڕیارێك هەبوو، هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتی، یان پارتی ئەگەر تەسلیم ببێتەوە، دەبێ پێشمەرگەیەکی شیوعی شەهید بکات، ئینجا رژێم قەبووڵی دەکات. دوای ئەوەی تووشی ئەو مەفرەزەیە بووین، بە حوکمی ئەوەی پێشتر یەکتریمان دەناسی کەوتنە پێشمان کە گوایە یارمەتیمان دەدەنو هاوکاریمان دەکەن، لەناکاو چەکیان لێ

راكێشاینو وتیان چەك بن. من كەمێك لێیانەوە دوور بووم، بەڵام سێ هاوڕێكەی دیكە لەگەڵ ئەو تاوانبارانەدا دەستەویەخە بوونەوەو باوەشیان بەیەكتردا كرد، لەولاتریش چەند چەكدارێكیتریان لە بۆسەدا بوون، كەوتنە دەستڕێژكردن لە من، فیشەكێك بەردەستم كەوت، فیشەكێكیتر لە مەخزەنی كلاشینكۆفەكەمیداو خرەی لێوەهێناو فیشەكی تیا نەما. لەكاتی راكردنا گوللەیەكی دیكە بەر قاچم كەوتبوو، بەڵام ئاگام لەوەیان نەبوو، هەرچۆنێك بوو بە قونەشەڕ توانیم لێیان دووربكەومەوەو دەرباز ببمو روو لە هاوڕێیان دیكەی خۆمان بكەم، كەچی ئەوانیش لێیان شێواو بەرتەقەیاندام، ئیدی لەوانیش دابڕام، دووسێ شەوو رۆژ بەبرسێتی لەو ناو چەمو كەندو لەندانە مامەوەو توانیم بە گوڵەجۆو پاقلە خۆم لە برسێتی رزگار بكەم. رۆژی سێیەم لە چەمەكەی گوندی گوڵمكەوە تووشی كابرایەكی قەسابی فەقێ میرزایی بووم، دوای هەندێ قسەكردن لەگەڵ یەكتری لەگەڵیدا كەوتمەڕێ بۆ تەكییە، بەرەبەیان گەیشتینە تەكییە، بە رێكەوت لام دایەماڵێكو خۆم وەكو فیرارێك ناساند، بەڕاستی ئەو ماڵە زۆر هاوكارییان كردم، هەر لە رێگەی ئەو كابرایەوە كە بەداخەوە ناوەكەیم لەیاد نەماوە، خزمەكانم لەكەركوك ئاگادار كردەوە، ئەوەبوو كاك محەمەد حوسێنو لوقمانی كوڕی هاتنو منیان گەیاندە چەمچەماڵ لەوێ سێ چوار رۆژ لەماڵی كاك فەخرەدین مامەوە، ئینجا كاك قاسم جاسم، كە خۆی كەسێكی دڵسۆزو چاونەترسە، بە مەنشەئە لەگەڵ یەكدوو ئافرەتی خزمی خۆمان هاتنو منیان گەیاندەوە كەركوك، لەوێش دوای چەند رۆژێك كاك (ئەبو شێرزاد) بە سەیارەی خۆی گەیاندمییە ماڵی مامۆستا خەلیل ئیبراهیم نەورۆز كە بنەماڵەیەكی دڵسۆزن، ماوەیەك لەوێ مامەوە، ئینجا گەیاندمیانە ماڵە خزمێك لە خەلیفان، لەوێ بە سوپاسەوە كاك خدر ئەشكەفتی دكتۆری هێنایە سەرمو دكتۆرەكەش دكتۆر عەزیز خەڵكی هیران بوو، یارمەتییەكی زۆریاندامو لەوێ بوومە شاگردو دواتریش دوكانی حەلاقییان بۆ دانام، تا لە لێبوردنە گشتییەكەی رژێم ساڵی ۱۹۸۹ خۆم تەسلیم كردەوە، هەڵبەتە ئەو ماوەیەش بە هاوكاری ئەو دڵسۆزانە توانیم ئەوەندە خۆم رابگرم. بۆیە وا درێژەم دایە قسەكانم، بۆ ئەوەی ناوی ئەو دڵسۆزانە لە مێژوودا تۆمار بكرێ كە لەو رۆژگارە سەختەدا توانییان هاوكاری پێشمەرگەیەكی شیوعی بكەن- وەرگێڕ).

ئێمە بێئاگا بووین لەوەی كە تاوانباران: (حسینو زاهرو بایرو برهان) لە كۆتایی مانگی نیسانی ۱۹۸۸ تووشی (هاوڕێ ئایار)ی كوڕی هاوڕێ (سەید عەلی جەباری)و هاوڕێكانی دەبن لەوانە هاوڕێیان: (فەهمی، مستەفا)و هەڤاڵێكی پ.م یەكێتی كە ناوی (فازڵ) بوو هەر چواریان دەگرن و لە سنووری لەیلان شەهیدیان دەكەن، ئەم تاوانبارانە وەكو هێمنەڕەش (قەیسەر)و كاسەلێسەكانی تری وەك كوڕەكانی (حەمەی صدیق)و كۆمەڵێكیتر لەو تاوانبارانە لە پاش راپەڕین لەجیاتی دادگایی كردنیان، پێشوازییان لێكراو پلەوپایەیان پێ درا!!!!، هەندێكیان لەلایەن كەسوكاری قوربانییەكانیانەوە تۆڵەیان لێسەندرایەوە. هەندێكیان لە شەڕی ناوخۆدا كوژران، بەڵام كەم نین ئەو تاوانبارانە كە دەستیان لە شەهید كردنی پێشمەرگەدا هەیەو ئێستاكە بە ناوی پیرۆزی پێشمەرگەوە بەپلەی بەرزو باش خانەنشین كراون!!!. هەر لە ئەنجامی ئەوەشدا ئێستا مافی چەندەها پێشمەرگە پێشێل كراوە!!.

## پارتیزانە زیندووەكانی گەرمیان:

١- كیفاح: هاوڕێیەكی عەرەبەو ئێستا لە سلێمانییە.

٢- ملازم كەریم (ماجد): خەڵكی ناسریەیەو ئێستا لە سویدە.

٣- غالب جەوهەر عەباس (ئاسۆی مام جەوهەر): خەڵكی كەركوكەو ئێستا لە سویدە.

٤- عوسمان رەحمان (نەجات): خەڵكی كەركوكەو ئێستا لە سلێمانییە.

٥- ئەبو نەورەس (ئەحمەد): خەڵكی بابلەو ئێستا لە بەغدایە.

٦- حوسێن عەلی خەلیفە: لە سلێمانییە.

٧- هەڵكەوت مام عەلی (مەحمود)، ئێستاكە لە بنەسلاوەیە.

٨- هاوڕێیان ئیسماعیلو مەلا ئیدریس:

له دووز خورماتوو دەکەونە بۆسەی جاشەوەو مەلا ئیدریس بە برینداری دەسگیر دەکرێتو هاوڕێ ئیسماعیلیش توانای خۆدەرباز کردنی نابێتو هەردووکیان لە بەندیخانەی تکریتدا ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دەچێژن، بەڵام خۆشبەختانە بەر لێبووردنێکی سەدام دەکەونو لە ساڵی ١٩٩٠ رزگاریان بوو.

## هاوڕێ پێشمەرگەکانی ناوشار:

بە حوکمی ئەو بارودۆخە ناسکو دژوارەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بۆ پاراستنی گیانی هاوڕێیانمان، شێوازی جۆراوجۆرمان گرتەبەر: ئەوانەی بتوانن بگەنە سەرکردایەتی، هەندێکیتر لە هاوڕێیان لە رێگای هاوڕێی نەمر شێخ عەتاوە توانییان خۆیان بپارێزنو ژمارەیەکی دیکەش بە پەیوەندی تاکەکەسییەوە، لەوانە:

هاورِ ێیان (ئەبوکاروان، جەوهەر، قەحتان، ئەحمەد مەجید، مەحمود شیوعی، شەهید هێرش، عومال، رێبوار، بەکر مام عەباس، سورکێو،...تاد.

## سەرکردایەتی بۆ ناوشار:

بە هۆی بارودۆخی ئەنفالو تێکشکانی هێزی پێشمەرگە لە شەڕەکانداو مانەوەمان لە سنوورێکی زۆر تەسکو ئاڵۆزو زۆرجاریش فشاری دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانیمان لەسەربوو، هەروەها ناوبەناو رژێمیش بە جاشو جەیش لە چیای مامەندەوە لووتێکی لێمان دەدا، بۆیە دەستمان کرد بە ناردنی هاوڕێیانمان بۆ دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی لە رێگای ئەفغانستانەوە، چونکە حیزبی گەلی دیموکراتی ئەفغانی دەسەڵاتی بەدەست بوو، کارئاسانییان بۆ دەکردین. گەمژەییەکەی سەدام بە داگیرکردنی کوێت دەرفەتێکی باشی بۆ رەخساندینو هەناسەیەکی باشمانداو کەوتینە جموجۆڵو ناردنی هاوڕێیانمان بۆناوشار، هەرچەندە بەر لە ئێمە کۆمەڵێك هاوڕێمان لە شارەکاندا هەبوون، بەتایبەتی لە هەولێرو بەغدا، بەڵام رژێم پیاوی خۆی چاندبوو لە نێومانداو زیانی زۆریشمان کرد، لەوانەی بە نهێنی گەڕاینەوە ناوشار:

١- د. حەسان عاکف (ئەبو یەسار).
٢- پەخشان زەنگنە (دایکی بەهار).
٣- ئەبو فاروق (عومەر عەلی شێخ).
٤- ئەبو مەحمود (جەلال دەباغ).
٥- م. قادر (ئەکرەم قادر محەمەد).
٦- وەسفی (هاوکار).
٧- پەروین (خەرامان شکور).
٨- م. عەلی زەنگنە.

پێش ئێمە چەند هاوڕێیەکی سەرکردایەتیتر لەناو شاردا بوون، وەکو: (شەهید سەعدونو ئەبو کازم).

کاتێ گەڕاینەوە ناو شار دەستمان کردەوە بە پەیوەندی کردن بەو هاوڕێیانەی کە دابڕابوون، بۆ ئەنجامدانی کارەکانیشمان کۆمەڵێك بەڵگەنامەی ساختەمان دروست کردبوو. برادەرێکی باشمان لە سلێمانی هەبوو بەناوی (ئازاد — کرێکار) لەوبوارەدا ئیشی باشی بۆ دەکردین.

## ئەو دۆستو هاوڕێ بەرێزانەی کە یارمەتییاندااین:

دوای ئەنفالکردنی دانیشتوانی گەرمیانو پەیڕەوکردنی سیاسەتی خاك سوتاندن لەلایەن رژێمەوە، ژیانو خۆراکمان بریتی بوو لەو خۆراكو کەلوپەلانەی کە هاوولاتییان بەجێیانهێشتبوو. بەڵام ناوبەناو خائینو خۆفرۆشان بۆ شرەخۆریو تالانکردنی تراکتۆرو عارەبانەو ماتۆڕی ئاوو شیشو شێلمانو شتیتر دەهاتن بۆ پشکنینی ناوچەکەو هەرچی خۆراکێکیان بدۆزیبایەوە، تێکەڵیان دەکردو ئاگریان تێبەردەدا!!. لە راستیدا ئەوە ژیان نەبوو، بەڵام هەر دەبوایە درێژە بە مانەوەمان بدەین لە ناوچەکەداو بوونی خۆمان بپارێزین.پاش نەمانی خۆراكو کەلوپەلی ناوچەکە پەنامان بۆ هاوڕێیانو دۆستانمان برد لە سمودو کفریو جاروباریش دووزخورماتوو. هاوڕێیان ئازاد ئەحمەد عەوڵا (هێرش)و (خەلیلو جەلیل)و (خەلیفە) باشترینو دڵسۆزترین هاوڕێمان بوون لە ئۆردووگای سمود. لە کفریش یادی بەخێر (شێخ عەتای تاڵەبانیو ئاشتی کوڕی) زۆر هاوکارییان دەکردین، پێویستمان بە پارەبوو (٣) هەزار دیناری (سویسری) بۆ ناردین، بۆ ساڵی ١٩٨٨ ئەو پارەیە پارەبوو!. چەندەها جار جلوبەرگو خۆراكو پێڵاوی بە هاوڕێیان (ئاشتیو شکورو رەحیم)دا بۆ دەناردین. گومان لەوەدا نییە کە دڵسۆزانی دیکەش هەن، بەڵام نایزانمو بێئاگام لێیان.

★ ★

**هاوڕێ (عەتا)ش بەمجۆرە ئاماژەی بە رۆژە سەختەکانی کاتی ئەنفالو مانەوەیان لەدوای ئەنفالو درێژەدانیان بە خەباتو هاتوچۆکردنیان بۆ ناو سلێمانی کرد:**

سەرەتا هێزەکانی مەڵبەندی سلێمانیو کەرکوك کە یەك سەرکردایەتی هەبوو لە چەند بەتالیۆن پێکهاتبوو لەوانە:

١- بەتالیۆنی (٧)ی هەورامانو شارەزوور.

٢- بەتالیۆنی (٩)ی سلێمانی.

٣- بەتالیۆنی ٤ی گەرمیان.

٤- بەتالیۆنی ١٥ی قەرەداغ.

٥- هێزیکی تایبەت لە مەڵبەند.

٦- کادری هەموو ناوچەکان بە پێشمەرگەکانیانەوە واتە (رێکخستن).

ئەم بەتالیۆنانە هەموو لە ئەنفالەکاندا بەشدارییان کردووە کە سەرەتاکەی لە قەرەداغەوە دەستی پێکردو پاشان بۆ گەرمیانو ئینجا بۆ کۆیەو شوانو ساڵەییو شوێنەکانیتر. من باسی ئەو هێزو بەتالیۆنانە دەکەم کە پاش ئەنفالەکان چۆن دابەشبوونو کەوتنە کوێوە:

پێش ئەوەی مەڵبەند بە هێزەکانییەوە پاشەکشە بکات، چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی هێشترایەوە، سەرەتا هاوڕێیانی گەرمیان: وەکو هاوڕێ عەلی زەنگەنە ئاماژەی پێداوە. پاشان لە قەرەداغ هاوڕێ جەوهەر کە بەرپرسی عەسکەری مەڵبەند بوو لەگەڵ هاوڕێ مەجید دوکانیو ژمارەیەکیتر پێشمەرگەو کادری رێکخستن وەکو شێخ سەعیدو شێخ حوسێنو ..هتد. دیارە ئەمانە بە بڕیارو لەسەر داوای خۆیان مانەوە.

- پاش کشانەوە لە ناوچەکانی قەرەداغو گەرمیان، ئەم مەفرەزانە مانەوە: ئەو هێزانەی هاتنە ناوچەکانی شوانو رۆژئاوای کۆیە کە ئەنفالی ئەم ناوچانە دەستی پێکرد جارێکیتر هێزەکان بوونە چەند بەشێکەوەو بەشێکیان هاتنە ناوچەکانی (بەستی شەرغە)و سماقولیو بەشێکیشیان مانەوەو دەرفەتی دەرچوونیان نەبوو، بۆیە گەڕانەوە ناوچەکانی شێخ بزێنیو جەباریو قادر کەرەمو پاشان بۆ گەرمیانو سنووری کەلارو کفریو سەرقەڵاو شوێنیتر. پەیوەندیش بە پێی توانا لەگەڵ هاوڕێیاندا هەبوو کە بەداخەوە پاشان هەندێکیان شەهیدبوون لەناویاندا: (جەوهەر + مەجید دوکانی) کە لە سنووری قەرەداغو شارەزوور کاریان دەکرد.

- بەشێك لەو هێزەی بەتالیۆنی ٣١ی ئازار گەڕانەوە ناوچەکانی کۆیەو کۆسرەت.....هتد.

- ئەو بەشەی کە لە سماقولی بوون لەگەڵ هێزەکانیتری مەڵبەندی هەولێر پاش ئەوەی ئەنفالی ناوچەکانی هەولێر دەستی پێکرد کشانەوە بۆ بناری قەندیلو سەر سنوورەکان.

به هەرحاڵ هەموو هێزەکانمان واتە مەڵبەندی (سلێمانی کەرکوك، هەولێر، بادینان، هەندێ لە کادیری رێکخستن‌و سەرکردایەتی حزب) لە ناوچەی خواکورك کۆبوونەوە، جگە لەوەی ئەو ناوچانە وەك (پشتئاشان، ئاشقوڵکە، رەزگە، دۆڵەکۆگە، گوێزێ) کە هێزی پشدەری لێبوو جارێکیتر بوونە بارەگای هەموو مەڵبەندو هێزەکان جگە لە هێزی لایەنەکانیتر، واتە قورسایی‌و کۆبوونەوەیەکی زۆر لەم ناوچە سنوورییە دروست بوو. لەڕووی مادییەوە تا رادەیەك ژیانمان خراپ نەبوو بەهۆی بوونی پارەی پاشەکەوت‌و ئەو گومرگانەی دانران، بەڵام بەهۆی ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران خراپ بوو زۆر ئاستەنگی بۆ دروست کردبووین بۆ پێویستی نەخۆشی‌و زۆر شتیتر کە بەهۆی لایەنەکانیترەوە (ینك، پدك، حسك) پسوولەی هاتوچۆمان بۆ دەکرا، واتە جگە لەوەی جارێکیتر دوژمن دەستیکرد بە بۆردومانکردنی ئەو ناوچانەو هێرشکردن بە تایبەت شەڕی سێ مانگەی سادرو چەکوچ کە هێزەکانی حزبمان بە دەرەجەی ئەساسی رۆڵیان تێدا بینی لەگەڵ پێشمەرگەی (ینك)دا کە جارێکیتر ئەم خۆڕاگرتنە بووە هۆی ئەوەی دوژمن حساباتی خۆی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بکات لەم ناوچانە، بۆیە بڕیار درا بە بڵاوەپێکردنی هێزەکانمان‌و بۆ نزیکبوونەوەی هەر هێزێك لە سنووری خۆی بۆ کارو چالاکی. بۆ ئەم مەبەستە من لەگەڵ هاوڕێ حەمە رەشید قەرەداغی چووینە سنووری شاخی سوورێن کە دەڕوانێتە سەر شارەزوور نزیك قەرەداغ‌و سلێمانی بۆ کارکردن‌و دۆزینەوی (بنکەکەوێ) کە ئەو کات بنکەیەکی سۆسیالیستی لێبوو کە لە دیوی عێراق شاخی سوورێن‌و چووینە ئەوێ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش کاك محەمەد حاجی محمودمان بینی. هەروەها ئیستیتلا عی سنووری بانە سلێمانی کراو لەوێش بڕیار درا کە بنکەیەك لە گوندی (کەندەسوورە)ی سەر سنووری ئێران عێراق دابنێین بەم جۆرە هێزەکانی سلێمانی‌و شارەزوورو قەرەداغ دابەشبوون بەسەر دوو بنکەدا کە یەکێکیان بنکەی (دۆڵەناو) بوو، دووهەمیان بنکەی (کەندەسوورە)، سەرەتا ئێران بەناوی سۆسیالیست‌و پارتییەوە رەفتاری لەگەڵ دەکردین پاشان بە ناوی حزبەوە بوو، لێرەوە کارەکانمان دەستیپێکرد بۆ ناردنە خوارەوەی مەفرەزەی پارتیزانەکان بۆ قەرەداغ‌و شارەزوورو سلێمانی کە بنکەی (کەندەسوورە) بوو، پاشان بنکەیەکیتری لێبۆەو بۆ ناو خاکی عێراق لە (پاشبەرد) پشتی گوندی بۆڵێ‌و پەیوەندییەکی باش دروست بوو لەگەڵ جەماوەرو ئەو خەڵکانەی کە بە دزی دەهاتن، یاخود رژێم رێی پێدەدان بێنەسەر سنوورەکان بۆ هێنانی خواردەمەنی لە ئێرانەوە.

- لەم بنکەیەوە چەند مەفرەزەی پارتیزانمان دەرکرد بۆ ناوشاری سلێمانی‌و شارباژێر کە هەمووی منی لەگەڵدا بووم، ئەوەبوو پاش نزیك بوونەوە لە قووڵایی شارباژێر گوندی حاجی مامەند کە خانووە قوڕەکانی پێدەوترا کەوتینە کێڵگەی ئەلغام‌و هاوڕێ ئەلوەند قاچی پەڕی‌و ماوەی (١١) شەوو رۆژ ماینەوە، تا بریندارەکەمان دەرکرد، پاشان هاتنی مەفرەزەیەکیتر بە دەنگمانەوە بۆ هێنانی دەرمان‌و ئیسراحەت‌و خواردەمەنی زیادە کە دوو (پ.م)ی پارتی بوون. مەفرەزەکانیتر بۆ ناو شاری سلێمانی هەموو بە سەرکەوتوویی دەچووین‌و ئەرکەکانمان جێبەجێ دەکرد. بەڵام کێشەکە ئەوەبوو لە شارباژێر پاش شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٨٣ پاشان بوونی ناوچەکە بە شوێن شەڕی ئێران — عێراق، ناوچەکە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتبوو سەرجەم بەرزاییەکان شوێن رەبیەبوون‌و جادەی سەربازی زۆر لێدرابوو مەعەسکەراتی زۆری لێکرابوو هەموو ئەم شوێنانە قەدپاڵ‌و دەشتەکان مینرێژکرابوون، بۆیە هاتوچۆ زۆر ئاسان نەبوو دەبوو زۆر بە وریاییەوە هاتوچۆت بکردایە، جگە لەوە ناوبەناو هێزە سەربازو جاشەکان کێوماڵیان دەکرد بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری پێشمەرگە. لەسەر سنووری ئێرانەوە تا ناوشاری سلێمانی هیچ ئاوەدانییەك نەبوو، بۆیە دەبوو پشت بەخۆ ببەستی بە هەڵگرتنی نان‌و ئاوو دەرمان‌و هەموو شت کە بۆ ماوەی چوار رۆژکەمتر نەبێ. جگە لەوەی کە لە سنووری بنکەی دۆڵەناو لای مەریوان — ئێران مەفرەزەمان دەردەچوو بۆ شارەزوور ئۆردوگاکانی (نەسرو برایەتی) پاشان بڕیارماندا کە لەو شوێنانەی شارباژێر بۆ سلێمانی هەندێ خواردەمەنی وشکە لە دێیە سووتاوو رووخاوەکاندا حەشار بدەین بۆ زیاتر مانەوەی ئەو هاوڕێیانەی کە بەشدارییان لەم مەفرەزانەدا دەکرد جگە لە خۆم هاوڕێیان (عومەر حامد، حەیدەر، کاوە، سەرباز، رزگار خانەقینی، هێمن، ئەلوەندو.... هتد). دابەزینی ئەو مەفرەزانەی بنکەی (پاشبەرد) کە جگە لە هێزەکانی ئێمە مقەڕی ناوچەی پێنجوێنی (پدك)ی لێبوو پاشان هێزێکی (ینك) کە لە بلەکێ بوون‌و مقەڕێکیان هێنایە لامان ئەم بنکەیە زۆر فراوان بوو جگە لەوەی مقەڕی گومرگی تێدا کرایەوە کە خەڵکی خۆمان زۆر دەهاتن‌و ئیستیفادەمان لێدەکرد بۆ زانیاری‌و دەنگ‌و باس‌و هەواڵناردن. بەڵام ناوبەناو لەلایەن دووژمنەوە هێرش دەکرایە سەر ئەم بنکەیەو لە هێرشێکدا کە دوو رۆژی خایاند

چەندین سەرباز کوژران‌و بریندار بوون‌و دەستکەوت هەبوو، چەند (پ.م) بریندار بوون لەوانە: مام ئەسکەندەر. هەر لەو کاتەدا من لەگەڵ مەفرەزەیەك لەناو شاری سلێمانی بووم بە هێرشەکەم زانی‌و گەڕامەوە. بۆ ئەم شەڕە هێزەکانی (نەتەوە یەکگرتووەکان) تەدەخولی کردوو شەڕی وەستاندو پارتی‌و یەکێتی ئینسحابیان کرد، پاشان هاتنەوە بنکەکانی خۆیان. هەر ئەم بنکەیە بووە هۆی یارمەتی بۆ راپەڕین لەگەڵ بنکەی دۆڵەناو لای شاخی سوورێن کە بەزووترین کات بگەینە ناو شارەکان‌و پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر بکەین.

- بە شێوەیەکی گشتی دووانەکەوتین لەوەی کە پێمان بکرێ لەو کاتە دژوارەدا کە بۆ شیوعییەکان بە راستی دژوار بوو کە هیچ دەوڵەتێك دۆستمان نەبوو زۆر ئیشمان بە ئازایەتی‌و دیبلۆماسییەت‌و کاری پەیوەندی هەبوو. لە سەروبەندی ئەوەی کە لەگەڵ هاوڕێ حەمە رەشیددا ئیستیتلاعمان دەکرد بۆ دۆزینەوەی بنکەیەك، هەواڵمان زانی کە سێ هاوڕێمان (عبدالله مامە- حەمە سەعید — مامۆستا مەحمود) چوون بە پیر هێزێکمانەوە لە گەرمیان + قەرەداغ لەسەر بڕیاری حزب بۆ پشوودان‌و خۆڕێکخستنەوەو بانگهێشت کراون کە مامۆستا عەلی زەنگەنە ئاماژەی پێداوە گەیشتوونەتە شارەزوور لەم سێ هاوڕێیە مامۆستا مەحمود کەوتووە بەسەر میندا‌و قاچی پەڕیوە، بۆیە هەر ئەو شەوە خۆم لەگەڵ دوو پێشمەرگەی سۆسیالیست پاش پەیوەندی بە جیهاز پێیانەوە دابەزینە شارەزوور بۆ فریاکەوتنی ئەو برینداره‌و گەیاندمانەوە ئێران کە زۆر زەحمەتی داین‌و ئەو شەوو رۆژە زۆر ماندوو بووین. پاش گەیشتنی هێزەکەی گەرمیان قەرەداغ هاوڕێیەکیتر بە ناوی (دەرسیم) مین لێیداو ئەویش قاچی پەڕی‌و گەیاندمانە ئێران، ئەم کاروچالاکییانەمان بە مەبەستی هەوڵدان بوو بۆ چوونە ناو جەماوەری حزب‌و شارەکان‌و زۆر جێی رێزی حزب بوو کە گۆشەگیر نەبووین‌و حەزمان نەدەکرد لە کونجی بارەگاکان‌و ئاوارەیی‌و ئۆردوگا بمێنینەوە کە چەندین جار داوامان لێکرا بۆ پشوو یان خوێندن بچینە دەرەوەی وڵات، بەڵام ئێمە رەتمان کردەوە.

★ ★

**هەروەها (هاوڕێ د.هۆشەنگ - مەغدید باباعەلی) بەمجۆرە باسی هەندێ لایەنی شاراوەی رۆژە سەختەکانی دوای ئەنفالی کرد:**

لەگەڵ شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان‌و رەشبگیرو زیندە بەچاڵ کردنی زۆربەی زۆری گوندنشینانی کوردستان کە بەنزیکەی (١٨٢) هەزار کەس دەخەمڵێنرێ، هەروەها سووتماککردنی خاکی کوردستان بە وێرانکردنی گوندەکانەوە کە زیاتر لە (٤٥٠٠) گوندی کوردستان بوو. ئەمانەو پەیتا پەیتا هێزی دوژمن هێرشی دەهێناو زیاتر تەنگی بە پێشمەرگە هەڵدەچنی، بە جۆرێك جەماوەری ناوچە ئازادکراوەکان‌و گوندنشینەکانی تووشی رۆژی حەشرو سەرلێشێواوی کردبوو، ئەوەبوو لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوون‌و دەرفەتی دەربازبوون زۆر کەم بووبۆوە، چ جای منداڵ‌و ژن‌و پیر کە زۆر بە ناچاری پەنایان بۆ جاشەکان دەبردو ئەوانیش تەسلیمی ئاغا بەعسییەکانیان دەکردن‌و رووەو چارەنووسی نادیارو بیابان‌و گۆڕی بە کۆمەڵ راپێچ دەکران. هەر بۆیە ناکرا (پ.م) بەو هێزە گەورەیەی پێشووی بمێنێتەوە، بۆیە بڕیاری پاشەکشە درا بۆ سنوورەکان، بەشێکیش لەو هێزە وەکو دەستەی پارتیزانی مایەوە، لە ناوچەکانی (خۆشناوەتی‌و پشدەرو دەشتی هەولێرو شوان‌و ناوچەکانی گەرمیان‌و قەرەداغ‌و جافایەتی)، مەفرەزەکانی (پ.م)ی شیوعی دەستی بە پارتیزانی کرد، بە هەمان شێوە پێشمەرگەی لایەنەکانی تر، بە تایبەتی مەفرەزەکانی (ی.ن.ك). لە زۆربەی ناوچەکاندا دەستکرا بە پارتیزانی.

هەر ئەم دەستە پارتیزانانەش بوو کە بوونە گەورەترین کۆسپ لە پێش بەعسییە خوێنڕێژەکان بە جۆرێك کە نەتوانن ئەو تێکشکانە سەربازی‌و مەعنەوییە بە هەرەسی یەکجاری شۆڕش لە قەڵەم بدەن، ئەوەبوو سەربازێکی زۆریان لە بەرەکانی شەڕی ئێران — عێراق کێشایەوەو بە هاوکاری جاشە خۆفرۆشەکان خرانەگەڕ بۆ کێومالکردنی ناوچەو حەشارگەکانی پێشمەرگە بە بەردەوامی، بە جۆرێك کە رەتڵی سەربازەکان بە پانایی چەند کیلۆمەترێك دەکەوتنە پشکنین‌و کێومالکردن.

لە راستیدا لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا ژیانمان بەسەر دەبرد، زۆر بە کەمی مەفرەزە پارتیزانەکان ئاگاداری یەکدی بووین، هەرچەندە جارجارە پەیوەندیمان لە رێگەی ئامێری هۆکی تۆکییەوە بۆ دابین دەکرا، بەڵام لەبەر کەمی مەداکەی ئەمە ئاسان نەبوو، بگرە ئێمە وەکو مەفرەزەی پارتیزانی (شوان‌و بتوێن)ی حزبی شیوعی پەیوەندیمان زیاتر لە رێگەی چوارقوڕنەوە بە شارەوە هەبوو، ئەویش لە رێگەی هاوڕێیان (خدر گۆمانی‌و مام رەفیق‌و جەوهەری کوڕی‌و شەهید مامۆستا

ئەمین‌و برایمی مێوژەیی‌و هەندێ هاوڕێی تر کە رەنگە من ناوەکانیان نەزانم)، ئەو هاوڕێ دڵسۆزانە توانیان لەو بارە خراپەدا کە رژێم‌و دەزگا جاسوسییەکەی لە هەڕەتی پەلامارو توندوتیژیدا بوون، لە برسێتی کوشندە رزگارمان بکەن‌و ئازووقەو پۆستەو پێداویستی تر بۆ دەستە پارتیزانییەکەمان دابین بکەن، هەروەها هاوڕێ (عارف) کە بەرپرسی حزبی بوو و لەناو رانیە حەشار درابوو، بەردەوام پۆستەی لە رێگەی خدر گۆمانییەوە بۆ دەناردین، ماڵی (ئەحمەدی حاجی نادر)یش بنکەو پەناگەمان بوو، کاتێك سەردانی شارمان دەکرد، لەلایەکی تر لەلایەن (سەعید سارتکەیی‌و مام مەلای باوکی‌و کاکە حەمەی بۆڵقامیش‌و شەهید سنوور) لە ئۆردوگای پیرەمەگروونەوە یارمەتی دەدراین. هەروەها لە رێکخستنەکانی شارەوە بە هەمان شێوە یارمەتی‌و ئازووقە بۆ مەفرەزە پارتیزانەکانی تری ناوچەکانی دی دەنێردرا، شەهید ملازم شێرزادو هاوڕێکانی دەستەکەی بەردەوام دەچوونە ناو کۆیەو لەلای دۆستێك (مام جومعە) لە گەڕەکی ئیسکان کۆمەك‌و پۆستەیان پێدەگەیشت، بگرە بەشێك لەو مەفرەزانەیان لەناو رێکخستنەکانی شاردا قایم‌و حەشاردا، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی‌و هەولێرو ئۆردوگا زۆرەملێکان. بەشێك لە دەستە پارتیزانەکانیش بەردەوامبوون لە مانەوە تا راپەڕینی بەهاری ١٩٩١.

دەستە پارتیزانییەکەمان (مەفرەزەی شوان) کە مام جوامێر بەرپرس‌و هەڵکەوت یاریدەدەری بوو، پێکهاتبوو لە (شەهید هۆگر کە ئەنفال کرا- د.هۆشەنگ- ئاسۆ- شەهید شاڵاو- حەمە رەشاش).

رێکەوتی (١٩٨٨/٨/٢٧) بوو لە چیای (هەورێ)وە کەوتینە رێ بە جەولەیەکی دوورو درێژو پڕ لە مەترسی رووەو ئاوەگردو پاشان بەرەو هەڵەتی داربەسەرو لەوێوە بۆ سماقەو بەستی شەرغە.

لەو ناوچەیەشدا خۆم وەکو رێناسێك دەهاتە پێشچاو بەهۆی ئەوەی لە ساڵانی (١٩٨١- ١٩٨٢) بەندە پێشمەرگەی یەکێتی بووم‌و ئەو ناوچەیەمان بست بە بست دەکێلا، پاش ئەوەی دەستە پارتیزانیبەکەمان ئەو بەستە دوورو درێژەی بڕی، لە راستی گوندی (شەیتان‌و سارتك)ەوە لە زێ پەڕینەوە، پێموایە لە راستێك کە ئاوەکە (بڕ) بوو، بەو شەوەو لەو شاڵاوی تەنیاییەدا لە هەڕەشەی شەپۆلی رووبارەکە رزگارمان بوو، بە جلی تەڕو بەو شەوە ساردە لەناو (دارو پەرکی) دەمزێدا بە سکی برسی‌و بەبێ ئاگرو سەرپۆش شەومان بە رۆژەوە گرێ دەدا. پاشان بەرەو گوندی (عەمدون‌و حەسەن قەپاغ) رۆیشتین‌و لە جادەی شیوەسوور پەڕینەوە بەرەو (هەردەی کەلەکەمردوو و ماسقەلان).

لەو شوێنەو لە هەڕەتی شاڵاوی ئەنفالی بەدناودا، هاوارو فیغانی سەدان خێزانی سەرلێشێواو لە ناخەوە ویژدانی کڵپەسەندووی پێشمەرگەی ئازار دەداو نائومێدانە رووەو مەرگ ماڵئاواییمان لەیەکتر دەکرد.

ئینجا رووەو ناوچەی باوەفەتی‌و دەوروبەری چەمچەماڵ، بە جۆرێك دەیان میلمان دەبڕی بەدوای لەپێ ئاردی شاراوە، نووزەمان لێبڕابوو و ئاردو خواردنمان چنگ نەدەکەوت، بۆیە پەنامان بردە بەر ئەو بڕە گوڵەگەنمەی خۆمانیش نەمانزانی چۆن لەناو پەرێزدا دەستمان کەوت‌و کولاندمان، ئەوەبوو هەر لەو کاتەدا سێ پێشمەرگەی گەرمیان (شەهید مامۆستا ئەنوەرو شەهید ئەبو ڤیان‌و سیروان) خۆیان گەیاندە ئێمەو یارمەتیمان دان تاوەکو لە جادەی چەمچەماڵ پەڕینەوە رووەو دەستە پارتیزانەکانی گەرمیان. لەلایەکی تریشەوە دەستە پارتیزانەکانی (شەقڵاوەو مەسیف‌و حەریرو هەورێ) لە جەولەدا بوون‌و کەموکورت دەنگوباسیان دەبیسترا.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك لە پارتیزانی‌و بێدەرەتانی پێشمەرگە، بە جۆرێك کە قەڵەم لە ئاستی وەسفکردنی شەرمەزارە، نەخۆشی پێشمەرگەو رێنمایی حزب بۆ کەمکردنەوەی ئەو هێزانە، ئەوەبوو هەندێك لە پێشمەرگە پارتیزانەکان پاش ماڵئاوایی دەگەڕانەوە شار، بەگشتیش مەفرەزەکان روو لە کەمی بوون‌و بەشێك لە پێشمەرگە پارتیزانەکان بە ناچاری خۆیان لە شاردا بزر دەکرد.

دەستە پارتیزانییەکەمان بەردەوام بوو لە جەولەو بەرەو (ئەسکەندەربەگی) هەڵکشاین‌و لەوێوە بەرەو (بۆڵقامیش)و لە ئەشکەوتەکەیدا هەندێك ئاردمان دەستکەوت‌و لەوێوە بەرەو (چەمی دووئاوان) رۆیشتین، لەبن لووتی مۆڵگەی جاشەکان بە رۆژ ماینەوە، پاشان لە زێ پەڕینەوە بۆ گوندی (قازبەگیان)ی دەشتی کۆیەو چووینە ئەشکەوتی (شەیتان باژێڕ)و بە شاخی (کەلکەسماق)دا شۆڕبووینەوە بۆ (خەلەکان)و پاشان بەرەو چیای کۆسرەت سەرکەوتین، لەوێوەش بۆ ئەشکەوتی (کانی ئەسپان)، کاتێك حەمە رەشاش زۆر نەخۆش بوو گرانەتا هێزی لێبڕیبوو چەند رۆژێك لەسەر کانییەکە ماینەوەو لەگەڵ سەگە لێقەوماوو دەربەدەرەکانی سەر کانییەکە پێشبڕکێی راوە بۆق‌و خواردنی بووین، ئەویش سەرەتای مانگی (١٩٨٨/١١)

بوو، واتە ئەم جەولەیەمان نزیکەی سێ مانگی خایاند، لەو ماوەیەشدا لە چاوشارکێی بەردەوامو جەولەی دوورودرێژدا بووین بۆ سەرلێشێواندنی دوژمن.

ئەوەبوو هەر لەوێش بە پێی مەوعید لەگەڵ دەستەی (بتوێن) یەکمان گرتەوە کە ملازم کەریم (کفاح- نووسەری ئەم رۆمانە) سەرپەرشتیاری دەستەکە بوو، پێکهاتبوون لە (شەهید چالاك- بەختیارە رەش- هەرێم).

واتە ئەو دوو دەستەیە تێکەڵ بووین، لە ترسی سەرمای زستان لە (١٩٨٨/١١/١٦) لە (کانی شەهیدان)ی کۆسرەت کەپرو خێمەی نایلۆن (کوخ)مان دروست کرد. لە راستیدا دەستەیەکی پارتیزانی یەکێتی کە (سەید حیکمەت) بەرپرسی بوو و شەهید کاوەو زیرەكو چەند (پ.م) تریان لە گەڵدابوو، لە نزیك ئێمەوە لە ئەشکەوتێکدا بنکەیان دامەزراندبوو، چەند جارێك سەردانیو یارمەتی یەکدیماندا.

بەفرێکی زۆر لەو چیایە کەوتبوو و خێمەکەمان بە تەواوی بەفر داپۆشیبوو، شەوانە هەڵاوی هەناسەمان دەیبەستو دەبووە چلوورەو بە سەرسەرماندا شۆڕدەبۆوە، سەرما تینی بۆ هێنابووین، هەرچۆنێ بوو زستانەکەمان لە (کانی شەهیدان) لەناو ئەو تاشە بەردو بەفرو سەرماو رەهێڵەیەدا بەسەربرد. لەو ماوەیەدا چەند جارێك مام جوامێرو شەهید چالاكو هەرێمو هەڵکەوت بە جیا سەردانی چوارقوڕنەیان دەکردو هەر لەوێوە ماوە ماوە خواردنیان بە بەلەمدا بۆ دەناردینو لە راستی دەراوی (ئالیقەو ژووشکە) بەشەو پێمان دەگەیشتو لە دەم بەحرەوەکەوە دەماندا بە کۆڵماندا، سەرباری چەكو تاخمی پڕ فیشەك، هێور هێور بەرەو حەشارگەکەمان لە چیای کۆسرەت سەرماندەخست.

لە مانگی یەکی ١٩٨٩دا کە بەفرێکی زۆر کەوتبوو، جەولەیەکی رۆژهەڵاتی کۆیەمان کردو لە سەرمان بەو شەوە خۆمان کوتایە ناو شارۆچکەی هەرمۆتەو لەبەری لای بەرا مەسیحییەکان دابەش بووینو پاش خۆ گەرمکردنەوە نانێکی باشمان خواردو برە نانێکی باشیشیان بۆ پێچاینەوەو لەگەڵ خۆماندا بردمان، لەوێوەش بۆلای دەستەی کۆیە کە بنکەکەیان لە مێرگەکانی رووبەڕووی سماقوولی بوو رۆیشتین، دوای ئەوەی چەند رۆژێك لەوێ پشووماندا گەڕاینەوە بنکەکانی چیای کۆسرەت.

هەر لە چیای کۆسرەتدا جگە لەوەی رۆژانە پێشمەرگەمان دەردەچوو بۆ چاودێریو دەوروبەری بنکەکان، جارناجاریش دوای عەسر بەرەو چناران شۆڕدەبووینەوەو هەندێ هەنارو میوەی قەد دارەکانمان چنگ دەکەوتو لەگەڵ خۆماندا دەمانهێناوە بۆ بنکەکەمان، ئەمەش زۆر مەترسیدار بوو، چونکە جاشی رەبیبەکانی ئەو دەوروبەرەش بەهەمان شێوە، بەڵام زیاتر بەیانیان بۆ ناو باخەکان دەردەچوون. بەو جۆرە ماینەوە، تاوەکو لە (١٩٨٩/٣/٥) کاتێك سەربازو جاشێکی زۆری (قاسم ئاغای) خۆفرۆشو تاوانباریش بە پشتیوانی کۆپتەر لەگەڵ تاریکوڕوونی بەیاندا دەورەیان داینو دراینە بەر دەستڕێژی گوللە، ئەو کاتە دەستەی (کۆیە)ش کە (شەهید ملازم شێرزاد — لە کاتی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە کەلی سێکانی نزیك شاری کەرکوك شەهید بووە) سەرپەرشتی دەکردو خەسرەو یاریدەدەری بوو، لەم پێشمەرگانە پێکهاتبوون: (شەهید جەنگی، شەهید رێباز، خەسرەو، کوردە، کامەران، دڵشادو شاخەوان شیواشۆکی) لەلامان بوون، ئەوەبوو پاش شەڕو پەلامارێکی زۆری دوژمن، کە بە شەڕی پارتیزانەکانی کۆسرەت ناوبراوەو (فلیمەکەی لە راپەڕینی ١٩٩١دا بەردەستی حزبی شیوعی کەوتووە)، پاش شەڕێکی قارەمانانە کە تیایدا جەنگیو رێباز لە هەموو لایەکەوە دەستڕێژیان بۆ دەکرا، زیاتر لە دوو کاتژمێر بەرگریو شەڕی مانونەمان بە بریندراری کەوتنە دەست جاشەکانی رژێمو لە فلیمەکەدا هەردووکیان بە ئاشکرا نیشان دەدرێن کە لەو کاتەدا شەپۆل لە گیاندانداییەو رێبازیش بە بریندراری کەوتووەو موقەدەمێكو کۆمەڵە جاشێك دەورەیانداوەو پرسیاری لێدەکەن، پاشان سواری کۆپتەریان دەکەنو بەرەو سەربازگەی دوکانیان دەبەنو لەوێ گوللەبارانیان دەکەن. بەڵام هەرێم کە خۆی دەدا بەدەستەوەو تەسلیم دەبێ، رەوانەی بەندیخانەی دەکەنو پاشان بەر لێبوردن دەکەوێتو ئازاد دەکرێت. ئاسۆو خەسرەویش پاش دەستکردنەوەی دەستەو یەخە بە بریندراری دەربازبوون، پاش کشانەوەی هێزی دوژمن بۆ ئێوارە توانیمان بەشێك لە مەفرەزەکە یەکبگرینەوەو رووەو ئەشکەوتێکی تر کە لە پشت گوندی (شیواشان) بوو دوور بکەوینەوەو ئاسۆی بریندار لەوێ حەشار بدەین، ئەوەبوو پاش ئەم پەلامارە هیچ پەیوەندییەکمان بە شارەوە نەما، وەلێ دەبوایە لەبن ئەرزیش بێت بژێوی خۆمان پەیدا بکەین!، هەر بۆ شەوی دواتر دوو هاوڕێمان (هەڵکەوتو کامەران) بەرەو گوندی (قەسرۆك) سەرجادەی ئیزۆپ- رانیە رۆیشتن، ئاشکراشە کە ئەگەر گوندێکی سەر جادەو رێگاوبان مابێتەوەو لە

رووخان دەربازی بووبێ ئەوە گومانی تێدا نییە کە زۆربەی خەڵکەکەی —نەك هەموویان- سەربە جاشو رژێم بوون، بەڵام لەلای دۆستێکمان (مام جومعە رۆستەم حاجی) برێك نانو خواردنو دوو جووت پێڵاویان دەستکەوتو زۆر بە پەلە لە گوند دەرچوونو گەڕانەوە لامان، لەبەر کەمی خواردن پاش دوو سێ رۆژ لەبەر کەمی خواردن پەرتەمان لێکردو تەنها (٣ پ.م) بە دیار ئاسۆی برینداروە ماینەوە، جارجارە لەبەر بێخواردنی ئەم سێ کەسە پەنامان بۆ شوانەکانی ئەو ناوچەیە دەبرد، (کە زۆریش لێمانەوە دووربوونو ئەوانیش هەندێکیان دەستیان لەگەڵ جاشدا هەبوو)، دوای (١٤) رۆژ لە شەڕەکەی کانی شەهیدان، واتە لە ١٩٨٩/٣/١٩ دوو لە شوانەکان (سەرکەوتو جومعە)ی خائین زۆر نامەردانە هێزێکی گەورەی جاشیان هێنایە سەر رێگەی هاورێیان (هەڵکەوتو چالاك)و لەبەر رۆشنایی تریفەی مانگەشەودا خستیاننە بۆسەی جاشەکانەوە، لە ئەنجامی کەمینەکەدا چالاك شەهید بوو هەڵکەوتیش بە شەڕو دەسرێژو بە هەرحاڵێك بوو بە برینداری خۆی دەرباز کردو گەیشتەوە لامان، پاش ئەوە چەند رۆژێك جاشەکان لە کەنار دەریاچەکە مانەوەو مۆڵگەیان دامەزراند، شەوی نەورۆزیش بە یادو سۆزو بێبەری بوون لێی ئاگری نەورۆزیان داگیرساند. ئەو سێ پێشمەرگە دابڕاوو برینداره ماوەی نزیکەی (٢٠) رۆژی تر لە حەشارگەو ئەشکەوتدا بەبێ خواردن ماینەوە، (تەنها ئومێدمان نزیکی دووسێ کیلۆ برنجی شاراوەو کەنگر بوو). لەو ماوەیەدا دەبوایە بە هەر باجێك بێت بیانپارێزم، تا ئەوکاتەی هەڵکەوتو ئاسۆ برینەکەیان تا رادەیەك بەرەو باشی دەچوو تا رادەیەك توانای رێکردنیان هەبوو، شەوی ١٩٨٩/٤/٨ لە ئەشکەوتەکە هەرسێکمان دابەزیبووینە خوارەوەو چووبووینە سەر ئەو جۆگە ئاوەی کە بە خوار ئەشکەوتەکەوە تێدەپەڕی لەناکاو گوێمان لە فیکە بوو کاتێ بەترسەوە سەرنجماندا مام جوامێرو حەمەو بەختیار بوون بۆ سۆراخی ئێمە هاتبوون، بەمەش بە یەکجار شاد بووینەوە، پاش پشوویەکی کەم، بۆ لای بەشێکیتری دەستە هاوبەشەکەی شوانو بتوێنو کۆیە بەرێکەوتین، لەبەری باواجیو لە گوندی (قورتەلاس) یەکمانگرتەوەو چەند رۆژێکیش لەوێ ماینەوە.

جگە لەمانەش دەوروبەری مانگی (شوباتی ١٩٨٩) کاتێك دەستەی کۆیە بەشەو دەچنە ناو گەڕەکی جەمعییەی شاری کۆیەوە، رژێم بۆ رۆژی دوایی هەندێك لە ماڵەکانی ئەم گەڕەکە خاپوور دەکاتو کۆمەڵێك کەسیشیان لێدەسگیر دەکاتو بۆ چەندین رۆژیش ئابلۆقە دەخاتەسەر دانیشتوانەکەی.

هەروەها دەستەیەکی پێشمەرگەی شاردراوەی ناو شاری کۆیە کە (٣)پێشمەرگە بوون: (شەهید رەوەند — فازل رەشید-و شەهید لوقمانو شەهید جووتیار)، لە گەڕانەوەیاندا بۆ بارەگاکانی سەرسنوور لە گوندی (گردجان) دەکەونە کەمینی جاشەکانەوەو دووانیان هەرلەوێ شەهید دەبنو (شەهید رەوەند)یش پاش ئەوەی بە برینداری دەسگیر دەکرێت، دوای هەفتەیەك، واتە لە (١٩٨٩/٣/١٩) شەهیدی دەکەن.

جێی ئاماژەیە کە بەهۆی زیادەڕۆیی لە پاراستنی نهێنیو کەمئەزموونی، زۆر بێئاگایانە لەگەڵ رووداوەکان هەڵسوکەوتمان دەکرد، تەنانەت چەند گوێ قوڵاغیش بووینایە نەماندەتوانی زانیاری پێویست لەمەڕ چارەنووسی نادیاری خۆمان دەستبکەوێت، هەر بۆیە جارناجار دەنگی ناڕەزاییمان دەربارەی شاراوەیی لە ئامانجی پارتیزانییەکەو خۆدانەدەستی رۆژگارەوە بەرز دەبۆوە، لە کاتێکدا دەبوایە هەر تاکێکی ئێمە لەم جەنجاڵی کوشتنو بڕینو سوتماکەی خاکداو لە دەستەیەکی (٨-٩) کەسیدا هەموو زانیارییەکی پێویست دەربارەی دەستەکانی شارو دەستە پارتیزانەکانی ناوچەکانی دیو هەرجموجۆڵێکیتر لەلایەن بەرپرسەکانمانەوە بخرایەتە بەردەستمانو لە هیچ تەنگانەیەکدا دانەماینایەو هەمیشە بۆ بەرپەرچدانەوەی پێشهاتەکان بەرچاوڕوون بووینایە، کەچی نەك هەر ئەوە، بەڵکو بەبێ راوپرسی تاکەکانی دەستە پارتیزانییەکە (صالح) ناوێك بە ئیلحاحی رێکخستنی چوارقورنە نێردرا بۆمانو پاش ئەوەی زیاتر لە مانگێك لە بنکەکەمان مایەوەو نەیتوانی لەوێ زەفەرمان پێبات، ئەوەبوو زانیاری تەواوی لەسەر مەفرەزە پارتیزانەکەمان کۆکردەوەو خۆی گەیاندەو ە لای دوژمنی خوێنرێژ، زانیارییەکانی رۆڵی کاریگەری بینی لە هێرشکردنە سەرمان لە کانی شەهیدانو گەمارۆدانمان لە کۆسرەت. هەرچەندە ملازم کەریم لە چەند شوێنێکی کتێبەکەی (راونراوەکان)دا بە راشکاوانە ئاماژە بە کەمتەرخەمییەکان دەکاتو دەیخاتە ئەستۆی خۆیو مام جوامێر.

پاش ئەم رووداوە تاڵانە، ئەوەبوو ئاگاداری (دەستەی پارتیزانی هەورێ) کرایەوە کە (موحسین یاسین) بەرپرسو (جاسم خەیلانی) جێگری بوو لەگەڵ چوار پێشمەرگەی تر کە بریتی بوون لە (کوردۆی خۆشناوەتیو دەشتیو سەلامو

سەنگەر بیرێژی) بەرەو لامان بەڕێکەوتن‌و لە ناوچەی دۆڵی سماقولی یەکمان گرتەوەو پاش دابڕانێکی زۆر بە یەکتر شادبووینەوە. بە رێکەوتین بۆ بنکەکەیان لە چیای (هەورێ)و لەوێش پشوویەکی چەند رۆژیماندا، پاشان لەگەڵ (ئەبو راستی) لە ناوچەی (بتوێن) نزیك کلکەو تیشە شاخی (خەلیفە) لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا تووشی یەکتر بووین‌و ماوەی یەکدوو رۆژ لەوێ بە یارمەتی (حاجی مستەفا) کە مەڕداربوو لەو بنارە حەشاردراین، دوای ئەوەی (دەستەیەکی پارتیزانی شار) لە شارەوە خۆیان گەیاندە لامان، ئینجا دوای ماوەیەك بە یارمەتی شەهید (محەمەد حەلاق‌و هەمزە سوور‌و بێستوونی سابیر حەلوا) کە پێشمەرگەی لقی پشدەر بوون‌و لەلایەن سەرکردایەتییەوە بۆ چاوساغی‌و دەربازکردنمان نێردرابوون، بەشەو بەو دەشتەی حاجیاوەیەدا بە رێنیشاندەریی (حوسێن ماخۆبزنانی) بەرەو (سەرکەپکان)، بەناو جاشەکانی سواراغادا رۆیشتین‌و پاشان بەرەو کوێستانی (ماخۆ بزنان)و ئینجا بەرەو (بۆڵێ) کە مۆلگەو سەربازگەی گەورەی دوژمنی خوێنرێژی لێبوو، بە یارمەتی‌و هاوکاری حزبی دیموکرات لە نێویاندا ماینەوە. (جێی سەرنجە کە حزبی دیموکرات بوێرانە هەر لە سەرەتای ئەنفالەوە تاوەکو راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ بەردەوام یارمەتی پێویستی پێشمەرگەی لایەنەکانی داوە). لەوێوە بۆ (کۆیلە)و پاشان بۆ (گۆمی کرمەسوران) بە قەندیلدا سەرکەوتین. پاشان ئاودیوی کوێستانی (تاتیدوو) بووین بە دیوی کوردستانی رۆژهەڵاتدا.

بەم جۆرە لە رێکەوتی (١٩٨٩/٦/٢٦) دەستەی پارتیزانی (هەورێ) لەگەڵ دەستەی پارتیزانی (شوان‌و کۆیەو بتوێن‌و بەشێك لە دەستەکانی شار) بەیەکەوە گەڕاینەوە بارەگاکانی سەر سنوور لە کوێستانی (گوێزێ‌و دۆڵەکۆگەو ناوزەنگ‌و نۆکان). کۆتایی بەو بەشەی دەستە پارتیزانییەکەمان هات.

هەروەها چەند هاوڕێیەکیتر لەوانە: شەهید سەعدون‌و ئەبو فاروق‌و ئەبو یەسارو جەلال دەباغ‌و دایکی بەهارو عەلی زەنگەنەو پەروین‌و کەمال زەهاوی‌و مامۆستا قادرو هۆگرو مولازم ئازادو خێزانەکەی‌و هیوارەش‌و ئەحمەد شاهین‌و لەلایەکی دیکەشەوە هاوڕێیان (ئەسعەدو د.فەرهادو کفاح‌و ئەبو زاهیرو سەربازو حەیدەرو شەهید رزگار خانەقینی‌و هەڵکەوتی مام عەلی‌و چەندین کادیریتر) کە بەداخ‌و لێبووردنەوە ناویان لێرەدا نەهاتووە بەردەوام بوون لە خەباتی پارتیزانی شاخ‌و شار. ئەوەی ئاشکراشە مام جوامێرو هەڵکەوت‌و سەلیمەسوورو هەمزەسوورو موحسین یاسین‌و جاسم خەیلانی‌و ئەبو راستی‌و چەندین کادیریتر کە بە داخ‌و لێبوردنەوە ناویان لێرەدا نەهاتووە....... لەگەڵ چەند پێشمەرگەیتردا ناوبەناو جەولەی ناوچەکانی خۆشناوەتی‌و شوان‌و بتوێن‌و سەنگەسەریان دەکردو بەردەوام بوون تاوەکو راپەڕینی بەهاری ١٩٩١.

★ ★

**هاوڕێ (کوردۆ خۆشناوەتی- تاهیر ساڵح)یش کە یەکێك بوو لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی دەستەی (هەورێ)و خەڵکی گوندی ئیلنجاغی بچووکی سەربە ناحیەی قوشتەپە بوو، سەبارەت بە رۆژانی سەختی دوای ئەنفال‌و گیانی بەرگری‌و بەرخودانی پێشمەرگە تێکۆشەرە پارتیزانەکان وتی:**

ناوچەی خۆشناوەتی، نەك هەر تەنها هێڵی پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگە بوو بۆ سەر سنوورەکان، بەڵکو بە هۆی هەڵکەوتی سرووشتە شاخاوییەکەی‌و خۆڕاگریی جەماوەرەکەی ببووە دواگۆڕەپانی بەرگری‌و مەنزڵگای دوابڕیاری چارەنووسسازی سیاسی، بۆیە لەدوابڕیاری کۆمەڵێك لە دەستەبژێرانی کادیرو پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لەم ناوچەیەدا، بەوە کۆتایی هات کە بۆ سەرمەرزی ئێران پاشەکشە نەکەن‌و لەگەڵ مەرگ‌و رژێمی ئەنفالدا هەردەم مۆتەکەی سەرسینگی یەکبن.

ئێمە لە سەرەتاوە ژمارەمان زۆر بوو، بەڵام دواتر بڕیاردرا کە بەشێکیان کارئاسانییان بۆ بکرێ‌و لە شارەکان درێژە بە کاری حیزبی بدەن، هەر واش بوو، بەزووترین کات لە رێگای رێکخستنەکانی شارەوە چەند دەستەیەك رەوانەی شار کرانەوە، ئەوەی مایەوە (١٠)پێشمەرگەی خۆکوژی خۆڕاگر بووین‌و بە دەستەی پارتیزانیی (هەورێ) ناسراین‌و بریتی بووین لە هاوڕێیان:

١- محسين ياسين: فەرماندەی دەستەکەبوو، خەڵکی (گەڕەشێخان)ی سەربە ناحیەی قوشتەپەبوو، کادیرێکی سیاسی-سەربازی لێهاتووی حزبی شیوعی عێراق بوو، لەسەرجەم وەرچەرخانەکاندا رۆڵی کاراو بەرچاوی هەبووە.

٢- ئەبو ڕاستی (ئەحمەد کەریم): خەڵکی (هەمزەکۆر)ی سەربەناحیەی قوشتەپە بوو، یەکێك بوو لەو کادیرە لێهاتووانەی حزبی شیوعی کە کوڕی رۆژەسەختەکانی شاروشاخ بوو، وەکو کادیرێکی پارتیزان لەگەڵ دەستەکەدا بوو.

٣- مام رەسوڵ بناوی: خەڵکی گوندی (بناوی) سەربە ناحیەی خەلیفان بوو، کادیرێکی جووتیاریی دۆڵی بالیسانو ناوچەی خۆشناوەتی بوو، بە تەمەن بەناوساڵ کەوتوو، بەڵام گورجو گۆڵو چاوساغو پسپۆرێکی پارتیزانی بوو.

٤- جاسم خەیلانی: لە دایکبووی گوندی (تۆبزاوە)ی سەربەناحیەی (کەڵەکی یاسین ئاغا) بوو. پێشمەرگەیەکی لێهاتووو جەربەزە بوو.

٥- سەنگەر بیرێژی (ئیبراهیم مستەفا): خەڵکی گوندی (بیرێژی) سەربە ناحیەی مەسیف سەلاحەدین بوو، پێشمەرگەیەکی چاوساغو قارەمانو چالاك بوو.

٦- دەشتی (جەبار عەبدوڵڵا): خەڵکی گوندی (عارەبکەند)ی سەربە ناحیەی قوشتەپە بوو، پێشمەرگەیەکی ئازاو بەرچاوی دەستەکە بوو.

٧- رەنجبەر (سەرباز یاسین): خەڵکی گوندی (عەزە)ی نزیك هەولێر بوو، پێشمەرگەیەکی وردیلانەو خۆشەویستو ئازای دەستەکە بوو، لەبەر خۆشەویستی پێی دەوترا (رەنجۆ).

٨- سەلام (سەلام ئیسماعیل محەمەد): خەڵکی گوندی (یارمجە)ی سەربە ناحیەی (کەڵەکی یاسین ئاغا) بوو، پێشمەرگەیەکی رۆحسووكو قارەمانی دەستەکە بوو.

٩- دیار (شوان رەحمان کەژۆ): یەکێك بوو لەپێشمەرگە دەم بەبزەو خەندەکانی دەستەکەمانو هەستێکی ناسكو شاعیرانەی هەبوو.

ئێمە کاتێك بڕیاری مانەوەماندا وەکو دەستەیەکی پارتیزان، هەر سووچێکی ئەم کوردستانەو هەر تەپۆڵکەو بەرزاییو پێدەشتێکت دەدیت بە مۆڵگەو رەبایەی رژێم تەنرابوو، جگە لەمانەش ناوەناوە کێومالّی ناوچەکانیان دەکردو گوندە وێرانکراوەکانیان بە دەمی شۆفەڵو زنجیری دەبابە دووبارەو چەند بارە دەشێلایەوە.

سەرەڕای ئەمانەش بە هۆی چالاکیو جەربەزەیی دەستەکەمانو بە پشت بەستن بە نانەڕەقی کۆڵەپشتەکانمانو نییەتی بەیەکەوە مردنو ژیانمان لەگەڵ جەماوەردا، لە سەرجەم ناوچەکاندا ئامادەییمان هەبوو، هەست بە بوونمان دەکرا، دەبێ بوترێ کە پەیوەندییەکی زۆر تۆکمەو سنووردارمان لەگەڵ رێکخستنو دەستەکانی شاردا هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە لەهەر ناوچەیەك بەهەمان شێوە پەیوەندییەکی باوەڕ پێککراومان لەگەڵ جەماوەر دا هەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە جەماوەر زۆر سڵیان لە پێشمەرگە دەکردەوە، بەڵام کاتێ دەیانزانی پێشمەرگەی شیوعین دڵنیا دەبوونو ترسیان دەڕەوییەوە.

پێویستە ئەوەش بوترێ کە لە ناوچەی خۆشناوەتیو شانبەشانی دەستەکەی ئێمە، دەستەیەکی (ینك)یش لەگەڵ شەهید (رێباز) بوون لەم ناوچەیە مابوونەوە، بەڵام بەهۆی نالەباری رەوشەکەو نەبوونی متمانە، نەمانەدەتوانی یەکتر ببینینو سوود لە یەکتر وەربگرین. هەروەها شەوێکی ساردی زستان دوای ئەوەی ترووسکاییەکمان بەدی کرد، چەند پێشمەرگەیەك بۆ لای ترووسکاییەکە کەوتینەڕێ، کاتێ لێیان نزیك کەوتینەوەو دەنگماندانو میلی چەکمان لێهێنانەوە، دەرکەوت کە دوو (پ.م) پارتی بوونو بۆ کاری رێکخستن دابەزیبوون، بەڵام بەداخەوە لەبەر ناسکی بارودۆخەکەو بێمتمانەیی نەمانوێرا بیانبەینە لای خۆمان، ئەوەبوو وەکو دەستەیەکی حزبی شیوعی رێڕەو خۆمان ناساندو جێمانهێشتن.

ئێمە ئەو دەستە پارتیزانییە (١٠) کەسییە کە بە دەستەی (هەورێ) ناسرابووین لە ناوچەکانی مەسیفو شەقڵاوەو دەشتی هەریرو کۆڕێو ئۆردووگای سەروچاوەو سکتانو دۆڵی بالیسانو مەلەکان دەماینەوە، بارەگای سەرەکیشمان لە چیای هەورێ لەسەر کانی (کەوان)، یان کانی (خڕی ئەشکەفتان)ی پشت گوندی (چیوەی سەرێ) کەپر (کووخ)مان دروست کردبوو، جگە لە چەندین ئەشکەوتو کونە ئاژەڵی کێویتر هەر لە چیای هەورێ، چەندین پەناو پەسارگەمان لە ناوچە جیاجیاکان، بەتایبەتی لە دەشتی هەریرو ناوچەی سەروچاوە ئامادە کردبوو، وەکو جێگرەوەیەکی ئاوەدانیو دێهاتەکان.

لەنێو سووتماك و بۆنی بارووت و مەرگدا شوێنگۆڕکێ و جوولەیەکی زۆر خێرامان دەگرتەبەر، گەلێ جار دەبووین بە دوو دەستەو دوای (٣-١٠) رۆژ، ئینجا یەکمان دەگرتەوە، هاوڕێ (ئەبو راستی) زۆرجار بە تەنها جەولەی دەکرد، بەمەش توانیبوومان سەر لە رژێم بشێوێنین و ئالۆزی لەنێو دەزگاکانیدا دروست بکەین.

هەقی خۆیەتی لێرەدا بۆ مێژوو ئاماژە بە رۆڵی پڕ لە سەروەری و بوێرانەی ئەو قارەمانانە بکەین کە چاونەترسانە لەو ماوەیەدا یارمەتیی دەستەکەیاندایین، لەو بەرێزانەش:

١- هاوڕێ زیرەك کەماڵ: لەناو خزمەکانییەوە، هاوکارییەکی باشی دەکردین.

٢- حاجی مستەفاو خزمەکانی: کە مەڕدارێکی گوندی (بێلەنگە) بوون لە نزیکی سەروچاوە.

٣- ماڵی هاوڕێ سەنگەر بیرێژی لە کۆڕێ.

٤- خزمانی مام رەسول بناوی لە دەشتی هەریر.

٥- زۆر کەسی خاوەن هەڵوێستیتر کە بەداخەوە ناوەکانیانم لە یاد نەماوە.

٦- شەهید محەمەد حەلاق: کە بە سەردەستەیی دەستەیەك لەسەر سنوورەوە هاتنەوە ناوچەی بتوێن و دۆڵی شاورێ و لە کاتی پاشەکشەمان بۆ سەر سنوور چاوساغییان بۆ کردین بۆ گەڕانەوەمان. لە راستیدا دەرباز بوونمان لەنێو سووتماك و مەرگی زۆر نزیك و چاوەڕوانکراودا، رێکەوتێك بوو کە ویژدان پەی پێنابات و قەڵەم شەرمەزارە لە ئاست هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەم تراژیدیایە، بۆیە لە کۆتاییدا: تەنیا دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە لەم رۆژگارە رەشەدا بە حەق حەمەدۆکەکەی یەشار کەماڵ و لە راپەڕیندا (أین الله)یەکەی مەکسیم گۆرکی بووین و لەژێر چەتری حکومەتی هەرێم و پەرلەماندا وردە وردە خامۆشکراین و کوژاینەوە.

★ ★

**هاوڕێ (محسین دەشتی) کە لەکاتی بڕیاردان لەسەر پاشەکشەکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەرسنوورو مانەوەی چەندین مەفرەزەی ئازاو جەربەزەو چۆڵنەکردنی کوردستان، لەو کۆبوونەوەیەی (هەیئەی قەزای مەرکەز) کە لە چیای هەورێ و لە کانی حاجی شێخان ئەنجامدراو لەلایەن حزبەوە وەکو رابەر سیاسی هەردوو دەستە پارتیزانییەکەی دەشتی هەولێر، بڕیاری مانەوەی درا. لە دیمانەیەکدا سەبارەت بە رۆژە سەختەکانی دوای ئەنفال وتی:**

لە دوا کۆبوونەوەی هەیئەی قەزای مەرکەز لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ لە کانی حاجی شێخان لە چیای هەورێ بڕیار درا ئێمە وەکو پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر دوو دەستە هەڵبژێرین بۆ دابەزینە ناوچەکانی خۆمان. ئەو دوو دەستەیەی دەستنیشان کران هەریەکەو لە (١٧ کەس) پێکدەهاتن و منیش رابەر سیاسی هەردوو دەستەکە بووم، کە دەستەیەکیان بە بەرپرسیارێتی هاوڕێ (ملازم هەژار)بوو، ئەوەی دووەمیشیان بە بەرپرسیارێتی هاوڕێ (ئەبو ئەحلام) بوو. لە کاتی هاتنەخوارەوەمان تووشی چەندین شەڕو هەڵوێستی ناخۆش بووین و چەند پێشمەرگەیەکیشمان لەدەستدا، بەڵام هیچ رێگەچارەیەکی دیکە نەبوو، هەر دەبوایە خەڵکانێك قوربانی بە خۆیان بدەن بۆ ئەوەی دواڕۆژ مسۆگەر بکرێ. ئەو دەستەیەی کە ئەبو ئەحلام بەرپرسیارێتی دەکرد بە منەوە (١٨) کەس بووین. ئەوانەی لە یادم ماون (دکتۆر فاخیر باغەمرەیی، هیوا خدرجیجەیی، عەریف وریا، هەڵگورد کۆزەپانکەیی، شوانە، ئەبو ئەحلام، مامۆستا سیار، هەڵوێست، .. ژمارەیەك پێشمەرگەی دیکە کە بە داخەوە ناوەکانیانم لەیاد نەماوە). لە کاموسەك و کۆلکەڕەشەوە هاتینە خوارێ، لەوێ دوو فرۆکە کیمیابارانی کردین، خۆمان فرێدایە ناو ئاوەوەو زیانمان نەبوو. لە رێڕۆیشتنێکی زۆر ناخۆش و برسێتی و تویێتیدا توانیمان خۆمان بگەیەنینە گوندە کاولکراوەکانی (قوڵتەلاس و باوەقوب) لە نزیك شەقامی گشتی هەولێر- کۆیە، بینیمان بە جەیش و جاش تەنرابوو، بەهەر حاڵێ بوو، دوای مانەوەی (٣) رۆژ بە برسێتی لەناو ئەو کەندو شیوانەی ناوچەکە کە خواردنمان قرژاڵ بوو، چونکە ناوچەکە بە تەواوی چۆڵ کرابوو، توانیمان خۆمان بگەیەنینە گوندی سۆربەشی خدرو قازیخانە لە دەشتی هەولێر کە ئەوانیش هەر چۆڵ و کاولکرابوون. بەهۆی نالەباری باری ناوچەکەوە ئەو دەستە (١٨) کەسییەشمان کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بە بەرپرسیارێتی هاوڕێ (عەریف وریا) بۆ قەرەچوغ و بەشەکەی

دیکەش بە بەرپرسیارێتی (ئەبوئەحلام) بۆ ناوچەی شەمامك. هۆکاری پەیوەندی کردنیشمان دوو جیهازی (هۆکی تۆکی) بوو.

ئەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵ ئەبو ئەحلام ماینەوە هەر زوو توانیمان لە ڕێگای دەواجنەکانی ناوچەکەوە بەتایبەتیش بۆ مێژوو دەڵێم دکتۆر یوسف مەرزانی تێکۆشەرو هەروەهل پاسەوانی دەواجنەکەیان کە ناوی کاك (مامیل) بوو بە خۆیو منداڵەکانی هاوکارییەکی باشییان دەکردین، قەت لە چاکەیان دەرناچین، چونکە ئەو کاتە رۆژگارێك بوو برا بڕوای بە برای خۆی نەبوو. جاشەکانی سلاح شینە زۆر زیرەکانە بەناوچەکەدا دەگەڕانو توانیشیان زیانمان پێبگەیەنن. هەر لەو کاتەدا ئەو دەستەیەی کە لەگەڵ ملازم هەژاردا بوون لە بەستی شەرغە تووشی شەڕ دەبنو دەستەیەك پێشمەرگە لێیان دادەبڕێنو دووسێ پێشمەرگەشیان لێ شەهید دەبێ. شەوێکیان لە دەواجنەکەی ماڵی دکتۆر یوسف مەرزانی تووشی چوار پێشمەرگەی خۆمان بووین کە لەگەڵ دەستەکەی ملازم هەژاردا بوونو لە ئەنجامی شەڕەکەوە دابڕابوون، ئەوانەش هاوڕێیان (کاوە چاوشینو کۆچەرو کۆسرەتو کرێکار) بوون. ئێمە ئەو (٩) پێشمەرگەیەی کە مابووینەوە پێکەوە، بە رۆژەوە سێ کەس سێ کەس لەو ئاقارەدا خۆمان حەشار دەداو شەوانەش لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناوشار پەیوەندیمان دەکرد کە لە ڕێگای دکتۆر یوسف مەرزانیو کەسایەتی ناسراوی ناوچەکە (شێخ عومەری هێلەوە)و سەباحو تەلعەت ماستاوەییو چەند دڵسۆزێکی دیکەوە یەکتر بینینەکان ئەنجامدەدرا، زیاتریش پەیوەندیمان بە هاوڕێ (هۆگر)ەوە هەبوو کە ئەو کاتە ئەندامی سەرکردایەتی بووو لەناو شاردا بوو، کەسێکی بوێرو قارەمان بوو. دوای ئەوەی تا دەهات ناوچەکەمان لێ بەرتەسك دەکرایەوە، ناچاربووین روو بکەینەوە ناو شار. ئەوەبوو لە ڕێگای ئەو دۆستە دڵسۆزانەی حیزبەوە یەك یەكو دوو دوو بەرەو ناو شاریان دەگواستینەوە، ئێستاش لە بیرمە (ئەبوئەحلام) چووە ناو تەنکییەکی ئاوی بەتاڵەوەو لەناو ئۆتۆمبیل دایانناو بە سەلامەتی گەیاندیانە ناو شار. ئینجا کاوە چاوشینو منیش. دەروێش کاکۆی ماستاوەییش ئەو کاتە هاوکارییەکی باشی کردین. لە دەوروبەری مانگی (١٠ی ١٩٨٨) بوو چووینە ناو شارەوەو لەوێ دەستمان بە ڕێکخستنو ئەنجامدانی ئیشوکاری حزبی کرد. لەناو شار من ناسنامەیەکی مامۆستاییم بۆ کرابوو بەناوی (سلێمان مەحموود کامیل)و هەر بەو ناسنامەیەش دەسووڕامەوە، سەرەتا شوێنێکمان لە بەرامبەر شیرنەمەنی (ئەحمەد) لە نزیك گازینۆ عەنتەر بۆ دابین کرابوو. لەوشوێنەدا منو هاوڕێ هۆگرو ئەبو ئەحلامو سیپارو هاوڕێ عەتییە کە خێزانی خۆم بوو، پێکەوە دەژیاینو بەناوی (مقاولات)ەوە ئەوێیان بۆمان دابین کردبوو. لەو رۆژگارە سەختەدا (عەتییە)ی خێزانم لەبەرئەوەی ئافرەت بووو زۆر گومانی لێنەدەکرا، زۆربەی کارەکانمان بەو رادەپەڕاند. دواتر وابزانم ئەو ژوورەیان بۆ هاوڕێ مەلا حەسەنو چەند هاوڕێیەکی دیکە چۆڵ کردو ئێمەیان گواستەوە بۆ ژوورێکیتر لە بەرامبەر هۆڵی گەل، نزیك یەکێتی مامۆستایانی ئێستا، دوو ژوور بوو، ژوورێکیان پڕ بوو لە چەکی جۆراوجۆر. رۆژێکیان هاوڕێیان (هۆگرو عەتییە) بۆ کارێکی حزبی دەرچوونو پاش ماوەیەك هاوڕێ هۆگر هاتەوە، بەڵام وتی هاوڕێ (عەتیە) جارێ نایەتەوەو بەکارێکی حزبی رۆیشتووە. هاوینی ساڵی ١٩٨٩ بوو هاوڕێیان (ئەبو عەلی شایبو ئاریو کاوە چاوشینو ئومێدی بەڕانەتیو هاوکار)یان هێنا بۆ ئەو ژوورە ئێستاش لە بیرمە چونکە لە دەشتەوە هاتبوون، هێندە چڵکن بوون، هەر لە دوورەوە دەزانرا کە ئەوانە دانیشتوانی شار نین، نازانم چۆن توانیبوویان بگەنە لامانو ئاشکرا نەبووبوون. بەو شێوەیە لە شار ماینەوە، تاکو مانگی (١٠ی ١٩٨٩) واتە ساڵێکی تەواو لەناو شاری هەولێردا ماینەوە. رۆژێکیان دوو ئۆتۆمبیل هاتنە بەردەرگای ئەو ماڵەی کە ئێمەی لێبووین لە بەرامبەر هۆڵی گەل، هەر شەشمان سواری ئۆتۆمبیلەکان بووینو بە ڕێگای کەرکوکەوە گواستمانیانەوە بۆ سلێمانی، ئێمە شەش کەس بووین، بۆ گواستنەوەمان ملازم ئەوەڵێك کە ناوی شێرزاد بوو دواتر زانیمان برای هاوڕێ هۆگربووو لە لیوای حەرەس جەمهوری بوو، هاوکارییەکی باشی کردینو هەر ئەویش ئوتێلی بۆ دابین کردین. هەفتەیەك لە سلێمانی ماینەوە، پاشان ئەو هاوڕێیانەی لەوێ بوون لە ڕێگای برادەرانی دیموکراتەوە گواسترانەوە بۆ سەنگەسەر. منیش بە تەنیا لەبەر ئەوەی بە حیساب مامۆستا بووم ئۆتۆمبیلێکم گرتو لە چوارقوڕنە چوومە ماڵی هاوڕێ مەحموود حاجی لەوێ هاوڕێیان (مەلا حەسەنو مامۆستا رەوەندو ئەبوجینان)م بینی. دواتر چوومە سەنگەسەر لە ماڵی (رەسوڵ مەلا) مامەوەو پاشان هاوڕێیانی دیەکەش هاتنو ژمارەیەکی زۆربووین لە ڕێگای برادەرانی حزبی دیموکراتی ئێران ئێمەیان گەیاندە بارەگاکانی خۆیان لە بۆڵێ، هێشتا لەوێ بووین هاوڕێیان (عەولا پۆڵاو مەلا عومەر کادیر)یش

هاتن. دواتر دەستەیەکی دیەکەمان هاتن کە هاوڕێیان (مام مەجیدو مام بایزو ئافرەتێك کە خێزانی ئەبو جینان) بوو. تا مانگی (١١ی ١٩٨٩) لە بارەگای بۆڵێی حزبی دیموکرات مامەوە وەکو پەیوەندی. دواتر بە بڕیاری حزب منیش چوومە بارەگای سونێی حزبی دیموکراتو لەوێ بە ڕێکەوت لەگەڵ هاوسەرەکەم هاوڕێ (عەتیە) پاش ماوەیەکی زۆر لێکتر دابڕان بەیەکتر شاد بووینەوە. مانگی ١٢ی ١٩٨٩) گەیشتمەوە بارەگای حزب لە ناوزەنگ. ئەو کاتەی من شاری هەولێرم جێهێشت لە مانگی (١٠ی ١٩٨٩)بە فەرمیو بە ڕاپۆرت (١٣) شانەی حزبیو (٢) لێژنەی قاعیدیو زیاتر لە (٤٠) ئەندامی تاکە کەسیم سپاردە هاوڕێیانی ناو شار. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە وەکو شیوعییەکان هەرگیز سەنگەرو گۆڕەپانەکەمان بۆ بەعسییەکان چۆڵ نەکردو بە دیبلۆماسییەتو سیاسەتی ژیرانەی شیوعییانەمان توانیمان لەناو ریزەکانی رژێمدا پێگەی خۆمان دابمەزرێنینو لەو هەلومەرجە ترسناکەدا لە بەرژەوەندی گەلو سیاسەتی حیزبدا سوودیان لێوەربگرین.

★ ★

**هاوڕێ حسێن (دڵزار)یش کە یەکێك بوو لەو پێشمەرگە قارەمانە پارتیزانانەی دەشتی هەولێرو لەگەڵ مەفرەزەکەی ملازم هەژاردا بوو، ئەویش بەمجۆرە باسی دەستەکەیانی کرد:**

ئێمە هەرچەندە سەر بە لقی قەرەچوغ بووین، بەڵام سەرەتا لەگەڵ ئەبوئەحلامو هاوڕێیانی دیکە نەچووینە خوارەوە، بەڵکو ئێمە لەگەڵ دەستەیەکی دیکەدا بووین، بەهەر حاڵێك بوو توانیمان لە راستی گوندی (کێشکێ)وە بەرەو بەستی شەرغە بپەڕینەوە کە هەمووی چۆڵو وێرانە بوو. لە بەستی شەرغە لە نزیك گوندی (بەردبڕ) کە تەنها ماڵی هاوڕێ (قادر تەها) لەوێ بوو، هاوکارییەکی باشی کردین. چەند رۆژێك لەو ناوچەیە ماینەوە. مانگی (ئەیلولی ١٩٨٨) بوو، ئێوارەیەکیان هاوڕێیان (ئیبراهیمو هەژار) بە مەبەستی چوونەناو شاری هەولێرەوە لە ئێمە جیابوونەوە، بەڵام لە رێگا کەوتبوونە کەمینی جاشەوەو هەردووکیان شەهید بوون. دوای دوو رۆژ هێزێکی زۆری رژێم لە جەیشو جاشو کۆپتەر روویان کردە ناوچەکەو لەگەڵ دەستەکەی دەشتی هەولێری حزب کە لە بناری دێدەواندا خۆیان حەشاردابوو، کەوتنە شەڕێکی نابەرابەرەوەو شەڕەکە هێندە کتوپڕو لەناکاو بوو، لە هەندێ پەنا گردو کەندوکۆسپ جاشو پێشمەرگە تێکەڵ یەکتری بووبوون، جاشەکان بانگی پێشمەرگەکانیان کردبوو کە بچن بۆ لایان، بەڵام پێشمەرگەکان وتبوویان: چ ئیشمان بەلای ئێوەیە دەچینەوە لای فەوجی خۆمان، بەوجۆرە رزگاریان بووبوو. شەوی دوایی ئێمە بۆ لای مەفرەزەکەی دیکە بەرێکەوتینو دوای ماندووبوونێکی زۆر توانیمان هاوڕێیان (ئەبو ئەحلامو محسین دەشتیو سییار بدۆزینەوەو دواتریش بچینەوە ناو شارو درێژە بەخەبات بدەین.

★ ★

**هەر سەبارەت بەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە دوای شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال بێ خۆبەدەستەوەدان لەناو شارەکاندا درێژەیان بە خەباتدا، بەڕێز هاوڕێ مولازم (ئەحمەد شاهین)مان دواند، ئەویش بەمجۆرە کەوتە ئاخافتن:**

هەر لە سەروبەندی ئەنفالدا کۆمەڵێك پێشمەرگەی قەرەچووغ لەناوچەی دەشتی هەولێر مانەوە، لەوانە شەهید برایم (بلەرەش)و شەهید (هەژار کۆزەپانکەیی) لەنێوان ئۆردوگای دارەتووو بنەسلاوە دەکەونە کەمینی جاشە خۆفرۆشەکانەوەو شەهید دەکرێن. هەر لەو ماوەیەداو لە نزیك گوندی (تەندوورەو پلێنگە)و لە کەندی شیوەسووری سەربە هەولێر هاوڕێیان (دکتۆر عادیلو کەمالو رزگار گردعازەبانیو هندرێن) دەکەونە کەمینی جاشەکانی (سەلاح شینە)ی گۆڕ بە گۆڕو دکتۆر عادیلو کەمال بە سەیارەکەوە دەسووتێنو رزگاریش بۆ رۆژی دواتر لە نزیك شوێنی کەمینەکە تەرمەکەی دەدۆزرێتەوەو هندرێنیش بە برینداری لە کەمینەکە دەرباز دەبێت. رۆژی دواتر هاوڕێیان کرمانجو سالار لە نێوان گوندی دووگردکانو سێبیران کەوتنە کەمینی جاشە خۆفرۆشەکانەوەو کرمانج شەهید دەبێو سالاریش دەرباز دەبێ.

پێشمەرگەکانی ناو شاریش کە هەڵبژاردەیەك بوون لە کادیرو پێشمەرگەی لقو بەتالیۆنە جیاجیاکانی حیزبی شیوعیو لە چوار میحوەری سەرەکییەوە گەڕابوونەوە ناوشار بەم شێوەیە:

## دەستەی یەکەم:

ئەوانەی کە لە سنووری خۆشناوەتیو لە دەستەکەی (هەورێ)وە گەڕابوونەوە ناوشار ئەم هاوڕێیانە بوون:

١- ملازم شوان.
٢- شەهید سەعدون: (لە کردەیەکی تیرۆریستی لە شارۆچکەی خالسی سەر ڕێگای بەغدا ساڵی (٢٠٠٤) شەهید کرا.
٣- هیواڕەش: (بە برینداری لە نێو شاری کەرکوکدا دەسگیر کراو حوکمدرا، پاشان بەر لێبوردنی گشتی کەوت).
٤- بەندە (ملازم ئەحمەد شاهین).
٥- ملازم رابەر.
٦- شەهید ملازم چەتۆ: (لە کارەساتە تیرۆریستییەکەی یەکی شوبات لە هەولێر شەهید کرا).
٧- هاوڕێ ئاشتی (لە هاوڕێ مەسیحییەکان بوو).
٨- هاوڕێ نازم (لە هاوڕێ مەسیحییەکان بوو).
٩- هاوڕێ مونعم کە بەرپرسی سیاسی بەتالیۆنی (٥)ی ڤاتعی هەولێر بوو.

## دەستەی دووەم:

لە کادیرو پێشمەرگەکانی ناوچەی دەشتی هەولێر پێکهاتبوون کە لەدوای شەڕێکی سەختو نابەرابەردا لەگەڵ جاشەکانی قاسم ئاغاو هێزەکانی رژێم بە پاڵپشتی نزیکەی (١٠) کۆپتەری جەنگی، کە لە شەڕەکەدا هاوڕێیان (شەهید ئارام شاهینو شەهید جووتیار چاوشین) شەهید بوون. ئەم دەستەیە دوای ئەو شەڕە لە شاری هەولێردا پێداویستییان بۆ دابین کراو گەڕانەوە ناو شار، کە ئەم هاوڕێیانە بوون:
١- ملازم هەژار. ٢- ئەبو ئەحلام. ٣- کاوە چاوشین. ٤- ئەرکان.
٥- مامۆستا سییار.

## دەستەی سێیەم:

تایبەت بوو بە دەڤەری گەرمیانو هاوڕێ مامۆستا عەلی زەنگەنە باسی کردووە.

## دەستەی چوارەم:

دەستەیەکی سەربازی بوون کە لە خودی رێکخستنەوە دیاریکرابوونو لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی کە لە شاخ گەڕابوونەوە، هاوکاریو پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەبوو، بریتی بوون لەم هاوڕێیانە:
١- مامۆستا هۆگر. ٢- مستەفا ناوپردانی. ٣- شێرزاد. ٤- فاروق (مەسیحی) بوو، لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بریندار بوو.
٥- شەهید حاجی بەختیار لەگەڵ خوشکێکی، لە هەولێر رژێم دەسگیری کردنو دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر شەهید کران.
٦- شەهید ئازاد دووبزی (حەسەن عومەر حەسەن) لە کاتی ئازاد کردنی شاری کەرکوك لە ئاداری ١٩٩١ شەهید بوو.

★ ★

**هەر سەبارەت بە رۆڵی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە سەردەمی ئەنفالەکانو دوای ئەنفالەکان هاوڕێ (عەولا پۆلا)ش کە یەکێك بوو لە کادیرەکانی حزب لە دیمانەیەکی کورتدا، چۆنییەتی دابەشکردنو گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی حزب بۆ ناو شار، ئاماژەی بە زۆر لایەنی ئەو سەردەمەدا، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی زانیارییەکان لەلایەن هاوڕێیانی دیکەوە باس کرابوون، بۆیە خۆمان لە دووبارەکردنەوەی پاراستو تەنها ئەو زانیاریانەمان بە پێویست زانی کە باس نەکرابوون. هاوڕێ عەولا پۆلا وتی:**
دوای ئەوەی بڕیاری دابەشکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی حزبمان لەلایەن سەرکردایەتی حزبمانەوە درا، ئێمە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ هاوڕێیان: (مەلا عومەر، ئارام ئەحمەد شێخۆ، رزگار محەمەد خەلیل – بە داخەوە لە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ لە نێوان سنووری ئێرانو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا شەهید بوو- هەروەها ئاسۆ کەریم، مامۆستا گۆرانو کاروان ئاکرەیی لێپرسراوی محەلی ئاکرێ لە کافێ بووین. هەر لەو ئانوساتانەدا بوو (٥) پێشمەرگەی ڤارەمانی حزب بە مەبەستی خۆحەشاردانو درێژەدان بە خەبات روویان لە ئاکرێ کرد، بەڵام بەداخەوە کەوتنە کەمینی خۆفرۆشانەوەو شەهید بوون. لەوانەش هاوڕێیانی شەهید: (م. هاوار لێپرسراوی عەسکەری، ملازم رزگار کادری عەسکەری، رێبوار کادری سیاسی، کەمال عەرەبو شیروان ئاکرەیی).

دوای ئەوەی هیچ چارێکمان نەما، بە بڕیاری حزب بێ ئەوەی خۆمان بدەینە دەستەوە، هاتینەوە ناو موسڵو لەوێوەش هاتینەوە هەولێرو پەیوەندیمان بە هاوڕێیان (هۆگرو سەعدونو ئەبو ئەحلامو هاوڕێیانی دیکە کرد، ئەوان پێیان باش نەبوو کە ئێمە لە هەولێردا خۆمان حەشار بدەین، چونکە ژمارەیەك پێشمەرگەی دیکە لەناو شار بوونو حزب پێشتر شوێنی بۆ ئەوان دابین کردبوو، لەو ڕۆژگارەشدا زۆر ئەستەم بوو ئەو هەموو پێشمەرگەیە لەناو شاردا خۆی حەشار بداتو دوژمنیش پێنەزانێت. بۆیە لە ڕێگای دۆستانمانەوە توانییان بماننێرنەوە بۆ بارەگاکانی سەرەوە لە قاسمەڕەش. ئەوانەی پێکەوە گەڕاینەوە بارەگاکانی سەرەوە بریتی بووین لە: ( مەلا عومەر، مام بایز، مام مەجید، ئارام ئەحمەد شێخۆ، منعم، ئەرکان، حەمەسوور – لە ڕێکخستنەکانی بەغدا بوو-) . بەڵام بۆ مێژوو دەڵێم چەندین دەستە پێشمەرگەی قارەمانی حزبمان هەتا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یش لەناو جەرگەی شاری هەولێردا درێژەیان بە خەباتی خۆیانداو چەند ڕۆژێك بەر لە ڕاپەڕین توانییان لە هەولێردا یەکەم زەنگی ڕاپەڕین لێبدەنو زەمینەش بۆ ڕاپەڕینێکی گەورە ڕێکبخرێ کە بە هەق شیوعییەکان قارەمانی ئەو ڕۆژگارە بوون.

★ ★

## ملازم کەریم (کفاح حەسەن) نووسەری (راونراوەکان) ساڵی ١٩٨٩




مام جوامێر + هەڵکەوت



شەهید ملازم شێرزاد


بەرپرسی دەستەی پارتیزانی کۆیە






شەهیدی نەمر (ئەبو ڤیان) کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە خورماتوو لەدایك بووە، هەر لە هەرەتی لاویدا پەیوەندی بە رێکخستنەکانی (حشع) دەکات. ئەبو ڤیان ئەو پێشمەرگە شیوعییە دوژمن بەزێنەی کە هەر لە ساڵی ١٩٧٩ بەدواوە، وەکو پێشمەرگەیەکی گیان لەسەردەست، دوای ئەوەی لە دواقۆناغی کۆلیژی پزیشکی زانکۆی بەسرەدا بووو لەو کاتانەدا بەعسییەکان هێرشیان کردە سەر حزبی شیوعیو لە بەسراش بارەگای حزب کەوتە بەر شاڵاوی رقو کینەی دوژمنکارانەیان، یەکێك لەو قوتابییە شیوعیانەی کە توانییان بۆ ماوەی (١٨) رۆژ داکۆکی لە بارەگاکە بکەنو کاتێك بەعسییەکان دڵنیابوون کە ئەوانەی ناو بارەگاکە خۆیان نادەنە دەستەوە، بۆیە بڕیاری پاکتاوکردنیان دەدات، بەڵام ئەبو ڤیانو چەند هاوڕێیەکی دیکە توانییان لە پشت بارگاکەوەو لە رێگەیەکی تایەتەوە دەرباز ببنو بگاتەوە کوردستانو چەکی پێشمەرگایەتی بکاتە شانو ببێتە هەڵۆیەکی دوژمن بەزێنی گەرمیانو دەیانجار مەرگ لەبەری رابکاتو چەندین داستانی نەبەردی لەگەڵ هاوڕێیانیو پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکەدا تۆمار بکات. مەخابن لە شەوی (٨/٧ی ئابی ١٩٨٩) لەکاتێکدا وەکو پێشمەرگەیەکی پارتیزان گەڕابۆوە گەرمیانو دوای ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەیدا لەلایەن (شۆڕش) ناوێکەوە دەخرێنە کەمینی جاشە خۆفرۆشەکانەوە، ئەبو ڤیان شەهید دەبێو دەگاتە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانو هاوڕێ (ئەحمەد)ی هاوڕێیشی بە برینداری دەسگیر دەکرێو ساڵی ١٩٩٠ لە سێدارە دراو ئەویش گەیشتە کاروانی گەورە پیاوانی مرۆڤایەتی.

تێبینی: ئەم زانیاریانەم لە برای بەڕێز کاك حەسەن، برای شەهید ئەبو ڤیان وەرگرتووە وەرگێڕ



شەهید ماجید خەلیفە - ئەوەی گۆچانەکەی بەدەستەوەیە لە ١٩٨٨/٤/٩ لە داستانی تازەشار شەهید بوو.

لە وێنەکەدا پێشمەرگەیەکی قارەمانی گەرمیانی لەگەڵدایە

حەمەڕەشاش+ بەختیارە رەش +


شەهید شاڵاو






**دوو هاوسەری پێشمەرگە هاوڕێ (محسن دەشتی)و هاوڕێ (عەتیە). لە نەغەدە ساڵی١٩٨٩. دوای زیاتر لە ساڵێك خەباتی ناوشاری هەولێرو شوێنەکانی دیکە. ئەو دوو هاوسەرە شیوعییەی کە ساڵانێکی زۆری تەمەنیان لە پێناو گەلێکی ئازادو نیشتیمانێکی ئازاددا بە خەباتی شاخو پارتیزانییەوە گوزەراند.**

# کوردۆی خۆشناوەتی
# دەستەی پارتیزانی هەورێ





شەهید ملازم شێرزاد+ شەهید جەنگی+
هەڵکەوت



هەڵکەوت + دکتۆر هۆشەنگ



وەستاوەکان: عەدنان، ملازم کەریم، کوردۆی خۆشناوەتی، دکتۆر هۆشەنگ، رزگار شوانی، دەریا، ئومێد، یوسف حەساری،
دانیشتووەکان: کەریم کاکە، هۆشیار حەساری، مام جوامێر، خاڵە جەمیل، هەڵکەوت، قاسم نۆکانی



مام جوامێر+ ئەبو زەمرە+ شەهید شالاو



**كانى شەهیدان ،، وەستاوەكان: شەهید ڕێباز، بەختیارە رەش،**
**حەمەڕەشاش – ملازم شێرزاد، ملازم كەریم،**
**دانیشتووەكان: كوردە – هەڵكەوت – شەهید جەنگی**



**مام جوامێر +هەڵكەوت +**
**دەریا**



کانی ئەسپان
ئەو کانییەی ماوەیەك دەستە پارتیزانەکەی
کۆسرەت لەسەری مانەوە




ئەشکەوتی (کانی ئەسپان) ئەو
ئەشکەوتەی ماوەیەك
دەستە پارتیزانەکەی حزب تیایدا مانەوە

کانی شەهیدان راستەوخۆ دەکەوێتە پشت ئەم ئەشکەوتەوە، تەنها نزیکەی چەند خولەکێك لێیەوە دوورە. مەبەست لەو شوێنەیە کە شەڕەکەی تێداکرا.



بناری چیای کۆسرەت: قاسم ئاغای تاوانبارو خائین

بە جیهاز هەواڵی دەسگیرکردنی

دوو پێشمەرگە بە برینداری وەردەگرێت

قاسم ئاغای تاوانبار لەکاتی

سەرپەرشتی کردنی خیانەتکارییەکەی

کۆسرەت لە ١٩٨٩/٣/٥





ئەو ئەفسەرەی سوپای عێراقی کە لەگەڵ
قاسم ئاغای تاوانباردا
سەرپەرشتی شەڕەکەی کۆسرەتایان کرد



شەهید جەنگی لەکاتی
گواستنەوەی بەبرینداری لەلایەن جاشەکانەوە
بۆ نزیك گوندی ئالیقە

شەهید ڕێباز دوای گواستنەوەی بەبریندار
بۆ نزیك گوندی ئالیقەی بناری كۆسرەت
لەسەر زەوییەكی بەفراوی درێژكراوە



بناری چیای كۆسرەت: هەمان ئەفسەری سوپای عێراقی بە یارمەتی
جاشێكی تاوانبار لێكۆڵینەوە لەگەڵ
شەهید ڕێباز دەكەن بە برینداری



کەلەجاشێک بەسەرشۆڕییەوە


تەماشای پێشمەرگە برینداروو دیلەکان دەکەن



کۆپتەرێک لە ئاسمانی چیای کۆسرەت

دەیەوێ هەردوو پێشمەرگە بریندارەکە ببات






ئەو کۆپتەرەی هەردوو بریندارەکەی گواستەوە

بۆ سەربازگەی دوکان و لەوێ گوللەباران کران



ئەو ئەشکەوتەی پشت گوندی شیوەشان

کە ماوەیەك ئاسۆو هەڵکەوت بە بریندداری

لەگەڵ د. هۆشەنگ تیایدا مانەوە




کۆمەڵێك لە جاشە خۆفرۆشەکان بەدیار پێشمەرگە

بریندارەکانەوەن

مام مەجید، ئەو شوانە
دڵسۆزەی کە یارمەتی پێشمەرگە
پارتیزانەکانی دەدا





مام جومعە، ئەو هاوڵاتیە دڵسۆزەی
گوندی قەسرۆکی کلکە چیای کۆسرەت کە یارمەتییەکی
زۆری (پ.م)ە پارتیزانەکانی کۆسرەتی دەدا



**بناری چیای کۆسرەت: بەهاری ٢٠٠٦**
**راوەستاوەکان لە راستەوە: رابەر (وەرگێڕ)+ هەڵکەوت+ مام مەجید+ مام جوامێر+ محەمەدی کوڕی مام مەجید.**
**دانیشتووەکان: مامۆستا ئازاد حەسەن+ دکتۆر هۆشەنگ+ دەریا**

**لە کاتی سەردانی کردنی ناوچەکەو بەسەرکردنەوەی ئەو بەڕێزانەی هاوکاریی پێشمەرگەکانیان کردبوو.**

**************************************************